# خۆم و
# ئەستێرە گەشەکان

# خۆم و
# ئەستێرە گەشەکان

نەجمەدین عەزیز سمایل

## بەرگی یانزەم

کوردستان- هەولێر - ٢٠٢٤

* ناوی کتێب: خۆم و ئەستێرە گەشەکان - بەرگی یانزەم
* نووسینی: نەجمەدین عەزیز سمایل
* هەڵەچن و پێداچوونەوەی زمانەوانی: بەهادین جەلال مستەفا
* نەخشەسازی و بەرگ و سەرپەرشتیی چاپ: عوسمان پیرداود
* تیراژ:(٢٥٠)دانە
* چاپخانە: چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر
* مافی لە چاپدانەوەی تەنیا بۆ نووسەرە.
* نرخی (١٠،٠٠٠) دینارە.
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(١١٦٩)ی ساڵی ٢٠٢٤ی پێدراوە.

# پێشکەش

❊ بە هەموو ئەوانەی کە بەشدار بوون لە فێرکردنم.

❊ بە هەموو ئەوانەی کە مافیان لەسەر من هەیە.

❊ بۆ هاوسەرە ئازیزەکەم.

❊ بۆ هەموو منداڵە چاوگەشەکانم

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

## چەند وشەیەك بۆ پێشەكی
## بەرگی یانزەهەمی ئەستێرە گەشەكان



تا بەرگی سێیەمی(خۆم و ئەستێرە گەشەکان)م نەکەوتە بەردەست، وام ئەجیا دەکرد: بەردەوامبوون لە سەر و بەدواداچوونی ئەو پڕۆژەیە بۆ بەرهەمهێنانی چەند بەرگێکی تر بەتاکە کەسێک ناکرێت، وام دەزانی دەستێکی خەیرومەندی دارای نەتەوە پەروەرێکی کورد یان چەند کەسێکی دڵسۆزی نیشتمان پەروەر جگە لە کاک(نەجمەدین)بەئەنجام گەیاندنی ئەو پڕۆژەیە هەڵدەستن یان یارمەتی دەدەن، بەڵام کە کاک(نەجمەدین)م دی و لە تەکیدا کەوتمە قسەکردن بۆم دەرکەوت ئەو پڕۆژە گرنگە تەنیا بەکۆششی خۆی ئەنجام دەدەرێ، نەک هەر لە ڕووی بەسەرکردنەوەی نووسەران و هونەرمەندان و کەسە ناسراوەکانی کوردستان، بەڵکو بەدواداچوونیش بۆ بەرهەم و کارە ڕەنگینەکانیان لە گەڵ ناوی خاوەکانیاندا گلالە دەکات و دەیانکات بەدەقی پێکەوەنانی بەرگی پڕۆژەکەی کە لە جۆری خۆیدا بێ وێنەیە و لە ناو کتێبخانەی کوردیدا دیارە و سەردەفتەر و کەلێن و بۆشاییەکی بەرچاوی پڕکردووتەوە.

هێنانە ئارای ئەو پڕۆژەیە ئاسنکارییەکی بەردەستە بۆ توێژەر و لێکۆڵەرانی بواری ئەدەب و هونەر و سیاسەت و کۆمەڵایەتی...ئەوانە هەر کات بیانەوێ بەڵگەکاری لە سەر کەسایەتییەکی کەسێکی ناسیا و خاوەن بەرهەم بکەن بەئاسانی و بێ دامان دەتوانن کەسەکە بەناوی خۆی و زێد و ژیان و کارەکانییەوە لەوێدا بدۆزنەوە، بۆ فرەتر ئاسانکاری ناوبراو هاتووە ناوی ئەو کەسانە بەپێی باسکردنیان لە زنجیرە کاروانی ئەستێرەکاندا ناوزەند کردووە.

نووسین لە سەر هەڵکەوتوانی ناو دیرۆکی ڕابردووی کوردەوە گەلێ شت نووسراوە و هەولی ناو بەندکردنی ناویان و زانیاری دەربارەیان

کۆکراوەتەوە، هەندێک لە نووسەرانی بەر لە سەدەی بیستەم یان پاش ئەو سەدەیەکە هاتوون هەوڵیان داوە ناوی ئەو نووسەر و شاعیر و هەڵکەوتوانە و بەرهەمەکانیان تۆمار بکەن، هەر دوو لای ئەو دوو کاتە پێیان نەکراوە سەر ژمێرێکی تەواویان بۆ بکەن، دیارە زروفی ئەوان هەر ئەوەندەی بۆ ڕەخساندبوون و توانایان هەر ئەوەندە کاریگە بووە، لەو سەردەماندا وەک ئەم سەردەمەیە دنیا وەک گوندێک بچووک و تەسک نەبووە و ئیتر گەڕان بەشوێن ئەو کەسانە و پەیوەندیکردن بە ناودارانەوە چوون ئەمڕۆ دەستی نەداوە، ئەوەی پێشکەش بەئێمەیان کردووە سەنگینە و لە سنووری توانای خۆیاندا بووە و شایستەی پێزانین و ڕێزلێنانە و نابێ بەدرێغیکردن بۆیان بدرێتە قەڵەم.

لەم سەردەم دا هەر لەم مەیدانەدا چەند هەنگاوێکی بەپێز پێش هەڵهاتنی ئەستێرە گەشەکان نراوە، بۆ نموونە:(ئینسکلۆپیدیاکەی هەولێر)و (کاوە)ی(عەبدوڵڵا ئیبراهیمی) و(مێژووی ناودارانی)ی (بابە شێخ مەردۆخی) و هی تر، کە هاتن هەر یەک گۆشەیەکی لا کەناری ئەو مەیدانەیان پڕ کردووە و چوونە ناو کتێبجانەی کوردییەوە، بەڵام لە شێوە و ڕووخسار و قەبارەی بەرفراوانی و تەسەلکردنی چێژی خوێندنەوەی خوێندەوارانەدا نەگەیشتوونەتە پایەی ئەستێرە گەشەکان.

گەلێ جار نیازم دەکرد هەندێ باری سەرنجی خۆم لە شێوەی پرسیاردا ئاراستەی ئامادەکاری ئەستێرە گەشەکان کاک(نەجمەدین)بکەم، بەڵام نەمکرد... لە ناو پرسیار و بۆ چوونەکانی خەڵکدا دەبونە بەرزەکی بانان و خۆ هەڵقوتان و پەڵە هەورێکی وێڵ کەبەری ڕووناکی یەکێک لە ئەستێرەکان بگرێ(دیارە شتی باڵا پرسیار دەهروژێنێ).

باش بوو وام نەکرد دەنا دەبووم بەو کەسەی کە تەقە بەشەودا لە مانگ دەکات، لە کاتێکدا من لەو ئۆمێدەدا بووم: کەرنەفالی ئەستێرە گەشەکان بەدوا هەواری خۆی بگات. خۆ دوای گەیشتنی کاروان پرسیارکردن وەک ئەوە وایە تۆ بەکاروانچی بڵێ ی: باکاروانەکەت کەمێ بەلای ڕاست و چەپدا مەیەلان بکات، باشم کرد ئەو جۆرە پرسیارانەم نەکرد.

یەکێک بەتاک خۆی کەرنەفالێکی وەها برازێنێتەوە و بەرەوکەشکەشانی

ئاسمانی هزری کوردی ڕابەری و پێشڕەوی بکات بافتی ئەوەیە هەزار ئافەرینی لێ بکرێ.

بەوتەیەکی کاک(نەجمەدین عەزیز)دا دەردەکەوێ کەڕنەفالّی ئەستێرە گەشەکانی نزیک بارەگای هەوارگەی کۆتایی بوونەتەوە. بۆیە منیش بەتەواوی نەزاکەتەوە ئەم پێشنیارەم دەخەمە بەردەستی: با دوا ئەستێرەی کەڕنەفالّەکە لە سەر شێوەی(منجد الآداب و العلوم)ەکەی»لویس معلوف« و بەناوی(فەرهەنگی بەیادکردنەوەی پێشینان)بێ، ناوونیشانەی ئەو کەسانە لە خۆ بگرێ لە مێژووی ڕابردووی کوردا ناویان هەیە بەلاّم زۆرینەی خەلّک نایاننناسن، ئیتر ئەوانە چ پیاو بن یان ژن، چ کەسانی بەرگوزیدە و هەلّکەوتە و پەیامبەر بن یان نووسەر و خەباتگێر، چ لە ناو ڕووبەری جوگرافیای کۆنی کوردستاندا ژیابن یان لە دەرەوەی کوردستان، بەکوردی ئاخاوتنیان کردبێ یان بەزمانی ئەو شوێنەی کە تێیدا ژیاون، بەکورد خۆیان دابێتە قەلّەم، یان بەبنەچە کورد بووبن.

ئەم کارە پەلەی تێدا نەکرێ و داوا لە پسپۆڕ و شارەزایانی هەر چوار بەشەکەی کوردستان بکرێ کە یارمەتی دەر و هاوکار بن.

**حەمەکەریم هەورامی**

**هەولێر ٥ / ١٠ / ٢٠٢٤**

هەواڵنامەی کتێب

# ڕوونکردنەوەیەك

خوێنەرانی بەڕێز و خۆشەویست ..

چەند وشەیەک بۆ بەدواداچوونی ووتەیەکی خۆم لە بەرگی دەیەمی زنجیرە کتێبی (خۆم و ئەستێرە گەشەکان)لە لاپەڕەکانی (١٣، ١٤ ، ١٥)لە ژێر ناونیشانی(ئەو ڕاستییەی دەبێت بوترێت)وا لەم بەرگەدا بەرگی(یانزەم) بە پێویستم زانی ئەم چەند وشەیەش بنووسم:

بەهۆی باری دارایی و کەم دەرامەتیم، بڕیار وا بوو کۆتایی بە نووسینی ئەم پڕۆژە ئەدەبییە بهێنم، بەڵام دیارە بە پشتیوانیی خودای گەورە و هیمەت و هاندانی ئێوەی ئازیز و خۆشەویست، بەردەوام بووین لە نووسین و تەواوکردنی بەرگی یانزەم، خوا یاریش بێت دەستدەکەین بەنووسینی بەرگی دوانزەمیش.

لێرەدا دەمەوێت سوپاس و پێزانینی خۆم بۆ هەموو ئەو شاعیر و نووسەر و هونەرمەندانە ڕابگەێنم کە لە بەرگەکانی پێشوودا ناوم هێناون و هاوکارییان کردووم.

لەم بەرگەشدا سوپاسی ئەم شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووسانە دەکەم کە پرس و ڕاو و ڕاوێژم پێکردوون لەوانە(فەرهاد شاکەلی، هیوا سەرهەنگ لە ئەوروپا، ئازاد عەبدولواحید، عەبدولڕەحمان فەرهادی لە هەولێر، دکتۆر ئەحمەد باوەڕ لە کەلار، ئیسماعیل بادی لە دهۆک و کۆنی ڕەش لە قامشلۆ)، هەر لە سەر داخوازیی من، هەر یەک لە دکتۆر ئەحمەد باوەڕ لە زانکۆی گەرمیان و ئیسماعیل بادی لە دهۆک و کۆنی ڕەش لە قامیشلۆ چەند وتەیەکی جوانیان وەکو هەڵسەنگاندن بۆ بەرگەکانی زنجیرە کتێبی (خۆم و ئەستێرە گەشەکان)نووسیوە، چەند شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەرێکی دیکەش هەمان کاریان کردووە، خوا یار بێت لە بەرگی دوانزە کە بەرگی کۆتایی دەبێت، هەموویان وەکو پاشکۆیەک بڵاودەکەینەوە. سوپاس و پێزانینم بۆ هەر هەمووتان.

**نەجمەدین عەزیز سمایل**

**ئەمستردام – هۆڵەندا**

**١٨ – ١٠ – ٢٠٢٤**

هەواڵنامەی کتێب



# محەمەدئەمین زەکی بەگ

شـاعیری نەمـر پیرەمێرد قەناعەتـی پێهێنـاوە کـە واز لـە شـیعر نووسـین بهێنێـت و ڕوو لـە زانسـت و هونـەر بکات، زانـا و نووسـەر و مێژوونـووس و خۆشـنووس و نیگارکێـش، کەسـایەتی بەناوبانگـی کـورد ڕەوانشـاد محەمەدئەمیـن زەکـی بـەگ ....

نـاوی تەواوی(محەمەدئەمیـن کـوڕی حاجـی عەبدولڕەحمـان کـوڕی مەحمـوودی کـوڕی سـادق باپیـر)ە، سـاڵی ١٨٨٠ هەنـدێ سـەرچاوە دەڵێـن ساڵی ١٨٧٩ لـە گەڕەکی(گۆیژە)ی شـاری سلێمانی لـە دایک بـووە، دایک و باوکی نەخوێندەوار بووینە، خاوەن وڵاخ و کاروان بوونە، ئەو منداڵ بووە دایکی کۆچی دوایی کردووە، ناردوویانەتە بەر خوێندنی(حوجرە)بۆ خوێندنی قورئانی پیرۆز لە لای(مەلا عەزیز)ناوێک، لەوێ فێری خوێندن و نووسینی عەرەبی و فارسـی بـووە، لـە سـاڵی ١٨٩٢ چووتـە قوتابخانەی(مولکـی تاقـە) کە ئەو کات قوتابخانەی شـاری سلێمانی بووە، ساڵی ١٨٩٣ چووەتـە پۆلی دووەمی قوتابخانەی(ڕوشدیەی سەربازی)ساڵی ١٨٩٦ تـەواوی کردووە، ئەو زۆر زیرەک بووە بۆیە ناسناوی(زكي- زەکی)یان پێبەخشیوە، هێشتا پۆلی سـێیەمی سـەرەتایی بـووە بەهـرە و توانـای خۆشنووسـی و نیگارکێشـانی هەبـووە.



سێیەم وەزارەتی ڕەشید عالی گەیلانی ١٩٤٠/٤/١
لە لای ڕاستەوە: یاسین هاشمی، ساڵح جەبر، ڕەشید عالی گەیلانی، عومەر نەزمی، نووری سەعید، محەممەد ئەمین زەکی بەگ

نووسەر و مێژوونووس محەمەدئەمین زەکی بەگ بەبێ پرسی باوکی لە ڕێگای(کفری)یەوە چووەتە شاری بەغدا و لەوێ لە ئامادەیی سەربازی دەستی بەخوێندن کردووە و برایەکی بەناوی(کاکەڕەش)بەنهێنی و بەدزیی باوکی خەرجی و مەسرەفی بۆ ناردووە، هەر ئەو کاتیش دەستی بە نیگارکێشان کردووە و مامۆستایانی هەر یەک لە(ڕەئوفە فەندی و فایەقە فەندی)هاوکار و هاندەری بووینە، چەند تابلۆیەی کێشاوە لەوانە(مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی، کازمیە، قشڵەی عەسکەری و ئەو شەقامەی لەسەر ڕووباری دیجلە و چەندانی دیکەش)، پاش تەواوکردنی ئامادەیی سەربازی لە بەغدا چووەتە ئەستەنبووڵ بۆ تەواوکردنی کۆلێژی سەربازی و، ساڵی ١٩٠٢ بەپلەی(ملازن ثانی- ئەفسەری پلە دوو)دەرچووە و هەر لەوێ یەکسەر چووەتە کۆلێژی(ئەرکان)و ساڵی ١٩٠٤ بەسەرکەوتوویی تەواوی کردووە، ساڵی ١٩٠٨ لەسەر داخوازیی خۆی گوستراوەتەوە بۆ سوپای(٢) کە بنکەکەی لە(ئەدرنە)بووە، هەر لەو سەردەمیشدا وەکو ئەفسەرێکی(تۆبۆگرافی)بووەتە ئەندامی لیژنەی(نەخشەکان)بۆ دیارکردنی سنووری نێوان تورکیا و بولگاریا و سنوورەکانی نێوان تورکیا و ڕووسیا لە ناوچەکانی قەفقاس، لە ساڵی ١٩١٢ وەکو ئەفسەرێک لە(فرقة- تیپ)ی پێنجەمی سوپای عوسمانی بۆ ماوەی ساڵێک بەشداری لە شەڕەکانی- بەلقان)ی کردووە، هەر لە گەڵ دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی بە درێژایی جەنگەکە بەشداریی لە شەڕە گەورە و بەناوبانگەکان کردووە،

لەوانە شەڕی(سەلمان پاک)کە یەکەم جار سوپای بەریتانیا لە عێراق شکستی هێناوە، لە ساڵی ١٩١٣ بۆ ماوەی ساڵێک بۆ مەشق کردن لەگەڵ وەفدێکی سەربازی چووەتە شاری(کلێرمۆن)ی فەرەنسی، لە دوای ساڵانی جەنگی یەکەم ماوەیەک لە سووریا و فەلەستین بووە، لە ساڵی ١٩٢٤ گەڕاوەتەوە عێراق و چەندین پۆستی ئیداری و سەربازی وەرگرتووە و، لە مانگی شەشی ساڵی ١٩٢٥ لە سوپا هاتۆتە دەرەوە و چەندین پۆستی سیاسی و وەزاری وەرگرتووە، لەوانە(دوو خولی پەرلەمان نوێنەری شاری سلێمانی بووە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، چەندین جاریش بووەتە وەزیر لە حکومەتەکانی هەر یەک لە عەبدولمحسین سەعدون، جەعفەر عەسکەری، تۆفیق سویدی، لە وەزارەتەکانی ئەشغال و گەیاندن و جەنگ و مەعاریف)وەکو وەزیر کاری کردووە، و چەندین کاری باشیشی بۆ(لیوا-پارێزگا)کانی کوردستان کردووە.

نووسەر و مێژوونووس محەمەدئەمین زەکی بەگ ئەو کاتەی قوتابی ئامادەیی سەربازی بووە لە بەغدا بە شیعر نووسین و نیگارکێشان دەستی پێکردووە یەکەم بەرهەمی شیعری پارچە هەڵبەستێک بووە بۆ ستایش



لە لای ڕاستەوە دانیشتووەکان: ماجد، جاهید، خاتوو فاتمە، نووسەر محەمەدئەمین زەکی، ڕاوەستاوەکان:خاتوو سانیحە، بەدیع ، خاتوو هاوسەری بەدیع

و لاواندنەوەی(سـەید تەهـای بەرزنجـی)، چەنـد پارچـە شـیعرێکی دیکەشـی نووسـیوە، بـەڵام دیـارە شـاعیری نەمـر پیرەمێـرد قەناعەتـی پێهێنـاوە کـە واز لە شیعر نووسـین بێنێت، بۆیە ئەویش ڕووی لـە زانسـتی مێژوو و هونـەری نیگارکیشـان کردووە، ئەو یەکێکە لـەو زانـا و کەسـایەتییە ناودارانـەی کورد کە لـە نیوەی یەکەمـی سـەدەی بیسـتەم ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچـاوی هەبـووە لـە بـواری ئـەدەب و ڕۆشـنبیری و مێـژوو، هەنگاوی گەورەشـی نووسـینەوەی مێـژووی کـورد بـووە، چەنـد بەرهەمێکـی دیکەشـی لـە بـواری سـەربازی نووسـیوە، ئـەو زمانەکانـی عەرەبی، تورکـی، فارسـی، فەرەنسـی، ئینگلیـزی و ئەڵمانـی زانیـوە و(٨)کتێبـی بـە زمانـی تورکـی و(٦)کتێبیشـی بەزمانـی کوردی نووسـیوە، کـە ئەمانـەن:

- عثمانلی اردوسی، بغداد، ١٩٢٧(سوپای عوسمانی).
- عثمانلی اسفاری حقندە تدقیقات، اسـتانبول(لێکۆڵینەوە لـە سـەر جەنگەکانی عوسمانی)١٩٠٧.
- عـراق نصـل غائـب ایتدک(چـۆن عێراقمـان لـە دەسـت چوو)ئەسـتەنبووڵ، ١٩٠٧.



**لە لای ڕاستەوە دانیشتووەکان: لە ناوەندی مێژوونووس محەممەدئەمین زەکی، ئەوانی دیکە نەناسراون**



**نووسەر محەممەد ئەمین زەکی بەگ لە چەند کاتێکی جیاوازدا**

هەواڵنامەی کتێب

- عراق سفری خگالرمزی، استانبول.
- حرب عمومیده عثمانلی جبهەلری وقایعی، استانبول، ۱۳۳۷هیجری.
- سلمان پاک میدان محاربەسی و ژیلی، استانبول، ۱۳۳۹هیجری.
- بغداد وصوک حادثه چیاعی، استانبول، ۱۳۳۹ی هیجری..
- عراق تاریخ حرب مختصری، استانبول، ۱۳۳۹ی هیجری.
- کوت المارە هجوم و محاصرەسی، دوو بەرگی دەستنووسە، لە ئەرشیفی عەسکەریی بریتانیا پارێزراوە.
- حیات خاگراتی ]سێ دەفتەری دەستنووسە، یەکەمیان کراوەتە عەرەبی.

بەرهەمە کوردییەکانی:

- نامیلکەی(محاسەبەی نیابات)بەزمانی کوردی، کە(۳۱)لاپەڕەیە، ساڵی ۱۹۲۸(کەتێیدا باسی چالاکییەکانی خۆی کردووە لە ئەنجوومەنی نوێنەران.



لە لای ڕاستەوە: نووسەر محەمەدئەمین زەکی، خاتوو سانیحەی کچی،
خاتوو فاتیمەی هاوسەری، بەڕێز بەدیعی کوڕی

-(کورتەی مێژووی کورد و کوردستان لە کۆنترین سەردەمە مێژووەکان تا ئێستا)کە بەزمانی کوردی نووسیوە، بەشی یەکەم ساڵی ۱۹۳۱ لە بەغدا چاپکراوە و، نزیکەی(٤۰۰)لاپەڕەیە، ئەم بەشە لە لایەن نووسەر محەمەد عەلی عەونی ساڵی ۱۹۳۹ وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی، بەشی دووەمیشی ساڵی ۱۹۳۷ هەر لە بەغدا چاپکراوە، کە نزیکەی(٤۳۰) لاپەڕەیە، کە باسی مێژووی پێش مێژووی کورد دەکات.

- دەوڵەت و مێژووی میرنشینە کوردییەکان، کە باسی مێژووی میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی ئیسلام و تا دەگاتە سەدەی نۆزدەم دەکات، ئەم بەشەش هەر لە لایەن نووسەر محەمەد عەلی عەونی ساڵی ۱۹٤٥ وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی.

- دوو تەقەللای بێ سوود ۱۹۳٥ (کە پاداشتێکی (٦۹)لاپەڕەیە، ساڵی ۱۹۳۰ بۆ مانی کورد دابوویە حکومەت، بەڵام( قەدەغەکراوە)و بڵاونەکراوەتەوە.

- مێژووی سلێمانی و دەوروبەری، بەزمانی کوردی نووسراوە، ساڵی ۱۹۳۹ لە بەغدا چاپکراوە و نزیکەی(۳۰۰)لاپەڕەیە، ساڵی ۱۹٥۱ مێژوونووسی

گەورەی کورد مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.

- ناودارانی کورد و کوردستان، لە سەردەمی ئیسلامدا کە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم ساڵی ١٩٤٥ و، بەشی دووەم ساڵی ١٩٤٧ لە بەغدا چاپکراون، کە تێیدا باسی ڕۆڵ و چالاکیی ئەو زانا و ناودارە کوردانەی لە سەردەم یەک لە دوای یەکەکانی حوکمڕانی دەوڵەتی ئیسلامی دەکات.


نووسەر و مێژوونووس محەمەدئەمین زەکی بەگ لەبواری ڕۆشنبیری چەندین چالاکی هەبووە لەوانە:

- ئەو یەکێکە لە دامەزرێنەرانی(یانەی سەرکەوتن)ساڵی ١٩٣٠ لە بەغدا، ئەم یانەیە خزمەتێکی زۆری زمان و ئەدەبی و مێژووی کوردی کردووە، هەر خۆشی بەیەکەم سەرۆکی ئەم یانەیە هەڵبژێردراوە.

- لەگەڵ نووسەر(تۆفیق وەهبی)ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان هەبووە لە کردنەوەی بەشی کوردیی ڕادیۆی بەغدا لە ٢٩ کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣٩.

- لە مانگی حەوتی ساڵی ١٩٤٨ سەرۆکی لیژنەی یارمەتیدانی لیقەوماوانی شاری(پێنجوێن)بووە.

هەر کە لە پێنجوێن کاری تەواو بووە و هاتۆتەوە سلێمانی لە شەوی(٩ لەسەر ١٠)ی




شیعرێکی شاعیر شێرکۆ بێکەس بۆ ستایشی محەممەدئەمین زەکی بەگ



گڵکۆی محەممەدئەمین زەکی

مانگی حەوتی ساڵی ١٩٤٨ لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی لە گۆڕستانی(سەیوان)بەخاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

چەندین شاعیری و نووسەری کورد(مدح- ستایش)و پاش مردنیشی لاواندنەوەیان بۆ کردووە لەوانە(پیرەمێرد، فایەق بێکەس، بێخود، عەبدولڕەحمان بەگی بابان، تۆفیق وەهبی، شێخ محەمەدی خاڵ، شێرکۆ بێکەس و چەندانی دیکەش).




بەرهەمەکانی نووسەر محەمەدئەمین زەکی

لە ماوەی ئەو(٧٦)ساڵەی کۆچی دواییکردنی، چەندین نووسەر و لێکۆڵەر و توێژەری و ڕەخنەگری کورد، چەندین کتێب و لێکۆڵینەوە و وتاریان لە سەر محەمەدئەمین زەکی بەگ نووسیوە و چاپیشیان کردووە لەوانە:

- کارەستەی شعرای هاوعصرم، شاعیر عەلی باپیر ئاغا، سلێمانی ١٩٣٩.
- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفیق حیلمی، بەغدا، ١٩٤١.
- مێژوو، کورتە باسێکی دکتۆر کەمال مەزهەر، بەغدا، ١٩٨٣.
- محەمەدئەمین زەکی، مامۆستا عەلائەدین سجادی، بەغدا ١٩٤٨.
- محەمەدئەمین زەکی کێیە؟ نووسەر سدیق ساڵح.
- چەند سەرنجێکی ڕەخنەگرانەی، نووسەر دکتۆر حوسامەددین نەقشبەندی.
- مۆدێلی ناسیۆنالیسمی، نووسەر خالید تەوەکولی.
- چەپکێک نامە و یادگاری، نووسەر و چیرۆکنووس مستەفا ساڵح کەریم.
- لەیادی(٦٥) ساڵەی وەفاتی، نووسەر حەسەن مەحموود حەمە کەریم.
- محەمەدئەمین زەکی، نووسەر محەمەد حەمەباقی.

محەمەد ئەمین زەکی بەگ، نووسەر بوار نورەدین.

- بیبلیۆگرافیای بەرهەمەکانی، نووسەر بوار نورەدین.
- ئەمین زەکی، شیعر، شاعیر شێرکۆ بێکەس.
- شینەکەی بێکەس، شاعیر فایەق بێکەس.
- سۆزی مامۆستا پیرەمێرد، شاعیر پیرەمێردی نەمر.
- سۆزی بێخود، شاعیر بێخود.
- شینی کۆچی ئەمین زەکی، شاعیر عەبدولڕەحمان بەگی بابان.
- وتارێکی ماموستا توفیق وەهبی بەگ، توفیق وەهبی.
- ناڵەی دەروون، وتارێکی شێخ محەمەدی خاڵ، بەغدا ١٩٨٤.
- گەنجینەی مەردان، مەلا عەبدوڵڵای زێوەر، بەغدا ١٩٨٥.
- دیاری نەورۆز، نووسەر عومەر ئیبراهیم عەزیز، بەغدا ١٩٩٠.

- ئەمین زەکی بەگ، خەباتی ڕۆشنبیران، نووسەری شەهید شاکر فەتاح.
- محەمەدئەمین زەکی بەگ، پیاوێکی ئینسایکلۆپیدیایی، نووسەر دکتۆر جەزا بەکر.
- هەڵوەشاندنەوەی سەرەتا، نووسەر وەهبی ڕەسوڵ.
- محەمەدئەمین زەکی بەگ وەک هونەرمەندێک، نووسەر کامەران سوبحان.
- محەمەدئەمین زەکی و ژیانی، نووسەر هیوا حەمید.

چەندانی دیکەش.

**سەرچاوەکان:**


١ - کوردیپیدیا.

٢ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیا ئازاد.

٣ - گۆڤاری(ڕۆڤار)ی ژمارە(٧٣)تایبەت بە محەمەدئەمین زەکی بەگ، سەرپەرشتیار نووسەر و چیرۆکنووس ڕەئوف بێگەرد، سوود لە نووسینەکانی نووسەران(ڕەفیق سالح، بوار نوردەین و چەندانی دیکەش)وەرگیراوە.

٤ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی ڤەژینبوکس.

٥ - ئەمین زەکی بەگ، خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، نووسەر سدیق ساڵح.

٦ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی خەندان، نووسینێکی نووسەر عەتا قەرەداغی، لە ١٠ - ٧ - ٢٠١٧.

٧ - ماڵپەڕی Archeologie van koerdische clannamen، نووسینێک بەزمانی هۆڵەندی، لە ١ - ٤ - ٢٠٢٢.

٨ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.


هەواڵنامەی کتێب



# شێخ مارف بەرزنجی

نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر، نیشتمانپەروەرێکی ئازا و بوێر و ئاشتیخواز، شەهید(شێخ معروف بەرزنجی - شێخ مارف بەرزنجی)...

ناوی تەواوی(شێخ مارف شێخ عەبدولکەریم شێخ حوسێن بەرزنجی) یە، لە شوباتی ساڵی ١٩٢١ لە گوندی(قادر کەرەم- کە ئێستا ناحیە)یە لە خانەوادەیەکی ئایینی سەر بە ڕێبازی(تصوف- تەسەوف)ی قادری بووە، ئەوان لە نەوەی شێخ سمایلی وەلیانین.

شێخ مارف بەرزنجی خوێندنی سەرەتایی تا پۆلی چوارەم لە قادرکەرەم خوێندووە، پۆلەکانی پێنج و شەش و ناوەندیی و ئامادەیی ساڵی ١٩٤٣ لە شاری کەرکووک تەواوکردووە. ماوەی(٩)مانگێک بووەتە فەرمانبەر لە دائیرەی(تموین)ی کەرکووک، لە ساڵی ١٩٤٤ چووەتە کۆلێژی(حقوق - ماف)لە زانکۆی بەغدا ساڵی ١٩٤٨ بەسەرکەوتوویی تەواوی کردووە، بۆ ماوەی دوو ساڵ پارێزەری کردووە، ئەو چونکە خاوەن و هەڵگری بیروباوەڕی(چەپ)بووە زۆربەی کارەکانی لە پارێزەری داواکانی پاڵە و جووتیار و هەژاران بووە لە دژی ستەمکار و خاوەن موڵکەکان و، لە زۆربەی داواکانیشی سەرکەوتوو بووە، دواتر ماوەیەکی کەمیش وەکو فەرمانبەر لە کۆمپانیای نەوتی عێراق دەستبەکار بووە.



دانیشتووەکە: شێخ عەبدولکەریم بەرزنجی
باوکی شێخ مارف بەرزنجی



شێخ
مارف بەرزنجی

نووسەر و چیرۆکنووس و پارێزەر شێخ مارف بەرزنجی بەهۆی هەڵوێستە نیشتمانپەروەری و ئاشتیخوازانەکەی تووشی لێپێچینەوە و ڕاونان بووە بۆیە لە ساڵی ١٩٥٠ بەناچاری ئاوارەی شاخەکانی(سەنگاو، قەرەداغ، شارباژێڕ) بووە، ماوەی(٤) مانگێک لای شێخ مەحموودی نەمر لە(داری کەلی)ماوەتەوە و، ماوەیەکی کەمتریش لە(سیتەک)لای شێخ لەتیفی حەفید ماوەتەوە. ئەو وەکو مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر لە ساڵی ١٩٣٧ پەیوەندی بە ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردی ئەوکات هەبووە، هەر لە گەڵ دامەزراندنی(حیزبی هیوا)ساڵی ١٩٣٩ بووەتە ئەندامێکی چالاکی ئەو حیزبە، ساڵی ١٩٤٠ بووەتە باوەڕپێکراوی قوتابیانی شاری کەرکووک.


دواتر لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردووو بووەتە ئەندامێکی چالاکی حزبی شیوعیی عێراقی، هەر زۆر زووش کەوتۆتە ژێر کاریگەریی

بیروباوەڕی(مارکسیزم و لینینیزم)و لایەنگری سیاسەتی سۆڤیەتی (جاران) بووە، بۆیە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ساڵی ١٩٥٤ یەکێک بووە لە کاندیدەکانی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوو و دەنگێکی زۆریشی لە شاری سلێمانی هێناوە، بەڵام ڕژێمی پاشایەتی ڕازی نەبووە ببێتە ئەندام پەرلەمان و نوێنەری گەل. لە ساڵانی ١٩٥٤ - ١٩٥٥ وەکو پارێزەر داکۆکی لە مافی جووتیاران کردووە و، دواتر بووەتە سکرتێری ئاشتیخوازانی پارێزگای کەرکووک و هەر لەسەر داخوازیی جەماوەری شاری کەرکووک، ماوەیەک بووەتە سەرۆکی شارەوانیی کەرکووک، لە ڕۆژی(١٤ و ١٥)ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٩ لەسەر هەراو دووبەرەکیی



پەیکەری نووسەر
شێخ مارف لە کەرکووك





شاعیر و نووسەر شێخ مارف بەرزنجی

کەرکووک لەگەڵ چەند نیشتمانپەروەرێکی دیکە دەستگیرکراوە و دراوەتە دادگای(عورفی) و فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە، لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٣ – ٦ – ١٩٦٣ لە سێدارەدراوە، ڕوحی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

نووسەر و چیرۆکنووس و لێکۆڵەر شیخ مارف بەرزنجی لە ساڵی ١٩٣٧ یەکەم هۆنراوەی نووسیوە و لە ساڵی ١٩٤٢ یەکەم بەرهەمی خۆی کە چەند هۆنراوەیەک بووە لە ڕۆژنامە یان بڵاوکراوەی(باسەرە)ی دەستنووس بڵاوکردۆتەوە، کە مامۆستا و نووسەری شەهید شاکر فەتاح لە ناوچەی قادر کەرەم دەریدەچوواند.

ئەو کاتەی لە بەندیخانەی بەغدا بووە هۆنراوەی کورت و سادە و ساکار و چیرۆک و ڕەخنەی ئەدەبی و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ شیعر و بەرهەمی شاعیرانی نوێخواز کردووە و، زۆریش لە بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەم بەناوی نهێنیی(پشکۆ، شوان) بڵاوکردۆتەوە.



شێخ مارف بەرزنجی و
هاوسەر و منداڵەکانی



شێخ مارف بەرزنجی و منداڵەکانی لە
بەندیخانەی بەغدا

له سالّی ١٩٤٧ یەکەمین هەولّی بۆ نووسینی چیرۆک لەسەر شێوازی تەکنیکی نوێ داوە، لە سالّی ١٩٥٥ چیرۆکێکی بەناوی(سەر لە بەیانی نەورۆزێک)نووسیوە و لە پێشەکییەکەیدا دەڵێت:(ئەم چیرۆکەم لەسەر شێوە و شێوازی تەیاری وەعی نووسیوە)، ئەم شێوازەش لە ناو چیرۆکنووسانی کورد نەبووە، ئەو یەکەم کەس بووە دەستی داوەتێ.

لەگەڵ دەرچوونی گۆڤاری(شەفەق) لە کەرکووک چەند بەرهەمێکی لە گۆڤار و رۆژنامەکانی وەک(شەفەق و هیوا، ڕووناهی، ئازادی) بڵاوکردۆتەوە

لە بواری وتاریش دوو جۆر وتاری نووسیوە:

- وتار لەسەر ئاشتی و دیموکراسی.
- وتاری رەخنەیی و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی دەقی شانۆیی و بابەتی هەمەجۆری دیکە.
- چیرۆک، ئەو چیرۆکنووسێکی بەتوانا بووە، چەند کورتە چیرۆکی نووسیوە، وەک: (ئاواز و کەباب، گای پیرۆز، شەتڵ، جەژنێکی شادی، نامەی سەر سنور، سەرلەبەیانی نەورۆزێک).
- نووسەر سامان مارف بەرزنجی بە هاوکاری و هاوبەشی لەگەڵ نووسەر عومەر مەعروف بەرزنجی هەموو بەرهەمەکانیان کۆکردۆتەوە و، لە کتێبێکدا بەناوی(سەرجەم بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی) کە ژیان و بەرهەمە بڵاوکراوەکان و بڵاونەکراوەکانی لەخۆدەگرێت، نووسەر عومەر مارف بەرزنجی ئامادەی کردووە و پەراوێز و پێشەکی بۆ نووسیوە، ساڵی ١٩٩٣ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، کە ئەم بەرهەمانەشی تێدا بڵاوکراوەتەوە: (پەیکەری گاورباغی، بەسەرهاتی قوتابییەکی پۆلی چوارەمی حقوق، مەلا برایم، من و براکەم، مەمەدە فەندی سەرسام و چەندانی دیکەش).
- نووسەر دکتۆر شوکریە ڕەسوڵ کتێبێکی بەناوی(تەکنیکی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی مارف بەرزنجی)دا، ساڵی ٢٠٠٥ چاپ و بڵاوکردۆتەوە.

شێخ مارف ڕووناکبیرێکی چالاکی سەردەمەکەی خۆی بوو، زمانی عەرەبی و تورکی و ئینگلیزی زانیوە، گەلێک بابەتی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و سیاسی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.



- لە بواری هەڵسەنگاندنی بەرهەمی شاعیرانی کورد چەندین نووسینی هەبووە لەوانە:
- سەبارەت بە شاعیر کامەران موکریانی شاعیر و نووسەر شێخ مارف بەرزنجی دەڵێت:(کامەران شاعیرێکی سەربەست و تەڕو شیرین گوفتارە، شاگردێکی پێشکەوتووی مامۆستا گۆرانە، کەمێکیش پەیڕەوی هەردی لە شیعرەکانیدا دیارە).



- سەبارەت بە کتێبی(مەم و زین)ی خانی کە شاعیر هەژار موکریانی وەریگێڕاوەتەوە سەر شێوەزاری کوردی- موکریانی، دەڵێت:(ئەگەر شەرەفنامە بەڵگەیەکی خۆماڵی مێژووی نەتەوەکەمان بێ، مەم و زینی خانیش شاکارێکی خۆماڵی کوردە و خشڵ و زێڕی نەخواسراوەی میللەتەکەمانە و کورد خاوەنی ڕاستەقینەیەتی).
- لە بواری ڕەخنەی شانۆییش سەبارەت بە دوو شانۆیەکەی نووسەر عەبدولڕەزاق بیمار، شانۆگەریی(بووکی پەردە، شانۆی کوردستان) دەڵێت:(لە لێکۆڵینەوەی




باخچەیەك لە شاری کەرکووك بەناوی(باخچەی شێخ مارف بەرزنجی)

وێژەییدا بە پلەی یەکەم سەرنجی ئایدیۆلۆژییەت و هونەرمەندێتی دەدرێ، کە ناوەڕۆک و ڕووخساری پێ دەڵێن و نووسراوی پەسەند و بەکەڵکیش ئەوەیە، کە زۆر بژی و خۆشی بەگەل ببەخشی!).

لە مەیدانی ڕۆژنامەگەریدا وەک ڕۆژنامەنووسێکی شارەزا ماوەیەک ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری شەفەق بوو.

شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووس و ڕەخنەگر شەهید شێخ مارف بەرزنجی، مرۆڤێکی ئازادیخواز و ئاشتیخواز بوو، بەهۆی هەڵوێستە نیشتمانپەروەری و نەتەوەییەکەی شەهید بوو، ڕوحی پاکی زیندووە لە دڵی هەموو کوردێکی کوردپەروەر.

هەواڵنامەی کتێب

**سەرچاوەکان:**


١ - کوردیپیدیا.

٢ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیا ئازاد.

٣ - مێژووی ئەدەبی کوردی- بەرگی حەوتەم، دکتۆر مارف خەزنەدار، لاپەڕەکانی(٤٠٣ - ٤١٤)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦.

٤ - KURD COLLECY، نووسینێک لە ٢٣ - ٦ - ٢٠٢٢.

٥ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی(پایگاه خبری تحلیلی هاژە، نووسینێک لە ساڵی ٢٠٢٢.

٦ - ماڵپەڕی HISTORY OF KURD، مێژووی کورد، نووسینێکی نووسەر دیدار عوسمان و ئا: کەریم شارەزا، لە ٦ - ٧ - ٢٠١٧.

٧ - ماڵپەڕی زانیاری، نووسینێکی نووسەر محەمەد ڕزگار، لە ١٥ - ٣ - ٢٠٢١.

٨ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.

هەواڵنامەی کتێب



# وەزیری نادری

مامۆستا و شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووس ڕەوانشاد وەزیری نادری لە کوردانی ئەرمنستان...

ناوی تەواوی(وەزیر کوڕی جەبار کوڕی نادر)ە، بە وەزیری نادری ناسراوە، لە ١٠ - ٥ - ١٩١١ لە گوندی(بۆرلان)ی سەر بەناوچەی قارسی باکووری کوردستان لە دایک بووە، دایک و باوکی لە خێزانێکی کوردی کۆچەر بووینە، ئەو تەمەنی سێ ساڵان بووە باوکی کۆچی دوایی کردووە، خاتوو(نورا)ی دایکی منداڵەکانی(وەزیر، ساڵح، یوسف و شەوڕۆ) ی پەروەردە و گۆش کردووە، ساڵح و یوسف شوانییان کردووە، بەڵام دایکی، وەزیری لە بەر خوێندنی(حوجرە)ی مزگەوت داناوە و ماوەیەک خوێندوویەتی و فێری زمانەکانی تورکی و فارسی بووە و مامۆستایەکەی زۆری خۆشویستووە و کتێبی ئەدەبی و شیعری داوەتێ و ئەویش حەزی چووەتە خوێندنەوەی شیعر و ئەدەبیات.

لە ساڵی ١٩٢٥ دوای دامرکاندنەوەی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و لە سێدارەدانی خۆی و هاوڕێکانی لە لایەن تورکە شۆڤینییەکان، زیاتر لە(٧٠٠) خێزانی کورد ئاوارەی قەفقاسی ڕووسیا بوونە، لە ساڵی ١٩٢٦ وەزیری و خێزانەکەشی یەکێک بووینە لەو خێزانە کوردانەی کە ئاوارە



دانیشتووەکان لە سەر کورسی لە لای چەپەوە: شاعیر و نووسەر وەزیری نادری، نووسەر حەجێی جندی، ئەوانی دیکە قوتابیانی دەرچووی قوتابخانەی کوردی لە ئەرمنستان ساڵی ١٩٣٧

بووینە لە گوندی(سێردەرەک)ی سەر بەناوچەی(نەخچەوان)ی ئازربێجان گیرساونەتەوە، بەشی زۆری دانیشتوانی ئەم گوندە ئازەری و ئەرمەنی کەمێکیش کوردی تێدا ژیاوە، لە ساڵی ١٩٢٨ وەکو قوتابیی قۆناغی ناوەندی لەم گوندە(سێردەرەک)دەستی بەخوێندن کردووە، پاش ساڵێک خوێندن ماوەیەک بووەتە مامۆستای قوتابخانە لە گوندی(شاولێک)، لە ساڵی ١٩٣٣ بووەتە پەرپرسیاری قوتابخانەکە و لە پاییزی هەمان ساڵداماڵیان گواستۆتەوە یێریڤان و بووەتە مامۆستای(تیکنیکۆم)و، وانەی زمانی کوردی وتووەتەوە تا ساڵی ١٩٣٥ و، لە هەمان کاتیشدا بووەتە قوتابی لە پەیمانگای پەروەردەیی ئەرمەنی و پەیمانگای پەروەردەیی رووسی و ساڵی ١٩٣٩ هەردوو پەیمانگای بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٤٠ وەکو مامۆستای زمانی فارسی لە زانکۆی یێریڤان دەستبەکاربووە و لە هەمان کاتیشدا بووەتە قوتابیی دکتۆرا، ئەو کاتەی خەریکی تاقیکردنەوە و ئامادەکردنی نامەی دکتۆراکەی بووە لە لایەن دوژمن و ناحەز و نەیارانی

کورد لە دەسەڵاتی سۆڤیەتی جاران ڕۆژی ٢٦ - ١ - ١٩٤٦ کوژراوە، تەرمەکەی لە گۆڕستانی گۆڕەپانی بەناوبانگ(تۆخماخ گۆڵی)لە ئەرمنستان بەخاک سپێردراوە.

شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیر وەزیری نادری زمانەکانی(ئازەری، فارسی، ئەرمەنی، تورکی، ڕووسی، گورجی)زانیوە، بەشی زۆری ژیانی خۆی بە مامۆستایەتی لە قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و زانکۆکان بردۆتە سەر، لە کاروباری ئەدەبی و ڕۆشنبیری زۆر چالاک بووە، لە سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسینی هەمەجۆر کردووە و چەندین وتاری لە ڕۆژنامەی(ڕیا تازە)و ڕۆژنامەکانی ئەرمەنی و ڕووسی بەزمانی کوردی و ئازەری و ئەرمەنی بڵاوکردۆتەوە، ئەو ڕۆڵێکی زۆری هەبووە لە ناساندنی کورد بە خوێنەر و گەلانی ئازەری و ئەرمەنی و ڕووسی، هەر بۆ ئەم مەبەستەسشی چەندین وتاری لەڕۆژنامەی(ئەرمنستانی سۆڤییەت)بەزمانی ئازەری و لە ڕۆژنامەکانی ئازربێجانیش بڵاوکردۆتەوە.

شاعیر و نووسەر وەزیری نادری چەندین کتێبی نووسیوە لەوانە:



- کتێبی(زمانێ کورمانجێ- زماننامە- ڕاستنڤیسار، ئاخافتنا خەبەر دانێ)




**شاعیر و نووسەر وەزیری نادری**

کە کتێبێکی پەروەردەیی بووە بۆ قوتابیان و لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی ئەرمنستان بڕیاری لەسەر دراوە و لە پرۆگرامی خوێندنی قوتابیانی کورد داندراوە.

- کۆمەڵە شیعری بەناوی(نووبارە)کە تاقیکردنەوەیەک بووە بۆ نووسینەوەی ئەدەبی کوردی کە پێشتر کوردانی ئەوێ خاوەن ئەدەبیاتی نووسراو نەبوونە، تەنها ئەدەبی میللیی سەرزارەکییان هەبووە.
- لە ساڵی ١٩٣٥کتێبی(ڕەڤا ژنێ، پیەسە بۆنا تاترۆنی کورمانجا ژ چار پەردە)ئەمەیان درامایەکی شانۆگەری بووە کە بەناوی(ڕەدوو کەوتن یان بەدوو کەوتن)ی ژنان بووە کە لە چوار پەردە پێکهاتووە.
- وەکو کوردێکی ئازا و بوێر و کوردپەروەر شیعری دژی(نازیەکان و فاشیزمەکان)نووسیوە و ستایشی(حلفاء - بەرەی سوێندخۆرەکان) کردووە.
- کۆمەڵێک چیرۆکی شیعری نووسیووە و داستان و حیکایەتی کوردی و قسەی نەستەق و پەندی پێشینانی تێدا ئاوێتە کردووە لەوانە(وەتەن و هزکرن- نیشتمان دڵدارییە)یان(نادۆ و گولیزار)کە چیرۆکێکی شیعری درێژە لە(١٠)بەش پێکهاتووە کە تێیدا بایەخی بەو ڕووداوانە داوە کە لە مێژووی کوردا بوونەتە ڕەمز و کورد شانازی پێدەکات باسی کەسایەتییە مێژووییەکانی کوردیش دەکات لەوانە(شەرەفخانی بەدلیسی و ئەحمەدێ خانی و خانی لەبزێڕین و مەلای جەزیری)و یادیان دەکاتەوە، ئەو چیرۆکە شیعرییەکانی زۆر بە سادە و ساکاری نووسیوە بۆ ئەوەی خوێندەوار و نەخوێندەواری کورد تێیبگات.




**بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر وەزیری نادری**

نووسـەر و ڕۆشـنبیر مامۆسـتا جەمیل مـەلا قـەرە لـە کتێبی(یار و دیار)بـەم جۆرە باسـی وەزیـری نـادری دەکات(لـە سـاڵی ١٩٤٣ کـە ئـوردووی دەوڵـەتی سـۆڤێت دەچێتـە نـاو خاکـی ئێران، وەزیـری نـادری وەکو کوردناسـێک لەگـەڵ لەشـکری سـوور دەچێتـە مەهابـاد و نێوانگیـری و پەیوەندیـی کـوردان بـە لەشـکری سـوور ڕێـک دەخـات و کار بـۆ سەرخسـتنی مـاف و داوا ڕەواکانـی کوردان و کۆمـاری کوردسـتان دەکات و هـاوکاری پێشـەوا قـازی محەمەدیش دەکات و، هـەر لـەو پێناوەشـدا لـە دواڕۆژەکانی تەمەنی کۆمـار و کشـانەوەی سـۆڤێت، دەبێت بەقوربانـی ئـەو تێکۆشـانە و لـە ٢٦ کانوونـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٤٦ بەدەسـتی نەیارانـی سـۆڤێت تیـرۆر دەکرێـت و لـە گۆڕەپانـی نـاواری (تۆخمـاخ گۆڵـی) لـە ئەرمەنسـتان بـە خـاک دەسـپێردرێ.. بـەوەش گەلی کورد ڕۆڵەیەکی بەوەجی ڕۆشـنبیریی سیاسـی و ئەدەبی کوردی لـە دەسـتدەچێت و لەنـاو دڵ و هـزری شـاعیران و تۆڕەڤـان و ناوەنـدە ڕووناکبیرەکانی کوردانی قەوقـاز بـە نەمـری دەمێنێتـەوە).

ڕوحـی پاکـی ئـەم شـاعیر و نووسـەر کوردپـەروەرە شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێـت.

**سەرچاوەکان**

١ - مێـژووی ئەدەبـی کـوردی - بەرگـی حەوتـەم دکتـۆر مـارف خەزنـەدار، لاپەڕەکانـی(١٨١- ١٨٥).
٢ - هەندێ زانیاری و وێنە، هاوڕێم نووسـەر و ڕۆشـنبیر مامۆسـتا جەمیل مـەلا قـەرە لـە سلێمانی بۆی ناردووم، سوپاسـی دەکەم
٣ - کوردیپیدیا، نووسینێکی نووسەر ڕاپەڕ عوسمان عوزێری.
٤ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.
٥ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ئیسماعیل بێشکچی

ئـەو وتوویەتی:(ئەگـەر کەرکـووک شـارێکی تورکمانـی بێـت، ئـەوا ئەسـتەنبوولیش شـارێکی کوردییـە).

نووسـەر و کۆمەڵنـاس و فەیلەسوفی بەڕەگـەز تـورک و دۆسـتی دێریـن و دڵسۆزی کورد دکتۆر ئیسماعیل بێشکچی...

نـاوی تەواوی(ئیسـماعیل کـوڕی حوسـنی)یە، لـە ٧ - ١ - ١٩٣٩ لـە ناوچەی(ئیسکسلیپی)سـەر بـە چـۆڕووم لـە خێزانێکـی تورکـی بەدینـی سـەر بـە مەزهەبی(حەنەفی)لـە دایـک بـووە، حوسـنی باوکـی(١٨٩٩ - ١٩٧٨) خەریکی(بەقاڵـی) بـووە، دایکیشـی ناوی(زاهیـدە ١٨٩٨ - ١٩٨٧) بـوو، ئـەو کـوڕی بچووکـی خێزانەکەیـان بـووە دوو بـراو خوشـکێکی هەبـووە بەناوەکانی(محێدیـن، وەسـفی، سـاتی).

نووسـەر ئیسـماعیل بێشـکچی پـاش تەواوکردنـی قۆناغەکانـی خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی، ماوەیـەک چووەتـە خزمەتـی سـەربازی کـە تـەواوی کـردووە سـاڵی ١٩٦٢ کۆلێژی(العلـوم السیاسـیة - زانسـتە سیاسـییەکان)ی لـە زانکۆی(ئەنقەرە)تەواوکـردووە، ماوەیـەک بـۆ وەزیفـەی




له لای ڕاستەوە: نووسەر و لێکۆڵەر ئەسماعیل بێشکچی، نووسەر و وەرگێڕ محەممەد عیزەدین

قایمقام ڕاهێنانی کردووە بۆ یەکەم جار ئاشنای کورد بووە، دواتر بووەتە مامۆستای کۆمەڵناسی لە کۆلێژی هونەر و ئەدەب لە زانکۆی(ئەتاتورک)لە ئەرزەڕۆم، مامۆستایەکی هەمان کۆلێژی خۆی خەبەری لێداوە و تۆمەتی پڕۆپاگەندەی مارکسی و جوداخوازی بۆ هەڵبەستووە، لە سەردەمی کودەتایەکەی ساڵی ١٩٧١ بێشکچی لە دادگای(نائاسایی)دادگاییکراوە و لە زانکۆ دوورخراوەتەوە و، بۆ ماوەی(٣)ساڵ زیندانی کراوە، لە ساڵی ١٩٧٤ ئازادکراوە، لە ساڵانی ١٩٧٩ لەسەر پرسی کورد دەستگیر و زیندانیکراوە و ساڵی ١٩٨٧ ئازادکراوە، بەڵام داواکان(دعوی) لە دژی بەردەوام بووە و تا ساڵی ١٩٩٩ بەدەستگیرکراوی ماوەتەوە، ئەو بەتێکڕایی(١٧)ساڵی لە تەمەنی خۆێ لە بەندیخانە بردۆتە سەر.

نووسەر و کۆمەڵناس ئیسماعیل بێشکچی ماوەیەکی زۆری لە ژیانی خۆی بۆ پشتگیری و پشتیوانیی پرس و مەسەلەی کورد لە تورکیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەرخان کردووە، تورکەکان نازناوی(ساری هۆجا) یان لێناوە کە بەمانای(مامۆستا قژ زەردەکە)دێت، ئەو یەکێک لەو تورکانەی کە هەمیشە لەگەڵ مافی ڕەوای کورد بووە و، چەندین جاریش لەسەر وتار و نووسینەکانی دەربارەی کورد دادگایی کراوە، یەکەم نامەی دکتۆراکەشی

لە سەر عەشیرەتێکی کوردی کۆچەر بەناوی(عەلیکان)بووە کە پێشکەشی زانکۆی ئەنقەرەی کردووە و دواتر دەستگیرکراوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٣ زانکۆی(بۆغازئیچی)لە ئەستەنبوول بڕوانامەی دکتۆرای فەخریان داوەتێ.

ئەو زۆر دۆستی کوردە و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ چەند نووسەر و کەساتییەکی کورد هەبووە و هەیە لەوانە(موسا عەنتەر، یەشار کەمال، یاشار کایا، حسین موسا ساغنج، لەیلا زانا، مەهدی زانا، ئەحمەد عارف، یەڵماز گونای، سەرهات بوجاک و چەندانی دیکەش).


هەردەم پاڵپشتی زمان و ئەدەبی کوردی کردووە، بۆیە لە شوێنێکدا دەڵێت:(هەر چەندە هاونیشتمانیان لە تەمەنی(٦٠ – ٧٠)ساڵیدا لەناو ماڵیان و لە بازاڕ و کارکردن و دەرەوەشیاندا ئاخاوتنیان بەکوردی بێت، بەڵام هێندەی ئاخافتنی منداڵاکان بەزمانی کوردی گرنگ و چارەنووسساز نابێت، چونکە تەنیا بەفێرکردنی منداڵان زمانی کوردی بەزیندوویی دەمێنێتەوە).


ئەو زیاتر لە(٣٦)کتێبی لە بوارەکانی کۆمەڵناسی و مێژوو و کەلتوور و فەلسەفە نووسیوە، لەوانە چەند کتێبێکیان لەسەر پرس و دۆز و مەسەلە و کێشەی کورد لە تورکیا و عێراق و وڵاتانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات نووسیوە و چاپ و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانە هەندێکیانن:

- تێزی تورک بۆ مێژوو، تیۆری زمانی خۆر و کێشەی کورد.
- ئیسماعیل بێشکچی و تێڕوانینێکی زانستیانە.
- کوردەکان و مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان.
- کورد و مەسەلەی کورد.
- یادەوەرییەکان.
- نامە بۆ یونسکۆ.
- تیرۆری دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.
- یاسای تونجەلی ١٩٣٥ و جینۆسایدی دێرسیم.
- دابەشکاری ئیمپریالیستی لەسەر خاکی کوردستان ١٩١٦ –١٩٢٥.
- کردستان مستعمرة دولية.

چەندانی دیکەش.

ئـەو بەرهـەمانـەی ئیسـماعیل بێشـکچی کـە پەیوەنـدن بـە کـورد و پرسـی کـورد، بەشـی زۆریـان وەرگێڕدراونەتـە سـەر زمانـی کـوردی و عەرەبـی لـە لایـەن چەنـد نووسـەر و وەرگێڕێکـی کـورد لەوانـە بەڕێزان(محمـەد عیزەدیـن، ڕەوا حاجـی، ئاسـۆس هـەردی، حەمـە ڕەشـید، شـاهۆ سـەعید، بەکـر شـوانی، هاوبیر زەردئاوایی، فەرهـاد چۆمانـی، زوهێـر عەبولمەلیـک و مەهاباد کـوردی











نووسەر و کۆمەڵناس ئیسماعیل بێشکچی لە چەند کاتێکی جیاوازدا




**بەرهەمەکانی نووسەر ئیسماعیل بێشکچی**

و چەندانی دیکەش).

نووسەر و کۆمەڵناس دکتۆر ئیسماعیل بێشکچی دۆستێکی دێرینی کوردە و چەندین جار سەردانی باشووری کوردستانی کردووە و، چاوپێکەوتن و دیداری تەلەفزیۆنی و ڕۆژنامەگەری لە گەڵدا کراوە.

ئەو هێشتا لە ژیان ماوە بەردەوامە لە هەڵوێست و نووسینە جوان و بوێرانەکەی بەرامبەر کورد و مەسەلەی کورد، هەر سەرکەوتوو بێت.

شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس بە پارچە شیعرێک بەناوی(بۆ ئیسماعیل بێشکچی)ستایشی کردووە.

بۆ ئیسماعیل بێشکچی

دارێ وتی:

ئێمە ئیستاکە ناتوانین

شەقامێکی دیاربەکر بە ناوی تۆوە ناو بنێین.

گوڵێ وتی:

ئێمە ئیستاکە ناتوانین


باخچەییێکی نێو قامیشلی

به ناوی تۆوه ناو بنێین.
شیعریش وتی:
ئێمه ئیستاکه ناتوانین
کتێبخانەیێکی سابلاخ به ناوی تۆوه ناو بنێین.
بەردیش وتی:
ئێمه ئیستاکه ناتوانین
پەیکەرێکت له سنگی بابەگوڕگوڕدا
بۆ داتاشین.
دوایی کوردستانیش وتی:
ئەوەی ئێستاکه ئێمه ئەتوانین
بیکەین هەر ئەوەیە وەک گوڵ وشیعر و ئازادی
له گیانماندا هەڵتگرین

لـه ٤/٣ - ١٠-٢٠٢٤ لـه ڤیسـتیڤاڵی ڕۆشـنبیری دهـۆک خەڵاتـی زێڕیـن بـه ئیسـماعیل بێشـکچی دراوه.

## سەرچاوەکان:


١ - کوردیپێدیا.
٢ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیا ئازاد.
٣ - ماڵپەڕی زانکۆی بۆغائیچی، ڕۆژنامەی حوریەت له ١٢ - ١٢ - ٢٠١٣.
٤ - ماڵپەڕی دەزگای بێشکچی، له ٣٠ - ٦ - ٢٠١٨.
٥ - ڕووداو، کولتـوور و سـتایل، نوسـینێک لـه ٣٠ - ٤ - ٢٠٢٤ و نووسـینێکی دیکـەش لـه١٧ - ٢ - ٢٠٢٢.
٦ - yoytube، فیلمێلی دوکیومێنتاری له waar media(هەیڤەپەیڤین)له ١٠ - ١١ - ٢٠٢١.
٧ - ماڵپەڕی Lyrics translater، نووسینێک به زمانی هۆڵەندی.
٨ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# محەمەدی قازی

ناوی تەواوی(محەمـەد کـوڕی میـرزا عەبدولخالیـق قازی)یـە، لـە ٣ – ٨ – ١٩١٣ لـە شاری(سـابڵاغ)کە ئێسـتا(مهاباد)ە، لـە بنەماڵـەی قازییـەکان لـە دایکبـووە، باوکـی ئیمـام و خەتیبی شـاری مهاباد بـووە و هاوسـەرگیری لـە گـەڵ کچێکـی خزمـی خـۆی بەناوی(ئامینـە خانم)کـردووە، کـە(١٥) سـاڵ لـە خۆی بچووکتر بـووە، پاش سـاڵێک کوڕێکیـان دەبێت نـاوی لێدەنێن(محەمـەد)، دیـارە پـاش دوو سـێ مانـگ بـە نەخۆشـیی(خوریکە- ئاوڵە)مـردووە، سـاڵی پاشـتر کوڕێکـی دیکەیـان بـووە مـەلای باوکـی دیسـان پێداگـری کـردووە کـە ناوی(محەمەد)بێت، هەرچەنـدە ئامینـە خانـی دایکـی ڕازی نەبـووە ئـەم کوڕەشـیان پاش سـی چـوار مانگ مـردووە، پاش ماوەیەکـی کـەم کچێکیـان بووە بەناوی(خەدیجە)ئەویش هـەر پاش دوو سـێ مانگ مردووە، پاش دوو سـێ سـاڵ کوڕێکی دیکەیان بووە، دیارە مـەلا میرزا عەبدولڕەحمانی باوکی هـەر نـاوی لێناوە(محەمـەد)، بۆیـە دەتوانین بڵێین(محەمـەد)ی سـێیەم دواتریش کچێکـی دیکەشـیان بـووە بەناوی(سـوغرا).


محەمـەدی قازی تەمەنی(٥ – ٦)سـاڵان بووە باوکی کۆچی دوایی کردووە، لـە گـەڵ ئامینـە خانـی دایکـی و خوشـکەکەی چوونەتـە لای(داپیـر- نەنکـی) دایکـی باوکـی لـە گوندی(سـریلاو)لە دەوروبـەری شـاری مهابـاد، پاش دوو سـێ سـاڵ ئامینـە خانـی دایکیـان شـووی بـە یەکـێ لـە بەگزادەکانـی فەیزوڵـڵا

بەناوی(مەحمـود بـەگ)ی چاغەرلـو کـردووە و، هـەردوو منداڵەکانـی لـە لای نەنکیـان بەجێهێشـتووە، محەمـەدی قـازی کـە تەمەنـی دەبێتـە(١٠-١٢) سـاڵان چووەتـە لای دایکـی ماوەیـەک لـەوێ ماوەتـەوە، مەحمـوود بـەگ دوو کـوڕی بەناوەکانی(ئەحمـەد خـان، ڕەشـید خان)هەبـووە و، لـەوێ محەمـەدی قـازی ناردۆتـە لای(شـێخ عیزەدین)بـۆ خوێندنـی قورئانـی پیـرۆز، دواتـر بنەماڵـەی قازییـەکان ناردوویانەتـە شـاری مهاباد بـۆ خوێندنـی سـەرەتایی، سـاڵی ١٩٢٧ خوێندنـی سـەرەتایی لـە شـاری مهابـاد تەواوکـردووە و لـە سـەردەسـتی نووسـەر و مێژوونـووس و ڕۆژنامەنووس ڕەوانشـاد گیو موکریانی گرۆگاڵـی فێربوونـی زمانـی فەرەنسـی کـردووە، لەبـەر نەبوونی قوتابخانـەی ناوەندی(ئەو کات)لـە مهابـاد سـاڵێکی لـێ ڕۆیشـتووە، سـاڵی ١٩٢٩ لەسـەر داوای مامـی دکتۆر(جـەوادی قـازی) کـە دادوەر بـووە چووتـە تـاران، سـاڵی ١٩٣٥ لـە دواناوەندیـی هونەرەکانـی تـاران بڕوانامـەی دیبلۆمـی لـە بەشـی ئەدەبـی وەرگرتـووە، هـەر چەنـدە ئـەو حـەزی لـە خوێندنـی ئەدەبیـات بـووە، بـەڵام دیـارە بـە هاندانی(دکتـۆر جـەوادی قـازی)ی مامـی چووەتـە کۆلێژی(مـاف)و سـاڵی ١٩٣٩ بڕوانامـەی لیسانسـی وەرگرتـووە و حـەزی لـە دادگا و پارێـزەری نەبـووە، سـاڵی ١٩٤١ وەکـو فەرمانبـەر لـە وەزارەتـی دارایـی دامـەزراوە.

شـاعیر و نووسـەر و وەرگێـڕ محەمـەدی قـازی سـاڵی ١٩٧٥ تووشـی نەخۆشـی شـێرپەنجەی قـوڕگ بـووە، یۆ چارەسـەری چووەتـە وڵاتـی ئەڵمانیـا،



**بەرهەمی خۆی، وەرگێڕانی نووسەر عەزیز گەردی**




**هەیڤپەیڤینی نووسەر سەید عەلی ساڵحی، وەرگێڕانی نووسەر ڕێباز مستەفا**



**بەرهەمی خۆی، وەرگێڕانی نووسەر خالید عەبدوڵاهی**



**پەیکەری نووسەر و وەرگێڕ محەممەدی قازی**

لەوێ لە شاری(ماربۆرگ)ی ئەڵمانی دکتۆری نەشتەرگەر پرۆفیسۆر(کلاین زاسر)، کە نەشتەرگەریی قوڕگی بۆ کردووە و پێی وتوە: پاش نەشتەرگەریی قوڕگت ئیدی ناتوانێت قسە بکات! ئەویش پێی دەڵێت: لە وڵاتەکەی من قسەکردن قەدەغەیە.


لە ساڵی ١٩٧٦ گەڕاوەتەوە ئێران بەهۆی ئێش و ئازاری نەخۆشییەکەی لەسەر داخوازی خۆی خانەنشینکراوە.

نووسەر و شاعیر و وەرگێڕ محەمەدی قازی خاوەنی بڕیار و هزر و


بیرکردنەوەیەکی زۆر فراوان بووە و زۆریش زیرەک بووە، هەر زوو کەوتۆتە ژێر کاریگەریی شیعری کلاسیکیی فارسی و کوردی بەتایبەتی شیعرەکانی شاعیر(سەعدی شیرازی)،هەزاران بەیتە شیعری کلاسیکی(لەبەر- ئەزبەر) بووە، ئاشنایەتییەکی باشیشی لەگەڵ کێش و سەروای شیعری کوردی هەبووە، خۆشی شیعری نووسیوە، بەڵام ئەو زیاتر بە وەرگێڕ ناسراوە، لە ساڵی ١٩٧٧ ماوەیەک لە مەڵبەندی هزری منداڵ و مێرمنداڵان وەکو وەرگێڕ کاری کردووە، زیاتر لە (٧٢) شاکاری ئەدەبی جیهانی و ناودارانی جیهانی لە زمانی فەرەنسی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی و بەیارمەتیی ئەحمەدی قازی ڕۆمانی(ژانی گەل)ی نووسەر مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی، چەندینناملکە و کتێبی گیرفانی بۆ ڕۆژنامەی(ئیتلاعات و کەیهان) وەرگێڕاوە، چەند بەرهەمێکیشی لە نووسینی خۆشی هەیە، لە نووسین و بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی، لایەنی ئەدەبیاتی منداڵانی هەرگیز فەرامۆش نەکردووە، ئەمانەش هەندێ لە بەرهەمەکانیەتی:

بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی لە زمانی فەرەنسی بۆ سەر زمانی فارسی


- سناریوی دن کیشوت، ڕۆمانی دۆن کیشۆت/ میگل سێرڤانتێس، ١٩٤٠
- کلود ولگرد، کلۆدی بەڕەڵا، ڤیکتۆر هۆگۆ، ١٩٤٠
- سپیددندان، دان چەرموو، جاک لەندەن، ١٩٥٢.
- جزیرە پنگوئن‌ها، دورگەی پەنگوئەنەکان، ئاناتۆل فرانس، ١٩٥٣.
- در آغوش خانوادە، لە ئامێزی بنەماڵەدا، هێکتۆر مالۆ ١٩٥٥.
- شاهزادە و گدا، شازادە و گەدا،مارک توەین ١٩٥٥.
- آخرین روز یک محکوم، دوایین ڕۆژی مەحکومێک، ڤیکتۆر هۆگۆ، ١٩٥٥.
- شازدە کوچولو، شازادە چکۆلە، ئانتوان دۆ سانت ئێگزوپێری، ١٩٥٦.



**محەمەدی قازی و پەیامی وەرگێڕ، کۆکردنەوەی نووسەر عیرفان قانیعی فەرد، وەرگێڕانی نووسەر ئیسماعیل زارعی**




بەرهەمی خۆی،
وەرگێڕانی
محەمەد بەهرەوەر




بەرهەمی خۆی




گەنجینەی گرانبها، بەرهەمی خۆی، وەرگێڕانی نووسەر فاروق فەرهاد

- سادە دل، سادەدڵ، ڤۆڵتێر، ١٩٥٦.
- نظری بە طبیعت و اسرار آن، چاوخشاندنێک بەسەر سروشت و سورڕیدا، لیئۆن بریتۆن، ١٩٥٦.
- داستان کودکی من، چیرۆکی منالّیم، چارلی چاپلین، ١٩٥٦.
- تاریخ مردمی آمریکا، مێژووی نەتەوەی ئەمریکا، هاروی واسرمەن، ١٩٥٨.
- تاریکترین زندان، نووتەکترین بەندیخانە / ئیڤان ئولبرەخت ١٩٥٨.
- نیە توچکا، نیەتووچکا، فیئۆدۆر دستۆفسکی، ١٩٥٩.
- مادام بوواری، مادام بۆڤاری، گۆستاڤ فلۆبێر، ١٩٦٢.
- مهاتما گاندی،مهاتما گاندی، ڕۆمەن ڕۆلان، ١٩٦٤.
- دوریت کوچک، دوریتی بچکۆلە، چارلێز دیکێنز، ١٩٦٤.
- طلا، ئالّتوون، بلێز ساندرار، ١٩٦٤.
- مردە ریگ، میرات، گی دوو مۆپاسان، ١٩٦٦.
- نان و شراب، نان و شەڕاب، ئینیاتسیۆ سیلۆنە ١٩٦٦.
- مادر، دایک، پرێل باک، ١٩٦٦.
- دکتر کنوک، دوکتور کنۆک، ژوول roomەن ١٩٦٦.

- تپلی، خەپەتۆڵە، گی دوو مۆپاسان، ١٩٦٧.
- آدمها و خرچنگها، مرۆڤەکان و قرژاڵەکان، خۆزە دوو کاسترۆ، ١٩٦٧.
- درباره مفهوم انجیلها، لە مەڕ مانای ئینجیلەکانەوە، کری ڤۆلف، ١٩٦٨.
- آزادی یا مرگ، ئازادی یا مەرگ، نیکۆس کازانتزاکیس، ١٩٦٩.
- ناپلئون، ناپلیۆن، یووجین تارلە، ١٩٧٠.
- مسیح باز مصلوب، مەسیحی دیسان لە خاچدراو، نیکۆس کازانتزاکیس، ١٩٧٠
- ایالات نامتحد، ویلایەتە یەک-نەگرتووەکان، ڤێلادیمیر پووزنر، ١٩٧٢.
- بردگان سیاه، قولەڕەشە کۆیلەکان، کایل ئانستووت، ١٩٧٢.
- ماجرای یک پیشوای شهید، سەربردەی پێشەوایەکی شەهید، ئینیاتسیۆ سیلۆنە، ١٩٧٣.
- سرمایەداری آمریکا، سەرمایەداریی ئەمریکا، ماریان دوبووزی، ١٩٧٣.
- ماجراجوی جوان، گورێخی گەنج، ژاک سروون، ١٩٧٣.
- پولینا چشم و چراغ کوهپایە، پولینا چاو و چرای پێدەشت، ئاناماریا ماتووت، ١٩٧٤.
- فاجعە سرخپوستان، کارەساتی سوورپێستەکانی ئەمریکا، دی براون، ١٩٧٤.
- باخانمان، لەگەڵ خانمان، هێکتۆر مالۆ، ١٩٧٧.
- قربانی، قوربانی، کورتزیوو مالاپارتە، ١٩٧٧.
- بیست کشور آمریکای لاتین، بیست وڵاتی ئەمریکای لاتین، مارسل نیدرگانگ، ١٩٧٧.
- سگ کینەتوز، سەگی قینلەزگ، ئالبێرتۆ واسکز ڤیگەرۆ، ١٩٧٧.
- بی ریشە، بێ ڕیشە، چەند نووسەرێک، ١٩٧٧.
- زن نانوا، ژنی نانکەر، مارسل پانیول، ١٩٧٧.
- قلعە مالویل، قەڵای مالوییل، ڕۆبێر مرێل، ١٩٧٧.
- زوربای یونانی، زۆربای یۆنانی، نیکۆس کازانتزاکیس، ١٩٧٨.

- پنج قصه، پێنج چیرۆک، هانس کریستیەن ئاندرسێن، ١٩٧٩.
- درد ملت، ژانی گەل، ئیبراهیم ئەحمەد، لە کوردییەوە، بەیارمەتی نووسەر ئەحمەدی قازی، ١٩٧٩.
- در نبردی مشکوک، لە شەڕێکی گوماناویدا، جان شتاینبەک، ١٩٨١.
- مادر، دایک، مەکسیم گوورکی، ١٩٨٢.
- زمین و زمان، زەمین و زەمان، ئاولکووف، ١٩٨٢.
- کلیم سامگین، کەلیمی سامگین، مەکسیم گوورکی، ١٩٨٢.
- کرد و کردستان، کورد و کوردستان / ڤاسیلی نیکیتین، ١٩٨٦.
- سمرقند، سەمەرقەند، ئەمین مەعلووف ١٩٩٤.

**ئەو بەرهەمانەی لە نووسینی خۆی:**

- زارا، عشق چوپان (بە کوردی: زارا ئەوینی شوان) لە ساڵی ١٩٤٠.
- خاطرات یک مترجم (بە کوردی: بیرەوەرییەکانی وەرگێڕێک) لە ساڵی ١٩٩٢.
- سرگذشت ترجمەهای من (بە کوردی: سەربردەی وەرگێڕانەکانی من) لە ساڵی ١٩٩٤.

چەندین بەرهەمی خۆی و بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی لە لایەن نووسەر و وەرگێڕ و لێکۆڵەرە کورد و عەرەب و فارسەکان وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و عەرەبی و تورکی و چەند زمانیکی دیکەی جیهانی، لەم نووسەرانە(عەزیز گەردی، ڕێباز مستەفا، محەمەد بەهرەوەر، فاروق فەرهاد و چەندانی دیکەش).

چەندین گەورە وەرگێڕ و شاعیری فارسی ستایش و ئاماژەیان بەتوانای وەرگێڕی گەورەی کورد محەمەدی قازی کردووە، لەوانە:

کەریم ئیمامی وەرگێڕی فارس:(پارەکە سەرێکم لە براکەم دا لە لۆسانجلێس. ڕۆژێک بە سەر کتێب فرۆشییەکی ئێرانیدا کەوتم. کتێبەکانی هەڕڕاج کردبوو. زۆرم کتێب کڕی. دوو بەرگ کتێبی «چل ڕۆژ لە مووساداغ» یشم بێ وەی تێی بفکرێم و وەک ئەوانەی دیکە هەڵگێڕ و

وەرگێڕی کەم، هەڵگرتبوو. کابرایەکم لەگەڵ بوو پێی سەیر بوو. گوتم: بۆ پێت سەیرە؟! مەگەر نەتدیوە نێوی قازی بەسەرەوەیە، ئیدی ئەوە تێفکرینی ناوێ. شتێک قازی وەریگێڕابێت حەتمەن ئەوەندەی نرخ هەیە کە بیکڕی و بیخوێنیەوە و بشیپارێزی).

سەفدەر تەقی زادە نووسەری فارس دەڵێت:( قازی زۆر یەک لە کەڵەنووسەرانی دنیای بۆ یەکەم جار بە خوێنەرەوانی ئێرانی ناساند؛ وەک کازانتزاکیسی یۆنانی، ئینیاتسیۆ سیلوێنەی ئیتالیایی و ئیڤان وازۆفی بولغاری. قازی مرۆیەکی شەریف بوو، نموونەیەکی بەرچاوی ڕۆحی بەرگری و هومێد. خزمەتە بەنرخەکانی بە فەرهەنگ و وێژەی فارس قەت لەبیر ناچنەوە).

بەهادین خوڕڕەمشاهی نووسەر و وەرگێڕی فارس:( ئەو هەموو کەیف بە ژیان هاتنە، ئەو هەموو برووسکەی ئەوین بۆ ژیان و تroوسکەی هومێدەی لە چاوە جوانەکانیدا بزەبزیان بوو و زایەڵەکەی لە دەنگ و ڕەنگیدا شەپۆلانی دەداوە، قەت قەت لەبیر من و هاوڕێیانی دیکە ناچێتەوە).

نوسرەتوڵڵا زیایی وەرگێڕی فارس:(قازی کە سەر بە بنەماڵەی گەورە و ناوداری قازیەکانی مەهاباد بوو، زۆر لە سەر کوردبوونی خۆی سوور بوو. هەرچەند لە قسە کردن بە زمانی فارسیدا لەنگەی نەدەکرد و دەبوو هەر واش بێ، چونکە لە ١٧ساڵییەوە هاتبووە تاران، لەگەڵ ئەوەشدا یەک وشەی زمانی کوردی لەبیر نەچووبۆوە و بە سەریدا زاڵ بوو و بێ ئەوەی گرێ بکا، بە زمانی کوردی دەدوا. وەرگێڕانی کتێبی کورد و کوردستانی نیکیتین و ژانی گەلی برایم ئەحمەدیش بەڵگەیەکی سەلمێنەرن).

حەمەساڵە حوسێنی وەرگێڕی فارس:(قازی لەو دەگمەن وەرگێڕە ناودارانەیە کە بە ئەوین و شەیداییەوە سنوورەکانی زمان و وێژەی فارسی پاراستووە. کاری قازی بێ گومان سەرمەشقی زۆربەی زۆری ئەو کەسانە بووە کە تازە دارەدارەی قەڵەمیان بوو، منیش یەک لەوانە).

چەندین شاعیر و نووسەر فارسی دیکەش لەوانە(وەرگێڕ ڕەزا سەید حوسێنی، شاعیر ئەحمەد ڕەزا ئەحمەد، وەرگێڕ عەبدوڵڵای کەوسەری، وەرگێڕ عیزەتوڵڵای فوولادوەند).

لـه سـاڵی ١٩٥٨ خەڵاتـی باشـترین وەرگێـڕی لـە لایـەن زانکـۆی تـاران پێبەخشـراوە.

نووسـەر و وەرگێـڕ محەمـەدی قـازی لـە سـاڵی ١٩٤٤ هاوسـەرگیری کـردووە و خاوەنـی کوڕێـک و کچێک بـووە بەناوەکانی(مریـەم، فەرهـاد)، لـە سـاڵی ١٩٥٨ هاوسـەرەکەی کۆچـی دوایـی کـردووە و لـە سـاڵی ١٩٧٠ بـۆ جـاری دووەم هاوسـەرگیری کـردووە.

لە مۆزەخانـەی شـاعیری نەمر هێمـن موکریانی لە شـاری مهاباد، بەشێک بەنـاوی محەمـەدی قـازی کراوەتـەوە و بەرهـەم و کـەل و پەلـە بەنرخەکانـی داندراون.


لە ساڵی ٢٠٠٧ لە گۆڕەپانیکدا هـەر بەنـاوی خۆی پەیکەرێکی محەمـەدی قـازی داندراوە کە بەدەسـتی هونەرمەنـد هـادی زیائەدین دروسـتکراوە.

ئـەو لـە ڕۆژی ١٤ - ١ - ١٩٩٨ لـە نەخۆشـخانەی میهـر لـە تـاران کۆچـی دوایـی کـردووە و تەرمەکـەی هێنراوەتـەوە شـاری مهاباد لـە گۆڕسـتانی(بوداغ سـوڵتان)لە تەنیشـت گـۆڕی شـاعیران هێمـن و هـەژار بەخاکـی نیشـتمان سـپێردراوە، ڕەوانـی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێـت.

تێبینـی بـۆ خوێنـەران: ئـەم وەرگێـڕە گـەورەی کـورد لەگـەڵ سـەرکردەی کـورد شـەهید قـازی محەمـەد تێکـەڵ نەکـەن....

**سەرچاوەکان:**

١ - کوردیپێدیا.
٢ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.
٣ - ماڵپـەڕی زانیـاری، نووسـینێکی نووسـەر ڕێـزدار ئەحمـەد لـە ٦ - ٤ - ٢٠٢٢.
٤ - زانیاری و نووسین و داڕشتنی خۆم.




# دکتۆر محەممەد موکری


شـاعیر و نووسـەر و زماننـاس و کوردنـاس و مێژوونـووس و لێکۆڵـەر دکتـۆر محەمـەد موکـری لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان...

نـاوی تەواوی(محەمـەد کەیـوان پـوور موکری)یـە، لـە بنەماڵـەی میـر سـەیفەدینی موکرییـە کـە لـە سـەدەی حەڤدەیـەم حاکمـی ناوچەکـە بـووە، لـە سـاڵی ١٩٢١ لە شاری(کرماشـان) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە، پاش تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندنی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامادەیی، سـاڵی ١٩٤٩ بڕوانامـەی دکتـۆرای لـە زمانـی و ئەدەبی فارسـی لـە زانکـۆی تـاران بەدەسـتهێناوە، نامـەی دکتۆراکـەی لەسـەر جیـاوازی شـێوەزارەکانی کوردی(بحث در لهجـه هـای مغـرب ایران)بـووە.

پـاش تەواوکردنـی خوێندنـی لـە زانکـۆی تـاران سـاڵی ١٩٤٣ بووەتـە مامۆسـتای دواناوەندی لـە تـاران، سـاڵی ١٩٤٤- ١٩٤٥ بووەتـە بەڕێوەبـەری گشـتیی پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان- ناوچەی مهاباد، لە سـاڵی ١٩٥٢ بووەتـە بەڕێوەبـەری گشـتیی پـەروەردە لـە وەزارەتـی پـەروەردەی ئێـران، ماوەیەکیش وانەبێژ بووە لە پەیمانگای هونـەری و پەیمانگای سـەربازی لە تـاران.







نووسەر و مێژوونووس دکتۆر محەمەد موکری  لە چەند کاتێکی جیاوازدا


ساڵی ١٩٥٣ پاش ڕووخانی حکومەتەکەی(محەمەد موسەدەق)ماوەی ساڵێک زیندانی کراوە و کە ئازادکراوە ڕووی لە وڵاتی فەرەنسا کردووە تا ساڵی ١٩٧٩ لەوێ ژیاوە، لە گەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران ساڵی ١٩٧٩ گەڕاوەتەوە ئێران و هەر هەمان ساڵ تا ساڵی ١٩٨٣ بووەتە باڵوێزی ئێران لە مۆسکۆ و مەنگۆلیا، لە ساڵانی ١٩٨٤ - ١٩٨٧ ڕاوێژکاری باڵای نێودەوڵەتی بووە لە وەزارەتی نەوتی ئێران، ساڵی ١٩٨٩ جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە فەرەنسا و خەریکی نووسین و لێکۆڵینەوە بووە، ساڵی ١٩٩٠ پلەی پرۆفیسۆری پێبەخشراوە و بووەتە سەرۆکی لێکۆڵینەوە لە ناوەندی (CNRS) لە پاریس.

نووسەر و لێکۆڵەر دکتۆر محەمەد موکری زمانەکانی کوردی و فارسی و فەرەنسی و ئینگلیزی زانیوە و وەکو کوردناس و ئێراناسێک چەندین

کتێب و لێکۆڵینەوە و وتاری زمانەوانی و مێژوویی و جوگرافی لەسەر کورد و گەلانی دیکەی ئێران نووسیوە و لە کتێبخانەی زانکۆی(کاتۆلیکی لەوڤەن) و وەشخانەی(پێتەڕس)لە شاری(لەوڤەن)ی بەلجیکی و کتێبخانەی نیشتمانیی فەرنسا دەبینرێت، ئەو گەلانی ئەورووپا و دنیای بە زمان و شێوەزارەکانی کوردی و مێژووی کورد ئاشنا کردووە.

چەندین بەرهەمی چاپکراوی هەیە ئەمانە هەندێکیانن:

- عشایر کرد، ایل سنجابی، تاریخچە، جغرافیا، تیرە، کتابخانە دانش، تهران، چاپ سیم، پاریس، ١٩٩٣.
- گورانی یا ترانەهای کردی، کتابخانە دانش، تهران، ١٩٥١.
- داستان بیژن و منیجە بزبان گۆرانی (هەورامی) ، ١٩٦٦، پاریس.
- بهلول دانا و یاران حقیقت، پاریس. ١٩٧٤.
- دورە دیوانە گورە یا دیوان عالی حقیقت بر فراز کوە شاهو (از کلامهای







**بەرهەمەکانی دکتۆر محەمەد موکری**

مقدس اهل حق بزبان گورانی)، پاریس، ۱۹۷۷.

- فرهنگ نام های پرندگان در لهجەهای غرب ایران (لهجەهای کردی) تاران، ۱۹۷۹.
- دیوان استاد دکتر محەمەد مکری، پاریس، ۱۹۹۲.
- فهرست مقالات و تالیفات استاد محەمەد مکری، بکوشش امیر سیف الدین مکری و هیات نویسندگان انتشارات زیگفرید، پاریس، ۱۹۹۳.
- چەندانی دیکە و دەیان کتێب و لێکۆڵینەوەشی بە زمانی فەرەنسی لە فەرەنسا و بەلجیکا چاپ و بڵاوکردۆتەوە.


چەندین چالاکیی دیکەی لە بواری ڕۆژنامەنووسییدا هەبووە لەوانە:

- لە ساڵی ۱۹٤٥ - ۱۹٤٦ چەند ژمارەیەکی لە گۆڤاری(ماد)لە تاران دەرکردووە.
- لە ساڵی ۱۹٥۲ چەند ژمارەیەکی لە گۆڤاری(بەغستان)هەر لە تاران دەرکردووە.
- دامەزرێنەر و یەکەم بەڕێوەبەری پەروەردەی هۆز و کۆچەرییەکانی ئێران بووە.
- ساڵی ۱۹٦٥ لە فەرەنسا لە لایەن پەیمانگای (Inscription wt Belles -letters) خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە.

نووسەر و مێژوونووس دکتۆر محەمەد موکری لە ساڵی ۲۰۰۷ لە پاریس کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانی شاد و ئارام بێت.

**سەرچاوەکان:**


١ کوردیپیدیا.
٢ - ویکیپیدیا - ئینسکلۆپیدیا ئازاد.
٣ - ماڵپەڕی فەژینبۆکس.
٤ - ماڵپەڕی بنکەی ژین، سلێمانی.
٥ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر کارلێنێ چاچانی

شـاعیر و نووسـەر و مێژوونـووس و ڕۆژنامەنـووس دکتـۆر کارلێنـێ چاچانـی لـە سـاڵی ١٩٢٩ لـە گونـدی (جەرجەرێسـێ)ی سـەر بـە ناوچـەی (ئەلەگـەزێ) لە وڵاتـی ئەرمنستانی سۆڤێیەتی جاران لە دایکبووە، ئەو گوندە ئێسـتا ناوەکـەی گـۆڕاوە و بووەتە(دێـرک) و گونـدی ئێزیدییانـە.

دکتۆر کارلێنێ چاچانی لە ساڵی ١٩٤٨ قۆناغەکانی خوێندنی سـەرەتایی و ناوەنـدی ئـەو کاتـی، هـەر لـە ئەلەگـەزێ تەواوکـردووە و، بـۆ پەرەپێدانـی خوێنـدن چووەتـە کۆلێـژی مێژوو(لـە ئینسـتیووتی پێداگۆگـی) لـە زانکـۆی یێریڤـان و سـاڵی ١٩٥٢ تـەواوی کـردووە.

لـە سـاڵی ١٩٦٥ بڕوانامـەی دکتـۆرای بـە پلـەی زۆر بـاش وەرگرتـووە و نامـەی دکتۆراکەشـی دەربارەی پەیوەندیی ئەرمـەن و کورد لـە سـەدەی(١٩-٢٠) بـووە.

هـەر لـەو کاتـەی دکتۆراکـەی وەرگرتـووە، بەردەوام بـووە لـە خزمەتکردن لـە بـواری مێژوو لـە ئەرمنسـتان، لـە بەشـی کوردیی ڕادیـۆی یێریڤانیش کاری کردووە.

دکتـۆر کارلێنێ چاچانی لـە نیوەی یەکەمی پەنجاکانی سـەدەی ڕابردوودا گڕوگاڵی شیعر و نووسینی بەزمانی کوردی و ئەرمەنی و ڕووسی کردووە،



**دکتۆر کارلێنێ چاچانی، کۆچکردوو سەرۆک مام جەلال تاڵەبانی**



**لە لای ڕاستەوە: ئیلیخانێ مەم، سیما سێمێند، نەناسراوە، نادۆی خدۆ مەحمەوودۆف، عەلی عەبدولڕەحمان، دکتۆر کارلێنێ چاچانی**

چەندین بەرهەمی چاپ و بڵاوکردۆتەوە، لەوانە:

- لە ساڵی ١٩٥٨ کۆمەڵێک بەرهەمی شیعری بەناوی(ئەحمەدێ عەگید) بە زمانی کوردی چاپ و بڵاوکردۆتەوە.
- لە ساڵی ١٩٦٠ بەرهەمێکی شیعری خۆی بەناوی(گوڵ)چاپ و



ڕیزی یەکەم لە لای ڕاستەوە دانیشتووەکان: حەسرەتیان، خالفین، کوردۆییڤ، چەتۆیف، کارلێنێ چاچانی، ڕیزی دووەم ڕاوەستاکان لە لای ڕاستەوە: کەمال عەلی، شاکرۆی محۆ، زارێ یوسوپۆفا، ئاشیریان، ئۆردوخان، ڕیزی سێیەم ڕاوەستاوەکان لە لای ڕاستەوە: جەلیلی جەلیل، عومەر حەسۆ، دکتۆر جەمشید حەیدەری




ڕووناکبیرانی کورد لە لینینگراد ساڵی ١٩٦٢، دانیشتووەکان لە لای ڕاستەوە: وەزیرێ ئەسۆ، پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ، خاتوو مارگریتا باریسڤنا ڕودینکۆ، حەجیێ جندی، دکتۆر مارف خەزنەدار، وەستاوەکان لە لای ڕاستەوە: جەلیلێ جەلیل، ماکسیمێ خەمۆ، شکۆیێ حەسەن، ئۆردیخانێ جەلیلی




نووسینێکی نووسەر و لێکۆڵەر مامۆستا جەمیل مەلاقەرە




نووسینێکی شاعیر و نووسەر دکتۆر عەبدولڕەحمان مزووری




بەرهەمەکانی دکتۆر کارلێنێ چاچانی

بڵاوکردۆتـەوە.

- چیرۆکی(شێر و کەو) بۆ زارۆکان.
- چیرۆکی(دڵ و وەتەن).
- دیوانی(باقە تاف) ساڵی ١٩٧٢و چەند بەرهەمێکی دیکەشی چاپ و بڵاوکردۆتەوە.
- چەندین بابەتی مێژوویی و ئەدەبی و شیعر و بابەتی ڕۆژنامەوانی لە ڕۆژنامە ڕووسییەکانی وەک(ئیزڤێستا، ئەلیتراتوورا، ئەگۆنیۆک) بڵاوکردۆتـەوە.
- چەندین بەرهەمە شیعرییەکانی وەرگێڕدراونەتە سـەر زمانەکانی(ڕووسـی، ئەرمەنـی، گورجـی، عەرەبی، ئەڵمانـی).


کوردستان

من ئەدی یە کوردستان
لی دلی من ئەو دی یە
من ئەدی یە کوردستان
لی حویا من جەم وێ یە
من ئەدی یە کوردستان
تو گرانی وێ نەچی یە
لی ئیدانجو مکانە
کالقو سمت جەم مە
من ئەدی یە کوردستان
من ئەدی یە گولستان
من خەونێما ئەو دی یە
عەیشی دارا زەعفی یە
خازل خەوتا من راست بویا
کوردستان ئازا بویا
ئافانی خو باکرا
بەنگ ستما وێ سەکرا
فرقاس گرا بهویا
تو ل ور پەیا بویا
خوین ئەسارێ دلی من
برا ئەزە پەلە بویا

دکتـۆر کارلێنـێ چاچانی چەندین چالاکیی دیکـەی نوانـدووە لەوانـە:

- لە ساڵی ١٩٥٥- ١٩٦٩ لە بەشی سڤێل وەکو نووسەر و ڕۆژنامەنووس لە ڕۆژنامەی(ڕیا تازە) کاری کردووە و چەندین بەرهەمی خۆشی تێدا بڵاوکردۆتەوە.
- لە ساڵی ١٩٦٠ەوە، ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردی یەکێتیی سۆڤییەت بووە.
- ئەو هەر لەو ڕۆژەی لە ئینستیووتی پێداگۆگی زانکۆی یێریڤان خوێندنی تەواوکردووە تاوەکو کۆچی دواییکردنی لە ٩ ی نیسانی ساڵی ٢٠١٢، وەکو پسپۆری بواری مێژوو لە بەشی کوردزانی(کوردناسی) لە ئینستیووتی ڕۆژهەڵاتناسی و ئەکادیمیای ئەرمنستان لە خزمەتکردن بەردەوام بووە ، ڕوحی پاکی شاد و ئارام بێت.

**سەرچاوەکان:**


١ - کوردپیدیا.

٢ - نووسینێکی شاعیر و نووسەر دکتۆر عەبدولڕەحمان مزووری.

٣ - ماڵپەڕی ژنفتن، وتارێکی نووسەر تۆسنی ڕەشید، لە کرمانجییەوە لە لایەن نووسەر ژیار هۆمەر کراوەتە شێوەزاری سۆرانی، لە ١٦ - ٥ - ٢٠٢٢.

٤ - وتارێکی شاعیر و نووسەر فەرهاد شاکەلی و نووسەر تۆسنی ڕەشید، لە گۆڤاری ڕامانی ژمارە(٨٩)ی ساڵی ٢٠٠٤.

٥ - نووسینێکی نووسەر و لێکۆڵەر جەمیل مەلاقەرە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ساڵی ٢٠١٧.

٦ - وێنەیەک و چەند زانیارییەک دکتۆر جەمشید حەیدەری بۆی ناردووم، زۆر سوپاسی دەکەم.


٧ -زانیاری و نووسینی خۆم.



# ئەنوەر محەمەد تاهیر

نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس، ڕەخنەگر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووس، مامۆستا ئەنوەر محەمەد تاهیر....

نووسەر و چیرۆکنووس ئەنوەر محەمەد تاهیر لە ساڵی ١٩٤٩ لە خانەوادەیەکی ئایینی کە زیاتر لە سێ سەدە خزمەتی بواری پەروەردەی ئایینیان کردووە لە دایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی تەواوکردووە، لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو چووەتە بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا و بەسەرکەوتوویی تەواوی کردووە، لە نێوان ساڵانی ١٩٧٤ - ١٩٧٥ ماوەیەک وەکو(موحەریر) لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان دەستبەکار بووە، دواتر وەکو مامۆستا لە شار و شارۆچکەکانی پارێزگای دهۆک و دەوروبەری خزمەتی کردووە، ماوەیەکیش لێپرسراوی کتێبخانەی گشتیی دهۆک بووە و ئیستاش سەرپەرشتیاری کتێبخانەی(بەدرخانییەکان)ە.



وەرگێڕ و ڕەخنەگر
ئەنوەر محەمەد تاهیر بەجاحێڵی

نووسەر ئەنوەر محەمەد تاهیر، هەر لە منداڵییەوە حەز و ئارەزووی خوێندنەوەی



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید جێگری سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد- مەڵبەندی گشتی، شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەبدولڕەحمان فەرهادی سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر، نووسەر دکتۆر عارف حیتۆ، شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ حەسەن سلێڤانی سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆک، شاعیر و نووسەر ئەنوەر محەمەد تاهیر، شاعیر و نووسەر محسن قۆچان**

هەبووە لەتەک خوێندنی پرۆگرامی قوتابخانە کتێب و دەستنووسەکانی باپیری و باوکی خوێندۆتەوە، لە تەمەنی(١١)ساڵیدا لە مزگەوتی زاوێتە یەکەم خوێندنەوەی لە دەرەوەی کتێبی قوتابخانە دەستنووسی (الإسراء و المعراج) بووە کە تووشی ترس و دڵەڕاوکێی کردووە، بۆیە دواتر پێشنیاری بۆ سەرپەرشتیارانی کتێبی قوتابخانەکان کردووە، کە ئەم جۆرە چیرۆکانەی(ترس و کوشتن و ئازاردان)لە پرۆگرامی خوێندنی منداڵان دووربخەنەوە و دانەنێن.

ئەو هێشتا پۆلی پینجەمی سەرەتایی بووە گرۆگاڵی شیعر نووسینی کردووە، دواتر دەستی بە نووسینی کورتە چیرۆک بەزمانی کوردی و عەرەبی کردووە، ئەو کاتەی قوتابیی دواناوەندی بووە، یەکەم بەرهەمی خۆی کە کورتە چیرۆکێک بووە لە(بڵاوکراوەی دیوار - نشرة جدارية) قوتابخانە بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٦٧ ئەو کاتەی سەیدا شەهید(ساڵح یوسفی) سەرنووسەری ڕۆژنامەی (التآخي) بوو، ئەو لە دهۆکەوە چەند بەرهەمێکی خۆی بە(پۆست- بەرید) بۆ ڕۆژنامەی(التآخي) لە بەغدا ناردووە، بەڵام دیارە بەهۆی(رقابة- سانسۆر) لە دهۆک بەرهەمەکان نەگەیشتوونەتە ڕۆژنامەکە، دواتر ماوەیەک بووەتە پەیامنێری ڕۆژنامەی (التآخي) لە دهۆک.

نووسەر و ڕۆماننووس و وەرگێڕ ئەنوەر محەمەد تاهیر لە سەرەتای

حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بە تایبەتی پاش ڕێکەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠زیاتر چووەتە ناو دنیای خوێندنەوەی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان، لە بەر ئەوەی ئەوسەدەم بەرهەمە کوردییەکان لەم بوارانەدا زۆر نەبووینە بە تایبەتی چیرۆکی کوردی بەشێوەزاری (بەهدینان)، بۆیە زیاتر چیرۆک و ئەدەبیاتی عێراقی و عەرەبی و شاکارە جیهانییە وەرگێڕدراوەکانی لە ڕێگای کتێبخانەکانی(کۆلێژی ئاداب، نیشتمانیی عێراق لە وەزیریە، مۆزەخانەی عێراق. مۆزەخانەی (امانة عاصمة) خوێندۆتەوە، هەر لەم ڕێگایەشەوە چاوی بە ژمارە(١) یەکی گۆڤاری (الآداب)ی بەیروتی کەوتووە و هەموو ژمارەکانی و هەموو چیرۆکە بڵاوکراوەکانی ئەم گۆڤارەی لە ساڵی ١٩٥٣ - تا ساڵی ١٩٧٠ خوێندۆتەوە، سەرەڕای تێکەڵبوونی بە شاعیر و نووسەرانی ئەوسەردەم لە قاوەخانەکانی بەغدا و لە نووسەرانی کورد و کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی، لەوانە چاوی بە شاعیر و نووسەران(مەحمود زامدار، محەمەد تۆفیق وردی، ڕەفیق سابیر، ئەنوەر جاف و چەندانی دیکەش) کەوتووە، لە بەشی زۆری کۆڕ و کۆبوونەوە و چالاکییە شیعری و ئەدەبییەکانی کە لە هۆڵی(ساطع الحصري)ی کۆلێژی ئادابی بەغدا و نووسەرانی کورد، دەبەستران ئامادە بووە، وەکو پەیامنێری ڕۆژنامەی(التآخي)یش چاوپێکەوتن و دیداری ڕۆژنامەگەری لەگەڵ نووسەر و شاعیران و ڕۆشنبیران کردووە.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و ڕەخنەگر ئەنوەر محەمەد تاهیر، نووسەر دکتۆر حەمید باقی، نووسەر و وەرگێڕ حەجی جەعفەر، ئەحمەد باڵایی**

ئەو لە بەرهەمەکانیدا نەکەوتۆتە ژێر کاریگەریی هیچ چیرۆکنووسێکی کوردی، بەڵکو زیاتر کەوتۆتە ژێر کاریگەریی بەرهەمی چیرۆک و ڕۆماننووسە جیهانییەکانی وەک (ڕۆمانی زۆربای- بیکۆس کازانتزاکیس)ی یۆنانی، چیرۆکەکانی نیکۆلای گوگڵی ڕووسی، چیرۆکی(قبو البصل)ی گونتر گراس و چەندانی دیکەش). دەتوانم بڵێم ئەو بە پێشەنگی چیرۆکنووسانی دەڤەری بادینان دادەنرێت، لە نووسینەکانیدا شێواز و ستایلێکی تایبەتی بەخۆی هەیە، زیاتر نووسینەکانی ڕاستەوخۆن یان (رمزي- ڕەمزی) ن، فەنتازێشی بۆ چیرۆکەکانی زیادکردووە بەتایبەتی ئەو چیرۆکانەی کە سەرچاوەیان لە گێڕانەوەی(شفهي- زارەکی)ی فۆلکلۆر و داستان و کەلەپوور و کەلتووری کوردی هەڵقووڵاوە.

ئەو تا ئێستا زیاتر لە(١٧)کتێبی لە کۆمەڵە چیرۆک و ڕۆمان و ڕەخنە و وەرگێڕان چاپ و بڵاوکردوونەتەوە لەوانە:

- دوو کۆمەڵە چیرۆکی نووسەری ئێرانی(سەمەد بەهەرەنگی)لە زمانی فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە دوو کتێبدا چاپ و بڵاوی کردوونەتەوە.
- وەرگێرانی هەڵبژاردەی شیعری شاعیرانی عەرەبی هەر یەک لە(مظفر النواب، نزار القباني، يوسف الصائغ).



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و ڕۆژنامەنووس مسەدەق تۆفی، نورەدین سەعید، نووسەر و چیرۆکنووس ئەنوەر محەمەد تاهیر، شاعیر حەسەن سلێڤانی



له لای ڕاستەوە: شاعیر و وەرگێڕ ئەنوەر محەمەد تاهیر،
نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر ئیسماعیل بادی، نووسەر خاتوو شەهلا زێباری


- دوو کتێبی دەربارەی ڕەخنە بڵاوکردۆتەوە و سێی دیکەشی ئامادەیە بۆ چاپ.
- کۆمەڵە چیرۆکەکانی(چایخانە نابینان- مقهی العمیان) کە چیرۆکی کوردین و وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی.
- چیرۆکی(سلیمی اسمري)کە چیرۆکیکی درێژە و(٦٠)لاپەڕەیە.
- نۆ شانۆگەری لە سێ کتێبدا چاپ و بڵاوکردۆتەوە.
- کتێبی(شانۆگەریا مادراگولا)لە نووسینی نووسەر میکاڤیللی، وەرگیڕان.
- کتێبی(پێکولەک بۆ دانانا پانۆرامایەکێ بۆ جارا غەیری)، وەرگێڕان.
- کتێبی(فەرهەنگی مامۆستا)بەهاوبەشی لە گەڵ نووسەر عەبدولسەتار فتاح حەسەن، ئەم کتێبە لە پرۆگرامی قوتابخانە سەرەتاییەکان داندراوە.
- کتێبی(دە ڕۆمانێن جیهانی)خواندن و ڤەکۆلینێن و ڕەخنەیی.
- چەندین کۆمەڵە چیرۆک و ڕۆمانی دیکەش.
- چەندین بەرهەمیشی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی، چەند لێکۆڵینەوە و نامەی بەکالۆریۆس و ماستەر لە لایەن قوتابیانی بەشی زمانی کوردی لە زانکۆی دهۆک لەسەر بەرهەمەکانی کراون.



له لای ڕاستەوە: محەمەد عەبدوڵڵا، نووسەر ئەنوەر محەمەد تاهیر

- ئەو وەکو ڕۆژنامەنووسیش، چەندین بەرهەمی خۆی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە عەرەبی و کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە لەوانە(التآخي، هاوکاری، مەتین، هیڤی، ڕۆشنبیری نوێ، نووسەری کورد، پەیمان، بادینان و چەندانی دیکەش).
- لە ساڵی ١٩٩٢ هەر لەگەڵ دەرچوونی گۆڤاری(مەتین)دا وتاری کورتی(تەنزئامێزی) نووسیوە.

نووسەر و چیرۆکنووس و ڕەخنەگر و وەرگێڕ ئەنوەر محەمەد تاهیر چەندین هەڵوێست و چالاکیی دیکەی هەبووە لەوانە:




- ساڵی ١٩٨٣ یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی خۆی چەند جارێک ناردۆتە دائیرەی(الرقابة) لە بەغدا، بەڵام ڕازی نەبووینە (رقم الایداع - ژمارەی سپاردن)بدەنێ، چونکە چیرۆکی (نصوص الليل)ی تێدا بووە، ئەم چیرۆکە لە لایەن شاعیر و وەرگێڕ حەسەن سلێڤانی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی، داوایان لێکردووە کە(تعهد شخصي- بەڵێننامە) بدات




**شاعیر و نووسەرانی کورد لە کتێبخانەی بەدرخانییەکان لە دهۆک**

کە ئەم کۆمەڵە چیرۆکە بڵاونەکاتەوە، بەڵام ئەو دواتر بەبێ ژمارەی سپاردنی ئەوان چاپ و بڵاوی کردۆتەوە.

- چیرۆکە ڕەمزییەکانی ئەو زۆر کاریگەر و پڕ مانا بوونە، ئەوکاتە کە نووسەر (کەریم جەمیل بەیانی) کۆڕێکی بۆ تیشکخستنە سەر چیرۆکی(صید الاسود) سازکردووە، ئەو لە ترسی پیاوانی ڕژێم نەیتوانیوە ئامادەی کوڕەکە ببێت.
- بەشداری لە بەشی زۆری کۆڕو کۆبوونەوە و فیستیڤاڵە شیعری و

ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی شاری دهۆک و شارەکانی(هەولێر، سلێمانی، یەکەم فیستیڤاڵی شیعری کوردی لە کەرکووک)کردووە.

- مەدالیەی زێڕینی لە لایەن یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆک پێبەخشراوە.




**بەرهەمەکانی نووسەر و وەرگێڕ ئەنوەر محەمەد تاهیر**

ئێستاش هەر بەردەوامە لە چالاکییە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ دەخوازین.

**سەرچاوەکان:**

١ - کوردیپیدیا، چاوپێکەوتنێکی نووسەر هۆزان ئەمین بەزمانی عەرەبی لەگەڵ نووسەر و وەرگێڕ ئەنوەر محەمەد تاهیر.


٢ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی(الزمان) چاوپێکەوتنێکی نووسەر م. زێباری بە زمانی عەرەبی لەگەڵ نووسەر و چیرۆکنووس ئەنوەر محەمەد تاهیر، لە ٢٨ - ١٢ - ٢٠١٣.

٣ - ماڵپەڕی(ارض الكتب).

٤ - هەندێ زانیاری و وێنە، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر مامۆستا ئیسماعیل بادی لە دهۆک بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٥ - ماڵپەڕی(منتدى إقراء الثقافي).


٦ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ئەحمەد عەبدوڵڵا زەرۆ

نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و لێکۆڵـەر، شـارەزای بـواری فۆلکلـۆر و کەلەپـوور و کەلتـووری کـوردی، مامۆسـتا ئەحمـەد عەبدوڵـڵا زەرۆ....

نووسـەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵـەر ئەحمـەد عەبدوڵـڵا زەرۆ لـە سـاڵی ١٩٤٤ لـە شـاری زاخـۆ لـە خێزانێکی کوردپـەروەر لـە دایک بـووە، خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی هـەر لـە زاخـۆ تەواوکـردووە، خوێندنی ئامادەیشـی لە شـاری دهـۆک تەواوکردووە و سـاڵی خوێندنی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ بەشـی زمانی کـوردی لـە کۆلێژی ئادابی زانکـۆی بەغدا بەسـەرکەوتوویی تەواوکـردووە و، لـە ڕۆژی(٥)ی ئـاداری سـاڵی ١٩٦٩ وەکـو مامۆسـتای زمانـی کـوردی لـە دواناوەندیـی دهـۆک کـە ئێسـتا(ئامادەیی کاوە) یـە دەسـتبەکار بـووە، لـە ئـاداری سـاڵی ١٩٧٤ بەهـۆی ڕێکنەکەوتنـی سـەرکردایەتیی شـۆڕشـی کـورد لەگـەڵ ڕژێمـی ئەوسـای بەعـس لەسـەر جێبەجێکردنـی تـەواوی بەندەکانـی ڕێکەوتننامـەی ئـاداری سـاڵی ١٩٧٠ ماوەیـەک ڕووی لـە ناوچـە ئازادکراوەکانـی شـۆڕش کـردووە، دواتـر بەهـۆی خوشـکێکی بەناوی(عەقیلـە زەرۆ)هاتۆتـەوە، پـاش نسـکۆی شـۆڕش سـاڵی ١٩٧٥ جارێکـی دیکـەش بۆتـەوە پێشـمەرگەی شـۆڕشـی کوردسـتان و ماوەیـەک ئاوارەی ئێران بـووە، دواتـر هاتۆتـەوە و بـەردەوام بـووە لـە خزمەتکـردن لـە بـواری پـەروەردە



لە لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر حەمید باقی، نووسەر ئەحمەد عەبدوڵڵا زەرۆ

و فێرکردن لە قەزا و ناحییەکانی پارێزگای دهۆک و نزیکەی(٤٣)ساڵ خزمەتی کردووە و ساڵی ٢٠٠٧ خانەنشیکراوە.

نووسەر ئەحمەد عەبدوڵڵا زەرۆ یەکێکە لەو نووسەر پێشەنگانەی کە لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو کە ئەوکات نووسەرانی کورد بەشێوەزاری کرمانجی بەپەنجەی دەست دەژمێردران لەوانە(جگەرخوین، سەیدا ساڵح یوسفی، سەبری بۆتانی، سادق بەهائەدین، دکتۆر بەدرخان سندی و چەندانی دیکەش)دەستی بەنووسینی شیعر و لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی فۆلکلۆر و داستان و بەیت و باڵۆرە و کەلتوور و کەلەپووری کوردی کردووە، دواتریش ڕووی لە وەرگێڕان کردووە، لە ساڵی ١٩٨٠ نۆبەرەی بەرهەمەکانی خۆی بە هاوبەشی لە گەڵ نووسەر خالید حوسێن و بەناوی(سترانێت شاهی و دیلانا)چاپ و بڵاوکردۆتەوە،

ئیدی بەردەوام بووە لە نووسینە هەمەجۆرەکانی و، تا ئێستا زیاتر لە (٢٥) کتێبی بەنرخ و سوودبەخشی بڵاوکردۆتەوە، کە ئەمانە هەندێکیانن:

- سترانێت شاهی و دیلانا،ساڵی ١٩٨٠.
- مە چ دڤێت وان نەڤێت.
- ڕۆمیۆ و جۆلێت و چەند چیڕۆکێن دی.
- ترانە و پێکەنین ل جەم میللەتان.
- چیرۆکێن جیهانی هەر دوانزە هەیڤ، وەرگێڕان.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و لێکۆڵەر ئەحمەد عەبدوڵڵا زەرۆ، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل بادی**



بەرهەمەکانی نووسەر ئەحمەد عەبدوڵڵا زەرۆ

- ڕەخنەیا پراکتیکی و شرۆڤەکاری.
- سەیێ هێژا، وەرگێڕان.
- چۆن پەیڤ و دووبارەکری.
- سەدان وتار و لێکۆڵینەوەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.

نووسەر و لێکۆڵەر و ڕۆژنامەنووس ئەحمەد عەبدوڵڵا زەرۆ وەکو ڕۆژنامەنووسێکی بەتوانا و خاوەن ئەزموون و کاری ڕێکخراوەیی

ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان چەندین چالاکیی بەرچاوی نواندووە لەوانە:

- لە ساڵی ١٩٧١ - ١٩٧٢ یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆک، دوو خول جێگری سەرۆک و چوار خولیش وەکو سەرۆکی ئەم لقە هەڵبژێردراوە و تا ساڵی ١٩٨٦.
- لە ساڵی ١٩٧٠ - ١٩٧٥ ئەندامی کارگێڕیی یەکێتیی مامۆستایانی کورد - لقی دهۆک بووە.
- لە ساڵی ١٩٧٣ گۆڤاری(ڕەوشەن)ی دەرچوواندووە کە سەر بەپەروەردەی دهۆک بووە، چەندین وتار و بەرهەمی خۆشی تێدا بڵاوکردۆتەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٣ بەشداری لە یەکەمین فیستیڤاڵی شیعری لە دهۆک کردووە، کە (٣٢) شاعیر بەشداریان تێدا کردووە و چالاکییەکانی ئەو فیستیڤاڵە بەپەخشی ڕاستەوخۆ لە لایەن ڕادیۆی کوردیی بەغدا پەخشکراوە.
- لە ساڵی ١٩٧٤ ماوەیەک سەرنووسەری گۆڤاری مانگانەی(هیڤی)بووە، کە یەکێتیی مامۆستایانی کورد لقی دهۆک دەریدەکرد و (٧) ژمارەی لێدەرچووە.
- ساڵی ١٩٧٩ یەکەمین ژمارەی گۆڤاری(پەیڤ)ی دەرچوواندووە و تا ساڵی ١٩٨٦ بەردەوام بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٩ لە گەڵ هەر یەک لە شاعیر و نووسەران(دکتۆر نافع ئاکرەیی، محەمەد سەلیم سواری، خالید حوسێن، موختار فایەق، جەمال بەرواری)بەشدار بووە لە دەرچوواندنی گۆڤاری(بزاڤ) کە بەزمانی کوردی شێوەزاری کرمانجی لە بەغدا دەردەچوو و توانیویانە(٥٦)ژمارەی لێدەربچوێنن.
- خاوەنی یەکەمین کتێبخانە بووە لە دهۆک بەناوی کتێبخانەی(دهۆک) کە تا ساڵی ٢٠١٩ بەکراوەیی ماوەتەوە.


- خاوەنی یەکەمین چاپخانەیە لە دهۆک کە بەشێک بووە لە چاپخانەی(مطبعة الهدف)کە خاوەنەکەی پیاوێکی موسڵاوی بووە بەناوی (عبدالباسط یونس).
- لە ساڵی ١٩٧٨ بەشداریی کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە کە لە بەغدا بەستراوە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر ئەحمەد عەبدوڵا زەرۆ ئێستا لە دهۆک دەژیت، هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.

**سەرچاوەکان:**


١ - گۆڤاری(مەتین ژمارە(٢٤٠ )ی ساڵی ٢٠٢٣ لاپەرەکانی(٩٣- ١٠٢) دیدارێکی ڕۆژنامەوانی کە نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر مامۆستا ئیسماعیل بادی لەگەڵ نووسەر ئەحمەد عەبدوڵڵا زەرۆ ئەنجامی داوە.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سەعید ڤەڕۆژ

نووسـەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵـەر، مێژوونـووس و شـارەزای دیالیکتی کوردی، مامۆستا سـەعید ڤەڕۆژ لـە باکووری کوردستان....

نووسـەر و لێکۆڵـەر سـەعید ڤـەڕۆژ لـە سـاڵی ١٩٦٦ لـە گوندی(هۆپاکـە)ی سـەر بەقـەزای پیرانـی پارێزگای دیاربەکر لـە باکووری کوردسـتان لـە دایک بـووە، خوێندنـی سـەرەتایی لـە گوندەکـەی خۆیـان تـەواو کـردووە، خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی- بەشـی زانستی لـە نـاو شـاری دیاربەکر تەواوکردووە، سـاڵی ١٩٨٦ چووتـە بەشـی کیمیای زانکۆی دیجلـە هـەر لـە دیاربەکر و، سـاڵی ١٩٩١ بەسـەرکەوتوویی تـەواوی کـردووە، سـاڵی ١٩٩٢ وەکـو مامۆسـتای کیمیا لـە شـار و شـارۆچکەکانی دەوروبـەری ئامـەد دەسـتبەکار بـووە، سـاڵی ٢٠١١ لـە بەشـی ئـەدەب و زمانـی کـوردی لـە زانکـۆی (ئارتوکلـوArtuklu) لـە ماردیـن دەسـتی بەخوێنـدن کردۆتـەوە و سـاڵی ٢٠١٤ بڕوانامـەی ماسـتەری بەدەسـتهێناوە، نامـەی ماسـتەرەکەشـی بەنـاو نیشـانی(Gremere zazaki u Kurmanci) کـە لێکۆڵینەوەیەکـی بەراووردکردنـە لـە نێوان ڕێزمانی(زازایـی- زازاکـی و کرمانجی)، ئـەو چەند سـاڵێکە لەسـەر داخوازیـی خـۆی خانەنشـین بـووە.

نووسـەر و لێکۆڵـەر و ڕۆژنامەنـووس سـەعید ڤـەڕۆژ نووسـەرێکی زۆر



لە لای ڕاستەوە: نووسەر شاهین ئیلیان، نووسەر ڕەفیق ساڵح، نووسەر سەعید ڤەڕۆژ، نووسەر سدیق ساڵح، لە سەردانێکی نووسەر سەعید ڤەڕۆژ و شاهین ئیلیان بۆ بنکەی ژین لە سلێمانی

چالاکە تا ئێستا زۆر لێکۆڵینەوە و کتێبی زانستی و ئەدەبی و زمانەوانی و فەرهەنگ و مێژووی شاعیران و کەسایەتییە کوردەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم نووسیوەتەوە و، بەشی زۆریشی وەکو کتێب بە شێوەزاری کرمانجی و(زازایی- زازاکی)بە پیتی لاتینی کوردی نووسیوە و، چاپ و بڵاویشی کردوونەتەوە، کە ئەمەنە هەندێکیانن:

- پەرتوکی زارۆکا، لە ساڵی ١٩٩٩ تا ساڵی ٢٠٠١ شەش بەرگی چاپ و بڵاوکردۆتەوە، کە بریتین لە(گرامەر- ڕێزمان) و ئەلف و بێی کوردی بۆ منداڵانی پۆلی یەکەم تا پۆلەکانی خوێندنی ناوەندی، چەندین چیرۆکیش لەخۆ دەگرێت.
- فەرهەنگی(ڤەژنامە - Ferheng Vajname)، کە کرمانجی، هەورامی، دیملی(زازایی)، سەنەندەجییە.
- فەرهەنگی(کرمانجی، دیملی(کوردی زازایی)، تورکی، کرمانجی، لە چاپخانەی دیدۆیان لە دیاربەکر ساڵی ٢٠١٨ چاپکراوە.
- مێژووی کوشتنی سەعید ئالچی و دکتۆر شڤان، چاپخانەی بیر، دیاربەکر، ساڵی ٢٠٠٧.

- گەشەپێدانی ڕۆژئاوای کوردستان- سووریا، چاپخانەی دوز، ئەستەنبووڵ، ساڵی ٢٠١٢.
- کتێبی(محەمەد میهری هیلاڤ و گۆڤاری کوردستان)، چاپخانەی وەقفی ئیسماعیل بێشکچی، ئەستەنبووڵ، ساڵی ٢٠١٥.
- کتێبی شاعیر و نووسەر و پەروەردەکار و یاسازان(عەبدولڕەحمان ناجم)، چاپخانەی وەقفی ئیسماعیل بێشکچی، ئەستەنبووڵ، ٢٠١٧.
- کتێبی(مەولان زادە ڕەفعەت و سەربەستی - Mewlanzade Rifat u serbesti).
- کتێبی(دوو براێن بەدرخانی جەلادەت و کامیران بەدرخان ساڵی ١٩١٣-١٩٢٣) کە (٣٧) وتار و لێکۆڵینەوەی هەردوو برا لە خۆدەگرێت، چاپخانەی دارا، دیاربەکر، ٢٠١٨.
- پۆرترایینی شۆپاهێشتی (portreyen Sophisti) کە باسی(٢٩)شاعیر و نووسەر و کەسایەتیی نیشتمانپەروەری کوردی دەکات، چاپخانەی دارا، دیاربەکر، ٢٠١٩.
- کتێبی(کۆماری کوردستان، دادگایی کردنی پێشەوا قازی محەمەد)بە کوردیی کرمانجی و تورکی، چاپخانەی سیتاڤ، وان، ٢٠١٩.
- چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەدەبی و مێژوویی و زمانەوانی(دیالێکتی کوردی) لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و تورکییەکان بڵاوکردۆتەوە.

نووسەر سەعید ڤەڕۆژ وەکو ڕۆژنامەنووسێکی بەتوانا و خاوەن







بەرهەمەکانی نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەعید ڤەڕۆژ









بەرهەمەکانی نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەعید ڤەڕۆژ

ئەزموون چەندین چالاکیی دیکەشی نواندووە لەوانە:

- لە ساڵی ١٩٩٧ بە هاوکاریی هاوڕێیانی هەر یەک لە(محەمەد ئەمین ئاسان، مەلا عەبدولڕەحمان موچەمان، قەنبەر سوپیان، واحید تارتیش) دەستیان کردووە بەچاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری(وار)، کە گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و زمان و مێژوو و کەلتوور و کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردی بوو، بەزمانی کوردی و تورکی(١٦) ژمارەی لێدەرچووە، تا لە ساڵی ٢٠٠٤ بەهۆی بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی بارودۆخ و دۆسێی کەرکووک داخراوە.
- خاوەن و سەرپەرشتیاری گۆڤاری زارۆکان(دەرگوش)بووە، کە تەنها یەک ژمارەی لێدەرچووە.




- لە نەورۆزی ساڵی ٢٠٠٥ دەستی بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری(بیرێ - Bire)کردووە، ئەم گۆڤارەش(١٢) ژمارەی لێدەرچووە و دواتر داخراوە.
- لە ساڵی ٢٠١١ەوە، گۆڤاری(بیر)بەشێوەی ئەلیکترۆنی بڵاودەکاتەوە و تا ئێستاش هەر بەردەوامە.
- بۆ لێکۆڵینەوە و چاوپێکەوتن و دیداری




ڕۆژنامەگـەری سـەردانی شـارەکانی(هەولێر، سـلێمانی، کەرکـووک، دهـۆک)ی لـە باشـووری کوردسـتان کـردووە، بەشداریشـی لـە چەندیـن بۆنـە و فیسـتیڤاڵی ئەدەبی و هونـەری هـەر لـە باشـووری کوردستان کردووە، کە دواتریشیان فیسـتیڤاڵی گۆڤاری(ڕامان)بـووە لـە هەولێـر.

بۆ نووسـەر و لێکۆڵـەر و ڕۆژنامەنووس سـەعید ڤـەڕۆژ هـەر سـەرکەوتوو و بـەردەوام بیـت بـۆ خزمەتـی زمـان و ئـەدەب و فەرهەنـگ و ڕۆژنامەگـەری کـوردی.

**سەرچاوەکان:**


١ – ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی کتێبی کوردی، لە ١ – ١٠ – ٢٠٢٢.

٢ – هەندێ زانیاری لە نووسـەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵـەر مامۆسـتا ئازاد عەبدولواحیـد وەرگیراوە.

٣ – سـەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری، لە ٢٧ – ١ – ٢٠٢٢.

٤ – فیلمێکی دوکیومێنتاری، Waar tv، بەرنامـەی دیداری تایبـەت، ئامادەکردن و پێشکەشکردنی میدیاکار ئەحمـەد جاسـم، لە ٢٠٢٢.

٥ – زانیاری و نووسینی خۆم.



# فرات جەوەری

ئەو دەڵێت:(سەردەمانێک لە باکووری کوردستان پەیڤ و زمانی کوردی لە تلیاک و حەشیشە قاچاغتر بوون)، بەڵام من بەزمانی کوردی دەستم بەنووسین کرد)، نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس، ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ فرات جەوەری لە باکووری کوردستان ....

نووسەر و ڕۆماننووس و وەرگێڕ فرات جەوەری لە قەزای(دێرک)ی سەر بەپارێزگای(ماردین) لە باکووری کوردستان لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنەکانی بە زمانی تورکی بووە، خوێندن و نووسینیش بەزمانی کوردی قەدەغە بووە، بۆیە ئەو لە شوێنێکدادەڵێت:(سەردەمانێک پەیڤ و زمانی کوردی لە تلیاک و حەشیشە قاچاغتر بوون)، بەڵام ئەو لەتەک شاعیر و نووسەرانی دیکەی کورد بەنهێنی دەستی بەنووسین بەزمانی کوردی کردووە، لە شوێنێکی دیکەشدا دەڵێت:(کاتێک دەستم بەنووسینی شیعر کرد تێنووسێکم هەبوو شیعرم تێدا دەنووسی، کاتێک سەربازەکان هەڵیاندەکوتا سەر ماڵەکەمان تێنووسەکەم دەدا دایکم ئەویش لە باخەڵی خۆی دەیشاردەوە)، ئەو لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو چووەتە(نسیبین)و لە سەرەتای هەشتاکانیش کە بڕیاری داوە وڵات بەجێبهێڵێت هەموو شیعرەکانی خۆی لەبەر(ئەزبەر)کرد، تەنها ناونیشانەکانی لەسەر پارچە کاغەزێک نووسیوە و لە ژێر شاڵەکە حەشاری داوە و چووەتە سووریا.



**لە لای ڕاستەوە: سێیەم کەس نووسەر فرات جەوەری، ئەوانی دیکە نەناسراون**



**لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، نووسەر و ڕۆماننووس فرات جەوەری، نەناسراوە**

نووسەر و وەرگێڕ فرات جەوەری ماوەیەک لە سووریا ماوەتەوە و، سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ڕووی لە وڵاتی سوید کردووە و زیاتر لە(٤٠)ساڵە لەوێ دەژییێت.

ئەو کاتەی گەیشتۆتە سوید ئامێرێکی(تایپ)ی پەیداکردووە و هەموو شیعرەکانی کە(ئەزبەر)ی کردبوو بە شێوەی کتێب چاپی کردووە و ئیدی دەستی بەنووسینی چیرۆک و ڕۆمان و وتاری ڕۆژنامەگەری و دواتر وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە و بابەتی هەمەجۆری دیکەی کردووە، ئەو تا ئێستا(٤٠)کتێبی لە چیرۆک و ڕۆمان و کۆکردنەوەی هەموو ژمارەکانی

گۆڤاری(هاوار)کە یەکەمین گۆڤارە بەزمانی کوردی شێوەزاری کرمانجی دەرچووە و وەرگێڕان بە زمانەکانی کوردی، سویدی، تورکی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانە هەندێکیانن:

- هەموو ژمارەکانی گۆڤاری(هاوار) لە دوو بەرگدا کۆکردۆتەوە و لە شام و چاپ و بڵاویکردۆتەوە.
- چەند کۆمەڵە چیرۆکێکی کوردی بە(٣)بەرگ.
- (٥) ڕۆمان لەوانە ڕۆمانەکانی(کۆتایی پایز، من کەسێک دەکوژم، لیهی، أنا اتألم، کانت ماریا ملاکا و چەندانی دیکەش).
- زیاتر لە(٢٠)شاکاری سوێدی و زمانەکانی دیکە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی هەمووشی چاپ و بڵاوکردۆتەوە.
- چەند کتێبیکیش دەربارەی لێکۆڵینەوەی بابەتی دیکە نووسیوە.
- چەند ڕۆمانێکی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی(سویدی، ئەلمانی، عەرەبی، تورکی، فارسی).



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و وەرگێڕ فرات جەوەری، نەناسراوە**

- چەند هەڵبژاردەیەک لە ڕۆمانەکانی، کراونەتە فیلمی سینەمایی بەزمانەکانی(سویدی، ئەڵمانی، عەرەبی، تورکی).
- ڕۆمانی(من کەسێک دەکوژم)وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی سوێدی و دەنگدانەوەیەکی زۆریشی هەبووە لە نێو خوێنەرانی سویدی.
- وەکو ڕۆژنامەنووسیش لە سالّی نۆهەتەکانی سەدەی ڕابردوو بۆ ماوەی(١٠)ساڵ بەبەردەوامی گۆڤاری ئەدەبی(نۆدەم) کە گۆڤارێکی وەرزی بووە لە کاتی خۆی بە فۆرم و دیزاینێکی جوان لە وڵاتی سوید(٤٠) ژمارەی لێ بڵاوکردۆتەوە و هەر خۆشی خاوەنی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی(نۆدەم)ە.
- چەندین ساڵ سەرۆکی لێژنەی یانەی(قلم- Pen)بووە لە وڵاتی سوید.
- چەندین وتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی کوردستان(باشوور، باکوور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا)بڵاوکردۆتەوە.

ئەو وەکو نووسەریکی کوردپەروەر و نەتەوەیی پەیوەندیی باشی لەگەڵ شاعیر و نووسەرانی هەموو کوردستان(باشوور، باکوور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا)هەیە و سەردان و چالاکیشی هەبوو لەوانە:

- لە ١٠ - ١- ٢٠٢٠ سەردانی بەشی زمانی کوردیی زانکۆی کوردستانی کردووە لە شاری(سنە)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەرهەمەکانی خۆی پێشکەش بە خوێنەرانی کورد کردووە.
- لە ئینستیتوی کوردی لە ڤێننا کۆڕ و کۆبوونەوەی گێراوە باسی



نووسەر و ڕۆماننووس فرات جەوەری لە دوو کاتی جیاوازدا






بەرهەمەکانی نووسەر فرات جەوەری

بەرهەمەکانی خۆی کردووە و زیاتر لە(١٠) بەرهەمی خۆی تێدا خستۆتە ڕوو و دابەشیکردووە.

- لە پانێلێکدا کە دەزگای چاپ و پەخشی(ئاڤێستا)لە هۆڵی وەقفی ئیسماعیل بێشکچی لە ئەستەنبووڵ بەستراوە، ئەو ئامادە بووە و باسی ئەزموونی خۆی کردووە کە چۆن بەزمانی کوردی دەستی بەنووسین کردووە.
- لە ٤ - ٣ - ٢٠٢٠ لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە.

بۆ نووسەر و ڕۆماننووس و وەرگێڕ فرات جەوەری هەر سەرکەوتوو بەردەوام لە نووسینە پوخت و سوودبەخشەکانت.

**سەرچاوەکان:**

١ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی(نیل و فرات)، نووسینێک بەزمانی عەرەبی(الحشرة المجهولة: قصص كردية معاصرة لفرات جوری)، لە ١٧ - ٢ - ٢٠٢١.
٢ - ڕووداو نێت، نووسەر و وەرگێڕ فرات جەوەری خەڵاتکرا.
٣ - ماڵپەڕێ کوردستان ٢٤، نووسینێک لە ٤ - ٣ - ٢٠٢٠.
٤ - ماڵپەڕی ئەنجومەنی زانستی خوێندکاریی زمان و وێژەی کوردی زانکۆی کوردستان لە سنە، لە ١٠ - ١٠ - ٢٠٢٠.
٥ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# کەریمی عەلەکە

پیاوێکی(کریستیان - مەسیح)ی، بازرگانێکی میهرەبان و خێرخواز و پشت و پەنای هەژاران و لێقەوماوان، ڕەوانشاد عەبدولکەریم ئەلیاس ناسراو بە کەریمی عەلەکە یان(کەریمی ئەلەکە)....

ناوی تەواوی(عەبدولکەریم ئەلیاس پۆلس ئیبراهیم)ە، لە شاری سلێمانی و هەموو کوردستان بە(کەریمی عەلەکە یان کەریمی ئەلەکە)ناسراوە، لە ساڵی ١٨٦٧ لە شاری سلێمانی شاری هەڵمەت و قوربانی، شاری ڕۆشنبیران و خێرخوازان و کوردپەروەران لە دایک بووە، ئەوان لە بنچینەدا خەڵکی گوندی(هەرمۆتە)ی کۆیەن، باوکی عەبدولکەریم کە ناوی ئەلیاس بووە بازرگانێکی خێرخواز و بەناوبانگ بووە، بازرگانێتی لەگەڵ شارەکانی(سلێمانی و سنە) کردووە، لەگەڵ کچێکی کریستیانی خەڵکی سنە بەناوی(مریەم)هاوسەرگیری کردووە، لە ساڵی ١٨٦٢ بۆ ئاسانکردن و فراوانکردنی بازرگانێتییەکەی چووەتە شاری سلێمانی و لە گەڕەکی(گوێژە) نیشتەجێبووە، ئەو خاوەنی دوو کچ و چوار کوڕ بووە بەناوەکانی(باڕباڕا، خانم، عەبدولکەریم، رزوقی، عەبدولڕەحیم، فرەنسیس).



دکتۆر تەها ڕەسووڵ لەتەك پەیکەری کەریمی عەلەکە

ڕەوانشاد ئەلیاس لە شاری سلێمانی بەردەوام بووە لە بازرگانێتیی خۆی لەگەڵ شارەکانی(سنە، بانە، بەغدا، مووسڵ و شام) یارمەتیی بازرگانە جوولەکە و موسڵمانەکانیشی داوە، لە ساڵی ١٨٩٨- ١٩٠٢) یەکەم کلیسەی کلدانی لە شاری سلێمانی دروستکردووە، پاش کۆچی دواییکردنی لە ساڵی ١٩٠٢، عەبدولکەریمی کوڕی کاری بازرگانێتییەکەی گرتۆتە ئەستۆ و زۆریش سەرسام بووە بەباوکی و کارەخێرخوازییەکانی.

ڕەوانشاد کەریمی عەلەکە لە یەکێ لە گەشتە بازرگانییەکانی لە شاری(سنە) چاوی بە کچێک بەناوی(فریدە یەلدا شەماس) دەکەوێت و دواتر هاوسەرگیری لەگەڵدا دەکات دەبنە خاوەنی سێ کوڕ و دوو کچ بەناوەکانی(شاکر، مەلیک، سغوری، بەهیە، زەکیە).

کەریمی عەلەکە یەکێک بووە لە کەسایەتییە بەناوبانگ و نیشتمانپەروەر و کۆمەڵایەتییەکانی شاری سلێمانی و کوردستان، کە پشت و پەنای هەژار و لێقەوماوانی شاری سلێمانی و دەوروبەری بووە،، لە ساڵانی ١٩١٦-

١٩١٧ دانیشـتوانی ناوچەکـە لـە ئەنجامـی  جەنگی یەکەمـی جیهانـی تووشـی نەبوونـی و قاتوقڕی بـوون، ئـەو وەکـو مرۆڤێکـی بەخشـندە و خێرخـواز دەیـان خێزانـی لـە مـردن رزگار کـردووە، بـەوەش مێژوویەکـی پـڕ لـە شـانازی و سـەروەری بـۆ خـۆی و بنەماڵەکـەی تۆمـار کـردووە.

کەریمـی عەلەکـە کەسـێکی زیـرەک و وریـا و دووربیـن بـووە، خوێندنـی تـەواو کـردووە و یاساشـی خوێنـدووە، ماوەیەکیش لـە دادگای سلێمانی وەکـو بەرپرسـی دارایـی و کێشـەی بازرگانـان کاری کـردووە، جگـە لـە زمانـی دایـک، زمانەکانـی کـوردی و عەرەبـی و فارسـی و تورکـی و کلدانـی وئینگلیزیشـی بەباشـی زانیـوە.

لـە کاتـی مردنـی ئەلیاسـی باوکـی، مەلیکـی کوردسـتان(شـێخ مەحمـوودی نەمر)چووەتـە پرسـەکەی باوکـی و، بەمـەش ئاشـنایەتی لەگـەڵ شـێخ پەیـدا کـردووە و بووەتـە جێگای ڕێـز و متمانـەی مەلیکـی کوردسـتان (شـێخ مەحمـوودی نەمـر)، هـەر بۆیـەش کـە لـە ١٠ی تشـرینی یەکەمـی سـاڵی ١٩٢٢ کابینـەی حکومەتـی پێکهێنـاوە، کەریمـی عەلەکـەی کـردووە بـە وەزیـری دارایی، لـەو ڕێگەیەشـەوە ئـەم پیاوە خزمەتێکـی زۆری بەحکومـەت و خەڵـک کـردووە و سیسـتمەمێکی ئیـداری پێشـکەوتووانەی پەیـڕەو کـردووە و، بەشـی زۆری



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و لێکۆڵەر دکتۆر هاوژین سلێوە، میدیاکار عەبدولڕەحمان ئەبوبەکر**

بەڵگە و دوكیۆمێنتەكانی كاری وەزارەتەكەی تۆمار و ئەرشیفكردووە و پاراستوویەتی، هەتا ساڵانی هەشتاكانی سەدەی ڕابردوو پارێزراو بوون، بەڵام دیارە پاش هەشتاكانی بەشێكی زۆری لێفەوتاوە.

دوای تێكچوونی حكومەتەكەی شێخ مەحموود، دەستبەسەر دەكرێت و ڕەوانەی شاری كەركووكی دەكەن، لەوێشەوە بۆ شاری بەغدا، لە ڕۆژی ٢٥ی كانوونی دووەمی ١٩٤٨ لە شاری بەغدا كۆچی دوایی كردووە و، لە گۆڕستانی كاسۆلیكی هەر لە شاری بەغدا بەخاك سپێردراوە ڕەوانی شاد و ئارام بێت.

كەریمی عەلەكە سەرەڕای كارە خێرخوازییەكانی چەندین هەڵوێستی نیشتمانپەروەری هەبووە لەوانە:

- لە ساڵی ١٩٢٢ ئەو كاتەی مەلیك مەحموود داوای كردووە كە لیوای كەركووك بخرێتە سەر نەخشەی كوردستان، دیارە ئینگلیزەكان ناڕازی بووینە و، هەڕەشەی بۆردمانكردنی شاری سلێمانی- یان كردووە، چەند نیشتمانپەروەرێكی كورد و شاری سلێمانی لەوانە(كەریمی عەلەكە، شێخ قادری حەفید، ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ، حاجی مستەفا پاشا،



نووسەر و لێكۆڵەر شاخەوان سدیق لێپرسراوی دامەزراوەی كەریمی عەلەكە



کەریمی عەلەکە و خێزان و نەوەکانی


شیخ عەبدولکەریمی قادر کەرەم) دەچنە شاری کەرکووک و، لەوێ داوای چاوپێکەوتن لە گەڵ کونسوڵی ئینگلیز لە بەغدا دەکەن، کەریمی عەلەکە چونکە زمانزان بووە لە جیاتی وەفدەکە هەمووی مەسەلەکەی بۆ کونسوڵی ئینگلیز ڕوونکردۆتەوە و چاویشی بە مەلیک فەیسەلی یەکەم کەوتووە.




- لە کاتی نەفی کردنی(شێخ مەحموودی حەفید) بۆ هیندستان، خێزانەکەیان ماوەیەک ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووینە، دواتر هاتوونەتەوە سەر سنوری ئێران و کوردستان، کەریمی عەلەکە سەردانی کردوون و، پارەیەکی باشی وەکو یارمەتی بۆ بردوون، وتوویەتی: ئەمە ئەمانەتی شێخە لای منی داناوە، دواتر کە شێخ هاتۆتەوە،

ڕەوانشاد ئایشە خانی هاوسەری بۆی گێڕاوەتەوە، شێخ وتوویەتی من هیچ پارەم لای کەریمی عەلەکە دانەناوە.


- لەو کاتەی کونسوڵی ڕووسیا هاتۆتە سلێمانی و ویستوویەتی چاوی بە کەریمی عەلەکە بکەوێت، بەڵام ئەو وتوویەتی: چی لە من دەوێت من نامەوێت بیبینم.



ڕەوانشاد کەریمی عەلەکە



پەیکەری کەریمی عەلەکە





**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و مێژوونووس مامۆستا سەرمەد لەتیف حەفید**
**(یەکێکە لە نەوەکانی شێخ مەحموودی حەفید) شێخ مەحموودی حەفید**

- لە کاتی شەڕەکەی دەربەندی بازیان و دەستگیرکردنی شێخ، ئەو شاری سلێمانی بەجێنەهێشتووە، کە ماڵی شێخ لەلایەن سەربازانی ئینگلیز تالانکراوە، ئەو هەموو کەل و پەلەکانی ماڵەکەی کڕیوەتەوە و لە شوێنی خۆی دایناوەتەوە.
- لە کاتی قاتوقوڕییەکەی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ئاشەکەی خۆی، کە ناوی(ئاشی گاوران)بووە، گەنمی هاڕیوە و دابەشی سەر هەژار و بێدەرامەتەکانی کردووە.
- ئەو کاتانەی کە مزگەوتەکانی سلێمانی بێ ئاو بووبن، ئەو لە کارێزەکەی خۆی کە بەناوی کارێزی(حاجی عەباس) بووە ئاوی بۆ مزگەوتەکان ناردووە و، چەندین هەڵوێستی دیکەشی هەبووە.
- هاوکاریی زۆری ئەو قوتابییە هەژارە کوردانەی کردووە کە لە ئەستەنبووڵ خوێندوویانە بۆ ئەوەی خوێندنەکەیان تەواو بکەن و بگەڕێنەوە و، خزمەتی شاری سلێمانی و کوردستان بکەن.
- مووچەی مانگانەی بۆ خەڵکی هەژار و بێدەرامەت بڕیوەتەوە تا بتوانن پێی بژین.

هەریەک لە نووسەر و مێژوونووس و لێکۆڵەر(سەرمەد لەتیف حەفید،



خانووەکەی کەریمی عەلەکە لە شاری سلێمانی

دکتۆر هاوژین سلێوە، شاخەوان سدیق) لە نووسینەکانیاندا باسی میهرەبانی و هەڵوێستەکانی کەریمی عەلەکەیان کردووە.

ئێستاش پاش (٧٠) ساڵ لە کۆچی دوایی ئەم پیاوە، پیاوێکی نیشتمانپەروەر و سەرمایەدارێکی نیشتمانی، بەڕێز دکتۆر (تەها ڕەسووڵ) دامەزراوەیەکی خێرخوازی و ڕۆشنبیری و کولتووری لە شاری سلێمانی بەناوی دامەزراوەی کەریمی عەلەکە دامەزراندووە، ئەو هیوا و ئاواتی ئەوەیە ئەو خەونەی کە (عەلەکە) لە پێناوی دا ژیا و مرد، بیهێنێتەدی.

سەبارەت بە کەریمی عەلەکە، پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ دەڵێت:(کەریمی ئەلەکە لە بنەچەدا خەڵکی گوندی(هەرمۆتە)یە، لە سلێمانی ناوبانگی گەورەی هەبووە، خەڵکی سلێمانی بەباوکیان وتووە(خواجە کەریم)یەکێک بووە لە دەوڵەمەندەکانی سلێمانی لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا کە برسییەتی بوو، دەڵێن چی پارەی هەبووە داویەتی بە ئارد و برنج و ناردوویەتی بۆ ماڵە هەژارەکان و بەسەریانی دابەشکردووە...هتد).

ئەو شەقامەی خانووەکەی کەریمی عەلەکەی تێدایە، بەناوی ئەو کراوە، هەر لەسەری شەقامەکەش قوتابخانەیەکی سەرەتایی بەناوی کەریمی عەلەکە کراوە، لە ساڵی ١٩٧٠- ١٩٧١ ئەکادیمییەکی بازرگانی لە شاری سلێمانی بەناوی(ئەکادیمیای بازرگانیی کەریمی عەلەکە) کراوەتەوە.

لە شاری سلێمانی و لە گوندی هەرمۆتەی کۆیە، دوو پەیکەر بۆ کەریمی عەلەکە دانراوە.

**سەرچاوەکان:**


١ - نووسینێکی نووسەر و لێکۆڵەر شاخەوان سدیق، کە شاعیر و نووسەر ئەمین محەمەد لە سلێمانی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - کتێبی مێژووی هەرمۆتە، لە نووسینی دکتۆر هاوژین سلێوە.

٣ - نووسینێکی نووسەر(بدري نوئيل يوسف)بە زمانی عەرەبی، دکتۆر هاوژین سلێوە کردوویەتی بەکوردی و، نووسەر و لێکۆڵەر فازل شەورۆ پێداچوونەوەی بۆ کردووە، دکتۆر هاوژین سلێوە لەسەر داخوازی من لە گەڵ چەند وێنەیەک بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٤ - فیلمێکی دوکیومێنتاریی کەناڵی تەلەفزیۆنیKNN، بەرنامەی جێپەنجەی مێژوو، ئامادەکردن و پێشکەشکردنی میدیاکار عەبدولڕەحمان ئەبوبەکر.

٥ - کوردیپیدیا.

٦ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# جاسمێ جەلیل

ناوی تەواوی(جاسمێ کوڕی جەلیل کوڕی ئۆسێ)یە، لە ٢٥ ئابی ساڵی ١٩٠٨ لە گوندی(قزل قولی)ناوچەی قارس لە باکووری کوردستان لە خانەوادەیەکی کوردی ئێزیدی لە دایکبووە، لە ئەنجامی کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهان و شکانی سوپای عوسمانی، سەربازە شۆڤێنییەکانی تورک هێرشیان کردۆتە سەر ئەو ناوچانەی کە کورد و ئاشوورییەکانی تێدا ژیاوە، ئەوانیش هەڵاتوون، بەپێی هەندێ سەرچاوە بنەماڵەکەی جاسمێ جەلیل زیاتر لە(٥٠)کەس بووینە تەنیا جاسمێ جەلیل و(پوور- پلک)ێکی ڕزگار بووینە، سەرەتا جاسمێ جەلیل لە قەراغ ڕووباری(ئاواڕەش)لە نزیک(ئەلەگەز)گیرساوەتەوە، لە ساڵی ١٩١٩ چووەتە ئەو(هەتیوخانەیە)ی کە ئەمریکییەکان لە شاری(ئەلێکساندرا پۆڵ)کردبوویانەوە و لەوێ ماوەتەوە، هەر هەمان ساڵ چووەتە بەر خوێندن لە قوتابخانەی هەتیوخانەکە، لە ساڵی ١٩٢٣ هەتیوخانەکە گواستراوەتەوە شاری(ستیپانەڤان)، جاسمێ جەلیل ساڵی ١٩٢٥ خوێندنی سەرەتایی لەوێ تەواوکردووە، پاشان وەکو شاگردی میکانیکی کارەبا دەستی بەکار کردووە، لە ساڵی ١٩٢٦ ڕووی لە شاری(یەریڤان)کردووە و، بەردەوام بووە لە کارەکەی بەمەش لە(حیزبی شیوعی- پارتی کۆمۆنست)ی سۆڤیەت نزیک بۆتەوە، بۆیە ئەوانیش لە ساڵی ١٩٢٧ تا ساڵی ١٩٣٠ بۆ خوێندن لە بەشی پڕۆپاگاندەی حیزبی




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر جاسمێ جەلیل، نووسەر و لێکۆڵەر دکتۆر جەمشید حەیدەری**

شیوعی ناردوویانەتە شاری(باکۆ)، چەند مانگێکیش چووەتە شاری تفلیس لەوێ تەواوی کردووە.

شاعیر و زمانزان و فەرهەنگساز و مێژوونووس جاسمێ جەلیل لە ساڵی ١٩٣١ گەڕاوەتەوە یەریڤان و ماوەیەکی کەم بووەتە لێپرسراوی قوتابخانەی کوردی، لە ساڵی ١٩٣٢ ڕووی لە بواری هونەری تەکنیکی چاپەمەنی کردووە، لە ساڵانی ١٩٣٨- ١٩٤١ بووەتە قوتابی لە پەیمانگای مامۆستایان لە یەریڤان، هەر لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی دووەمی جیهان وازی لە خوێندن هێناوە و وەکو کارمەندێکی تەکنیکی لە چاپخانەی زانکۆی یەریڤان دامەزراوە، پاشان لە ساڵی ١٩٥٣ ماوەیەکیش لە دادگا کاری کردووە، لە ساڵی ١٩٥٤ هەر لەگەڵ کردنەوەی بەشی کوردی لە ڕادیۆی(ئەرمنستان- یەریڤان) بووەتە بەرپرسی بەشی مۆسیقا و گۆرانی و فۆلکلۆر، لە بەر ئەوەی بلوێرژەنێکی بە توانا بووە لە گەڵ تیپی مۆسیقای ئەو کاتی ڕادیۆی یەریڤان بلوێری ژەنیوە، ماوەیەکش مامۆستای زمانی کوردی بووە لە قوتابخانەی تایبەتیی سوپای ڕووسیا.

شاعیر و مێژوونووس و فۆلکلۆرناس جاسمێ جەلیل هەر لە منداڵییەوە




بەرهەمی شاعیر جاسمێ جەلیل

هەست و ئارەزووی شیعر نووسینی هەبووە، ئەو خوێندەوار بووە ئەگەر نا بە شاعیرێکی میللیی زارەکی دادەنرێت، بەشی زۆری بەرهەمە شیعرییەکانی وەکو هەموو شاعیرانی قەفقاس ئەو سەردەم زیاتر ڕووداوە کۆن و نوێیەکان و بەیت و بالۆرە و داستان و فۆلکلۆری کوردی لە گەڵ بەرهەمە شیعرییەکانی ئاوێتە کردووە، لە ساڵی ١٩٣٢ شیعرێکی خۆی لە ڕۆژنامەی (ڕیا تازە) بڵاوکردۆتەوە، چەندین بەرهەمی لە بواری شیعر و مێژوو و فۆلکلۆر و کەلەپووری کوردی بڵاوکردۆتەوە لەوانە:

- کتێبێک بەناوی(ئەلەگەز)ساڵی ١٩٥٤ لە یەریڤان چاپکراوە.
- کتێبێک بەناوی(ڕۆژا من)ساڵی ١٩٦٠ چاپ و بڵاوکردۆتەوە.
- مەمێ زینێ، ئەم کتێبەی بەشێوەزاری کرمانجی نووسراوە، پرۆفیسۆر دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ کردوویەتییە شێوەزاری سۆرانی و پێشەکی بۆ نووسیوە و، لە چاپخانەی حاجی هاشم لە هەولێر ساڵی ٢٠٠٩ چاپ و بڵاوی کردۆتەوە.



٥ - ئەوەی شمشاڵ دەژەنێت جاسمێ جەلیلە، ئەوانی دیکە تیپی مۆسیقای ڕادیۆ یەریڤان

- وەکو هونەرمەند زیاتر لە(٧٠٠)گۆرانی و ئاوازی کوردی کرمانجی لە ڕادیۆی یەریڤان تۆمارکردووە.

چەندین چالاکیی دیکەشی هەبووە لەوانە:

- ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە پەرەپێدانی بەشی هونەریی ڕادیۆی کوردیی یەریڤان.
- لە ساڵی ١٩٦٣ەوە، ئەندمی یەکێتیی نووسەرانی سۆڤییەت بووە.
- وەکو نوێنەری نووسەرانی کورد بەشداری لە کۆنفراس و کۆنگرەکانی کوردناسی لە مۆسکۆ و ئەرمنستان کردووە.

جاسمێ جەلیل خاوەنی دوو کوڕ و کچێک بووە بەناوەکانی(ئۆردیخان، جەلیلی، جەمیلە)کە هەر سێکیان لە بواری مێژوو و زمان و فۆلکلۆری کوردی بەرهەمی بەرچاویان هەیە.

جاسمێ جەلیل لە ڕۆژی ٢٤ ئابی ساڵی ١٩٩٨ لە شاری یەریڤان کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

نموونەی بەرهەمی شاعیر جاسمێ جەلیل، پارچە هۆنراوەی:



**لە ڕیزی پێشەوە: جاسمێ جەلیل، خاتوو هاوسەرەکەی، خاتوو جەمیلە جەلیل، ڕیزی دووەم: ئۆردیخانی جەلیل، نەناسراوە، جەلیلی جەلیل**



له لای چه‌په‌وه: شاعیر جاسمێ جه‌لیل، خاتوو ڤێرا هاگۆبیان هونه‌رمه‌ند و گۆرانیبێژی میللی ئه‌رمه‌نی، به‌ڕێز هۆڤانیس بادالیان ئه‌کته‌ر و گۆرانیبێژی میللی ئه‌رمه‌نی، منداڵه‌که نه‌ناسراوه، وێنه‌که ساڵی ۱۹٦۱ له رادیۆ یه‌ریڤان گیراوه

(حوببا شڤا)

شڤانی جاهل ڕۆحێ ته نازک
ڕۆحێ ته نازک وه‌ک زارۆک بێچک
ڕۆحی ته هه‌ڤاڵ، بۆی جه‌و کانیانه
ڕۆحی ته خوسیا کولیلک، کارزیانه.

***

شڤانێ جاهل، زانم ڕۆحێ ته
زمانێ عه‌مر، ته‌یبه‌تێ زانه
لێ وه‌ختا ئه‌زم، ئه‌زم ل ره‌خ ته
دبێی کلیتم ئه‌ز بۆی زارێ ته

***

ئو تو به‌ند دبی زمان لا لۆمه



له لای ڕاستەوە: خاتوو جەمیلە جەلیل. شاعیر جاسمێ جەلیل. وێنەکە ساڵی ١٩٦٠ لە شاری یەریڤان گیراوە

بڵی فەعم دکەم ئەز ژ ڕۆحێ تە
بەڵی. کێم دبهێم خەبەرێ تە دوور
حەزنا فکراتە، بەحرا بی بوو حوور

***

زانم بلوورە، بلوورە زارێ تە
سەر وی دلێزن تلی پێچی یێ تە
سەوت و مەقام لێ دبنە کانی
حوببا تە ئۆکیان، ئۆکیانە ئەینی
لێ وەختا من راتوو خەبەری ددی
لێڤێ تە نازک، ناز درجفن
وەختا بلووری تو کو هەلددی
حووب، سەوت و مەقام چەمکی دکێشن

***

خوو ناڤا ل سەر گول و سۆسەنا
ب ئەڤینتیا ئەو واند دنچە
کەرێ پەز مووتاج مینا ئەڤینا
چێری بیردکە، دوور تە دچڤە

***

**تەنێ مرازەک دلی مندانە**
**خازی ببووما بلوورا دەستانە**
**حویب و ئەڤینتیا دڵی تەدانە**
**من نجاندا ناب وان تلی تە**

❊❊❊

**وی چاخی ئەزێ نەمر بمێنم**
**بێ منەت، بژیم مینا تەیرەوا**
**کوو سەر لێڤی تە تمێ بلووربم**
**ئو ببم کانیا سەوت و مەقاما.**

سەرچاوەکان:


١ - کوردیپێدیا.

٢ - ویکیپیدیا -ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٣ - مێژووی ئەدەبی کوردی دکتۆر مارف خەزنەدار، بەرگی حەوتەم لاپەڕە ٩١- ٩٧.

٤ - چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، دکتۆر کەمال مەزهەر، ماڵپەڕی فەیسبووکی Avan Faris Jaff، لە ٣ - ٨ - ٢٠٢٠.

٥ - ماڵپەڕی ئێزیدی ٢٤، Ezidi٢٤، فلمێکی دوکیومێنتاری لە ٢٣ - ١٢ - ٢٠٢٠، ئامادەکردنی میدیاکار مەڕوان جاسم.


٦ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی زانیاری، نووسینێکی سروشت ناجی، لە ١٠ - ٦ - ٢٠٢٢.

٧ - ماڵپەڕی مێژووی ئێزیدیا- تاریخ الایزیدیة، گۆشەی ناوداران، فیلمێکی دوکیومێنتاری لە ٢٠ - ٢ - ٢٠٢٠.

٨ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی Kurdzanst، لە لایەن گەزەنگ، لە ١٧ - ٣ - ٢٠١٩.

٩ - ماڵپەڕی فەیسبووکی Photofantasy- art، هونەرمەند ڕێبوار خالید، لە ١٦ -٩ - ٢٠١٩.

١٠ - زانیاری و نووسینی خۆم.



# خالیدی حیسامی(هێدی)

شاعیری ناسراو و خەباتگێڕی کورد ڕەوانشاد خالیدی حیسامی(هێدی) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان....

ناوی تەواوی(خالید کوڕی حەمە ئاغای موکری)یە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و خەڵکدا بە(هێدی)ی شاعیر ناسراوە، لە ساڵی ١٩٢٧ لە گوندی(شێخاڵی)نێوان شاری مهاباد و بۆکان لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دایکبووە، هەر لە منداڵییەوە باوکی مامۆستای تایبەتی بۆ گرتووە بۆ ئەوەی فێری خوێندنی قورئانی پیرۆز و خوێندنەوە و نووسینی بکات، بەڵام ئەو نەیویستووە ببێتە مەلا هەر ئەوەندەی خوێندووە کە بەتەواوی بخوێنێتەوە و بنووسێت، لە ساڵی ١٩٤١ کە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان(ژ.ک)دامەزراوە، هەمان ساڵیش سوپای سووری ڕووسیا(سۆڤیەتی جاران) بەهۆی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە هاتوونەتە ئازربێجان و کوردستانی ئێران، ئەویش لە ڕێگای باوکییەوە لە سیاسەت و کۆمەڵەی(ژ.ک) نزیک بۆتەوە و بەشداری لە بەشی زۆری ڕووداوەکان تا ڕووخانی کۆماری کوردستان(مهاباد) ساڵی ١٩٤٦



هێدیی شاعیر بە جاحێڵی



**لە لای ڕاستەوە: هێمن موکریانیی شاعیر، هەژار موکریانیی شاعیر، فایەق ساواش(دکتۆر شیار)، هێدیی شاعیر**

کـردووە، چەندیـن جاریـش هەوڵـی گرتنیـان داوە، بـەڵام ئـەو ڕایکـردووە و چووەتـە نـاو چیـاکان و خـۆی ڕزگار کـردووە.

شـاعیر خالیـدی حیسـامی سـاڵی ١٩٤٥ بـۆ یەکەمیـن جـار لـە کۆمـاری مهابـاد ئاشـنایەتی لەگـەڵ سـەرکردەی کـورد، نەمـر مـەلا مسـتەفای بارزانـی پەیدا کـردووە، لـە پەنجاکانـی سـەدەی ڕابـردوو لـە شـاری مهابـاد ژیـاوە و هاتوچۆی شـاری تەورێزیشـی کردووە، کەم و زۆریش ئاگادار و بەشـداری لـە بزووتنـەوە چەکدارییـە نهێنییەکانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانی کـردووە.

شـاعیر خالیـدی حیسـامی(هێدی) لـەدوای بەرپابوونـی شـۆڕشـی ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٦١، ڕووی لـە باشـووری کوردسـتان کـردووە و بۆتـە پێشـمەرگەی کوردسـتان و بـۆ جاری دووەمیش چاوی بـە نەمـر مـەلا مستەفای بارزانـی کەوتـووە، وەکـو پێشـمەرگەیەک لـە ناوچەکانی(ڕانیـە، سـەنگەسـەر، قـەڵادزێ) لـە خەباتکـردن بـەردەوام بـووە، لـە کاتـی وتووێژەکـەی نێـوان سـەرکردایەتیی شـۆڕش و حکومەتەکـەی عەبدولڕەحمـان عـارف، هێدیـی شـاعیر ماوەیـەک بووەتـە قایمقامـی قـەڵادزێ و دواتـر گواسـتراوەتەوە ڕانیـە، ماوەیەکیـش لـە ڕادیـۆی دەنگـی کوردسـتان کاری کـردووە، دواتـر لـە ناوچـەی باڵەکایەتـی لـە

ڕۆژنامەی خەبات و چاپخانەکەی کاری کردووە.

پاش ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ چووەتە شاری بەغدا، لەوێش لە گەڵ دکتۆر حەسەن حیسامیی برای کە لە ئەڵمانیاوە هاتۆتە بەغدا، چووەتە وڵاتی ئەڵمانیا و ماوەی دوو مانگێک ماوەتەوە، لەوێشەوە ڕووی لە وڵاتی سوید کردووە و، ماوەیەکیش لەوێ ماوەتەوە و، ساڵی ١٩٧٥ چۆتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ماوەیەکی کەم لە بەشی کوردیی ڕادیۆی تاران کاری کردووە و دواتر بەجێیهێشتووە.

هێدیی شاعیر هەر لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕش لە باشووری کوردستان پەیوەندی بە شۆرش کردۆتەوە و هاتۆتەوە باشووری کوردستان و، بەشداریی خەباتی گەلی کوردستانی کردووە.

شاعیر خالید حیسامی سەرەتا بۆ ئەوەی نەخوێندووە کە کاریکی پێبکات، چونکە ئەوان ئاغای گوندەکەی خۆیان بوونە و ماڵ و داهاتێکی زۆریان هەبووە، هەر بۆیە ئەوەندەی خویندووە کە بنووسێت و بخوێنێتەوە، خالید حیسامی شاعیری سەردەمی کۆماری مهاباد بووە و هاوکات لەگەڵ هەژار و هێمن دەستی بە شیعر نووسین کردووە و، شێوازی تایبەت بە



**لە لای ڕاستەوە: هێمن موکریانیی شاعیر، حاجی برایم، هێدیی شاعیر**

خۆیشـی هەبـووە و، دەتوانیـن بڵێیـن زۆربـەی شـیعرە کوردایەتییەکانـی بـە ئەدەبیاتی(مقاومـة- بەرگری)هەژمـار دەکرێـت.


ئەو لە تەمەنی (١٥- ١٦)ساڵیدا دەستی بەشیعر نووسین کردووە، شیعری قەسیدە، پێنجینە، شەشینە و چوارخشتەکی هەیە، بەشی زۆری شیعرەکانی لەسـەر کێش و سـەروای خۆماڵـی کوردییـە، شـیعری لەسـەر بەحرەکانـی شیعری (هـەزەج و ڕەمەل)نووسیوە، زۆریش لە شیعرەکانی پارچە غەزەلی کورتـن، لـە ناوەڕۆکیشـدا دڵداری و خوشەویسـتی و نیشـتمانپەروەری و کوردایەتیـن، لـە وەسـفکردنی سروشـتی کوردسـتان زۆر داهێنـەر بـووە، شـیعری سـتایش و شـانازی کردنیشـی نووسـیوە، ئـەو کۆمەڵێک بەرهەمـی شـیعری چاپکـراوی هەیـە کـە ئەمانـەن:

- کاروانـی خەیـاڵ، بەشـێک لـە هەڵبەسـتەکانی هێدیـی شـاعیر، چاپـی یەکـەم ورمـێ، چاپخانـەی سـەلاحەدینی ئەیووبـی، ١٩٨٥.
- ئاوێنـە شـکاو یـان بیرەوەریـی هێدی، ژیاننامـەی شـاعیر بـە قەڵەمـی خـۆی، چاپی یەکـەم، هەولێر، دەزگای پەخش و بڵاوکراوەی ئاراس، ٢٠٠٤.

کاروانـی خەیـاڵ و ئاوێنـە شـکاو، شـیعر و بیرەوەریـی هێدی، چاپـی یەکـەم، هەولێـر ٢٠١٦.



**لە لای ڕاستەوە: هێدیی شاعیر، نەناسراوە**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر کەریمی حیسامی، شاعیر خالیدی حیسامی(هێدی)**

- لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا چەندین بەرهەمی لە شیعر بەناسناوی(شێواو) لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوکردۆتەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٨ وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی نووسەر و ڕۆشنبیرانی شاری هەولێر و دەوروبەری کۆڕێکی خەڵات و ڕێزلێنانیان بۆ شاعیر هێدی سازکردووە.

هێدیی شاعیر پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ەوە، لە هەولێر دەژیا، لە ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٧ - ١٠ - ٢٠١٦ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە و، تەرمەکەی لە گۆڕستانی(پیرمام) بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕوحی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.




نموونەیەکی شیعری کوردایەتیی شاعیر هێدی، بەناو نیشانی:

**کوردستان یان نەمان**

**سڵاو پێشمەرگەی قارەمان چاکترین ڕۆڵەی کوردستان**
**کوڕی نەبەزی نیشتمان سڵاو پێشمەرگەی قارەمان**
**هەڵۆی خوێناوی سەر بەردان پەڕکوڕی ڕەوەز و زەردان**
**پڵینگی سەر شاخ و هەردان پێشمەرگە جوامێری مەردان**
**کوڕی کوردی ئازا و دلێر هەستە ڕاپەڕە وێنەی شێر**
**لە کوردستان ڕامێنە تێر وێران بوو وڵاتی زەنوێر**
**ها، بڕوانە ئەو کیژۆڵە برا گچکەکەی لە کۆڵە**
**چۆن دڗ داماوە لەو چۆڵە چەندە هەژار و کڵۆڵە**
**ئەو پیرەمێردی بێتاوان ڕووت و هەژار و سەرگەردان**
**سەری ناوەتە سەر بەردان کێ ماڵی لێ کردووە وێران؟**
**دوژمن ئاغایە لەسەر تۆ ماڵی تۆ دەخوا بەفیڕۆ**
**کێ ما نەگا بە مافی خۆ! ئێمە تا کەی دەستەوئەژنۆ؟**
**ئەو خاکە خاکی کوردییە خۆ خاوەنی دیکەی نییە**
**سەبەب بۆ هێرشی وی چییە کوردستانە و کورد خێوییە**
**شەڕی مە شەڕی ژیانە شەڕی باوەڕ و ئیمانە**
**لەگەڵ وەتەندا پەیمانە یان کوردستان، یان نەمانە**
**دوژمن لە هێرشت تاساوە قەڵای هومێدی ڕووخاوە**
**لە دەست و بردت ڕاماوە ڕۆژی ڕەشی لەبەر چاوە**
**لە کردەوەی ڕەنجە ڕۆیە مانی بەفێڵ و دهۆیە**
**ئەوگەف و گەرمە درۆیە لەرزی شەو نخونی تۆیە**

**باخوێنــی مــن و تــۆ بــرا بــڕژێ، ســورکا دەشــت و چیــا**
**یاقوتــی نــاو ســەوزە گیــا کوردوســتان ڕەنگیــن تــر ئــەکا**
**تابڕژێ خوێنــی گــەش و ئــاڵ لەســەر کەویــان دەبێتــە خــاڵ**
**شــین دەکا گــوڵان ســەری ســاڵ دەیکەنــە تــەواف کــوڕو کاڵ**
**کاتــێ کوردوســتان بــو ڕزگار هاتــەدەر لەدەســتی زۆردار**
**کــەس نەمــا بەدڵــی خــەم بــار بــو بەشــایی دێهات و شــار**
**ئەوســا بەرزکــە ئاهەنگــت گۆرانــی و گاڵتــەو جەفەنگــت**
**تاکیــژو کــوڕ بێــن بەدەنگــت مــاچ بکــەن لولــەی تفەنگــت**

**سەرچاوەکان:**


١ - کوردیپیدیا.
٢ - ویکیپیدیا- ئینسکلوپیدیای ئازاد.
٣ - دکتــۆر مــارف خەزنــەدار، مێــژووی ئەدەبــی کــوردی، بەرگــی حەوتــەم، لاپــەڕە(٥٣٧- ٥٤٦).
٤- rudaw، نووسینێک لە ٢٩- ١٠ - ٢٠١٦.
٥ - ماڵپەڕی هاژە، پایگاە خبری تحلیلی هاژە، ٢٠١٦.
٦ - نووسینی خۆم.



# دکتۆر لامارا پاشاییڤا

زانا و مێژوونووس و کۆمەڵناس و کوردناس و کەلتوورناس ڕەوانشاد دکتۆر لامارا پاشاییڤا ...

ناوی تەواوی(لامارا فاریێ پاشاییڤا)یە، لە ١٧ - ١ - ١٩٤٠ لە شاری(تفلیس - تبلیس)ی پایتەختی گورجستان(جۆرجیا)ی سۆڤیەتی جاران لە خێزانێکی کوردی ئێزیدی عەشیرەتی(ڕەشان)لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٥٧ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە قوتابخانەی تبلیسی(٤٤)تەواوکردووە، ساڵی ١٩٦٤بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەشی زمانی تورکی و مێژووی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی لە کۆلێژی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی زانکۆی دەولەت لە تبلیسی بەدەستهێناوە، لە ساڵی ١٩٧٠ بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرتووە و نامەی دکتۆراکەی بەناونیشانی(ژیانی خێزانی و خێزانەکانی لارومز)ی سەر بە هەرێمی(تلکا)بووە، لە ساڵی ١٩٧٢ بووەتە لێکۆڵەر لە پەیمانگای مێژوو و ئەنتۆگرافیا).

زانا و لێکۆڵەر و کۆمەڵناس لامارا پاشاییڤا مرۆڤێکی کوردپەروەر بووە بەشی زۆری ژیانی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەر گەلانی کورد و یۆنانییەکان و ئەرمەن و جۆرجییەکان تەرخان کردووە، ئەو شارەزاییەکی تەواوی لە خوو و ڕەوشت و داب و نەریتی گەلانی ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی

کـورد و جۆرجـی و یۆنانییـەکان هەبـووە، سـەدان وتـار و لێکۆڵینـەوە و توێژینـەوەی لـە بـواری کۆمەڵناسـی و ئەنتۆگرافیـا و کەلتـوور و کەلەپـووری ئـەم گەلانـە نووسـیوە و لـە ڕۆژنامەکانـی جۆرجیـا و ئەرمینیـا و سـۆڤیەتی جـاران لەوانە(ئاڤالتسـیخ، تینـزی، تسـکارو، دجاریـا، ئەبخازیا)بڵاوکردۆتـەوە.

چەندین بەرهەمـی نووسـراوی هەیـە هەندێکیان وەکو کتێب بڵاوکراونەتەوە کـە ئامانەن:

- لـە سـاڵی ١٩٨٥ لێکۆڵینـەوە و توێژینەوەیەکی لەسـەر کوردەکانـی جۆرجیا نووسـیوە و لـە گۆڤاری(ماتسـنی)بڵاوی کردۆتـەوە و دواتریـش وەکـو







زانا و کۆمەڵناس دکتۆر لامارا پاشاییڤا لە چەند کاتێکی جیاواز




کتێب چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

- کتێبی(دراسة العناصر الايجابية و السلبية في عادات و طقوس الزفاف الايزديين في جورجيا) ساڵی ١٩٨٧ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- لێکۆڵینەوەیەک بەناوی(حظر الطوائف الدينية في زواج الجورجيين في الماضي) لە کتێبی کۆمەڵەی قەوقازی ئەنتۆگرافی ژمارە(٨)ساڵی ١٩٨٨ بڵاوکراوەتەوە.
- لە ساڵی ٢٠٠٠ لێکۆڵینەوەیەکی بەناوی(الوعي الذاتي و الديني و العرقي لدى اكراد جورجيا)نووسیوە و بڵاوی کردۆتەوە.
- لە ساڵی ٢٠٠٣ کتێبی کۆمەڵەی قەوقازی ژمارە(٨)ی بڵاوکردۆتەوە و وتارێکی تایبەت بەداب و نەریتی جەنازەی کوردی لە خۆگرتووە.
- لێکۆڵینەوەی(مستوطنات الاكراد في جورجيا)کە باسێکی ئەنتۆگرافییە لە کتێبی(مواد الانثوغرافية الجورجية رقم (٢٦) لە ساڵی ٢٠٠٤ بڵاوکراوەتەوە.
- لە ساڵی ٢٠٠٥ کۆمەڵێک کەرەستەی ئەنتۆگرافیای لەژێر ژمارەی(٢٥) بڵاوکردۆتەوە کە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت بەداب و نەریتی کوردی دەربارەی منداڵبوون و پەروەردەکردن لە خۆ دەگرێت.
- چەندین بابەتی کۆمەڵناسی و مێژوویی و کەلتووری دیکەشی بڵاوکردۆتەوە.
- ئەو وەکو زانا و کۆمەڵناس و بەشداری لە چەندین کۆنفراس و کۆنگرەی زانستی لە(مۆسکۆ، سانت پترسبۆرگ، یێریڤان، باکۆ، سالونیسکی، بۆدابێست و بەرلین، )کردووە.

نووسەر و لێکۆڵەر لامارا پاشاییڤا چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە لەوانە:

- ساڵی ٢٠٠٣ سەرۆکی جۆرجیا(ئەدوارد شیڤەرنادزە)مەدالییەی شەرەفی پێبەخشیوە.
- بەهۆی ڕۆڵی لە ئامادەکردن و هاوکاریکردنی قوتابیانی عێراقی دەرچوو، باڵیۆزی عێراقی لە مۆسکۆ خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کردووە.

- خەڵاتی(العمل الممتاز- کاری باش)لە لایەن ڕابیتەی وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیا پێبەخشراوە.

نووسەر لامارا پاشاییڤا تەنها نووسەر نەبووە بەڵکو کوردپەروەر و چالاکوانێکی چالاک بووە لە کاتی کیمیابارانی هەڵەبجە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە ناردنی هاوکاریی مرۆڤایەتی بۆ کوردانی کوردستانی باشوور.

ئەو لە ڕۆژی١٢ - ٨ - ٢٠١٥ لە تەمەنی(٧٥)ساڵی لە شاری تبلیس کۆچی دوایی کردووە و لە ڕۆژی ١٦ - ٨ - هەمان ساڵ لە گۆڕستانی شاری تبلیس بەخاک سپێردراوە، ڕەوانی شاد و ئارام و سوودە بێت.

**سەرچاوەکان:**


١ - فیلمێکی دوکیومێنتاری ڕادیۆی ریا تازە، لە ماڵپەڕی فەیسبووکی نووسەر و ڕۆشنبیر مامۆستا جەمیل مەلاقەرە وەرگیراوە.

٢ - ماڵپەڕی Priski mihoyi، نووسینێک بەپیتی کوردیی لاتینی.

٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# شێخ غیاسەدین نەقشبەندی

زانـای ئایینـی و شـاعیر و ڕۆشـنبیر و ڕووناکبیـری سـەردەمی خـۆی ڕەوانشـاد شـێخ غیاسـەدین نەقشـبەندی....

ناوی تەواوی(شـێخ غیاسـەدین کوڕی شـێخ بەهائەدین کوڕی شـێخ محەمەد کوڕی شـێخ تاهیر کوڕی مـەلا حاجی ڕێکانی)یە، خەڵکی گوندی(بەنسـتان) ی سـەر بـە عەشـیرەتی ڕێکانیـن، بنەماڵـەی ڕێکانییـەکان ماوەیـەک دەربـەدەر بووینـە و، دواتـر لـە ئامێدیـی پایتەختـی میرنشـینی بادینـان گیرسـاونەتەوە، ئـەوان بنەماڵەیەکـی ڕۆشـنبیر و ئایینپـەروەر بوونـە، شـێخ تاهیـری باپیـرە گەورەیـان چووەتـە مووسـڵ، لـە سـاڵی ١٩٤٢ لـەوێ کۆچـی دوایـی کـردووە و هـەر لەوێـش نێـژراوە، شـێخ محەمـەدی باپیـری هاتۆتەوە(بامەڕنـی) و، لـە سـاڵی ١٩٤٦ تەکیـەی نەقشـبەندی لـە بامەڕنـی کردۆتـەوە و، پاشـان شـێخ بەهائەدینـی باوکـی شـێخ غیاسـەدین بـووەتـە شـێخی تەکیەکـە.

زانـا و شـاعیر شـێخ غیاسـەدین سـاڵی ١٨٩٠ لـە گوندی(بامەڕنی)لـە دایـک بـووە، ئـەوەی ڕوون و ئاشـکرایە گونـدی بامەڕنـی ئـەو کات مەڵبەنـدی زانـا و شـاعیر و ڕۆشـنبیران بـووە، لـە تەمەنی(٥)سـاڵیدا چووەتـە بـەر خوێندنـی قورئانـی پیـرۆز لەسـەر دەسـتی ڕەوانشـاد خاتوو(فاتیمـە) دایکـی ڕەوانشـاد سەیدا(سـاڵح یوسـفی) قورئانـی پیرۆزی(ختـم) کـردووە، دواتـر دەسـتی بـە



شێخ
غیاسەدین نەقشبەندی



لە لای ڕاستەوە: شێخ عەلی غیاسەدین نەقشبەندی،
شێخ غیاسەدین نەقشبەندی

خوێندنـەوەی کتێبـە ئایینیەکانی(شـەریعەت، فیقهـ) کـردووە، لەسـەر دەسـتی چەندین زانـای ئایینی ئـەو کات لەوانە(مـەلا نەجمەدین، سـەیدا تەکیا بامەڕنی) دواتریش لەسـەر دەستی(شـوکری ئەفەنـدی مـەلا عوبەیدوڵڵا)موفتـی ئامێـدی ئیجـازەی وەرگرتـووە، لـە سـاڵی ١٩٢٢ قوتابخانـەی بـۆ خوێنـدن بەنـاوی دایکـی خۆی(غیاسـەدین)کە نـاوی خاتوو(عایشـە کچـی ئەحمـەد بەگی عەباسـیی جۆلەمێرگی) بـووە کردۆتـەوە.

شـێخ غیاسـەدین لـە سـاڵی ١٩٣٠ وەکـو نوێنـەری ئامێـدی بووەتـە ئەندامـی ئەنجومەنـی عێـراق و لـە سـاڵی ١٩٣٥ بـۆ خولێکـی دیکـەش هـەر ئەندامـی ئەنجومەنـی عێـراق بـووە.




لە لای ڕاستەوە: شێخ عەلی غیاسەدین نەقشبەندی،
شێخ غیاسەدین نەقشبەندی

شێخ غیاسەدین لە تەمەنی پیریدا دەستی بە نووسینی شیعر کردووە، شیعری لەسەر شێوازی شیعری کلاسیکی نووسیوە، شارەزاییەکی تەواوی شیعر خوێندنەوەی هەبووە و زمانێکی پاک و پاراو دوور لە وشەی بیانی بەکار هێناوە، بەشی زۆری بەرهەمە شیعرییەکانی ئامۆژگاری و ڕێنمایی و هاندانی گەنج و لاوانی کورد بووە بۆ خوێندنەوە و خۆ پێگەیاندن لە ڕووی ئایینی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ڕوحی کوردایەتی، ئەو زانایەکی زۆر تێگەیشتوو و دووربین بووە هەر زوو زانیویەتی پێشکەوتنی میللەتەکەی بە خوێندن و نەهێشتنی نەخوێندەواری بووە، بۆیە لە ساڵی ١٩٢٢ قوتابخانەی لە گوندی بامەڕنی کردۆتەوە، لەم بارەیەوە لە پارچە هۆنراوەیەکدا دەڵێت:

**ئەگەر هوین موتەفق بن علم و فەن و سنعەتا بخوینن**
**چو شک نینە سەعادەت بۆ وە دێ هێن بێ زەحمەت**
**کوڕێ بابێ ئەوە، دەستێ هەڤالی بگریت و ڕاکەت**
**هەکە کەفتە کوورا تەنگا ڤێ خشیانە سەر زیقەت**



نووسەر و مێژوونووس مامۆستا هێرش کەمال ڕێکانی لەسەر ئارامگای شێخ غیاسەدین نەقشبەندی

**کورێـت بابـا تفەنـگا دانـن و دەسـتا سـڤک هەلـدەی**
**هــەوە ئەڤــرۆ قەلــەم لەزمتــرە داکــو بهێــت فەرســەت**
**کوڕێـت بابـا ئەگـەر هوێـن بوونـە زانـا و تفـاق ژیـەک**
**دهێـت تەیـارە بـۆ وە پێـش تڤەنگێڤـە نەکـەن حەسـرەت.**

هەروەهـا هانـی لاوان و گەنجانـی کـوردی داوە و گیانـی کوردایەتـی و


شێخ غیاث الدین نەقشەبەندی
و هۆزانا وی (ڕێنا لاوان)






کوردپەروەری لایان نەش و نما بکات و بە ناسینی خۆیان و ناسنامەکەیان، هەر لەم بوارەشدا لە پارچە شیعرێکدا دەڵێت:

**کورێت بابا بزانن حەق چییە مەوتن چییە ئەڤرۆ**

**هەوە لسەر لازمە هوین تێبگەهن عنوانە قەومیەت**

**چو گازندا ژ زەمانی هوین نەکەن ئەو هەر شەڤ و رۆژن**

**وەکی خۆیە بەلێ سویچا مەیە ئەم بووینە بێ قیمەت**

**گەلی لاوا وەتەن دەینێ خۆیێ دخازیت چ دێ دەینێ**

**هەچی تشتێ بدەین ماڵێ وییە بێ خێر و بێ منەت.**

شێخ غیاسەدین لە ژیانی خۆی سێ جار هاوسەرگیری کردووە، لە هەر سێ هاوسەر تەنها تاقە کوڕێکی هەبووە بە ناوی(شێخ عەلی ١٩٢٤-٢٠٠٠).

شێخ غەیاسەدین لە ١٢-٨-١٩٤٤ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی بامەڕنی بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕوحی پاکی شاد و ئارام و گڵکۆی پڕ نور و ڕەحمەت بێت.

ماوەیەک پاش کۆچی دواییکردنی، شاعیر(ئەحمەدێ نالبەند) بە هۆنراوەیەک ستایش و لاواندنەوەی بۆ کردووە کە دەڵێت:

**دهەزار و سێ سەد و شێست و سێ یا چوو غیاث**

**هجرەتاوی ژ ڤێ دنێ وەک عومرێ (ختم المرسلین)**

**عومرێ فەخرێ عالەمێ مرنا غیاثی بوونە ئێک**

**سڕەکا کو (پڕ) نەزانی ئەحمەدێ (ابن الامین)**

پارچە شیعرێکی شێخ غیاسەدین نەقشبەندی لە وەسفی کەلتوور و ڕۆشنبیری کورد و بنەماڵەی بەدرخانییەکان:

**خۆشی ئەڤە هات و هەمیا مل ل سەمایە**

**کەیف و کەنییە ئەڤرۆ چ نعمەت خودێ دایە**

**علم ئەدەبا گرتی سەرانسەر جهێ کوردا**

**بەر بوونە دوڕو ئاخ هەمی زێڕی سەفایە**

**خۆشی نە ئەوە پاخلێ تژی کەی ژ دەراڤا**

**دل خۆشـی نەبیـت مـاڵ هەمـی دەرد و بەڵایـە**
**کا خۆشـی وەکـی فکـرە ئەسـیر مـا ل دەماغـا**
**مـا بـۆ چییـە ژیـن وەقتـێ کـو ئەزمانـێ بڕایـە**
**سەربەسـتییە ئینسـانی دگێریـت ب سـەعادەت**
**ئەمینیەتـە بـۆ بزنـێ دکـەت گورگـی برایـە**
**ئەڤرۆ خەبـەرێ خـۆش مـە گوهـ لـێ بـوو کـو بەدرخان**
**سـاخبوو ڤـە دشەخسـێ نەڤیـادا ڤەگەڕایـە**
**هندیکـە جـەلادەت ب جـەلادەت وەکـی شـێرا**
**کامیـران ژی ب کەمـال و ئەدەبـا میـرێ هەمایـە**
**بـۆ جەنـگ و جدالـە وەکـی شـێران و پڵنـگا**
**وەختـێ قەلەمـێ دوڕ وەکـی لێمشـتێ ڕژایـە**
**ئـەڤ میللەتـە دێ کەنگـی حەقـێ قەنجیـێ ڕاکـەت**
**یـا ژ هەمیـا سـڤکتر ب گرانـی یاخـو چیایـە**
**یارەبـی حفزکـەی بـۆ ئەڤـی مللەتـێ موحتـاج**
**ڤـان هـەردوو عەزیـزان کـو کەسـێ دی مـە نـە مایـە**
**کەیفـێ دلـێ ڤـی پیـرە مەلایـی ڕاکـرە ڕەقسـێ**
**ماپیـر وەکـی جـان بـوون ڤـە؟ کـەرەم کارێ خودایـە**


سەرچاوەکان:

١- کوردیپێدیا.

٢ - ویکیپیدیا - ئینسکلۆپیدیا ئازاد.

٣ - ماڵپەڕی زانیاری، نووسینێکی نووسەر ئاکام ئەکرەم، لە ١٨ - ٣ - ٢٠٢١.

٤ - ماڵپەڕی نووسەر و مێژوونووس هێرش کەمال ڕێکانی، لە ١٢ - ٨ - ٢٠٢٤.

٥ - ماڵپەڕی فەیسبووکی شێخ غیاسەدین نەقشبەندی ، لە ١٢ - ٨ - ٢٠١٢.

٦ - فیلمێکی دوکیومێنتاری کەناڵی کوردستان ٢٤.

٧ - فیلمێکی دوکیومێنتاری کەناڵی NRT، لە ١٢ - ٨ - ٢٠١٨.

٨ - زانیاری و نووسینی خۆم.



# مەلا عەبدولڕەحمانی فاتیحی

مامۆستای ئایینی و شاعیر، مەلا عەبدولڕەحمانی فاتیحی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ....

ناوی تەواوی(عەبدولڕەحمان کوڕی عەبدولکەریمی کوڕی عەبدوڵڵا) یە، دایکیشی ناوی خاتوو(زینەت) بووە، لە ساڵی ۱۹۳۰ لە گوندی(یارئاڵی) ناوچەی گەورکی موکریانی سەر بە شاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خێزانێکی جووتیار و هەژار لە دایک بووە، ئەوان لە بنچەدا خەڵکی گوندی(نەجنەی سەروو)ی سەر بەشاری(بانە)ن، بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتی بەناچاری چوونەتە گوندی یارئاڵی، پاش چەند ساڵێک ڕوویان کردۆتە ناوچەی(لاجان) و لە گوندی(سۆغائلوو)گیرساونەتەوە.

شاعیر مەلا عەبدولڕەحمان فاتیحی تەمەنی(۱٥)ساڵان بووە چووەتە بەر خوێندنی(حوجرە)و(سیپارە)ی خوێندووە، دوای خوێندنی قورئانی پیرۆز و گوڵستانی سەعدی، بۆ دەرێژەدان بەخوێندنی ئایینی چووەتە گوندەکانی(تورجان، بەغدەکەندی، قەرەگوێز، حەمەمیان، بۆکان و سەردەشت )و چەندین جێگای دیکەش گەڕاوە.

ئەو لە ژیانی خۆیدا دەردەسەری و چەرمەسەرییەکی زۆری بینیوە و زۆر بەهەژاریش ژیاوە، لەو سەردەمدا حوجرەی خوێندن شوێنی جۆشدان



**لە ڕاستەوە: مەلا سمایل دووبرالە، عەزیز ئەحمەدی، مەلا برایمی دارمەکۆن، شاعیری میللی حەمە پۆلا، مەلا عەبدولڕەحمانی فاتیحی، قەلادزێ ١٩٧٣**

و بیری نیشتمانی و نەتەوەیی بووە، بەتایبەتی بایەخدان بە زمانی کوردی، بەشی زۆری فەقێ و مەلاکانی ئەو کات هەڵگری بیروباوەڕی کوردایەتی بووینە، دیارە ئەویش یەکێک بووە لەو مەلایانەی کە بووەتە ئەندام لە پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و درێژەی بەخەباتکردن داوە.

ئەو لە ساڵی ١٩٦١ لە گوندی(ئالواتان)لەسەر دەستی (مەلا نەجمەدینی کەوکەیی) ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی(دۆڵەتوو) بووەتە مەلا و هەر هەمان ساڵیش هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو(ئامینە مەولود قادر)کردووە و بوونەتە خاوەنی پێنج منداڵ بەناوەکانی(خالید، ئایشە، کاوە، تریفە، هێمن).

ئەوکات سەردەمی پاشایەتی ئێران بووە خوێندنەوەی کتێبی کوردی قەدەغە بووە و کتێبی کوردی و دیوانی شیعری شاعیرە کوردییەکانی باشووری کوردستان، بەدەگمەن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستدەکەوتن و زۆریشی بەدەستنووس بووە، بۆیە بە(دزی- نهێنی)ی خوێندوویانەتەوە و لە نێو یەکتردا ئاڵوگۆڕیان پێکردووە، ئەو لە ساڵانی ١٩٥٢ - ١٩٥٣ بەهرەی شیعری لای پەرەیداوە و گەشەی کردووە و دەستی بە نووسینی

شـیعر لەسـەر کێش و سـەروای کوردی(خەفیف)کـردووە و وردە وردە ناردوویەتـی بۆ بڵاوکردنـەوەی لـە ڕادیۆی کوردیی کرماشـان، بەشـی زۆری شـیعرەکانی بۆ ڕەوانشاد(شـوکروڵڵای بابان)نـاردووە و ئـەو بەدەنگـی خـۆی خوێندوویەتییـەوە.

لـە سـاڵی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ ئـەو کاتـەی ڕژێمـی ڕەزا شـا دەسـتی بەڕاونـان و گرتنـی ئازادیخوازانـی کـورد کـردووە و ئەویـش دەسـتگیرکراوە و، ماوەیـەک لـە زینداني(جلدیـان) زیندانیکـراوە و دواتـر ئـازاد کـراوە، بـەڵام دیـارە هـەر مەترسـی لەسـەر بـووە، بۆیـە لـە ڕێـگای گونـدی(داوداو) کـە لەسـەر سـنوورە و دەپەڕێتـەوە گوندی(شـێنێ)ی باشـووری کوردسـتان و لـە گوندی(زێـوە)ی دەڤـەری پشـدەر دەبێتـە مـەلای گوندەکـە و، هـەر لەوێـش لـە گـەڵ شـاعیری میللی(حەمـە پۆڵا)ئاشـنایەتی پەیـدا دەکات، دواتـر دەچێتـە گوندی(دیلـۆ) لەویش ماوەیـەک دەبێتـە مـەلا و کۆمەڵێـک فەقێشـی هەبـووە، پاشـان دەچێتـە



**لە ڕاستەوە: مەلا ڕەسووڵ نەوزادی، مامۆستا حەسەنی ڕستگار، شاعیر مەلا عەبدولڕەحمانی فاتیحی، مەلا محەمەدی زوودی، مامۆستا عەبدوڵلای حەسەنزادە، مەلا ڕەسووڵی پێشنماز، دانیشتووەکان: سالاری شاعیر، سەید رەسووڵی ورچان، بەغدا١٩٧٠**



له لای ڕاستەوە: مەلا ڕەسوڵی نەوزادی، شاعیر مەلا عەبدولڕەحمانی فاتیحی

شـاری قـەڵادزی و دەسـت بەکرێکاری دەکات، لـە ٢٤ - ٤ - ١٩٧٤ لـە کاتـی بۆردومانکردنی قـەڵادزێ دەچێتـە گوندی(سـۆنێ) تـا سـاڵی ١٩٧٧ کـە ڕژێمی بەعسـی ئـەو کات گوندەکانـی دەڤـەری پشـدەر ڕادەگوازێتـەوە بـۆ کۆمەڵگای زۆرەملێی(تووەسـووران) ئەویـش لـەم کۆمەڵگایـە دەبێـت، تـا سـاڵی ١٩٧٩ کـە شـۆڕشـی گـەلانـی ئێـران دەسـتپێکرد ماوەیـەک گەڕاوەتـەوە ڕۆژهـەڵات و لـە شـاری(پیرانشـار) گیرسـاوەتەوە، کـە بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کوردانـی ڕۆژهەڵاتیـش چـالاک بـوو جارێکـی دیکـە هاتۆتـەوە باشـووری کوردسـتان و، لـە گوندی(کەنجارێ) بە مەلایەتـی و توتنەوانی بژێوی خـۆی و خێزانەکـەی پەیدا کـردووە، لە کۆڕەوەکـەی سـاڵی ١٩٩١ دیسـان چۆتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان لـە گوندی(گردئاشـەوان) بۆتـەوە مـەلا، تـا لـە ڕۆژی ١١ - ١٠ - ٢٠٠٢ کۆچـی دوایـی کـردووە و لـە گۆڕسـتانی گردئاشـان بـە خـاک سـپێردراوە، ڕەوانی



شـاد و ئـارام و ئاسـووده بێـت و ئارامـگای پـڕ نـور و ڕەحمـەت بێـت.

شـیعرەکانی شـاعیر مـەلا عەبدولڕەحمانـی فاتیحـی زیاتـر نیشـتمانپەروەری و نەتەوەیـی بووینـە، سروشـتی جوانـی کوردسـتان و ئەڤینـی و لایەنی دینیشـی فەرامـۆش نەکـردووە و پێنـج خشـتەکیشـی لەسـەر شـیعری شـاعیرانی کـورد نووسـیوە، لـە سـاڵی ٢٠١٦ نووسـەر و لێکۆڵـەر و وەرگێـڕ خالیـد فاتیحـی کـە کـوڕی گـەورەی شـاعیر مـەلا عەبدولڕەحمانـە، هەمـوو دەسـتنووس و شـیعرەکانی ئامـادە و کۆکردۆتـەوە لـە دووبەرگدا چـاپ و بـڵاوی کردۆتـەوە کـە ئەمانـەن:

- کڵپـەی دەروون، گوڵبژیرێـک لـە شـیعرەکانی شـاعیر مـەلا عەبدولڕەحمـان فاتیحـی، بەرگـی یەکـەم، ٢٠١٦.
- کڵپـەی دەروون، گوڵبژێرێـک لـە شـیعرەکانی شـاعیر مـەلا عەبدولڕەحمانـی فاتیحـی، بەرگـی دووەم، ٢٠١٨.

چەند نموونەیەکی شیعرەکانی شاعیر مەلا عەبدولڕەحمان فاتیحی:

## ماڵی دڵ

**ماڵـی دڵ میوانگـرە هـەر ڕۆژە دەردێ دێتـە لای**
**بوتـە حاتـەم سـەد هـەزار میوانـی بـێ قـەت ناچەمـێ**
**مووبەمـوو ئەندامـی لـەش، جێگەی نییە خـەم تیا نەبێ**
**هـەر ئەمـن وەک قارەمـان وێسـتاوم و گـوێ نادمـێ**
**کێـوی بێسـتوونی دڵـم، فەرهـادی کۆکـەن نـەی ڕمانـد**
**کـوا بـەداوی زوڵفـی دولبـەر، زەحمەتـە بـۆی ناچەمـێ**
**نـووری چـاوم کەمبـووە، هێـزی لەشـم ماتـەو زەعیـف**
**عەینـی وەک قەندیلـە نەمدیـوە بـێ سـەرم، بـێ ماتەمێ**
**ئـو گوڕوتینـەی کـە هەمبوو کۆچی کـرد دەرچوو لەدەس**
**یارەکـەم ئاسـکی سـلە، دەڕواو مەحاڵـە نایگەمـێ**
**هاتـووە داوای سـەرو ماڵـی منـی مەزڵـوم دەکات**

هێند خوێن خۆرە ئەوەند بێ ڕەحمە، هرگیز نایدەمێ
خانەخوێی دەردو خەمانە (فاتیحی) لەم عسرەدا
تامی خۆشیم قەت نەدیوەو تازە لێوی ناکەمێ
سکاڵا

ئەی خودا هەر تۆ خودای و تۆ وەکیلی موتڵەقی
تۆی سەبەبکاری هەموو شت بۆ سەنا تۆزی حەقی
غەیری تۆ پووچوو بەتاڵە و فانییە هەرچی هەیە
هەر ئەتۆ لایق بەحەمدی بۆ حەمد زۆر لایەقی
ڕوو لە دەرکی هەر کەسێ کەم بێ عەتایەو بێ کەرەم
دەرکی تۆ ئاوالایە بۆ عاسیان تۆی ئشفەقي
عومری لاویم دا بەبادا و پیري عاقیبەت شەرم
ئەی دڵا بەد بەختی تاکەی بۆچی واسەخت و ڕەقی
ژینی ئەولا خۆشترە دنیا بەکارنایەت برام
تەرکی دنیاکە ل بەرچی هێندە پیس و ئەحمەقی
(مانع الخیرو هلوعی) هەڵ دلووشی پاکوپیس
ئاوی کەوسەر نۆش ناکا، پیاوی بێ کەڵک و شەقی
زاڵمی زوڵمێ لەنەفسی خۆت دکەی ئەی بێ حەیا
تۆزی بەرپێی عارفان بە و جانیساری مەتتەقی
بەسیە ئینکاری هەتاکەی تابعی شەیتان مەبە
بۆ لە ئاگرو ماری دۆزەخ ئەی شەقی لا یەتتەقی
لائوبالی و سەرسەری بێ عەقڵ و هۆش و بێ تەمیز
مست و سەرشێت و نەفام (فاتیحی) زارو شقی.

پێنج خشتەکی لەسەر هەڵبەستێکی (عەبدولقادری سەیادەت- سەیید)

**ڕەنگــی جارانــم نییــە ئــەو، ئارەقــەم جواناومــە**
**ئاگــری کــورەی دەروونــم، تێکەڵــی ســیی و ناومــە**
**شــیوەنم بۆخۆمــە دەگریــم، ڕۆژی لــێ قەوماومــە**
**(ڕەنگــە وەختــی مردنــم بــێ بۆیــە لــەرزوو تاومــە**
**دانەخاڵێکــم نــەدی گیــرۆدەی ســەد داومــە).**

**کەوتمــە گێــژی دوور وڵاتــی لێــم بەجێمــا مــاڵ و زێــد**
**بــێ کەســم ئــاوارە مــاوم، کــوا بــرا کــوا داک و دێــد**
**دەســتەمۆتم هــەر لەدووتــم دێــم بەبــێ بەنــدو قلێــد**
**(گەرچــی پیربــووم و کەنەفتــم ڕوون نییە ئاسۆی هومێد**
**گــەر ئەجــەل مۆڵــەت بــدا ئــەوڕۆو ســبەینێ باومــە).**

**مــن دەڵێــم تاجــی ســەرم تــۆی، نابــێ تانــەم لێبــدەی**
**لایەقــی فیتــرەو زەکاتــم گــەر دوو لیمــۆم پــێ بــدەی**
**روحــی شــیرین پێشکەشــی تۆبــێ، کــە بۆخۆتــی ببــەی**
**(ئارەزوومــە نۆبەیــەک چاوێــک لــە حاڵــی مــن بکــەی**
**بۆیــە بــۆ دیــداری ئــەو دوو چــاوە، چاومــە).**

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیــەک ژیاننامــەی شــاعیر مــەلا عەبدولڕەحمــان فاتیحــی، هاوڕێــم نووســەر و وەرگێڕ خالیــد فاتیحــی لــە ڕانیــە بــۆی نــاردووم، سوپاســی دەکــەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# مەلا محەمەد سەعید بریفکانی

مامۆستای ئایینی و پەروەدە و شاعیر و مێژوونووس ڕەوانشاد مەلا محەمەد سەعید بریفکانی ...

ناوی تەواوی(محەمەد کوڕی مەلا یاسین کوڕی شێخ)ە، مەلا یاسینی باوکی لە گوندی بریفکانی عەشیرەتی مزووری لە خێزانێکی ئایینپەروەر لە دایک بووە و، بەماڵی مەلا یاسین بریفکانی ناسراون، لە بنەچەدا خەڵکی ناوچەی (خەلاتی) باکووری کوردستانن، هاتوونەتە باشووری کوردستان و لە گوندی (بریفکان) نیشتەجێبووینە، خوێندنی ئایینی خوێندووە و، لەسەر دەستی مەلا عەبدوڵڵای کۆیسنجاقی ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە و، لەسەر داخوازیی خەڵکی دهۆک چووەتە دهۆک و بووەتە ئیمام و پێشنوێژی مزگەوتی(ڕێکان)، لەوێ ماوەتەوە تا ساڵی ١٩٠٦ لە شاری مووسڵ کۆچی دوایی کردووە. مەلا محەمەد سەعید بریفکانی ساڵی ١٨٩٧ لە گوندی(بادێ) لە دایکبووە و لەسەر دەستی باوکی خوێندنی ئایینی دەستپێکردووە و تەمەنی(١٠)ساڵان بووە باوکی کۆچی دوایی کردووە، ئەو هەر بەردەوام بووە لە خوێندن و زانستی ئایینی لە ئەتروش دەستیپێکردووە و، دواتر چووەتە بامەڕنی و سێ ساڵ لەسەر دەستی زانایانی ئەوێ خوێندوویەتی، لەوێش لەگەڵ دوو هاوڕێی فەقێ چووەتە(جزیرێ)و ماوەی(٣)ساڵ لەسەر دەستی زانایانی ئەویش خوێندوویەتی و، بەشداریی دانیشتن و مەجلیسی

زانایانی ئەوێی کردووە، دواتر لە ڕێگای گوندی(باجورین)هاتۆتەوە زاخۆ و، چووەتە گوندی(کەرسا)ی سلێڤانییەکان و ماوەیەکی کورت لەسەر دەستی مەلا یوسفی خوێندووە و، دواتریش بۆ جاری دووەم چووەتەوە بامەڕنی لەگەڵ هاوڕێی فەقێیاتی خۆی شێخ غیاسەدین بامەڕنی درێژەیان بە خوێندنی ئایینی داوە، پاشان ماوەیەکی کورتیش چووەتە شاری مووسڵ خوێندوویەتی و، لەوێشەوە چووەتە هەولێر و لە قوتابخانەی زانستی ئایینی(مەلای گچکە)خوێندوویەتی و، بۆ جاری سێیەم گەڕاوەتەوە بامەڕنی، لەوێشەوە چووەتە گوندی(چەلێ)و لەسەر دەستی مەلا حەیدەری چەلێ کتێبی(شرح الشمسية)ی خوێندووە، دیسان بۆ جاری چوارەم گەڕاوەتەوە بامەڕنی.

ئەو لە گەڵ خوێندنە ئایینیەکانی دەستی بە نووسینی شیعر بەزمانی کوردی و عەرەبی و فارسی کردووە، لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانی بارودۆخی بامەڕنی تێکچووە و ئەویش چۆتەوە ئەتروش، دوو ساڵ لەوێ بووە و لەسەر دەستی حاجی مەلا ئەحمەدی خوێندووە و، دواتریش لەگەڵ کۆمەڵێک فەقێ چوونەتە گوندی(سپیندارە) دوو ساڵ لەوێ لەسەر دەستی مەلا ئەحمەدی ئاکرێی خوێندووە تا ساڵی ١٩١٩ بڕوانامەی زانستی ئایینی لەسەر دەستی ئەو زانا بەناوبانگە وەرگرتووە و، هەمان ساڵ چووەتە دهۆک و بووەتە ئیمام و پێشنوێژی مزگەوتی گەورەی دهۆک و دەرسی دینی و فەقێی هەبووە و چەندین کەس لەسەر دەستی ئەو بڕوانامەی زانستی ئایینیان وەرگرتووە.

لە ساڵی ١٩٢٣ لەسەر داخوازیی هەندێک لە خەڵکی دهۆک لە ڕێگای قایمقامەوە داوایان کردووە ببێتە مامۆستای قوتابخانە، بۆیە لە ٣٠-٧ - ١٩٢٣ بەئەمری موتەسەریفی مووسڵ بووەتە مامۆستای




بەرهەمەکانی شاعیر و مێژوونووس
مەلا محەمەد سەعید بریفکانی

قوتابخانــە بــە مووچەی(١٠٠)ڕوپیــە.

لــە ١٥ - ٩ - ١٩٢٣ وەکـو مامۆسـتای ئایینـی و زمانـی عەرەبـی لـە قوتابخانـەی دهۆک دەسـتبەکار بووە و لـە ١ - ٧ - ١٩٢٥ وازی هێنـاوە و گەڕاوەتـەوە سـەر کارەکـەی خۆی لە ئەوقاف، لە ٢٧ - ١٠ - ١٩٢٦ سـەر لـە نـوێ لـە قوتابخانـی زاخـۆ بـە مامۆسـتا دامەزراوەتـەوە و ئیـدی بـەردەوام بـووە لـە کاری مامۆستایەتی لە قوتابخانەکانی(ئاکرێ، پێدە لە شـێخان و دەڤـەری زێبار و مزووری و بامەڕنـی و ئەتـروش و شـێروان مـازن و چەندیـن گونـد و شـاڕۆچکەی دیکـەش)، ئـەو زیاتـر لـە(٢٢) سـاڵ هـەر سـاڵەی لـە شـوێنێک



بەرهەمەکانی شاعیر و مێژوونووس
مەلا محەمەد سەعید بریفکانی

مامۆسـتا بـووە تـا سـاڵی ١٩٤٢ گواسـتراوەتەوە گونـدی بریفـکان لـە نزیـک دهـۆک و، دواتریـش نـاو شـاری دهـۆک، بەتێکڕایـی (٣٥) سـاڵ لەبـواری پەروەردەو فێرکردن و ووتنـەوەی دەرسـی ئایینی خزمەتیکردووە لـە ٧ - ٥ - ١٩٥٨ خانەنشـینکراوە.

زانـای ئایینی و شـاعیر مـەلا محەمـەد سـەعید بریفکانی بەهـەردوو زمانـی کـوردی و عەرەبـی هەڵبەسـت و بابەتـی مێژوویـی و ئایینـی نووسـیوە، بـەڵام بەداخـەوە نەزانـراوە کـەس هەڵبەسـت و دەسـتنووسـەکانی هەڵگرتبێـت و بـە تـەواوی پاراسـتبێتی، لـەم سـاڵانەی دواییـدا دوو بەرهەمـی چاپکـراوە کـە ئەمانـەن:

- کتێبی(فضـلاء بهدینان)کـە باسـی زانایانـی ئایینـی بادینـان دەکات، لـە لایـەن کوڕەکەی(مەسـعود محەمـەد یاسین)سـاڵی ٢٠١٦ ئامـادە و چاپکـراوە.

- کتێبی(دیوانـی مـەلا محەمـەد سـەعید دهۆکی)کـە دکتـۆر فاخـر حەسـەن گولی ئامادە و پێداچوونـەوەی بۆ کردووە و لـە چاپخانـەی سـەنتەری زاخـۆ بـۆ لێکۆڵینـەوەی کوردیـی زانکـۆی زاخـۆ چاپکـراوە.

مامۆسـتای ئایینـی و شـاعیر مـەلا محەمـەد سـەعید بریفکانـی خێزانـدار


بووه و سێ کوڕ و دوو کچی هەبووە هەموویان مامۆستان و خزمەتێکی زۆریان لە بواری پەروەردە و فێرکردن هەیە.

ئەو لە ڕۆژی ١٥ - ١ - ١٩٧٦ لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە و ڕۆژی ١٦ی هەمان مانگ تەرمەکەی لە گۆڕستانی دهۆکی کۆن(شمکزەرا) بە خاک سپێردراوە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت و ئارامگای پڕ نور و ڕەحمەت بێت.

**سەرچاوەکان:**


١ - ژیاننامە و چالاکی و بەرهەمەکانی زانای ئایینی و شاعیر مەلا محەمەد سەعید بریفکانی، هاوڕێم نووسەر و لێکۆڵەر و ڕۆژنامەنووس موسەدق تۆفی لە دهۆک بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# حەیدەر عومەر

مامۆستا و شاعیر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووس، لێکۆڵەر و ڕەخنەگر، حەیدەر عومەر لە ڕۆژئاوای کوردستان...

مامۆستا و شاعیر و لێکۆڵەر حەیدەر عومەر لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی(قزلپاشا)ی ناوچەی(عەفرین)لە ڕۆژئاوای کوردستان لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی(کۆتانا) کە سێ کیلۆمەتر لە گوندەکەی خۆیان دووربووە تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٠خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە شاری عەفرین مەڵبەندی ناوچەکە تەواوکردووە و، چووەتە بەشی زمانی عەرەبی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی حەلەب و ساڵی ١٩٧٤ بەسەرکەوتوویی تەواوی کردووە، دواتر(تەنسیبی) کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی دیمەشق کراوە و ساڵی ١٩٧٨ بڕوانامەی دبلۆمی پەروەردەیی وەرگرتووە و، بووتە مامۆستای زمانی عەرەبی هەر لە سووریا، دواتر هەر وەکو مامۆستای زمانی عەرەبیش ماوەیەک لە قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندییەکانی وڵاتانی(مالتا، لیبیا)خزمەتی کردووە.

بەهۆی هەڵویستە سیاسییەکانی، ساڵی ١٩٩٩ بەناچاری سووریای



نووسەر حەیدەر عومەر لەگەڵ کۆمەڵێك نووسەران

بەجێهێشتووە و ڕووی لە وڵاتی ئەڵمانیا کردووە، پاش فێربوونی زمانی ئەڵمانی، لەوێ وەکو مامۆستای زمانی کوردی و عەرەبی لە قوتابخانەکانی هەرێمی(سەکسۆنیای خواروو) دەستبەکاربووە تا ساڵی ٢٠١٨ خانەنشینکراوە.

شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر حەیدەر عومەر ساڵی ١٩٧٣ دەستی بەنووسینی شیعر کردووە، یەکەم بەرهەمی خۆی کە پارچە شیعرێک بووە بەزمانی عەرەبی لە ڕۆژنامەی(الجماهیر) لە حەلەب بڵاوکردۆتەوە، ئیدی بەردەوام بووە لە نووسینی شیعر و بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و لێکۆڵینەوە و ڕەخنە هەر لە هەمان ڕۆژنامە، هەر لە ساڵی ١٩٧٣یش وتارێکی لە سەر شاعیری کورد(ئەحمەدی خانی ١٦٥٠ - ١٧٠٨) بەزمانی عەرەبی نووسیوە و، لە گۆڤاری (ڕاستی) کە کۆمەڵەی(الارز)ی وەرزشی لە بەیروت دەریدەکرد، بڵاوی کردووەتەوە. هەر ئەم وتارەشی بووەتە بەردی بناغەی کە ساڵی ١٩٧٩ وەکو کتێبێک بەناوی(ئەحمەدی خانی لە داستانی شیعری مەم و زیندا)نووسیوە، بەڵام ساڵی ١٩٩١ لە دیمەشق چاپی کردووە، ئەو یەکەم نووسینیشی بە زمانی کوردی پیتی لاتینی ساڵی ١٩٧٩ نووسیوە کە وتارێک بووە لەسەر شاعیری گەورەی کورد(جگەرخوێن) بەناوی (ڕشو داری) و لە گۆڤاری گەلاوێژ بڵاوی کردۆتەوە، دواتر هەمان وتار وەکو

لێكۆڵینەوەیەكی ڕەخنەگرتن لەژێر ناونیشانی كتێبێك بەناوی(جگەرخوێنی چیرۆكنووس) ساڵی ٢٠٠٣ چاپی كردووە.

چەندین بەرهەمی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بەزمانی كوردی و عەرەبی لە گۆڤارو ڕۆژنامە كوردی و عەرەبییەكان بڵاوكردووەتەوە، لەوانە (الجماهیر، الشرق الاوسط اللندنیة، مجلة العربي الكويتية، مجلة الفنون كە لە مەڵبەندی(حرمون) بۆ لێكۆڵینەوەی هاوچەرخ دەردەچوو و چەندانی دیكەش).

تا ئێستا ئەم بەرهەمانەی بە زمانی كوردی و عەرەبی چاپ و بڵاوكردۆتەوە:

- جگرخون قاصّاً، رشو داري، نموذجاً، برلين ٢٠٠٣.
- أوسمان صبري شاعراً وأديباً، الطبعة الأولى برلين ٢٠٠٤، والطبعة الثانية السليمانية، إقليم كوردستان ٢٠٠٦.
- أحمد خاني مفكراً و مبدعاً، منشورات(سماكرد) ٢٠٠٧.
- صدى المشاعر، فن الشعر، الطبعة الأولى ألمانيا ٢٠١٤، والطبعة الثانية ألمانيا، برلين، ٢٠١٩.
- كوردستان أولاً، ترجمة من الكوردية إلى االعربية بالإشتراك، آمد ٢٠١٥.



لە لای ڕاستەوە: (منذر الفاضل) لە كاتی وەرگرتنی خەڵاتی ئوسمان سەبری ساڵی ٢٠٠٩، نووسەر حەیدەر عومەر

- دراسة في أدب الفولكلور الكوردي، الطبعة الأولى استانبول ٢٠١٨، والطبعة الثانية القاهرة ٢٠٢١.
- أبحاث ودراسات نقدية وأدبية، برلين ٢٠١٩.
- مناقشات و حوارات، برلين ٢٠١٩.
- أحمد خاني في الملحمة الشعرية مم و زين، دمشق١٩٩١.
- فقي تيران(فەقێی تەیران)حياته، شعره، قيمته الفنية، بيروت ١٩٩٣.
- بقعة ضوء، من مذكرات عبد الرزاق بدرخان، ترجمة من الكوردية إلى العربية، برلين ٢٠٠٠.
- دراسة في أدب الفولكلور الكوردي، الطبعة الأولى استانبول ٢٠١٨، الطبعة الثانية القاهرة ٢٠٢١.
- الثقافة الكوردية والثقافات المجاورة، القاهرة، ٢٠٢٢.

ئەم بەرهەمانەشی ئامادەیە بۆ چاپ:

- الشخصية الكوردية، دراسة اجتماعية، ترجمة من العربية إلى الكوردية.
- شخصيات و مواقف، من التاريخ الكوردي، ترجمة من العربية إلى الكوردية.



له لای ڕاستەوە: نووسەر و لێکۆڵەر جەلال زەنگابادی، نووسەر و وەرگێڕ حەیدەر عومەر




**بەرهەمەکانی حەیدەر عومەر**

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ حەیدەر عومەر وەکو ڕۆژنامەنووس و ئەندامێکی چالاکی ڕێکخراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیری و پیشەییەکان چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە و هەیە لەوانە:

- لە ساڵی ١٩٦٩ یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی یانەی(عەفرین)ی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و چوار ساڵ سەرپەرشتیاری ئیداری و، دواتریش جێگری(ئەمینداری نهێنی- امین سر)ی ئەو یانەیە بووە.
- لە ساڵانی ١٩٧١ - ١٩٧٤ وەکو وەرزشوانیش ئەندامی هەڵبژاردەی عەفرین و یانەی تۆپی(باڵە- الطائرة) و ڕاهێنەری لاو گەنجان بووە.
- وەکو خۆبەخش چەندین خولی(تقوية – بەهێزکردن)ی وانەی زمانی کوردی و عەرەبی بۆ قوتابیان کردۆتەوە.
- یەکێک بووە لەوانەی کە بانگەوازی ڕێکخستنی (فیستیڤاڵی شیعری کوردی لە سووریا) کردووە، کە یەکەمین فیستیڤاڵی لەسەر شانۆی(قەڵای نەبی هۆری) بە بەشداریی (٣٠) شاعیری ژن و پیاو بەبۆنەی بیرەوەریی شاعیری ڕەوانشاد(جگەرخوێن) لە ڕۆژی ٢٢ - ١٠ - ١٩٩٣ بەستراوە،


ئەم ڕۆژەشیان هەڵبژاردووە، کە ساڵانە ئەم فیستیڤاڵەی تێدا بکەن و تا ئێستاش بەردەوامە.

- ئەو یەکێک بووە لەو(٦) کەسەی کە(خەڵاتی عوسمان سەبری)یان بۆ هاوڕێیەتی گەلان ساڵی ١٩٩٨ دامەزراندووە، کە هەر سێ ساڵێک دەبەستریت و خەڵات دەدرێتە ئەو شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەرانەی هاوڕێی گەلی کوردن و، خاوەن هەڵوێست و نووسین و داهێنانیان دەربارەی میللەتی کورد هەیە و، ئەم خەڵاتەش تا ئێستاش بەردەوامە.
- لە ساڵی ١٩٩٣ەوە تا ئەو کاتەی سووریای بەجێهێشتووە لە ساڵی ١٩٩٩ ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(پرس)بووە.
- لە ئەڵمانیاش ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(پێنووس)بووە کە بەزمانی کوردی و عەرەبی دەردەچوو، ئەم گۆڤارە لە ساڵی ٢٠٠٦ ئیتر دەرنەچووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٣ سەرنووسەری گۆڤاری(پیل)بووە، کە کۆمەڵەی نووسەرانی ڕۆژئاوای کوردستان لە شاری(هانۆڤەر)ی ئەڵمانی دەریاندەکرد، ئەم گۆڤارە تەنیا دوو ژمارەی لێدەرچووە.
- ئەندامی کۆمەڵەی مامۆستایانی کوردستانە لە ئەڵمانیا و ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و زانستی ئەڵمانیشە.

بۆ شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ و ڕەخنەگر مامۆستا حەیدەر عومەر هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی زمان و کەلتووری کوردی.

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی شاعیر و نووسەر حەیدەر عومەر، هاوڕێم نووسەر و پارێزەر ئیبراهیم عەباس لە هەولێر بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# خالد جەمیل

مامۆستای زمانی کوردی و عەرەبی، نووسەر و وەرگێر و لێکۆڵەر و موحەریری ڕادیۆی و تەلەفزیۆنی، مامۆستا خالد جەمیل لە ڕۆژئاڤای کوردستان....

ناوی تەواوی(خالد جەمیل محەمەد)ە، لە ٣٠ - ٣ - ١٩٦٨ لە گەڕەکی(هیلالیە)ی ناو شاری قامشلۆی ڕۆژئاڤای کوردستان لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە قوتابخانەکانی شاری قامشلۆ تەواوکردووە، ساڵی ١٩٩٨ بەشی زمان و ئەدەبی عەرەبی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی حەلەب بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە و بووەتە مامۆستای زمانی عەرەبی لە قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکانی شاری قامشلۆ و دەوروبەری، وانەی زمانی کوردی و عەرەبی لە(گراماتیک، ڕێنووس، ڕەوانبێژی، دەنگ و وشەسازیش) وتووەتەوە، وەرگێڕانیشی لە کوردی بۆ عەرەبی و لە عەرەبیش بۆ هەر دوو شێوەزاری کرمانجی و سۆرانی کردووە و دەکات، ماوەیەک مامۆستایەتی کردووە و دواتر بەهۆی هەڵوێستە کوردپەروەرانەکەی گواستراوەتەوە پەروەردەی قامشلۆ و لەویش بۆ شارەوانی هەر لە شاری قامشلۆ و پاشانیش بۆ شارەوانی شاری حەسەکە، پاش(إنتفاضة - ڕاپەڕینی) قامشلۆ جارێکی دیکەش گواستراوەتەوە پەروەردەی قامشلۆ ئەو لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٤ - ٢٠١١



له لای ڕاستەوە: نووسەر و موحەریر خالد جەمیل، شاعیر و نووسەر کۆنی ڕەش



له لای ڕاستەوە: نووسەر عەبدولغەنی خەلەف، نووسەر خالد جەمیل

خزمەتی کردووە، لە ساڵی ٢٠١٢ لە گەڵ تێکچوونی باری سیاسی و ئابووری و ئەمنیی سووریا دیسان هەر بەهۆی هەڵوێستەکانی لە وەزیفە فەسڵکراوە، لە ساڵی ٢٠١٢ ڕووی لە باشووری کوردستان کردووە و لە شاری هەولێر نیشتەجێبووە، لە ١٥ - ١٢ - ٢٠١٢ەوە، وەکو وەرگێڕ و موحەریری ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی و تەحریری(اخبار- دەنگوباس)لە بەشی کرمانجی تۆڕی ڕاگەیاندنی ڕووداو دەستبەکار بووە و تاوەکو ئێستاش.

نووسەر و زمانەوان و وەرگێر خالد جەمیل زمانی کوردی بە هەر دوو شێوەزاری کرمانجی و سۆرانی زۆر باش دەخوێنێتەوە و دەنووسێت، بەزمانی کوردی و عەرەبی بەرهەمەکانی نووسیوە و دەنووسێت، لە بواری

لێکۆڵینـەوە و وەرگێڕان و بابەتـی زانسـتی ئەدەبی و فیکری و لێکۆڵینـەوە و توێژینـەوەش، تا ئێسـتا چەند بەرهەمێکی چاپ و بڵاوکردۆتـەوە کە ئەمانـەن:



بەرهەمەکانی
نووسەر و وەرگێڕ خالد جەمیل

- الجزيـري، شـاعر الحـب و الجمـال، بەزمانـی عەرەبـی، لێکۆڵینـەوە، سـاڵی ٢٠٠٦ چـاپ و بڵاوکراوەتـەوە، ئـەم بەرهەمـەی وەرگێڕدراوتـە سـەر زمانـی تورکـی.
- من القضايا المعجمية الكردية، لێکۆڵینـەوە، ساڵی ٢٠٠٨.
- میترۆی حەلەب(Metroya Helabe)ڕۆمانی نووسـەر مەهـا حەسـەن، وەرگێـڕان لـە زمانـی عەرەبییـەوە بـۆ سـەر زمانـی کـوردی- شـێوەزاری کرمانجـی، سـاڵی ٢٠٢٣.
- المجازفة في الكلام، لێکۆڵینـەوە دەربارەی رای هەندێ نووسـەری عـەرەب دەربـارەی زمانـی کـوردی.
- پەرتـوکا مـن(Pirtuka min)بەهاوبەشـی لـە گـەڵ نووسـەرانی زمانـی کـوردی، دیمەشـق، ٢٠٠٦.



لە لای ڕاستەوە: بەڕێز دکتۆر بەسام مەرعی، نووسەر خالد جەمیل

- ڕۆمانی(رهائن الخطيئة) لە نووسینی ڕۆماننووسی سووری(هيثم حسين)وەرگێڕان لە عەرەبی بۆ کوردی شێوەزاری کرمانجی بەناو نیشانی(Qurbaniyen Gunehkarya)ساڵی ٢٠١٨.

چەند بەرهەمێکی دیکەشی ئامادەیە بۆ چاپ.

ئەو وەکو نووسەر و وەرگێر و ڕاگەیاندنکار چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە و هەیە لەوانە:

- وەکو مرۆڤێکی(مستقل- بێ لایەن)دوو خول جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردی سووریا(ENKS)بووە، لە ساڵی ٢٠١٣ەوە وازی لە کاری سیاسی هێناوە.
- لە ساڵی ١٩٨٧ەوە تا ئێستاش بەردەوامە لە کردنەوەی خولی فێربوونی زمانی کوردی و عەرەبی بۆ قوتابیانی کورد لە قامشلۆ و دەوروبەری و هەولێریش.



لە لای ڕاستەوە: ڕەوانشاد هاوسەری نووسەر خالد جەمیل، نووسەر خالد جەمیل



**لە لای ڕاستەوە: (سیماڤ، مایا، ژین، زانین)کچەکانی نووسەر خالد جەمیل، دانیشتووەکە نووسەر خالد جەمیل**

بەشـی زۆری نووسـینەکانی لـە سـاتیە ئەلیکترۆنییەکانـی کـوردی و عەرەبـی بڵاوکردۆتـەوە و دەکاتـەوە.

- لـە ١٣ - ٣ - ٢٠١٦ خەڵاتـی جـوان میرانـی بـۆ ڕۆژنامەگـەری کـوردی پێبەخشـراوە.

بـۆ نووسـەر و زماننـاس و وەرگێـر و میدیـاکار خالـد جەمیـل هـەر سـەرکەوتوو و بـەردەوام بیـت لـە نووسـینە پوخـت و ئاسـت بەرزەکانـت.

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیـەک ژیاننامـەی نووسـەر و وەرگێڕ خالـد جەمیل، هاوڕێم شـاعیر و نووسـەر کۆنـی ڕەش لـە قامشـلۆ بـۆی ناردووم، سوپاسـی دەکـەم.

٢ - هەندێ زانیاری لە نووسەر و وەرگێر خالد جەمیل خۆی، وەرگیراوە.

٣ - نووسین و ئامادەکردنی خۆم.




# ڕۆشان لەزگین

شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووس و وەرگێڕی دیار و ناسراوی باکووری کوردستان مامۆستا ڕۆشان لەزگین..

نووسەر و وەرگێڕ ڕۆشان لەزگین لە ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی(دەنگلەهەوا)ی سەر بەلجێی ئامەد(دیاربەکر) لەدایک بووە، لە هەموو تەمەنی خۆی تەنیا چوار ساڵ چووەتە بەر خوێندن، بەڵام هەر دوو زمانی فارسی و تورکی زۆر باش دەزانێت، جگە لە شێوەزارەکانی کوردی(زازایی، کرمانجی، سۆرانی)یش دەزانێت.

نووسەر و وەرگێڕ ڕۆشان لەزگین پاش ساڵی ١٩٩٦ دەستی بەنووسینی ئەدەبی و بابەتی هەمەجۆری دیکە کردووە و لە گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە کوردییەکان(زازایی و کرمانجی) و تورکییەکان بڵاوی کردوونەتەوە، دواتر دەستی بە نووسینی چیرۆک و بابەتی و زمانەوانی و فەرهەنگ و وەرگێڕان کردووە، ئەو بەبڵاوکردنەوەی چیرۆکی(بنێ دارا ڤلێرە دە) کە بە شێوەزاری(زازایی) نووسراوە و بەپیتی کوردی لاتینی، دواتر کراوەتە کرمانجی و چاپکراوە، ساڵی ٢٠٠٢ خەڵاتی ئەدەبیاتی(Apec Forlag)ی پێ وەرگرتووە، هەروەها بە چیرۆکی(سەرکەتنا کەوان) لە یەکەم کێبڕکێی چیرۆک بۆ منداڵان کە شارەوانیی(سوورە)ی لە دیاربەکر

ڕێکیخسـتووە بەشـدار بـووە و خەڵاتـی پلـەی دووەمـی پێبەخشـراوە.

نووسـەر و چیرۆکنـووس و فەرهەنگنـاس و وەرگێـڕ ڕۆشـان لەزگیـن چەندیـن شـاکاری فارسـی و تورکـی وەرگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی- شـێوەزاری کرمانجی و زازایی، هەندێ نووسـین و لێکۆڵینـەوەی شـێوەزاری سۆرانیشـی وەرگێڕاوەتـە سـەر کرمانجـی، بەشـی زۆری بەرهەمەکانیـش بـە پیتـی کـوردی لاتینـی نووسـیوە، تـا ئێسـتا چەندیـن بەرهەمـی سوودبەخشـی چـاپ و بڵاوکردۆتـەوە ، ئەمانـە هەندێکیانـن:

- بنێ دارا ڤالێرە دە، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاپەجێ، ستۆکهۆڵم ٢٠٠٢، چاپی دووهـەم، بڵاوکراوەی ڤاتەیی، ئیسـتانبول ٢٠٠٣.
- دێسان دە سوورەتێ ما نمتە، بڵاوکراوەی ڤاتەیی، ئیستانبول، ٢٠٠٥.
- فەرهەنگی ئیدیۆمانێ کوردی، بڵاوکراوەی ڤاتەیی، ئیستانبول، ٢٠٠٥.
- هالین، بڵاوکراوەی کۆمالێ، ئیستانبول، ٢٠٠٦.
- ئەز گولێ ڕا هەس کەنا، بڵاوکراوەی ڤاتەیی، ئیستانبول، ٢٠٠٧.
- سـانکانێ دیاربەکری ڕا گولدەسـتەیەک، ئەنسـتیتۆی کەلەپووری کـوردی، دهـۆک، ٢٠٠٩.
- گۆتن دچر نڤیس دمانە، بڵاوکراوەی پێری، ئیستانبول، ٢٠٠٩.
- ئەدەبیاتێ کورماجی ڕا نموونەیی، بڵاوکراوەی ئەنستیتۆی زمانەکان کە لـە تورکییـە دەژیـن لـە زانکـۆی ئارتوکلو، ماردیـن، ٢٠١٢.




**بەرهەمەکانی نووسەر و وەرگێڕ ڕۆشان لەزگین**



بەرهەمەکانی نووسەر و وەرگێڕ ڕۆشان لەزگین

- تارییا ئادری دە، بڵاوکراوەی ڕۆشنا، دیاربەکر، ٢٠١٢.
- دەرسێ زوانی، بڵاوکراوەی ڕۆشنا، دیاربەکر، ٢٠١٢.
- فەرهەنگێ کوردی (زازاکی) - تورکی و تورکی - کوردی (زازاکی)، بڵاوکراوەی ڕۆشنا، دیاربەکر، ٢٠١٣.
- ژ بۆ کورمانجان ب ئاوایێ موقایەسەیی: گرامەرا کوردی(زازاکی)، بڵاوکراوەی ڕۆشنا، دیاربەکر، ٢٠١٣.

**ئەو وەرگێڕانانەی کە بڵاویکردوونەتەوە:**

- سوزان سامانج، سیا بێدەنگییێ (وەرگێڕان لە تورکییەوە)، بڵاوکراوەی ئارام، ئیستانبول، ٢٠٠١.
- ڕۆشان لەزگین، ل بن دارا بییێ، (وەرگێڕان لە زازاکییەوە)، بڵاوکراوەی ئەلما، ئیستانبول، ٢٠٠٣.
- سادق هیدایەت، سێ دڵۆپ خوین (وەرگێڕان لە فارسییەوە)، بڵاوکراوەی وار، دیاربەکر، ٢٠٠٤.
- مالمیسانژ، جەمیل پاشازادەیێن دیاربەکری و نەتەوەپەروەرییا کوردی، بڵاوکراوەی ڤاتەیی، ئیستانبول، ٢٠٠٨.
- ئیسماعیل بەشیکچی، زمان - ناسنامە، نەتەوە و نەتەوەپەروەری، بڵاوکراوەی پێری، ئیستانبوول، ٢٠٠٨.

- ئاندرانیک، دەرسیم- ڕایوانی و جۆگرافیا، بڵاوکراوەی ڤاتەیی، ئیستانبول، ٢٠١٠.
- بەرفین زەندەرلئۆگلو و میرزا مەتین، مێردەییَ شەوە، بڵاوکراوەی ئاڤەستا، ئیستانبوول، ٢٠١١.
- پەروەردە دە تەتبیقیَ زوانیَ داییکە، بڵاوکراوەی دیسا، دیاربەکر، ٢٠١٣.
- پۆلیتیکاییَ زافزوانییە و پلانکەردشیَ زوانی، بڵاوکراوەی دیسا، دیاربەکر، ٢٠١٣.

نووسەر و چیرۆکنووس و وەرگێڕ ڕۆشان لەزگین هێشتا لە ژیان ماوە و لە شاری(ئامەد)دەژیت و بەردەوامە لە نووسینە جوان و ئاست بەرزەکانی، هیوای بەردەوام بوون و سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.

سەرچاوەکان:

١ - کوردیپیدیا.
٢ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.
٣ - زانیاری و نووسینی خۆم.



## ڕەسووڵ سوڵتانی

**تــۆ برینێکــی قووڵی نێــو ڕۆحمی**
**هەمــوو بەیانیان لێــم دەکولێتەوە**
**چاوەڕێتریــن وەرزی ئەوینــم**
**نامــرم هەتــا لــە پــڕ دێیــەوە.**

شــاعیر و نووســەر و ڕۆژنامەنــووس و وەرگێــڕ و لێکۆڵــەر ڕەســووڵ ســوڵتانی لــە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان..

شــاعیر و نووســەر و وەرگێڕ ڕەســووڵ ســوڵتانی لــە ســاڵی ١٩٧٦ لــە گوندی(حاجیلەکی)ســەر بەشــاری(بۆکان) لــە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان لــە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، پاش تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی و بەشی زمان و ئەدەبی فارسیشی لە زانکۆی بۆکان تەواوکردووە، دیارە ماوەیەک پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردســتانی ئێران بــووە، لــە ســاڵی ٢٠٠٤ چووەتــە باشــووری کوردســتان و لــە بەشــی چاپەمەنــی و ڕاگەیاندنــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان کاری کــردووە، لــە کۆتایــی نۆهەتەکانــی ســەدەی ڕابــردوو دەســتی بــە نووســینی شــیعر و وتــاری سیاســی و کۆمەڵایەتــی و وەرگێــڕان و بابەتــی هەمەجــۆری دیکە کردووە و لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی باشوور لەوانە(کاروان،



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر حەسەن دانشفەڕ، شاعیر خالیدی حیسامی(هێدی شاعیر)، شاعیر و وەرگێڕ ڕەسووڵ سوڵتانی**

ڕامان، ئایندە، ئایدیا، بیاڤ، چلاوز، ویران، ٢٣، گزنگ، هەڵبوون، ڕاڤە و چەندانی دیکە) بڵاوکردۆتەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٩ وەکو ستافی لاپەڕەی ئەدەبی گۆڤاری هەولێر کاری کردووە و نووسینەکانی خۆشی تێدا بڵاوکردۆتەوە.

لە ساڵی ٢٠١١ وەکو پسپۆری زمانەوانی هاوکاری دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان کردووە، ئێستاش لە وڵاتی سوید دەژیت.

ئەو وەکو شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ تا ئێستا زیاتر لە(٥٠) بەرهەمی لە نووسینی خۆی و وەرگێڕانی شاکاری شاعیر و نووسەر و ڕۆماننووسە جیهانییەکان لەوانە (لیۆ تۆلستۆی، یەشار کەمال، فەریبا وەفی، ئیڤان تۆرگینیڤ، فرانتس کافکا، مونیرۆ ڕەوانیپوور، ڕەحمانی حەلەوی، ئانتۆن چیخۆڤ، بزورگی عەلەوی، باربارا نۆکمان، هاروکی مۆراکامی، محمود دەوڵەت ئابادی، ئەلبێر کامۆ، جۆن ستیوارت میل، جان جاک ڕۆسۆ و چەندانی دیکەش)هەیە کە لە زمانی فارسی و زمانەکانی دیکە وەرگێڕاوەتە

سەر زمانی کوردی و هەمووشی لە چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانە هەندێکییانن: - ئیمیل، نووسینی جان جاک ڕۆسۆ، وەرگێڕان.

- شیعرانەی بۆ ئێوەم نووسین.

- ژن لە فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاوادا.

- پێشەوای ڕابوون - بیرەوەرییەکانی سەعیدی هومایون. وەرگێڕان.

- ژان، مارگریت دوراس، وەرگێڕان، ٢٠٠٦.

- زیارەتی ماچ، کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی.

- دیوانێکی شیعری تەنزئامێز بەناوی(ماکەرنامە).

- تاعوون، ئەلبێرت کامۆ، وەرگێڕان.

- کۆیلەکردنی ژنان، نووسینی جۆن ستیوارت میل، وەرگێڕان.

- لە لینینەوە بۆ پوتین، نووسینی مەحمود تلووعی، وەرگێڕان.

- ئاسییە، نووسینی ئیڤان تۆرکینیف، وەرگێڕان، ٢٠١٣.



لەلای ڕاستەوە: شاعیر و وەرگێڕ ڕەسووڵ سوڵتانی، نووسەر عەبدوڵڵای حەسەن زادە

- کچانی کابول، نووسینی دیبۆرا ئیلیس، وەرگێڕان.
- ڕووخان، نووسینی ئەلبێرت کامۆ، وەرگێڕان، ٢٠١٣.
- ئاغاکانی ئاقچاساز، نووسینی یەشار کەمال، بەرگی یەکەم، وەرگێڕان، ٢٠١٣.
- ئاغاکانی ئاقچاساز، نووسینی یەشار کەمال، وەرگێڕان، بەرگی دووەم.
- گاوان، نووسینی مەحمود دەوڵەت ئابادی، وەرگێڕان.
- ئەو دیوی کوێستان. زەوی ئاسن و ئاسمان مس، نووسینی یەشار کەمال، وەرگێڕان، ٢٠١١.
- ئەو دیوی کوێستان ئەسەوندەک، یەشار کەمال، وەرگێڕان، ٢٠١١.
- سێبەری هەڵۆ، نووسینی خۆی.
- سەفەر و ئاسکۆڵەکەی بەختم گوزەل، نووسینی مەحموود دەوڵەت ئابادی، وەرگێڕان، ٢٠١١.
- مانگ پڕ دەبێ، ڕۆمان، لە نووسینی فەریبا وەفی، وەرگێڕان.




**بەرهەمەکانی شاعیر و وەرگێڕ ڕەسووڵ سوڵتانی**

- کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست، نووسینی خۆی، ٢٠١٠.
- یاخی، یەشار کەمال، وەرگێڕان، ٢٠١٤.
- ڕاوی مەڕەکێوی، نووسینی هاروکی مۆراکان، وەرگێڕان.
- مێژووی گەمژەیی، نووسینی باربارانۆکمان، وەرگێڕانی بۆ فارسی دکتۆر حەسەن کامشاد، وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی ڕەسووڵ سوڵتانی.
-مۆرانە، نووسینی بزرگی عەلەوی، وەرگێران، ٢٠١٦.
- کۆبەرهەمی ئانتۆن چیخۆڤ، وەرگیڕان،بەرگی ١.
- کۆبەرهەمی ئانتۆن چیخۆڤ، وەرگیڕان، بەرگی٢.
- کۆبەرهەمی ئانتۆن چیخۆڤ،وەرگیڕان بەرگی٣.
- کۆبەرهەمی ئانتۆن چیخۆڤ، وەرگیڕان بەرگی ٤.
- کۆبەرهەمی ئانتۆن چیخۆڤ، وەرگیڕان، بەرگی ٥.
- کۆبەرهەمی ئانتۆن چیخۆڤ، وەرگیڕان، بەرگی٦.
- کۆبەرهەمی ئانتۆن چیخۆڤ، وەرگێڕان، بەرگی٧.
- لە ئەرشیفی پێشەوا قازی دا، ئەم بەرهەمە لە لایەن هەریەک لە ڕەسووڵ سوڵتانی و حەسەن دانیشڤەر و د.عەبدولڕەزاق عوسمان ناوەندەیی و دکتۆر موسی مەمەدەڕەش خوێندنەوە و دووبارە نووسینەوە و پێداچوونەوەی بۆ کراوە و وەک خۆی بە پێی بەرگەکان دابەش کراوەتەوە.

دکتۆر عەبدولڕەزاق عوسمان ناوەندەیی، یەکێک لە ئامادەکارانی کتێبەکە لە ڕاگەیەندراوێکدا ووتوویەتی:(ئەو کۆمەڵە دەستنووسە بەشێکی زۆریان بە دەستوخەتی پێشەوا قازی محەمەد نووسرابوونەوە، لە زۆر لایەنەوە شیاوی سەرنجن).

- لە مەهابادەوە تا بایکانۆر، نووسینی ڕەحمانی حەلەوی، وەرگێڕان، ٢٠٢٣.
- لافاوە بەهارییەکان، نووسینی ئیڤان ئۆرگینیڤ، ٢٠٢٣.
- قەرەجەکەی دەوری ئاگر، نووسینی مونیرۆ ڕەوایپوور، وەرگێڕان.

- کلیل، کورتەباس.
- سێدارە. کورتەباس.
- دووعاکەی پوورە ئایشێ، کورتەباس.
- نیوە چڵ، کورتەباس.

چەندین بەرهەمی دیکەش.

بۆ شاعیر و نووسەر ڕەسووڵ سوڵتانی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە نووسینە پوخت و جوانەکانت.

**سەرچاوەکان:**

١ - کوریپیدیا.
٢ - Basnews، نووسینیک لە ٢٧- ٩ - ٢٠٢٢.
٣ - ماڵپەڕی Rudaw، نووسینێک لە ٢٦ - ٧ - ٢٠١٨.
٤ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## زانا خەلیل

شـاعیر و نووسـەر و وەرگێـڕ زانـا خەلیـل لـە ١ - ٧ - ١٩٧٦ لـە گەڕەکی(شـۆڕش)ی نـاو شـاری هەولێـر لـە خانەوادەیەکـی کوردپـەروەر لـە دایک بووە، هەمـوو قۆناغەکانی خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هـەر لـە نـاو شـاری هەولێر تەواوکردووە، دواتریش بەشـی زمانـی کوردی لـە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سـەلاحەدین بەسـەرکەوتوویی تەواکردووە، لە سـاڵی ١٩٩٦ ڕووی لـە هەنـدەران کـردووە و لـە وڵاتـی ئەڵمانیـا نیشـتەجێبووە و، هـەر زۆر زوو پەیمانگای(Bbis)و (Eno schulen)ی فێربوونـی زمانـی ئەڵمانی تەواوکـردووە.

شـاعیر و نووسـەر و وەرگێڕ زانا خەلیل لـە نیوەی دووەمی نەوەدەکانی سـەدەی ڕابـردوو گڕوگاڵـی شـیعر نووسـینی کـردووە، ئاشـنایەتییەکی باشـی لـە شـیعری کلاسـیکی و نوێخـوازی کـوردی و عەرەبـی پەیـدا کـردووە، لـە کۆتایی نەوەدەکانیش بە تـەواوی چووەتە نـاو دنیای شـیعر و ڕۆماننووسـین، دواتریـش وەرگێـڕان و لێکۆڵینـەوەی ئەدەبـی و ڕۆشـنبیری و بابەتـی هەمەجـۆری ڕۆژنامەوانیـش.

شـاعیر و نووسـەر و وەرگێـڕ زانـا خەلیـل تـا ئێسـتا کۆمەڵێک بەرهەمـی نـاوازە و ئاسـتبەرزی لـە شـیعر و ڕۆمـان و وەرگێڕان نووسـیوە و چـاپ و



**لە لای ڕاستەوە: شاعیری دیار و ناسراوی کورد مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێو، شاعیر زانا خەلیل**

بڵاویشـیکردوونەتەوە، کـە ئەمانـەن:

- کڕنووش، شیعر، ١٩٩٥.
- فیردەوسی بەفرەکان، شیعر، ١٩٩٦.
- سەفەرەکانی ئۆرشەلیم، شیعر، ١٩٩٨.
- سەفای تەم، شیعر، ٢٠٠٠.
- لانەتان کێڵگەی حەشیشە، شیعر، ٢٠٠١.
- دیالۆگی لالێک لە ماسنجەری پەپوولەکاندا، شیعر، ٢٠٠٤.
- گومان مەکە خۆشمدەوێی (لیرک)، ٢٠٠٥.
- مۆبایلە شیعر، ٢٠٠٥.
- کتێبی شێوازەکان، ٢٠٠٦.
- درۆیەکی دیکەی شاعیر، ٢٠٠٨.
- دەسپێکی دەسپێکێکی نوێ، ٢٠٠٩

- چوونە دەرەوەیەک نەماوە بۆ هاتنە ژوورەوە، 2012.
- سەگێک لە خوێنمدا... ٢٠١٥.
- کە پیاو عاشق دەبێ لە ڕاوچییەوە دەبێتە نێچیر، ٢٠١٩.
- ژنی فڕۆکەوانەکەی F١٦ و ئەوانی دیکە..، ٢٠١٩.
- گەشتێک بەرەو ژنەکان، ڕۆمان، ٢٠٠٥.
- ئیرەم، ڕۆمان، ٢٠٠٦.
- ئۆلگا بۆڕۆدینۆڤا، ڕۆمان، ٢٠٠٦.
- لە کەناری ڕووباری (راین)دا، ڕۆمان، ٢٠٠٧.
- لە سەرووی عاشقبوون، ڕۆمان، ٢٠٠٧.
- مەملەکەتی بەردەکان، وەرگێڕان- کۆمەڵە شیعرێکی نویی ئەڵمانییە، وەرگێڕان لە ئەڵمانییەوە.
- ئەستێرەکانی زەمین، وەرگێڕان، بەرگی یەکەم.
- ئەنتۆلۆژیای شیعری شاعیرانی جیهان، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە(٦٠٠) لاپەڕەیە.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر زانا خەلیل، شاعیری گەورەی کورد ڕەوانشاد شێرکۆ بێکەس، نووسەروشاعیر هاشم سەڕاج، شاعیر و نووسەر کەریم دەشتی**

- ئەستێرەکانی زەمین، وەرگێڕان، بەرگی دووەم.
- ئەنتۆلۆژیای شیعری شاعیرانی جیهان، لە عەرەبییەوە.. ٦٠٠ لاپەڕە.
- حیکمەتە زیندووەکانی زەمین، بەرگی یەکەم، ئەفۆریزم، لە عەرەبییەوە.. ٦٠٠ لاپەڕە.
- حیکمەتەکانی شەمس و مەولانا، ئەفۆریزم، دەزگای کەلتوور چاپی کردووە.
- حیکمەتی گەوران، ئەفۆریزم، دەزگای کەلتوور چاپی کردووە.
- تایبەت، ئەفۆریزم، دەزگای کەلتوور چاپی کردووە.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر ئیسماعیل بەرزنجی، شاعیر زانا خەلیل**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و لێکۆڵەر مامۆستا باهۆز مستەفا، هونەرمەند مامۆستا قەرەنی جەمیل، هونەرمەند مامۆستا فەرهەنگ غەفوور، شاعیر زانا خەلیل**



لە لای ڕاستەوە: فۆلکلۆریست ڕەوانشاد خالید جوتیار،
نووسەر و ڕۆژنامەنووس ڕەوانشاد مەحموود زامدار، شاعیر زانا خەلیل



لە لای ڕاستەوە: خاتوو هاوسەری شاعیری دیار و ناسراوی کورد مامۆستا قوبادی جەلیزادە،
شاعیر زانا خەلیل، شاعیر قوبادی جەلیزادە

- نهێنییەکانی پیاوان.. نهێنییەکانی ژنان، دەزگای کەلتوور چاپی کردووە.
- ئیرۆتیک لە شیعری (نالی)دا، لێکۆڵینەوە.
- واتا لە شیعردا، لێکۆڵینەوە.
- فەرهەنگی زمانی شیعر و چەند خوێندنەوەیەکی دیکە، لێکۆڵینەوە.



دانیشتووەکە: شاعیر ڕەوانشاد نەوزاد ڕەفعەت،
شاعیر زانا خەلیل



لە لای ڕاستەوە: شاعیر زانا خەلیل،
نووسەر دکتۆر فەرهاد پیرباڵ



لە لای ڕاستەوە: شاعیر زانا خەلیل، نووسەر و چیرۆکنووس و لێکۆڵەر مامۆستا عەزیزی مەلای ڕەش

- لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان، لێکۆڵینەوە.

ئەم بەرهەمانەشی ئامادەیە بۆ چاپکردن:

- کۆبەرهەمی شاعیری ڕەوانشاد بورهان جاهید.
- کۆبەرهەمی شاعیری ڕەوانشاد عەبدولجەبار کانی.

- هەڵبژادەردەیەک لە شیعری شاعیرانی جیهان، وەرگێڕان.

- دیوانێکی تازەی خۆی.

- چەندین بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و لێکۆڵینەوەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.

- چەندین بەرهەمی شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ زانا خەلیل وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی(عەرەبی، فارسی، فەرەنسی، تورکی، دانمارکی، ئینگلیزی، ئیسپانی و چەندین زمانی دیکەش)ئەمانە هەندێکیانن:

- كذبةٌ اخرى.. ترجمة: الشاعر و الكاتب مكرم رشيد الطالباني.

- لم يَعُد هناكَ مخرجٌ للولوجِ.. ترجمة: شاعر و الكاتب مكرم رشيد الطالباني.

- كلبٌ في دمي.. ترجمة: الاستاذ نهاد محمود النجار.

- THE SOMEONE ELSE، لە لایەن شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ محەمەد حوسێن موهەندیس وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی، ٢٠٢٠.

شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر و وەرگێڕ زانا خەلیل لە بواری ڕۆژنامەگەری و کاری دامەزراوەیی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و پیشەییەکانیش چەندین چالاکی نواندووە لەوانە:



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر موحسین ئاوارە، شاعیر زانا خەلیل



لە بەرهەمەکانی
شاعیر و نووسەر زانا خەلیل

- لە ساڵی ١٩٩٥ ماوەیەک سەرنووسەری گۆڤاری (ئاژێر)بووە.

- هەر لە ساڵی ١٩٩٥یش ماوەیەک سەرپەرشتیاری ئەدەبیی ڕۆژنامەی ئەمڕۆ بووە.

- لە ساڵی ١٩٩٥ لەگەڵ نووسەر مامۆستا هاشم سەڕاج گرووپی(بردەرانی زناک)یان دامەزراندووە.

- ماوەیەک بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری ڕاوێژ بووە.


- ماوەیەکیش بەڕێوەبەری کەناڵی تەلەڤزیۆنی(قەڵات)بووە.

- بەڕێوەبەری (چالاکی ویژەیی هەولێر)یش بووە.

- دامەزرێنەری سەنتەری ڕۆشبیری ڕێژیار بووە.

- لە گەڵ شاعیر و نووسەر مامۆستا باهۆز مستەفا گۆڤاری (٢+٥)یان دامەزراندووە.

- لە گەڵ چەند نووسەرێکی دیکە خاوەنی بیرۆکە و دامەزراندنی (ماڵی کتێب)ن، چەندین چالاکیی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییان نواندووە، لەوانە چاپکردنی دەیان کتێب و دروستکردنی کتێبخانەیەکی شەش هەزار کتێبی


بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر زانا خەلیل

بۆ بەندیخانەیەک و چەندین کەرنەڤاڵ و فێستیڤاڵی ئەدەبی و هونەری.

- سەرپەرشتیاری (یەکەمین دیداری ئەدەبی کوردی) لە هەولێر بووە کە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان)ڕێکیخستبوو..

- ئەندامی لیژنەی هەڵسەنگاندنی چەندین پێشبڕکێ و فیستیڤاڵی ئەدەبی بووە و سەرپەرشتیاری چاپکردنی دەیان کتێبیشی کردووە.

- ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.


- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی هەولێرە.

بۆ شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ مامۆستا زانا خەلیل، هەر بەردەوام و سەرکەوتوو بیت لە نووسینە پوخت و جوانەکانت.

سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک ژیان و بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ مامۆستا زانا خەلیل، کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، زۆر سوپاسی دەکەم.

٢ - نووسینی خۆم.



# ڕەشید سیوەیلی

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ، مامۆستا ڕەشید سیوەیلی...

ناوی تەواوی(ڕەشید کەریم سیوەیلی)یە، لە ٨ - ٥ - ١٩٥٧ لە گوندی(وەلیاوە)ی سەر بەناوچەی شارباژێڕی پارێزگای سلێمانی لە دایک بووە، بەهۆی چەند زروفێکی تایبەت بە خێزانەکەیان کەوتوونەتە شارەکانی ناوەڕاستی عێراق و، دواتریش لە شاری بەغدا نیشتەجێبووینە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی پیشەسازی هەر لە بەغدا تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٩٤ ڕووی لە هەندەران کردووە و، لە شاری(کۆلۆن)ی ئەلمانیا گیرساوەتەوە، ئێستاش هەر لەوێ دەژیت.

شاعیری نووسەر و لێکۆڵەر و وەرگێڕ ڕەشید سیوەیلی لە بەر ئەوەی هەموو خوێندنەکانی بە زمانی عەرەبی بووە بۆیە شارەزاییەکی باشی لە زمانی عەرەبیدا هەیە، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بەخوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی و نوێی کوردی و عەرەبی کردووە و، سەرەڕای خوێندنەوەی شاکارە وەرگێڕدراوەکانی عەرەبی و جیهانی ، پاش پەیدا کردنی پاشخانێکی باشی ئەدەبی و ڕۆشنبیری ، گڕوگاڵی شیعر نووسینی بە زمانی کوردی و عەرەبی کردووە، لە سەرەتای هەشتاکانیش بەتەواوی کەوتۆتە ناو دنیای نووسینی شیعر و بابەتی ئەدەبی



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و وەرگێڕ ڕەشید سیوەیلی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس جەمال خەزنەدار، شاعیر خاتوو سروە عوسمان(سروەی بەیان)**

و شرۆڤەکردنی شیعری شاعیرانی عەرەب و کورد و لێکۆڵینەوەی ئەدەبییش، دواتر دەستی بە وەرگێڕان لە عەرەبییەوە بۆ کوردی و بەپێچەوانەش کردووە، تا ئێستا چەند بەرهەمێکی پوخت و جوان چاپ و بڵاوکردۆتەوە، چەندین بەرهەمیشی ئامادەیە بۆ چاپ کە ئەمانەن:

- دیوانە شیعری ـ کۆرپەی کۆرپەکەم غوربەتی لا سڕیمەوە.
- چیرۆکی دەربەندی بەفر و شاخ ـ وەرگێڕان، فەرمان کەریم زادە.
- سەگە بەڵەک، وەرگێڕان ـ جنگیز ئیتماتۆف.
- دەهەمین پیاو، وەرگێڕان ـ گراهام گرین.

ئەو بابەتانەی کە ئامادەن بۆ چاپ:

- سیاسەتی ئیستعماری حیزبی بەعسی سوری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەرگێڕان، دکتۆر جواد مەلا.
- کەللەسەری قرتاو ـ چیرۆکێکی وەرگێردراو لە نووسینی ئیریس مەردۆخ.
- دوو دیوانی شیعری شاعیر عبدالقادر سەرچناری لە کوردییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.

- هل كتب علي الموت..! بەزمانی عەرەبی نووسراوە و ئامادەیە بۆ چاپ.
- چیرۆکی (گەڕانەوەم بۆ بەتالیۆنی نۆ) ئامادەیە بۆ چاپ.
- ڕۆمانی (ئاناستازیا)ی کە زیاتر لەهەزار لاپەڕەیە بە زمانی کوردی نووسیوە و ئامادەیە بۆ چاپ.
- چەندین بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ڕەخنەیی و و شرۆڤەکردنی شیعری شاعیرانی کورد و عەرەبی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکان بڵاوکردۆتەوە.

شاعیر و نووسەر وەرگێڕ ڕەشید سیوەیلی چەندین چالاکیی دیکەشی هەبووە لەوانە:

- لە ٧ - ١٠ - ٢٠١٧ لە سەنتەری کەلتووری کوردی لە شاری(هانۆڤەر)ی ئەڵمانی لە گەڵ شاعیر خاتوو سروە عوسمان ناسراو بە(سروەی بەیان) لەژێر دروشمی(لە گەڵاڕێزانی وڵاتێکی پڕ حەسرەتەوە بۆ کەنارە خۆرنشینەکانی غوربەت) بەشداریی کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەی کردووە.
- هەر لە گەڵ شاعیر خاتوو سروە عوسمان زیاتر لە(٤٠) شیعری وەڵامدانەوەیان هەیە و هەندێکیشیان بڵاوکراونەتەوە.
- شاعیر و نووسەر ڕەشید سیوەیلی هەر چەندە تەندروستی زۆر تەواو



**کۆڕی شیعریم لە شاری هانۆڤەر- ئەڵمانیا - لە لای ڕاستەوە: دانیشتووەکان پێنجەمین کەس شاعیر خاتوو سروە عوسمان، لە لای ڕاستەوە: ڕاوەستاوەکان هەشتەمین کەس شاعیر و وەرگێڕ ڕەشید سیوەیلی**

نییە، بەڵام بەردەوامە لە نووسین و وەرگێڕانە پوختەکانی و، چالاکیشە لە ماڵپەڕی فەیسبووکی خۆی.

هیوای سەرکەوتن و بەردەوام بوونی بۆ دەخوازین.

نموونەی دەقێکی باڵا لە وەڵامدانەوەی شیعریدا...

**(وێڵبوون لە وڵاتا بەدوای تۆدا)**

**نووسینی: ڕەشید سیوەیلی**

ئێستا لە کوچە و کۆڵانەکانی وڵات
بەرەو لای تۆ باڵدەگرم،
ئەمڕۆ لە شەقامەکانی غوربەتی
باڵەفرێییدا
گۆی چاوێکم دانا،



**لە لای چەپەوە: ڕەشید سیوەیلی، ڕەوای کوڕی، ئاراسی زاواى**



خۆی و خێزانەکەی

له ماتەمی و نامۆییم
بە شادبوونەوە
چاوەکەی ترم دانا، ئەی دانا!
ئای ڕەفیقان
پێم بڵێن،
گۆچانێک هەیە
بەسەرهاتی هەڵفڕینم
بۆ بگێڕێتەوە ؟!
پێم بڵێن،
له کوێوە ڕووناکی مانگ هەڵدەکات
ئەی له کوێوە خۆر ئاوادەبێت!



شرۆڤەی قەسیدەی (دروێەکی پیرۆز)ی عوسمان مستەفا خۆشناو ...



انا مزرعة الخشخاش

رشيد سيويلي- المانيا

سوف أختار كل المخدرات !!
عبادة خالق هو كان مثلي يحشش
ويقول: واعدوا لهم ما استطعتم من قوة و من
رباط الخيل ...
انما سوف أزرع جنتي
بخشخاش أصيل يصل العقل و اللسان
شتان بين السكر والنص والخشخاش
وبين مؤمن بـ الله قائد المصفحة يأمر
ويقول اقتلوا ما صنعت يداي
بأنت مدمنا، يسكن في الأزقة والشوارع
يفرش الأرض ويتغطى بالسماء
لا شاكرا ولا ناكرا
فلك له سوف أبني لك قصرا جدرانه من
الخشخاش وأثاثه من زمرد
ولك حوريات العين والغلمان ما تشاء
شريطة أن تقتل بشرا واحدا
مد يده وأهداني سيجارة وقال:
أيها الأحمق
أنت من ذرية الأديان وشأنك هو
الرحمان والشيطان
الخشخاش ديني وعبادتي حفاظا على الانسان
وها أنا في حقولي أوطر رغيفا للانسان
خشاش يشم رائحة الانسان
حينها تعرف قيمة البشر دع الخالق للمجرمين

من ناگریم
ئەوە شیوەنە شیوەن،
کە کەس نەبوو ڕۆح بنێ بە ڕۆحتەوە
لە تەنیایی تەنیاتر دەردەکەوین!
کێ هەیە کوچەو کۆڵانی زەمەن
تەی پێ نەکردبێ!
تۆ بڵێیت ئەمجارە بێمەوە
بێ گۆچانیش بێت
مزمەعیلیش بم هەر دەتدۆزمەوە
ئای لە نامۆیی غوربەت.

## (وێڵ بوون لە وڵاتا بەدوای تۆدا )

## نووسینی: سروەی بەیان

ئەی غەریب؛
لە کوچەو کۆڵانی وڵاتا و
لە مەغریب و مەشریقی تابلۆیەکدا
بۆ تۆ گەڕام!
ئەمێستا، خۆر لەسوچێکی ئاسۆوە
ڕەنگی شەرمەزاری دەگرێ، ئاوادەبێ.
مانگی چواردە بەنازەوە
لە ئاسماندا دەردەکەوێ
شەوق و خەرمانە دەدا.
شەڕ لەگەڵ چاوی شەو دەکا
بۆ تۆ!
تۆ دەزانی؟!
چاوی مێژوو کوێرایی هات
لە بێچارەیی ئەمڕۆی من؟
تۆ دەزانی،
دڕندەیی مرۆڤەکان
باڵی کێشا بەسەر ژین و ژیانی من؟
تۆ دەزانی
لە ئاسمانیش سایەقەی ساماڵ تۆراو
هەوری چڵکنی لەخۆ گرت
تۆ دەزانی
شەبەنگ و پرشنگی خۆریش
زویربوون و مانیان گرت



هەموو فڕندەکانیش
لە شەقەی باڵیانداو
ڕەوی ئێجگارییان کرد؟
ئەی غەریب ئێستا لە کوچەو
کۆڵانەکانی وڵات
بەرەو لای تۆ باڵ دەگرم.
لە بڵاوکراوەی کتێبی (هەناسەکانی ژنێک)

**سەرچاوەکان:**


١ - کورتەیەک لە ژیاننامە و بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر ڕەشید سیوەیلی، شاعیر و نووسەر خاتوو سروە عوسمان بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ - هەندێ کورتە زانیاری لە شاعیر و نووسەر ڕەشید سیوەیلی خۆی وەرگیراوە.
٣ - نووسینی خۆم.



# ساڵحێ حیدۆ

شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر و توێژەر، کەلەپوور و کەلتوور و فۆلکلۆرناس، ساڵحێ حیدۆ لە ڕۆژئاوای کوردستان...

ناوی تەواوی(ساڵحێ حیدۆ حیدۆ)یە، لە ٦ ئاداری ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی(حەسەن ئاوس)ی سەر بە پارێزگای(حەسەکە)لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە.

شاعیر و نووسەر ساڵحێ حیدۆ هەر لە منداڵییەوە حەزی لە شیعر و گۆرانی و مۆسیقای کوردی بووە، لە ڕێگای باوکی کە شیعری شاعیرانی کلاسیکی(مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، فەقێی تەیران، جگەرخوێن، عوسمان سەبری)بۆ خوێندۆتەوە و هەندێکیشی بە گۆرانی و لاوک بۆ وتووە، هەروەها هەر لە ڕێگای ڕادیۆ بچکۆلانەکەی باوکی گوێی لە بەرنامە و پرۆگرامەکانی ڕادیۆی کوردیی(بەغدا و تاران و یێریڤان)گرتووە، بۆیە سەرەتا خولیای گۆرانی و مۆسیقای کوردی بووە، دواتر فێری ژەنینی ئامێری مۆسیقای کوردی بووە، لەتەک دەست و پەنجە ڕەنگینەکانی لە نەخش و نیگارکێشان، هەر زۆر زووش فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردی بووە، بەنهێنیش وانەی زمانی کوردی بە گەنج و لاوانی کوردی شاری حەسەکە وتووە.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر کۆنێ ڕەش، نەناسراوە، شاعیر و وەرگێڕ خاڵس مسەوەر، شاعیر و نووسەر ساڵحێ حیدۆ**



**لە لای ڕاستەوە: مامۆستا ئەمین سەعدون، شاعیر ساڵحێ حیدۆ، نەناسراوە، شاعیر خاتوو شەمس عەنتەر**

شاعیر و نووسەر و فۆلکلۆرناس ساڵحێ حیدۆ هەموو ژیانی خۆشی تەرخان کردووە بۆ گەڕان و سووڕان لە نێو شار و دێهاتەکانی وڵاتەکەی و هەموو کوردستان، بۆ کۆکردنەوە و تۆمارکردنی کەلتوور و کەلەپوور و فۆلکلۆر و بەیت و بالۆرە و داستان و پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی، هەمووشی لە دەم و زاری ژن و پیاوانی بەتەمەنی ئەو ناوچانەی کە



سەری لێداون وەرگرتووە و تۆماری کردوون، دواتریش دەستی کردووە بە وێنەگرتنی جل و بەرگی کوردی لە هەموو ناوچەکانی کوردستان.

لە هەموو ئەم بوارانەدا بەرهەمەکانی لەژێر ناوی کەلتوور و کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردی کۆکردۆتەوە، ئەو زیاتر لە(٨١) کتێبی نووسیوە و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی بۆ کردوون و، بەرگی بەشی زۆریانی بە وێنەی جوان بە دەست و پەنجە ڕەنگینەکانی نەخشاندووە و، هەمووشی چاپ و بڵاوکردوونەتەوە، کە (٨) یان دیوانی شیعریین و(٤) یان چیرۆکن و دووشیان دەربارەی زمانی کوردیین، ئەوانی دیکە بەشی زۆریان دەربارەی جل و بەرگی کوردی و خوو و ڕەوشت و داستان و بەیت








**شاعیر و نووسەر ساڵحێ حیدۆ**



له لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر ساڵحێ حیدۆ، شاعیر و نووسەر نەجوا یونس




بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر سالحێ حیدۆ







وبالـۆره و قسـەی نەسـتەق و پەنـدی پێشـینانن، لەوانـە (١٤) کتێبیـان لـە باشـووری کوردسـتان چـاپ و بڵاویشـکراوەتەوە.

ئـەو زیاترلـە (١٥٠٠) گۆرانیـی کـوردی لـە هەمـوو کوردسـتان تۆمار و ئەرشـیفکردووە.

شـاعیر و نووسـەر و فۆلکلۆرنـاس سـاڵحێ حیدۆ ئێسـتا لـە بەشـی ئەدەبـی کـوردی لـە کۆلێژی ئادابی زانکـۆی ڕۆژئـاوا وەک(وانەبێـژ) لـە خزمەتکـردن بەردەوامـە.

لـە ژیانـی نووسـین و ئەدەبیاتـی خۆیـدا زیاتـر لە(٢٣)جـار لـە لایـەن دەزگا ئەدەبـی و هونەرییەکانـی ڕۆژئـاوا و باشـووری کوردسـتان خـەڵات و ڕێزلێنانـی بـۆ کـراوە.

بۆ شـاعیر و نووسـەر و کەلتوور و کەلەپوورناس سـاڵحێ حیـدۆ هـەر بـەردەوام و سـەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتـی زمـان و هونـەر و کەلتـوور و کەلەپوور و فۆلکلـۆری کوردیمان.

**سەرچاوەکان:**

١ - چەنـد زانیارییـەک لـە شـاعیر و نووسـەر و لێکۆڵـەر کۆنـێ ڕەش لـە قامشـلۆ وەرگیـراوە.

٢ - چەند زانیارییەک لە ماڵپەڕی نووسەر ساڵحێ حیدو وەرگیراوە.

٣- ماڵپـەڕی ڕۆژنامەی(روناهی)نووسـینێکی نووسـەر قاسـم عەبـاس ئیبراهیـم، لـە ٢٠١٨/٦/٢٧.

٤ - زانیاری و نووسینی خۆم.



# سیما سەمەندی

نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار، ڕەوانشاد خاتوو سیما سەمەندی لە کوردانی ئەرمەنستان ....

ناوی تەواوی(سیما سەمەند عەلی سیابەندۆڤ)لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانی بنەماڵەکەیان لە(بەتلیس)ەوە دەربەدەربووینە و چوونەتە ئەرمەنستان و، لە دەوروبەری ناوچەی(ئەخبارانێ)ی سۆڤیەتی جاران گیرساونەتەوە، ئەو کچی سەمەند عەلی سیابەندۆڤ(١٩٠٩ - ١٩٨٩)بەهۆی ئازایەتی و قارەمانێتی لە شەڕەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی بەیەکێک لە پاڵەوانانی یەکێتیی سۆڤیەتی(جاران)داندراوە، هەر بەم هۆیەشەوە چەندین مەدالیای زێڕ و(٣٥)مەدالیای خەڵات و ڕێزلێنانی وەرگرتووە، سەرنجی سیمای کچی ڕاکێشاوە و ئەویش زۆر زوو کەوتۆتە ژێر کاریگەریی باوکی.

نووسەر سیما سەمەندی لە ساڵی(١٩٣٣) لە گوندی(سەنگەر)ی ناوچەی ئەخبارانێ لە دایک بووە، بەڵام نووسەر و مێژوونووس دکتۆر کارلێنێ چاچانی کە(هاوسەر - مێرد)ی بووە دەڵێت: سیما لە ساڵی ١٩٣٥ لە دایک بووە، پاش تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی، ساڵی ١٩٥٨ بەشی زمان وئەدەبی ئەرمەنی لە زانکۆی یێریڤان تەواوکردووە.



لە لای ڕاستەوە دانیشتووەکان: نووسەر سیمان سەمەندی، نووسەر حەجیێ جندی، ئەوانی دیکە نەناسراون

نووسەر و میدیاکار سیما سەمەندی ئەو کاتەی قوتابیی زانکۆی یێریڤان بووە زۆر چالاک و ئازاو بوێر بووە، هەر زووش دەستی بە نووسینی وتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و کەلتوور و فۆلکلۆر کردووە و بەرهەمەکانیشی لە ڕۆژنامەی(ڕیا تازە)بڵاوکردۆتەوە، یەکەم وتاری خۆی لە ڕۆژنامەی(ڕیا تازە)کە ساڵی ١٩٥٥ بەبۆنەی ڕۆژی چاپەمەنی کوردی دەرچووە بڵاوکردۆتەوە، ئەو لە ساڵی ١٩٥٠ەوە تێکەڵ بە چالاکییەکانی نووسەرانی کوردی ئەرمینیا بووە، هەر زووش سەرنجی نووسەری گەورەی کورد(عەرەبێ شەمۆ)ی ڕاکێشاوە، بۆیە شەمۆ لە شوێنێکدا سەبارەت بە سیما سەمەندی دەڵێت:(لە نێو ئەدەبی کوردیدا لە ئەرمینیا بۆ یەکەم جار کچە کوردێک غەزەل دەنووسێت).

نووسەر سیما سەمەندی لە ساڵی ١٩٦٣ لە ڕادیۆی کوردیی یێریڤان دەستبەکار بووە و ماوەی(٤٠)ساڵ بەبەردەوامی کاری کردووە و ماوەیەک بووەتە لێپرسراوی بەشی ئەدەبی کوردی، زیاتر لە(١٢٦) بەرنامەی دەربارەی زمان و ئەدەب و کەلتووری کوردی و ئەرمەنی ئامادە و پێشکەش کردووە، هەمووشی دواتر لە کتێبی قەدەر (Keder) چاپ و بڵاوکردۆتەوە.

ئەو بەبەردەوامی نووسینەکانی لە ڕۆژنامەی(ڕیا تازە) بڵاوکردۆتەوە و

لـە نووسـینەکانیدا زۆر بایەخـی بەمافـی ژنـان داوە و وەکـو پرسـێکی گرنـگ وەریگرتـووە و هەمیشـە داکۆکـی لـە ژنانـی کـورد کـردووە.

نووسـەر سـیما سـەمەندی لـە بوارەکانـی چیرۆک، پەخشـان، مافـی ژنـان و زمـان و ئـەدەب و کەلتـوور و فۆلکلـۆری کـوردی چەندیـن بەرهەمـی پوخـت و سوودبەخشـی نووسـیوە و بڵاوکراونەتـەوە کـە ئەمانـەن:

- خـەزال (xezal) گوایـە سـاڵی ١٩٦١بڵاوکراوەتـەوە، کـە باسـی خۆشەویسـتیی دوو قوتابیـی کۆلێـژی پزیشـکی(خـەزال و ئەحمـۆ)دەکات، بـەڵام ئـەم چاپـە دیـار نییـە، لـە سـاڵی ١٩٨٦ ئـەم کتێبـە لـە سـوید چاپکراوەتـەوە، دواتریـش لـە لایـەن دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی(ئاڤێسـتا)لە ئەسـتەنبووڵ چاپکراوەتـەوە.
- کتێبـی(دوو شـایی یـان دوو ئاهەنـگ – Du Sahi)کە(٦٥)لاپەڕەیـە و سـاڵی ١٩٦٧ بڵاوکراوەتـەوە.
- کتێبـی گومـان (Guman)کە پێنـج بابەتـی لەخۆگرتـووە(چارەنـووس، گومـان، پۆرسـۆر، کیجـان ڕێـگای ڕاسـت، کـێ بـێ بـاوەڕە)، سـاڵی ١٩٨٢ چـاپ و بڵاوکراوەتـەوە.
- کتێبـی قـەدەر(Keder) ئـەم کتێبـە دوای مردنـی سـیما سـەمەندی لـە لایـەن



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر تێر گریگۆریان، نووسەر سیما سەمەندی، نووسەری ئەرمەنی سەرمێن، نووسەر دکتۆر کارلێنێ چاچانی، وێنەکە لە کۆنگرەی نووسەرانی ئەرمەنی ساڵی ١٩٧٦ گیراوە**

هاوسەرەکەی دکتۆر کارلێنێ چاچانی ساڵی ٢٠٠٩ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، دەتوانرێت ئەم کتێبەی وەکو بیرەوەرییەکانی سیما سەمەندی هەژمار بکرێت.

نووسەر و میدیاکار و ڕۆژنامەنووس سیما سەمەندی هاوسەرگیری لە گەڵ نووسەر و مێژوونووس دکتۆر کارلێنێ چاچانی کردووە و چوار کچیان هەبووە بەناوەکانی(ئازا، گوڵبیهار، زێڕین، زین).



له لای ڕاستەوە: نووسەر سیما سەمەندی، نووسەر دکتۆر کارلێنێ چاچانی



نووسەر سیما سەمەندی



نووسەر سیما سەمەندی
بەجلی کوردی








**بەرهەمەکانی نووسەر سیما سەمەندی**

نووسەر سیما سەمەندی لە ساڵی ٢٠٠٨ کۆچی دوایی کردووە، هەندێ سەرچاوەش دەڵێن: ساڵی ٢٠٠٩ کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

## سەرچاوەکان:


١- ماڵپەڕی duvar، نووسینێکی نووسەر ڕۆهات ئالاکۆم، لە ٢٤ - ١٢ - ٢٠٢٣.

٢ - چەند زانیارییەک نووسەر و ڕۆشنبیر مامۆستا جەمیل مەلاقەرە لە سلێمانی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٣ - ماڵپەڕی Kurd biyogrefi، لە ١٣ - ٨ - ٢٠١٩.

٤ - ماڵپەڕی Kurd. dirok.

٥ - نووسینی خۆم.



# ڕێزان محەمەد سەعید

مامۆستای هونەر و شاعیر و هونەرمەندی شێوەکار، خاتوو ڕێزان محەمەد...

ناوی تەواوی(ڕێزان محەمەد سەعید)ە، لە ناوەندی هونەری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە ڕێزان قەساب ناسراوە، لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە گەڕەکی(کانی قولکە)ی شاری هەڵەبجەی شەهید لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لە شاری هەڵەبجە تەواوکردووە، دواتر ماڵیان چووەتە شاری سلێمانی، خوێندنی ناوەندی و پەیمانگای هونەرە جوانەکانی لە شاری سلێمانی بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە و بووەتە مامۆستای هونەر لە قوتابخانەکانی شار و شارۆچکەکانی پارێزگای سلێمانی، ئێستاش بەردەوامە لە خزمەتکردن لە قوتابخانەیەکی بنەڕەتیی ناو شاری سلێمانی.

شاعیر و هونەرمەندی شێوەکار ڕێزان محەمەد سەعید هەر لە منداڵییەوە حەز و ئارەزووی شیعر و هونەر و ئەدەبی کوردی بووە، ئەو بەشی زۆری شیعری شاعیرانی کلاسیکی و هاوچەرخ و نوێخوازی کوردی و عەرەبی خوێندۆتەوە، پاش ساڵی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بەشیعر نووسین کردووە و لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان بڵاوی کردۆتەوە، تا ئێستا:



لەلای ڕاستەوە: شاعیر خاتوو ڕێژان محەمەد سەعید، نووسەر و ڕۆماننووس شێرزاد حەسەن، نەناسراوە



لە لای ڕاستەوە: شاعیر ڕێژان محەمەد سەعید، شاعیر و نووسەر عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجی

- دیوانێکی شیعری بەناوی(هەناسە) ساڵی ٢٠٢٢ چاپ و بڵاوکردۆتەوە.
- دیوانێکی شیعری دیکەشی ئامادەیە بۆ چاپکردن.
- چەندین پارچە شیعری وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی تورکی و عەرەبی لە کتێبدا چاپ و بڵاوکراونەتەوە.
- بەچەند پارچە شیعرێک بەشداری لە کتێبی(کۆڕۆنا) کردووە کە نووسەر جەمال جەباری ئامادەی کردووە.

- سیدییەکی- CDشیعری بەدەنگی خۆی بۆ هەوادارانی تۆمار و بڵاوکردۆتەوە.

ئەو وەکو شاعیر و هونەرمەند لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەری چەندین چالاکیی دیکەی نواندووە لەوانە:

- بەشداریی دەیان کۆڕوکۆبوونەوە و فیستیڤاڵی شیعری لە شارەکانی



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند مامۆستا فەرهەنگ غەفور، شاعیر و هونەرمەند ڕێزان محەمەد سەعید**




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر ڕێزان محەمەد سەعید، بەڕێز لێپرسراوی پەیوەندییەکانی ڕێکخراوی ڕەشماڵ**




**شاعیر و هونەرمەند**
**خاتوو ڕێزان محەمەد سەعید**




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر خاتوو تارا ئەمین، شاعیر و**
**هونەرمەند ڕێزان محەمەد سەعید**



**شاعیر و هونەرمەند خاتوو ڕێزان محەمەد سەعید**

سلێمانی و هەولێر و شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان کردووە.

- دەیان دیدار و چاوپێکەوتنی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی و ڕۆژنامەگەری ئەنجامداوە.
- وەکو هونەرمەندێکی شێوەکار لە ساڵی ٢٠١٥ پیشانگایەکی تایبەتی






**بەرهەمەکانی شاعیر و هونەرمەند ڕێزان محەمەد سەعید**

خۆی لە شاری هەولێر کردۆتەوە و کۆڕێکی شیعریشی لە پارکی شانەدەر هەر لە هەولێر سازکردووە.

- لە ساڵی ۱۹۹۲ هێشتا قوتابی بووە لە هۆڵی(سورکێو) لە شاری سلێمانی بەشداریی پێشانگایەکی هاوبەشی لە گەڵ هونەرمەندی دوورە وڵات(سۆران سابیر)کردووە.
- چەندین جار خەڵات و ڕیزلێنانی لە لایەن دەزگا ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان بۆ کراوە لەوانە (وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان، ڕێکخراوی ڕەشماڵ بۆ کەلتوورو ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی).

شاعیر و هونەرمەندی شێوەکار خاتوو ڕێزان محەمەد قەساب هاوسەرگیری کردووە و خاوەنی سێ کچی جوانە، خوا تەمەن درێژیان بکات و بۆ خۆشی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت بۆ خزمەتی شیعر و ئەدەب و هونەری کوردی.

سەرچاوەکان:

١ – کورتەیەک ژیاننامەی شاعیر و هونەرمەندی شێوەکار خاتوو ڕێزان محەمەد سەعید، هاوڕێم شاعیر و نووسەری بواری منداڵان مامۆستا ئەمین محەمەد لە سلێمانی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دلدار میدی

شاعیر و نووسەر و میدیاکار، مامۆستا دلدار میدی لە ڕۆژئاوای کوردستان....

ناوی تەواوی(محەمەد ئەحمەد محەمەد حاجۆ دوشو)یە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بە دلدار میدی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی(عەلوانکای شێخ)ی سەر بە ناوچەی(دیرکا حەمکۆ)لە ڕۆژئاوای کوردستان لە دایک و باوکێکی کوردپەروەر لە دایکبووە، تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان خوێندووە و لە ساڵی ١٩٧٣ ماڵیان چووەتە شاری(قامشلۆ) خوێندنی ناوەندی و سانەوی لەوێ تەواوکردووە، پاشان دوو ساڵ لە بەشی زمان و ئەدەبی عەرەبی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی دیمەشق خوێندووە و لە بەر چەند هۆیەکی تایبەت بەخۆی تەواوی نەکردووە.

لە ساڵی ٢٠١١ بەهۆی تێکچوونی بار و دۆخی سیاسی و ئەمنی و ئابووری لە سووریا و لە یەکێ لە خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی ١٢ - ٤ - ٢٠١٢ لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی سووریا برینداکراوە و، دواتر ڕووی لە باشووری کوردستان کردووە و لە شاری هەولێر نیشتەجێبووە، لە کەناڵەکانی(زاگرۆس، ڕووداو) وەکو(موحەریر، بێژەر، پێشکەشکار)ی بەرنامە



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر کۆنی ڕەش، شاعیر دلدار میدی، بەڕێز کیسرا جگەرخوین، نووسەر سیامەند ئیبراهیم، بەڕێز ئەندازیار عیسام

ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنییەکان بۆ ماوەی سێ ساڵ دەستبەکاربووە و دواتر وازی هێناوە و هەموو ژیانی خۆی بۆ نووسین تەرخان کردووە.

شاعیر و نووسەر و میدیاکار دلدار میدی بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کوردی(مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، فەقێی تەیران، جگەرخوین، مەلا ئەحمەدی بالو و چەندانی دیکەش)دەستی پێکردووە و لە کۆڕوکۆبوونەوە و مەجلیسی شاعیرانی هاوچەرخ هەر یەک لە(سەیدا تیرۆژ، سەیدا کەلەش، مەلا نوری هەساری، یوسف برازی، ئەڤیندار غەمگین، دیا جوان، کۆنی ڕەش، وزو ئاوسی، خەلیل ساسونی، محەمەد عەلی حەسۆ، عومەر لەعلی، هادی بەهلەوی، ساڵح حیدۆ، و چەندانی دیکەش)ئامادە بووە و و گوێ گرتووە. ئەو کەوتۆتە ژێر کاریگەریی شیعرە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی مەلای جزیری و جەگەرخوین، لە ساڵی ١٩٨٣ دەستی بەنووسینی شیعر و چیرۆکی شەعبی و فۆلکلۆری کوردی لە داستان و بەیت و باڵۆرە و قسەی نەستەق و پەندی پێشینان کردووە و ئاوێتەی بەرهەمەکانی کردوون، شیعرەکانی زیاتر تام و بۆی شیعری(مقاومة - بەرگری)لێدێت، زیارتریش

بایەخی بە لایەنی نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی داوە، لە بەشی زۆری بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی کوردی وەکو(هەڵەبجە، نەورۆز... هتد)بەرهەمی هەیە، هەموو بەرهەمەکانیشی بەپیتی لاتینی کوردی نووسیوە. تا ئێستا سێ دیوانی شیعری چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

١- Kevana Reş، کۆمەڵە شیعر، ١٩٩٨، شاعیر و نووسەر کۆنی ڕەش پێشەکی بۆ نووسیوە.

٢- Ken û Girî ، کۆمەڵە شیعر، ٢٠٠٣، شاعیر و نووسەر خاتوو دیا جوان پێشەکی بۆ نووسیوە.

٣- Ez û Jîn ، کۆمەڵە شیعر، ساڵی ٢٠١٧، نووسەر و لێکۆڵەر و میدیاکار خالد جەمیل محەمەد پێشەکی بۆ نووسیوە.

- چەندین وتاری هەمەجۆری لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی ڕۆژئاوا و باشوور بڵاوکردۆتەوە.

- دوو دیوانی شیعریشی بەناوی(حكايات شعبية)ئامادەیە بۆ چاپکردن.

شاعیر داڵدار میدی وەکو میدیاکارێکی بەتوانا بەشداریی چەندین



لە لای ڕاستەوە: شاعیر دلدار میدی، شاعیر و نووسەر کۆنی ڕەش

کۆڕوکۆبوونەوەی شیعری و شیعر خوێندنەوەی کوردی لە چەندین بۆنە و ئاهەنگی نیشتمانی و نەتەوەیی وەکو پێشکەشکار کردووە.

ئەو چەندین جار لە لایەن دەزگا ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان خەڵات و ڕیزلێنانی بۆ کراوە لەوانە:

- تیپی میدیای فۆلکلۆری، ساڵی ٢٠٠٣.
- کۆمیتەی ژنانی کوردی، ساڵی ٢٠٠٦.
- خەڵاتی قەڵغانی نووسەر ڕەشید کورد، ساڵی ٢٠٠٨.
- خەڵاتی شاعیر جگەرخوێن، ساڵی ٢٠١٦.
- خەڵاتی شاعیر عومەر لەعلی، ساڵی ٢٠٢٢.



**لە لای ڕاستەوە: خاتوو هاوسەری شاعیر دلدار میدی، شاعیر دلدار میدی**




بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر دلدار میدی

- خەڵاتی ڕێکخراوی(جانی ڕۆژ)، ساڵی ٢٠٢٢.
- ڕێکخراوی مافی مرۆڤ، ساڵی ٢٠٢٢.

بۆ شاعیر و میدیاکار دلدار میدی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە نووسینە پوخت و جوانەکانت.

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر و میدیاکار دلدار میدی، هاوڕێم شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر کۆنی ڕەش لە قامشلۆ بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# بەیار باڤی

شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر، شارەزای بواری کۆمەڵناسی مامۆستا بەیار باڤی...

ناوی تەواوی(عەسلان هادی ساڵح)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بە بەیار باڤی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی(باڤیا)ی سەر بەدەڤەری سلێڤانی شاری زاخۆ لە دایک بووە، خوێندنی پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان و پۆلەکانی دیکەی لە چەندین گوندی دەڤەری سلێڤانی تەواو کردووە، خوێندنی ناوەندی و ئامادەییشی لە شارۆچکەی سێمێل تەواوکردووە و، ساڵی ١٩٩١ بەشی کۆمەڵناسی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی موسڵ بەسەرکەوتوویی تەواو کردووە و، بووەتە فەرمانبەر لە دام ودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێستاش فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرایەتیی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە زاخۆ کە سەر بەوەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستانە.

شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر و توێژەر بەیار باڤی هەر چەندە خوێندنەکەی لە بواری زانستی کۆمەڵناسییە، بەڵام هەر لە لاوێتێدا حەزی لە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی بووە، بەخوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی کوردی(مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، فەقێی تەیران، ئەحمەدێ



له لای ڕاستەوە: شاعیر بەیار باقی، نووسەری گەورەی تورک ئیسماعیل بێشکچی



له لای ڕاستەوە: شاعیری مەزن شێرکۆ بێکەس، شاعیر بەیار باقی

نالّبەنـد، جگەرخوێـن)و شـیعری شـاعیرانی هاوچـەرخ و نوێخـواز دەسـتی پێکردووە، لـە سـەرەتای هەشـتاکانی سـەدەی ڕابردوو دەسـتی بە نووسـینی شـیعر کـردووە و لـە سـاڵی ١٩٨٥ یەکـەم نۆبـەرەی بەرهەمەکانـی خـۆی لـە ڕۆژنامـەی هـاوکاری بڵاوکردۆتـەوە، ئیدی بـەردەوام بووە لە نووسـینی شیعر و وتـاری کۆمەڵایەتـی و بابەتـی هەمەجـۆری دیکـە و لـە گۆڤـار و ڕۆژنامـە



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و چیرۆکنووس کاکەمەم بۆتانی، شاعیر بەیار باڤی**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر بەیار باڤی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل بادی، نووسەر عەبدولڕەحمان بامەڕنی**

کوردییەکان لەوانە(کاروان، بەیان، ڕەنگین، هاوکاری، بزاڤ، پەیڤ، مەتین، گازی، نووبوون، زاخۆ و بەهدینان و چەندانی دیکەش)بڵاویکردوونەتەوە.

شاعیرو نووسەر و لێکۆڵەر بەیار باڤی لە نووسینی شیعردا شێواز و ستایلێکی تایبەتی بەخۆی هەیە، ئەو ڕاز و نیاز و گلەیی و ڕەخنەی خۆی بەشێوەیەکی(تەنزئامێز)دەخاتەڕوو، ئەمە سەرەڕای نووسینەکانی لە بواری کۆمەڵناسی و مافی مرۆڤ و گیروگرفت و کێشەی زارۆکان و بابەتی

زانستی کۆمەڵناسیی دیکەش، لەم بوارانەدا کۆمەڵێک بەرهەمی تایبەت بەخۆی و بەرهەمی هاوبەشیشی لە گەڵ نووسەرانی دیکە هەیە، بەتێکڕایی ئەو کۆمەڵێک بەرهەمی پوخت و سوود بەخشی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- شەش کتێبی هاوبەشی لە گەڵ نووسەرانی دیکە کە لە بواری زانستی کۆمەڵناسین.
- بیرو باوەڕێن کەڤن د ناڤ مللەتێ کورد دا، ١٩٩٩.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و لێکۆڵەر ئیسماعیل بادی، شاعیر و نووسەر بەیار باڤی**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر بەیار باڤی، شاعیری ناسراوی کورد موئەیەد تەیب، نووسەر و ڕۆژنامەنووس موسەدەق تۆڤی**



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر خاتوو دیا جوان، نووسەر بەیار باقی



لە لای ڕاستەوە: بەڕێز کۆڤان سندی، شاعیری ناسراو دکتۆر بەدرخان سندی، شاعیر بەیار باقی

- شەڤێن بێ خەو، کۆمەڵە شعر، ٢٠٠٥.
- گۆتار و ئاریشەیێن جڤاکی، ٢٠١٦.

نووسەر و لێکۆڵەر بەیار باقی لە بواری ڕۆژنامەگەری و کاری ڕێکخراوە مرۆیی و پیشەییەکان چەندین چالاکی نواندووە ئەمانە هەندێکییانن:





**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز عیسمەت محەمەد بەدەل، شاعیر و وەرگێڕ حەسەن سلێڤانی، نووسەر بەیار باقی**

- لە ساڵی ١٩٩٨ یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی سەنتەری ڕۆشنبیریی زاخۆ و دوو خولیش بەرپرسی ئەو سەنتەرە بووە.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکانی(پەیڤ، نووبوون، زاخۆ، کۆمەڵناسی)بووە.
- زیاتر لە(٢٠)ساڵ لە گەڵ چەندین ڕێکخراوی لۆکاڵی و بیانی لە بواری خێزان و مافی مرۆڤ و پاراستنی زارۆکان کاری کردووە، بەتایبەتی لە ساڵی ٢٠١٥ لە گەڵ ڕێکخراوی SKIی سویدی.
- لە ساڵانی ١٩٩٣ - ١٩٩٦ئەندامی لێژنەی ڕۆشنبیریی یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی زاخۆ بووە.
- لە ٢٠٠٦ - ٢٠١٤ بەرپرسی کۆمەڵەی کەلتووری کوردستان بووە لە زاخۆ.
- ئەندامی دەستەی کۆمەڵەی کۆمەڵناسی کوردستان- لقی دهۆکە.
- دوو خول ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆک بووە.





بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر بەیار باقی



- بەشداریی دەیان کۆڕوکۆبوونەوە و سیمینار و فیستیڤاڵی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵناسی لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان کردووە.
- ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی لە لایەن دەزگا ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان بۆ کراوە.

ئەو خێزاندارە و ئێستا لە زاخۆ دەژیت و سەرقاڵی کۆکردنەوە و ئامادەکردنی سەرجەم بەرهەمە شیعرییەکانی لە نێوان ساڵانی(١٩٩١-٢٠٢٤)بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەیان.

بۆ شاعیر و نووسەر و شارەزای بواری کۆمەڵناسی بەیار باقی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت لە نووسینی بەرهەمە سوود بەخشەکانت.

**سەرچاوەکان:**


١ - ژیان و بەرهەم و چالاکییەکانی شاعیر و نووسەر بەیار باقی، هاوڕێم نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر ئیسماعیل بادی لە دهۆک بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - هەندێ زانیاری لە نووسەر بەیار باقی خۆی، وەرگیراوە.

٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## بەیان ئیبراهیم

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس، لێکۆڵەر و چالاکوانی بواری مافی مرۆڤ، خاتوو بەیان ئیبراهیم...

ناوی تەواوی(بەیان ئیبراهیم ڕەحیم)ە، لە گەڕەکی(چوار باخ)ی ناو شاری سلێمانی لە خێزانێکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی بازرگانی هەر لە سلێمانی تەواوکردووە، ساڵی ٢٠١٠ بڕوانامەی دبلۆمی لە بەشی کارگێڕی لە پەیمانگای(پۆلیتەکنیکی) سلێمانی بەدەستهێناوە و وەکو فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی سلێمانی دەستبەکاربووە، ئێستاش لە تەلەفزیۆنی پەروەردەی سلێمانی بەردەوامە لە خزمەتکردن.

شاعیر و نووسەر خاتوو بەیان ئیبراهیم هەر لە منداڵییەوە حەز و ئارەزووی لە خوێندنەوەی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی بووە، بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی و هاوچەرخ و نوێخوازی دەستی پێکردووە، دواتر دەستی بە نووسینی شیعر و بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کردووە و لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی وەکو(گوڵچن و چەندانی دیکەش) بڵاوی کردوونەتەوە.

ئەو تا ئێستا سێ کۆمەڵە شیعری لە چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:



لە لای ڕاستەوە: شاعیری دیار و ناسراوی کورد خاتوو کەژاڵ ئەحمەد، شاعیر بەیان ئیبراهیم



لە لای ڕاستەوە: خاتوو بەهار سەرۆکی ڕێکخراوی بەهاری کەمئەندامان، شاعیر بەیان ئیبراهیم

- نیگای بەیان، کۆمەڵە شیعر.
- ئێوارەیەکی پەمەیی، کۆمەڵە شیعر، سلێمانی ٢٠١٦.
- بمکە بە باخچە، کۆمەڵە شیعر، سلێمانی ٢٠١٩.
- چەند پارچە شیعرێکی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی(عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی).
- چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سیاسیی و

کۆمەڵایەتی لە گۆڤارو و ڕۆژنامەکوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.

ئەو وەکو ژنە نووسەرێکی ئازا و بوێر چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە و هەیە لە بوارەکانی پەروەردە و ڕاگەیاندن و کاری پیشەیی و چالاکوانی بواری مافی مرۆڤ کە ئەمانە هەندێکیانن:

- ساڵی ٢٠٢٣ وەکو ژنە نووسەرێکی کورد بەشداریی میهرەجانی(بابل)ی کردووە و خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە.
- وەکو ژنە نووسەر و ڕۆژنامەنووسێک بەشداری یادی(١٠٠)ساڵەی



لە لای ڕاستەوە: شاعیر ڕۆژ هەڵەبجەیی، شاعیر بەیان ئیبراهیم



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر سروە عوسمان(سروەی بەیان)، شاعیر بەیان ئیبراهیم



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر خاتوو هەنار موفتی، شاعیر بەیان ئیبراهیم،**
**نووسەر خاتوو نەزەند بەگیخانی، مامۆستا ئومێد....**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر بەیان ئیبراهیم،**
**دکتۆر ئەبو عەلی سەرپەرشتیاری میهرەجانی بابل**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر بەیان ئیبراهیم،**
**خانمێکی سویدی**

پەیماننامەی(لۆزان)ی لە سویسرا کردووە کە بۆ ماوەی(٣)ڕۆژ بەردەوام بووە.

- بەشداری چەندین کۆڕ وکۆبوونەوە و فیستیڤاڵی شیعری لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و شار وشارۆچکەکانی دیکەی کوردستان کردووە.
- ئەندامی ڕێکخراوی مافی مرۆڤە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی بڵاوکراوەی(Pen)ە.




**بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر بەیان ئیبراهیم**

- ئەندامی یەکێتیی نووسەر و ئەدیبانی عێراقە.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و فیدراسیۆنی نێو دەوڵەتییە.

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس خاتوو بەیان ئیبراهیم ئێستاش بەردەوامە لە نووسینە پوخت و جوانەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و سایتە ئەلیکترۆنییەکان و لاپەڕەی فەیسبووکی خۆی، هەر بەردەوام و سەرکەوتوو بێت لە نووسینی شیعرە ناسک و جوانەکانی و لێکۆڵینەوە ئاست بەرزەکانی.

## سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامەی شاعیر و نووسەر بەیان ئیبراهیم کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## تریفە دۆسکی

مامۆستا و شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووس خاتوو تریفە دۆسکی ....

ناوی تەواوی(مریرم عەلی حاجی)یە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە(تریفە دۆسکی)ناسراوە، لە ساڵی ١٩٧٤ لە شاری دهۆک لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و بەشی زمانی عەرەبی لە پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایان هەر لە دهۆک تەواو کردووە و لە ساڵی ٢٠٠٣بووەتە مامۆستای زمانی عەرەبی لە قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییەکانی پارێزگای دهۆک و هەولێر لەوانە(گردەمەند لە کۆیت گاڤانا، مافی سەرەتایی لە دهۆک، دواناوەندیی بامۆک لە هەولێر، باخچەی ساوایانی ئاریان لە هەولێر)تا ئێستاش بەردەوامە لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە و فێرکردن.

شاعیر و نووسەر خاتوو تریفە دۆسکی لە سەرەتای نۆهەتەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە خوێندنەوەی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی و عەرەبی کردووە، ئەو بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی(مەلای



**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز لایق کوریمی، نووسەر دکتۆر سالار عوسمان، شاعیر تریفە دۆسکی، نووسەر دکتۆر عارف حیتۆ**

جزیری، ئەحمەدی خانی، فەقێی تەیران و ئەحمەدی نالبەند و چەندانی دیکە و شیعری شاعیرانی هاوچەرخ و نوێخواز لەوانە: دکتۆر عەبدولڕەحمان مزووری، بەدرخان سندی، موئەیەد تەیب، محسن قۆچان و چەندانی دیکەش)دەستی پێکردووە، لە ساڵی ١٩٩٦ دەستی بە نووسینی شیعر و بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کردووە و لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی وەکو(پەیمان، پەیڤ، ئەڤرۆ، گوڵان، ڕامان، ماف)بڵاوی کردوونەتەوە، دواتریش ڕووی لە وەرگێڕان کردووە و چەندین پارچە شیعری شاعیرانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، ئەو تا ئێستا(٣) دیوانی و شیعری کتێبێکی لە بواری کۆمەڵایەتی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- سترانەکا سپی، شیعر، لە ساڵی ٢٠٠٠ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- ئێڤارییەکا کەسک، شیعر، لە ساڵی ٢٠٠٥ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- پاییزەکا شین، شیعر، لە ساڵی ٢٠٠٨ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- دێوالی ئاغا، کۆمەڵایەتی، لە ساڵی ٢٠١٢ چاپ کراوە.

شاعیر و نووسەر تریفە دۆسکی لە بواری نووسین و ڕۆژنامەگەریش چەندین چالاکی هەبووە و هەیە لەوانە:

- لە سالانی ٢٠٠٥ - ٢٠٠٦ ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(پەیڤ) بووە.
- لە سالانی ٢٠١٣ - ٢٠١٥ ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(زین) بووە.
- بەشداریی چەندین کۆڕوکۆبوونەوە و سیمینار و دیداری ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی و ڕۆژنامەوانی لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان کردووە.

ئێستاش بەردەوامە لە نووسینەکانی خۆی لە ماڵپەڕی فەیسبووکی خۆی زۆر چالاکە و ناوە بەناوە خوێنەر و هەوادارانی بە پارچە شیعرێکی جوان و ناسک و نووسینە پوختەکانی بەسەر دەکاتەوە.

بۆ شاعیر و نووسەر و وەرگێر و ڕۆژنامەنووس خاتوو تریفە دۆسکی



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و ڕۆژنامەنووس فەیسەل مستەفا حاجی، شاعیر تریفە دۆسکی

هەر بەردەوام و سەرکەوتوو لە نووسینە جوان و سوود بەخشەکانت.

نموونەی شیعرێکی شاعیر تریفە دۆسکی بەناوی(دا)

دا

د سیبەرا دێمێ تەدا پەلاتینک بێ بال دفرن

وێنێ تە د فنجانێدا هێڤینێ ئومێدانە

مەوکبێ تە گەهشتە بەهشتێ، زەندیقان کرە هەوار:

تۆبەدارین تۆبەدار.

نزایێن تە ل رۆژێن برسیدا سەرێ ئەسمانی چەماند

ئەی هەتاڤا پەرتوکا من دناڤ پەرتوکخانەکا دەریاییدا

دەنگێ تە ل سپێدەهییەکا زەنگا ژیانێ لێددەتن

بۆ ئەو بیابانا د سەکەراتێدا



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر مەسعود پەرێشان، هونەرمەند فەرهەنگ غەفور، شاعیر تریفە دۆسکی**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر تریفە دۆسکی، شاعیر خاتوو هلبین باقر**

سیمایێ بەلگێن ساڤا ددەی د بەرائەتا خۆدا
رەحما تە و سێبەرا وەک یەکە بۆ هەمیانە
دێ خۆ ب خوها دەستێن تە شۆم دا ژ گونەها قورتال بم
ئاخ بۆ گاڤێن د کۆشا تەدا
ئاخ بۆ سینگێ شەر و خەم تێدا ب شەر دچن
چەندا ب وەفای بێ من هولما بای هەلناکێشی
بێ من دەرگەهێ خۆشیا ل خۆ ناگری
دەنگێ تە مزگینییەکە بۆ گولێن پایز ب سەردا هاتی
شیرێ تە شەرابەکە و بدەستێت خودێ هاتییە مهاندن
ل ناڤ یادگارێن زارۆکینیدا ل دویف عەبایێ تە یێ رەش د گریام
ل ناڤ تبلێن تە دا ژ سەرما هاتیمە پاراستن
موویەک بووم ژ پرچا تە بوومە هوزانڤان هاتمە سەر دونیای



**بەرهەمەکانی شاعیر تریفە دۆسکی**

ئەز دکتاتۆرم د عیشقا خۆدا
خۆ ل دارستانا ددەم و پرچا وان ڤەدچرم، وەرزا ماچی دکەم
ئەز ژ لڤینا هەورەکێ یاخی بووی و کەرەک ژ رۆژەکا زەرد پتخی و
شلقەک ژ تورەبوونا دەریای چێ بوویم
لەوما ئەز دینا تەمە.

**سەرچاوەکان:**


١ - کورتەیەک ژیاننامەی شاعیر و نووسەر خاتوو تریفە دۆسکی کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم
٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# چرۆ ڕەشید

شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووسی بواری ئەدەبی منداڵان و هونەرمەندی گرافیک، چرۆ ڕەشید....

ناوی تەواوی(چرۆ ڕەشید قادر)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە چرۆ ڕەشید ناسراوە، لە ٤ - ٥ - ١٩٧٩ لە شارۆچکەی(چەمچەماڵ) لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایکبووە، قوناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە چەمچەماڵ تەواوکردووە، ساڵی ١٩٩٩ پەیمانگای مەڵبەندیی مامۆستایانی سلێمانی تەواوکردووە و بووەتە مامۆستا لە قوتابخانەکانی شاری سلێمانی و، ئێستاش مامۆستایە لە باخچەی منداڵانی(ڕەنگ)ی ناو شاری سلێمانی.

شاعیر و نووسەری بواری ئەدەبی منداڵان چرۆ ڕەشید زۆر کارەکەی خۆی خۆشدەوێت و هەر ئەوەش هانیداوە کە دەستی بە نووسینی شیعر و چیرۆک و بابەتی پەروەردەیی دیکەش بۆ منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان بکات، ئەو بەرهەمەکانی خۆی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان وەکو(هەڵمەت، کوردجینەس، هەولێر، یادنامە و چەندانی دیکەش) بڵاوکردۆتەوە و دەکاتەوە.



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و شاعیر چرۆ ڕەشید، سۆزی ئاسۆ، لینا زریان، ساندی ئاسۆ، ژەنیار یادگار



لە لای ڕاستەوە: شاعیر چرۆ ڕەشید، شاعیر و نووسەری بواری منداڵان خاتوو سەرگوڵ ، خاتوو جوانە، نووسەر گوڵزار جەلال



لە لای ڕاستەوە:
شاعیر چرۆ ڕەشید، نووسەر و ڕۆژنامەنووس مەریوان مەسعود

ئەو تا ئێستا دوو کتێبی چاپکراوی لە بواری ئەدەبی منداڵان بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- کۆمەڵە چیرۆکی پەروەردەیی بۆ منداڵان، کە کوردستانی نوێ هاوکاری بووە لە چاپکردن و خۆشی هەموو کتێبەکەی بەخشیوەتە باخچەی منداڵانی ناو شاری سلێمانی و دەوروبەری.
- کتێبی(پاساری)کە کۆمەڵێک هۆنراوەی منداڵانی باخچەی ساوایانە، ساڵی ٢٠٢٤ چاپ و بڵاوی کردۆتەوە.
- چەند بابەتێکی لە سەر کاریگەریی(زیرەکیی دەستکرد)بۆ سەر منداڵان و منداڵانی باخچەی ساوایان لە بوارکانی(گەشەکردنی زمان، چیرۆک، یارییە پەروەردەییەکان، وێنەکێشان، منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت، هتد..)بڵاوکردۆتەوە.
- کۆمەڵە چیرۆکێکی منداڵانی بەناوی(کەروێشکە نەرمۆڵەکە)ئامادەیە بۆ چاپ.

شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووسی بواری ئەدەبی منداڵان چرۆ ڕەشید چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە و هەیە لەوانە:

- ئەندامی باڵای ئەکادیمیای گرافیک و دیزاین و زیرەکیی دەستکردە.
- چەندین بڕوانامەی ناوەوە و نێودەوڵەتی پێبەخشراوە لەوانە بڕوانامەی(ژیریی دەستکرد، خوودناسی، زمانی جەستە، ئەتەکێت، چۆن



لە لای ڕاستەوە: خاتوو شەهلا عەلی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، شاعیر چرۆ ڕەشید، خاتوو نەرمین سەرپەرشتیاری پەروەردەیی



لە لای ڕاستەوە: بەڕێز کاك جوتیار، نەوا محەمەد، شاعیر چرۆ ڕەشید



\لە لای ڕاستەوە: بەڕێز هێمن ڕەشید، شاعیر چرۆ ڕەشید، بەڕێز ڕزگار ئەمین، بەڕێز ڕەحمان ڕەشید



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر مەحموود باجەلان، شاعیر چرۆ ڕەشید، شاعیر و نووسەر ئەمین محەمەد، شاعیر و نووسەر گوڵزار جەلال**






ببمە سەرکردە و کاریزما).

- چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمیناری پەروەردەیی پێشکەش کردووە و لە بەشی زۆری کۆڕو کۆبوونەوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی ئامادە بووە و دەبێت.
- یەکێکە لەوانەی هەڵبژێردراون بۆ خولی ڕێکخراوی .Tot

بۆ شاعیر و نووسەر چرۆ ڕەشید هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە بەرهەمە پوخت و جوانەکانت بۆ منداڵە جوانەکانی کوردستان.

## سەرچاوەکان:


١- کورتەیەک ژیاننامەی شاعیر و چیرۆکنووس خاتوو چرۆ ڕەشید، هاوڕێم شاعیر و نووسەری بواری ئەدەبی منداڵان مامۆستا ئەمین محەمەد لە سلێمانی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## سەرگوڵ نەجمەدین فەرەج

مامۆستا و شاعیر و نووسەر و هونەرمەند و میدیاکار، خاتوو سەرگوڵ نەجمەدین فەرەج ...

ناوی تەواوی(سەرگوڵ نەجمەدین فەرەج)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و هونەری بە(سەرگوڵ خانمی بابان)ناسراوە، لە گەڕەکی(کانێسکان)ی شاری سلێمانی لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، لە ساڵی خوێندنی ١٩٨٥- ١٩٨٦ پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی لە سلێمانی بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە و، لە مانگی(٩)ی هەمان ساڵ وەکو مامۆستا لە دەربەندیخان دەستبەکاربووە، دواتریش گواستراوەتەوە قوتانخانەکانی ناو شاری سلێمانی.

شاعیر و هونەرمەند و میدیاکار خاتوو سەرگوڵ خانمی بابان، سەرەتا بە کاری هونەری و چالاکیی قوتابخانەکان دەستیپێکردووە، دواتریش چووەتە ناو کاری ڕاگەیاندن، ئەو لە ژیانی هونەری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی خۆیدا چەندین چالاکی هەبووە، ئەمانە هەندێکیانن:

- لە چالاکیی قوتابخانەکان لە گەڵ(تیپی منداڵانی بێخود)بەشداریی چەندین شانۆگەری و گۆرانیی منداڵانی کردووە.






لە لای ڕاستەوە: میدیاکار سەرگوڵ خانمی بابان و هاوسەرەکەی نووسەر سەردار قادر



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەری بواری منداڵان ئەمین محەمەد، شاعیر سەرگوڵ خانمی بابان

لە لای ڕاستەوە: شاعیری گەورەی کورد ڕەوانشاد شێرکۆ بێکەس، شاعیر سەرگوڵ خانمی بابان

- لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بەشداریی لە فیستیڤاڵی چالاکیی قوتابخانەکان لە(هەولێر و بەغدا و بەسرا)کردووە و لە فیستیڤاڵی هۆڵی(خلد- خولد) لە بەغدا خەڵاتی یەکەمیان وەرگرتووە.




- لە تەمسیلییەکی تەلەفزیۆنی کە لە تەلەفزیۆنی کەرکووک تۆمارکراوە، ڕۆڵی(ڕێزانی نووسەر)ی بینیوە کە لە دەرهێنانی هونەرمەند عومەر دڵپاک بووە.
- وەکو ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردی ڕۆڵی هەبووە و بەشداریی

چەندین چالاکی کردووە، لەوانە ئاهەنگەکانی:(نەورۆز، شەوی یەڵدا)، ڕۆڵی دکتۆرە(زەکیە ئەلکان)ی بینیوە کە لە نەورۆزدا ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە.

- لەگەڵ تیپەکانی(پێشڕەو، شانۆی کوردی، زانکۆی سلێمانی) بەشداریی









**شاعیر و میدیاکار سەرگوڵ خانمی بابان**

چەندین ئاهەنگ و فیستیڤاڵی هونەری کردووە.

- وەکو میدیاکار بەشداریی چەندین کۆڕ و کۆبوونەووە و فیستیڤاڵی هونەری و ئەدەبی کردووە و، هەر خۆشی سەرپەرشتیاری بووە.

نووسەر و میدیاکار خاتوو سەرگوڵ بابان، لە پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ڕووی لە کاری ڕاگەیاندن کردووە وەکو(مذیع - بێژەر) لە ڕادیۆی گەلی کوردستان کاری کردووە، چەندین بەرنامەی ئامادە و پێشکەش کردووە، لەوانە بەرنامەی:(ئەزموون و ڕوانگە لە ڕادیۆی سلێمانی- دەنگی مەڵبەند)، بەرنامەی(ساتێک بۆ مامۆستا) لە ڕادیۆی گەلی کوردستان، بەرنامەی(هاوشاریانی سلێمانی)، هەموو دەرکەوتنەکانی لە چاوپێکەوتنەکاندا بەجلی کوردی جوان بووە.

ئەو وەکو شاعیریش تا ئێستا خاوەنی دیوانێکی شیعرییە بەناوی(بگەڕێ بۆم)کە کۆمەڵە شیعرێک لە خۆدەگرێت و دیوانێکی دیکەشی لە ژێر چاپدایە.

چەند هۆنراوەیەکی لە لایەن هونەرمەند و گۆرانیبێژان کراونەتە سروود و گۆرانیی منداڵان.

ئەو لە خێزانێکی هونەری و ئەدەبییە، هاوسەرەکەی مامۆستا(سەردار



نووسەر سەرگوڵ خانمی بابان و هەردوو کوڕەکەی(شەهرام و ئارام)



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی ڕەوانشاد کەریم کابان، نووسەر و میدیاکار سەرگوڵ خانمی بابان**

قادر) شاعیر و نووسەرە، هەردوو کوڕەکەشی(شەهرام و ئارام)لە بواری هونەریدا کاردەکەن، ئەو خوشکی شاعیر و نووسەر مامۆستا محەمەد کەساسە.

ئێستاش لە سلێمانی بەردەوامە لەکاری مامۆستایەتی و ڕاگەیاندن، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت بۆ خزمەتی هونەر و ئەدەبی کوردی.

### سەرچاوەکان:


١ - کورتەیەک ژیان و چالاکی و بەرهەمەکانی شاعیر و میدیاکار خاتوو سەرگوڵ خانمی بابان، شاعیر و نووسەری بواری منداڵان مامۆستا ئەمین محەمەد لە سلێمانی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سەعدیە بەهرام

مامۆستا و شاعیر و نووسەر و پەخشاننووس، خاتوو سەعدیە بەهرام....

ناوی تەواوی(سەعدیە مەحموود بەهرام)ە، لە ناوەندی پەروەردەیی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە سەعدیە بەهرام ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٤ لە شاری فەللوجە ی سەر بە پارێزگای(الانبار - الرمادي) ی جاران، لە دایک و باوکێکی کورد لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە فەللوجە تەواوکردووە و ماڵیان چووەتە شاری بەغدا، خوێندنی ناوەندی و دواتریش بەشی زانستی دەروونی لە(پەیمانگای هونەری ماڵ - معهد الفنون البيتية) ەوە، تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٢ بە بڕیارێکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی حوکمی زاتیی کوردستان بووەتە مامۆستا لە پارێزگای دهۆک و ماوەی(٥) ساڵ لە(فیشخابوور، بامەڕنی، زاخۆ) لە خزمەتکردن بەردەوام بووە، لە ساڵی ١٩٧٧ لەگەڵ خێزانەکەیان گواستراوەتەوە شاری سلێمانی و لە بواری پەروەردەو فێرکردن بەردەوام بووە لە خزمەتکردن، (٤٤)ساڵ خزمەتی کردووە و ساڵی ٢٠١٧ خانەنشینکراوە.

شاعیر و نووسەر خاتوو سەعدیە بەهرام لەبەر ئەوەی لە شاری فەللوجە لە ناوەڕاستی عێراق لە دایک بووە و هەموو خوێندنەکانی بە زمانی عەرەبی تەواوکردووە، بۆیە زیاتر ئاشنای بەرهەمی شاعیرانی



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و فۆتۆگرافی بەختیار عەلی، شاعیر سەعدیە مەحموود، نووسەر دکتۆر محەمەدی مەحوی، شاعیر و هونەرمەند سەرکۆ جاف**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیری گەورەی کورد لەتیف هەڵمەت، شاعیر و نووسەر خاتوو گولزار فەرەج، شاعیر خاتوو سەعدیە مەحموود**

عێراقی و عەرەبی بووە و، کەم و زۆریش شیعری شاعیرانی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی خوێندۆتەوە، لە تەمەنی(١٦)ساڵیدا گرۆگاڵی نووسینی شیعر و پەخشان و بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کردووە، یەکەم بەرهەمی خۆی لە گۆڤاری(المتفرج) بەزمانی عەرەبی بڵاوکردۆتەوە، ساڵی ١٩٨٢ پەخشانێکی لە ڕۆژنامەی عێراق بڵاوکردۆتەوە، ئیدی بەردەوام بووە لە

بڵاوکردنـەوەی نووسـینەکانی لـە گۆڤـار و ڕۆژنامـە و سـایتە ئەلیکترۆنییـە کـوردی و عەرەبییـەکان لەوانە:(ئامانـج کـە نیقابـەی مامۆسـتایانی سـلێمانی دەریدەکرد، سـیروان، مفکر حر، المدی، ڕۆژنامـەی الحیاة، بروسکە، هەڵمەت، هتـد...).

بەشـی زۆری بەرهەمـە شـیعرییەکانی شـاعیر خاتـوو سـەعدیە بەهـرام تـام و بـۆی شـیعری(بەرگری - مقاومة)یـان لێدێت، ئەگـەر زیادەڕۆییش نەکـەم دەتوانیـن بـە شـیعری شۆڕشـگێڕی دابنێیـن، هەمـوو ئـەو سـتەم و



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر فاروق قەرەداغی، شاعیر و نووسەری بواری ئەدەبی منداڵان ئەمین محەمەد، شاعیر خاتوو سەعدیە مەحموود**



**لە ڕیزی پێشەوە لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، شاعیر سەعدیە مەحموود، نووسەر گولزار فەرەج، ئەوانی دیکە نەناسراون لە کۆڕێکی شیعری لە ئەمنە سوورەکەی سلێمانی**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر خەلەف ئەلحەدیسی سەرنووسەری گۆڤاری ئەنبار، شاعیر سەعدیە مەحموود**

زۆرداری لە(ڕاگواستنی کوردی فەیلی، کیمیابارانی هەڵەبجە و گەرمیان و ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستان، کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١)، زۆر بە ڕوونی لە بەرهەمەکانی ڕەنگیان داوەتەوە، بەمەش خوێنەری عەرەبی بە زۆڵم و زۆرداری داگیرکەران و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق ئاشنا کردووە، ئەو تا ئێستا ئەم بەرهەمانەی بە زمانی عەرەبی چاپ و بڵاوکردۆتەوە:

- (الصرخة )، پەخشانە شیعر، کە (٤٠) پەخشانە شیعر دەربارەی ئەنفال لەخۆدەگرێت، ساڵی ٢٠٢١ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- (حذاء المؤنفلة)، شیعر، کە(٥٤) پارچە هەڵبەست لە خۆدەگرێت و هەمووی دەربارەی (جینۆسایدی کورد)ە، ساڵی ٢٠٢٤ چاپ و بڵاوی کردۆتەوە.
- (القلعة الرهيبة )چەند چیرۆکێک.

چەند بەرهەمێکیشی ئامادەیە بۆ چاپ هەر بەزمانی عەرەبی کە ئەمانەن:

- (أحقاً !غدوت أرملة ؟ ) شعر عاطفي ، وجداني .

-(مختارات من الشعر الكردي)، چەند گوڵبژێریێک لە شیعرەکانی هەر یەک لە شاعیران(عەبدوڵڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، قوبادی جەلیزادە) ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، ئەمەش دیسان هەر ئاشناکردنی خوێنەری عەرەبییە بە شیعر و ئەدەبیاتی کوردی..

- (الإعتذار فن حضاري )چەند وتارێک دەربارەی خێزان و کۆمەڵگە وەکو(گفتوگۆ لەسەر ڕەنگەکان، موزیک، پاش تەمەنی پەنجاساڵی، جگەرەکێشان، نووستن و بابەتی دیکەش).

- (مابعد التقاعد - دوای خانەنشین )چەند چیرۆکێکی پەروەردەیی کە لە ماوەی خزمەتکردنی لە بواری پەروەردە دەربارەی بەڕێوەبەر و قوتابیان)نووسیویەتی.

شاعیر و پەخشاننووس خاتوو سەعدیە بەهرام ئێستا لە سلێمانی










شاعیر و نووسەر سەعدیە مەحموود لە چەند کاتێکی جیاوازدا






ڕێزلێنان لە شاعیر سەعدیە مەحموود






بەرهەمەکانی شاعیر سەعدیە مەحموود

دەژیت و بەردەوامە لە نووسینی شیعر و پەخشانە شیعر و بابەتی زانستی و کۆمەلایەتی، داوای سەرکەوتن و بەردەوام بوونی بۆ دەخوازین.

### سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامە و بەرهەمەکانی شاعیر خاتوو سەعدیە بەهرام، هاوڕێم شاعیر و نووسەری بواری ئەدەبیاتی منداڵان مامۆستا ئەمین محەمەد بە زمانی عەرەبی لە سلێمانی بۆی ناردووم، زۆر سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# شنۆ یەحیا

مامۆستای پەروەردە و هونەرمەندی شێوەکار و میدیاکار خاتوو شنۆ یەحیا ...

ناوی تەواوی(شنۆ یەحیا خضر)ە، لە ناوەندی پەرورردە و هونەری بە شواریێ ناسراوە، لە ٢ - ١ - ١٩٧٦ لە شارۆچکەی(دبس)ی سەر بەپارێزگای کەرکووک لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، ئەو هێشتا تەمەنی(٥) ساڵان بووە بەهۆی سیاسەتی(تعریب و ترحیل)ی ڕژێمی بەعسی ئەو کات، بەخاو و خێزانەوە هاتوونەتە شاری هەولێر، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواوکردووە، لە ساڵی خوێندنی ١٩٩٨- ١٩٩٩ بەشی بیرکاری و زانستی لە پەیمانگای مەڵبەندیی مامۆستایانی هەولێر بەسەرکەوتوویی تەواوکرددوە و، لە ساڵی ٢٠٠٠ بۆ ماوەی دوو ساڵ وەکو مامۆستای سەرەتایی لە قوتابخانەی(خەلیفان)ی سەر بە پارێزگای هەولێر دەستبەکار بووە، ئەو وەکو مامۆستا و جێگری بەڕێوەبەر و بەڕێوەبەری چەندین قوتابخانەی بنەڕەتی و ناوەندی و ئامادەیی خزمەتی کردووە، ماوەیەکیش لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی تایبەت بە خاوەن پێداویستەکان کاری کردووە و چەند ساڵێکیش لە بەڕێوەبەرایەتیی پرۆگرام





**هونەرمەند شنۆ لە دوو پێشانگای خۆی**

و چاپەمەنییەکانی(المناهج)وەکو شارەزای بیرکاری و، دواتر هونەری بەردەوام بووە لە خزمەتکردن، لە ساڵی ٢٠١٨ بەشی شێوەکاری لە کۆلێژی پەروەردەی هونەری لە زانکۆی(لوبنانی - فەرەنسی) تەواوکردووە و سێ ساڵیشی لە بەشی یاسای زانکۆی شاهانەی بەریتانیا لە هەولێر خوێندووە، ئێستاش لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چالاکیی وەرزش و هونەر سەرپەرشتیاری چالاکیی هونەرییە لە دیوانی وەزارەتی پەروەردە.

ئەو لە بواری هونەری پەروەردە فێرکردن کتێبێکی نووسیوە بەناوی(لە

پەراوێزەکانی پەروەردە و فێرکردنەوە) چاپ و بڵاوی کردۆتەوە، کە بووەتە سەرچاوەیەکی سوودبەخش بۆ قوتابیانی قۆناغە جۆربەجۆرەکانی خوێندن.

مامۆستا و هونەمەرمەندی شێوەکار خاتوو شنۆ یەحیا وەکو هونەرمەندێکی خۆڕسک و دەرچووی کۆلێژی هونەری پەروەردەیی لە بوارەکانی شێوەکاری و میدیایی و ڕێکخراوە مەدەنی و پیشەییەکان چەندین



لە ڕاستەوە هونەرمەند شنۆ یەحیا، نوسەر فەیسەڵ حاجی، نوسەر غەریب پشدەری



هونەرمەند شنۆ لە پێشانگای خۆی

چالاکی نواندووە کە ئەمانە هەندێکیانن:

- لە ساڵی ٢٠٢٠ەوە، نوێنەری عێراق و کوردستان بووە لە ڕێکخراوی(ناماستی) ئەمەریکی و تا ئێستاش بەردەوامە.
- تا ئێستاش ڕاوێژکاری ڕێکخراوی شەهیدانی کوردستانە و خۆشی خاوەن سێ شەهیدە.



لە لای ڕاستەوە: شنۆ یەحیا لەگەڵ ڕەوانشادی دایکی



لە لای ڕاستەوە: شنۆ یەحیا، ناز فەلەکەدین کاکەیی



تابلۆی بازی بێرییان




هونەرمەند شنۆ یەحیا لە کاتی کارکردنیدا

- ئەندامی دەستەی کارگێڕیی ئەنجومەنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بووە لە کوردستان.
- جێگری سەرۆک و ڕاوێژکاری گشتییە لە دامەزراوەی(مەلیکە) بۆ هونەر و ڕۆشنبیری جیهانی و سەرۆکی لقی عێراق و کوردستانیشە.
- ساڵی ٢٠٢٢ بڕوانامەی دکتۆرای(فەخری- شاناز)ی لە دامەزراوەی(مەلیکە) بۆ هونەر و ڕۆشنبیری جیهانی پێبەخشراوە.
- لە ساڵی ٢٠٢٣ بڕوانامەی دکتۆرای(فەخری- شانازی)لە ئەکادیمیای کەلتووری عەرەبی پێبەخشراوە.
- بەشداری لە چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمیناری پەروەردەیی و هونەری و چالاکیی مەدەنی کردووە.




بڕوانامەکانی لە بواری هونەر



- بەشداری چەندین پیشانگای شێوەکاری تایبەت و هاوبەشی کردووە.
- ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە.
- چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی لە لایەن دەزگا ڕۆشنبیری و هونەرییەکان لە ناوەوەی و دەرەوەی کوردستان بۆ کراوە.
- ئەندامی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانە.

بۆ مامۆستا و هونەرمەندی شێوەکار خاتوو شنۆ یەحیا هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت لە چالاکییەکانت بۆ خزمەتی پەروەردە و هونەری کوردی.

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیەک ژیاننامە و چالاکی و بەرهەمەکانی مامۆستا و هونەرمەند خاتوو شنۆ یەحیا، هاوڕێم هونەرمەندی دیزایینەر عوسمان پیرداود لە هەولێر بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عەبدولسەمەد مەحموود

ناوی تەواوی(عەبدولسەمەد مەحمود حەسەن)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە(باقیٚ هەڵبەست) ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی(خەرنە خەزالە)ی سەر بە ناوچەی(چخیری بازار) لە ڕۆژئاوای کوردستان لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی(قیرە) تەواوکردووە و ناوەندی و ئامادەیی لە قامشلۆ تەواوکردووە، حەزی لە خوێندنی(بازرگانی- تجارة) بووە، بەڵام بەهۆی کێشەی تەمەنی کە کاتی خۆی باوکی دوو ساڵ بەهەڵە تۆماری کردووە، نەیتوانیوە بەردەوام بێت لە خوێندنی کۆلێژی ئابووری و بازرگانی، دواتر دوو ساڵ لە پەیمانگای بازرگانی لە(حەلەب)خوێندوویەتی، یەکەم قوتابیی کورد بووە لە پارێزگای(حەسەکە)، ویستوویەتی خوێندنی زانکۆ تەواو بکات، لە ساڵانی ١٩٩١ - ١٩٩٥ وەکو فەرمانبەر لە دائیرەی(الطرق - ڕێگاوبان)دەستبەکار بووە، بەڵام چونکە کورد بووە تووشی کێشە و دۆخەیان کردووە و دواتر(فەسڵ)یان کردووە.

شاعیر و نووسەر عەبدولسەمەد بەهۆی ئەوەی ئەندام بووە لە لێژنەی ئامادەکردنی فیستیڤاڵی شیعری کوردی، لە گەڵ چوار کەسی دیکە دەستگیر کراوە و ماوەیەک زیندانی کراوە و هەموو مافەکانی شارستانێتیی لێ زەوتکراوە و دواتر ئازادکراوە، پاش سێ ساڵ خوێندنی لە بەشی ئابووری



له لای ڕاستەوە: نووسەر عیزەدین مەلا، نووسەر و ڕۆماننووس جان دۆست، شاعیر عەبدولسەمەد مەحموود، نووسەر عەبدولحەکیم محەمەد، نووسەر ئەحمەد سۆفی، نووسەر ڤانیش میرانی




له لای ڕاستەوە: دووەم کەس نووسەر ڤانیش میرانی، پێنجەم کەس شاعیر عەبدولسەمەد مەحموود، شەشەم کەس شاعیر و وەرگێڕ حەسەن سلێڤانی، هەشتەم کەس ئیسماعیل هاجانی، ئەوانی دیکە نەناسراون، وێنەکە وەفدێکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی سووریا لە بارەگای نووسەرانی کورد لە دهۆک

و بازرگانی لە زانکۆ تەواوکردووە، وەکو خۆشی دەڵێت:(زۆر پسپۆر و شارەزا نەبووم لە بواری بازرگانی).

شاعیر و نووسەر عەبدولسەمەد مەحمود هەر لە منداڵییەوە زۆر خولیا و عەشقی شیعر و شیعر خوێندنەوە بووە، بۆیە ناسناوی(باقی هەڵبەست) یان

پێبەخشیوە، بەزمانی کوردی عەرەبی شیعر و بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و لێکۆڵینەوەی هەمەجۆر دەنووسێت و بەشی زۆری وتارەکانیشی لە گۆڤار و ڕۆژنامە عەرەبی و کوردییەکانی ڕۆژئاوا و باشوور بڵاوکردۆتەوە، هەر خۆی لە شوێنێکدا دەڵێت:(من کە بە کوردی دەنووسم، تۆزێ شێواو(مرتبک) دەبم و دواتر چاکیان دەکەم، بەعەرەبی باشتر دەنووسم).

تا ئێستا کۆمەڵێک بەرهەمی لە چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانە:






**شاعیر عەبدولسەمەد مەحموود**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر عەبدولسەمەد مەحموود، بەڕێز سەعید جردۆ سەرۆکی مەڵبەندی لالشی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە دهۆك، نووسەر عەبدولحەکیم محەممەد سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کوردستانی سووریا**




له لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر خاتوو شەمس عەنتەر، شاعیر عەبدولسەمەد مەحموود




بەرهەمەکانی شاعیر عەبدولسەمەد مەحموود

Siya Xewnê–، شیعر، چاپی یەکەم ۲۰۱۳، چاپی دووەم ۲۰۱۸.

Roşna–، کۆمەڵە شیعر، ۲۰۱۸.

Seyroz–، شیعر، ۲۰۲۱.

Helwestname–، شیعر، ۲۰۲۳.

- دیوانێکی شیعریشی لە ژێر چاپدایە.




له لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر کۆنێ ڕەش، شاعیر عەبدولسەمەد مەحموود

شاعیر و نووسـەر عەبدولسـەمەد مەحمود وەکو ئەندامێکی چالاکی ڕێکخراوە ئەدەبـی و ڕۆشـنبیرییەکان لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان چەندیـن چالاکـی هەبـووە لەوانـە:

- لـە سـاڵی ٢٠٠٨ەوە، ئەندامـی لیژنـەی ئامادەکردنـی فیسـتیڤاڵی شـیعری کـوردی بـووە لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان.
- لـە سـاڵی ٢٠١٥ تـا ٢٠٢١ ئەندامـی دەسـتەی بەڕێوەبردنـی یەکێتیـی نووسـەرانی کوردسـتان- سـووریا بـووە.
- تا ژمارە(٨)بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری(القلم الحر - پێنووسی ئازاد) بووە.
- ئێستاش جێگری سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کوردستانی سووریایە، سـەرۆکی لیژنـەی گشتیشـە.

چەندین جاریش خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە لەوانە:

- خەڵاتی(١١٣)ەمینساڵیادی ڕۆژنامەگەریی کوردی، ساڵی ٢٠١١.
- خەڵاتی فیستیڤاڵی(بەهار) ساڵی ٢٠١٣.
- خەڵاتی زیویینی(٢٥)ەمین فیستیڤاڵی شیعری کوردی، ساڵی ٢٠٢٠.

ئەو ئێستا لە شاری قامشلۆ دەژیت و خاوەنی چوار کچ و دوو کوڕە، خوا تەمەنیان درێژ بکات و بۆ خۆشی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت بۆ خزمەتی شیعر و ئەدەبی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیاننامە و چالاکی و بەرهەمەکانی شاعیر عەبدولسەمەد مەحموود، هاوڕێم نووسەر و پارێزەر ئیبراهیم عەباس لە هەولێر بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عیسا حوسێن

ئەو لە پارچە شیعری(وڵاتی شیعر)دا دەڵێت:

**ژن.. گەورەترین شار و**

**ژن.. جوانترین پایتەخت و**

**ژن.. بەرزترین لووتکە و**


**ژن.. بەپیتترین خاک و**

**ژن.. سازگارترین ئاو و**

**ژن.. پاکترین هەوا و هتد..**

مامۆستای پەروەردە و شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر، عیسا حوسێن....

ناوی تەواوی(عیسا حوسێن عەزیز)ە، لە٣-٢- ١٩٧٥ لە گوندی(گەزوەشان) ی سەر بەقەزای(دوبز)ی پارێزگای کەرکووک لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، هەر هەمان ساڵ تەمەنی هێشتا لە ساڵێک کەمتر بووە کە دانیشتووانی گوندەکەیان لە لایەن ڕژێمی بەعسی شۆڤینیی ئەو کات ڕاگواستراون، ئەوانیش بە خاوخێزانەوە چوونەتە شاری هەولێر، لە ساڵی ١٩٨١ چووەتە بەر خوێندن و قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی



له لای ڕاستەوە: شاعیری دیار و ناسراوی کورد عەبدوڵڵا پەشێو، شاعیر عیسا حوسێن



شاعیر عیسا حوسێن، شاعیری عەرەب ئەدۆنیس


و ئامادەیی هەر لە شاری هەولێر تەواوکردووە، لە ساڵی ۱۹۹۷ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمانی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین بەدەستهێناوەو، بووەتە مامۆستای زمانی کوردی لە قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکانی شارو شارۆچکەکانی پارێزگای هەولێر و دواتریش ناو شاری هەولێر، بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە و فێرکردن

تـا سـاڵی ٢٠١٠، پاشـان بووەتـە سەرپەرشـتیاری پسـپۆڕی پەروەردەیـی لـە بەڕێوەبەرایەتیـی پـەروەردەی هەولێـر و تـا ئێسـتاش لـە خزمەتکـردن بەردەوامـە.

شـاعیر و نووسـەر و ڕۆژنامەنووس عیسـا حوسـێن هەر لەتەمەنی لاوێتیدا حـەز و ئـارەزوو و خولیـای شـیعر و زمـان و ئەدەبـی کـوردی بـووە، بۆیـە دەسـتی بەخوێندنـەوەی شـیعری شـاعیرانی کلاسـیکی و نوێخـوازی کـوردی



لە لای ڕاستەوە: شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس، شاعیر عیسا حوسێن



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس دیاری کورد ڕەوانشاد مەحمود زامدار، شاعیر عیسا حوسێن

و عەرەبی کردووە و، کەم و زۆر شیعر و ئەدەبیات و شاکارە جیهانییە وەرگێڕدراوەکانیشی خوێندۆتەوە، پاش پەیداکردنی پاشخانێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی باش لە ساڵی ١٩٩٠ گڕوگاڵی شیعر نووسینی کردووە، پاش ڕاپەڕین ساڵی ١٩٩١ دەستی بە نووسینی شیعر و چیرۆک کردووە، لە ساڵی ١٩٩٢ یەکەم نۆبەرەی بەرهەمەکانی خۆی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکردۆتەوە، ئیدی بەردەوام بووە لە نووسینی شیعر و چیرۆک و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و بابەتی هەمەجۆری دیکەش و لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردیەکان بڵاوی کردوونەتەوە.

شاعیر عیسا حوسێن لە شیعرەکانیدا شێواز و ستایلێکی تایبەتی بەخۆی هەیە، ئەو بەزمانێکی کوردیی سادە و ساکار و جوان و ڕەوان دەنووسێت، پیرۆزی و خۆشەویستیی مرۆڤ بەتایبەتی ئافرەت لە شیعرەکانیدا بەڕوونی دیارە، جوانی سروشتی کوردستان و خۆشەویستیی نیشتمانەکەی هەرگیز فەرامۆش نەکردووە، تا ئێستا سێ دیوانی شیعری چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- سەفەرەکانی حەرفێک، شیعر، هەولێر، ٢٠٠٩.
- باجی تەمەن، شیعر، هەولێر، ٢٠١٠.



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر ئیسماعیل بەرزنجی، شاعیر عیسا حوسێن



**دانیشتووەکان لە ڕاستەوە: شاعیر عیسا حوسێن، شاعیر عەباس عەبدوڵلا یووسف، شاعیر و نووسەر ئیسماعیل بەرزنجی، شاعیری کۆچکردوو ئەنوەر مەسیفی، ڕیزی ناوەراست لە ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر مەولوود ئیبراهیم حەسەن، نووسەر و ڕەخنەگر کەمال غەمبار، ڕەوانشاد مەهدی خۆشناو، شاعیر ئەحمەد هەردی، دکتۆر مارف خەزنەدار، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید، شاعیری نووسەر و وەرگێڕ عەبدولرەحمان فەرهادی، شاعیر و نووسەر کەریم دەشتی، ڕیزی پشتەوە لە ڕاستەوە: نووسەر و لێکۆڵەر پیرداود مەخمووری، نووسەر ئەسکەندەر جەلال، نووسەر ئاسۆ حەسەن.**

- مەمکە شیعر..بمکە بەنیشتمانی خۆت، شیعر، تاران، ٢٠١٩.
- چەندین پارچە شیعری وەرگێردراونەتە سەر زمانەکانی دیکە بەتایبەتی زمانی عەرەبی.


ئەو وەکو نووسەر و ڕۆژنامەنووس و کاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و پیشەیی چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە و هەیە لەوانە:


- لە ساڵی ١٩٩٢ەوە، دەستی بەکاری ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندن کردووە، لەچەندین ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆی و تەلەفزیۆنە کوردییەکان لەوانە (تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان، ڕادیۆی دەنگی هەولێر، ڕۆژنامەی هەواڵ، نووسەری نوێ، گۆڤاری ڕۆشنبیری کوردستان، ڕۆژنامەی دەنگی میللەت، ڕۆژنامەی دەنگی گەل(صوت الشعب) و ڕۆژنامەی میدیا و

چەندانی دیکەش)وەکو(هەڵەچن، نووسەر، ئەندامی دەستەی نووسەران) کاری کردووە و چەندین بەرهەمی خۆشی تێدا بڵاوکردوونەتەوە.

- لە ساڵی ٢٠٠٢ تا ٢٠٠٤ بەڕێوەبەری کارگێڕیی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر بووە.
- لە ساڵی ٢٠٢٠ەوە تا ئێستا سەرۆکی یەکێتیی مامۆستانی کوردستان- لقی هەولێرە.
- ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی هەولێرە.
- ئەندامی بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژە.


unicef
بڕوانامەی بەشداربوون
سەرپەرشتیار/ عیسی حسین عزیز
بەشداریکرد لە وۆرکشۆپی بەڕێوەبردن لە ئاستی قوتابخانە بەهاوکاری دارایی
ڕێکخراوی یونیسیف لە هەولێر بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە نیسان 2019








**بەرهەمەکانی شاعیر عیسا حوسێن**




**دانیشتووەکان لە لای ڕاستەوە: شاعیر عیسا حوسێن، کۆچکردوو سەلاح سەلیم سەیدۆک، ڕۆماننووس سەلاح عومەر، نووسەر ئاسۆ حەسەن، ڕەوانشاد فەیسەڵ دێهاتی، شاعیر و نووسەر عەباس عەبدوڵلا یووسف، ڕاوەستاوەکان لە لای ڕاستەوە: شاعیر و ڕۆژنامەنووس عەبدولڕەحمان فەرهادی، نووسەرو شاعیر غەریب پشدەری، شاعیر موحسین ئاوارە، بەڕێز خاتوو شیلان گەیلانی، نووسەر و لێکۆڵەر ڕەزا سەید گوڵ، بەڕیز خاتوو زەینەب یووسفی، بەڕێز خاتوو ناهیدی حوسەینی، ڕەوانشاد مەهدی خۆشناو، کۆچکردوو شازاد ئەنوەر، نووسەر و ڕۆژنامەنووس تاریق جامباز، نووسەر ڕەوانشاد سەید مەولوود بێخاڵی**

- بەشداریی چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە و فیستیڤاڵی شیعری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە شاری هەولێر و شار وشارۆچکەکانی دیکەی کوردستان کردووە و چالاکیشی تێدا نواندووە.
- چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی لە لایەن دەزگا پەروەردەیی و لایەنە ئەدەبی ڕۆشنبیرییەکان بۆ کراوە.



بۆ شاعیر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر عیسا حوسێن هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

وا دوو نموونەی شیعری شاعیر عیسا حوسێن- تان بۆ دونووسمەوە:



لەلای ڕاستەوە: ڕۆژنامەنووس عەبدولڕەحمان فەرهادی،شاعیرو نووسەر نازم دڵبەند، شاعیر عیسا حوسێن، شاعیر مەسعود پەرێشان، دیزاینەر عوسمان پیرداود.

(١)

پێویستی

بۆ بینین و وێناکردنی جوانی و

بۆ سەرکەوتن بەسەر گردەکانی سینەی و

بۆ پیاسەکردن لەتەک زراقی باڵای و

بۆ بیستنی دەنگە ناسکەکانی و

بۆ دەربڕینی هەست و سۆز

بۆ ئەم شۆڕەژنە ...

خودایە

بۆ من

دوو چاو و

دوو دەست و

دوو قاچ و

دوو گوێ و

یەک زمان
زۆر کەمە زۆر ... !!!

(٢)
گەر خۆرەتاو بوو
ئامان نەکەی بێیتە دەرەوە
گەر مانگەشەویش بوو
ئامان هەر نەکەی بێیتە دەرەوە
با خەڵک لێیان تێکنەچێ و
گەردوون سەری لێنەشێوێ و
مەلاش قیبلەی لێ ون نەبێ
ئاخر ... مەعقوولە
بەڕۆژ دوو خۆر بەدەرەوە بێ و
بەشەویش دوو مانگ ... !!!

**سەرچاوەکان:**


١ - کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی شاعیر عیسا حوسێن، هاوڕێم هونەرمەندی دیزایینەر مامۆستا عوسمان پیرداود لە هەولێر بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ - کوردیپیدیا.
٣ - چەند زانیارییەک لە شاعیر عیسا حوسێن خۆی وەرگیراوە.
٤ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عەزیز یاوەر

مامۆستای پەروەردە و نووسەر و لێکۆڵەر عەزیز یاوەر ...

ناوی تەواوی(عەزیز یاوەر عەزیز)ە، لە ساڵی ١٩٤٧ لە(ئاوایی گەورە) ی سەر بە ناحیەی(بنکوڕ)ی شاری خانەقین لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری خانەقین تەواوکردووە، ساڵی خوێندنی ١٩٦٦ – ١٩٦٧ پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایانی لە شاری(بەعقوبە)تەواوکردووە و بووەتە مامۆستای سەرەتایی لە قوتابخانەی(سیروان) لە گوندی(دەککەی حاجی ئیبراهیم بەگی جاف).

پاش نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ دوورخراوەتەوە قوتابخانەی(رسول) لە پارێزگای(المثنى)تا ساڵی ١٩٧٩، پاشان گواستراوەتەوە شاری سلێمانی، لەوێشەوە بۆ شاری کەلار لە قوتابخانەی(ئەلوەند) لە گەڕەکی حەمەی کەریم بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە و فێرکردن، پاش سێ ساڵی گەڕاوەتەوە شاری خانەقین لە قوتابخانەی(دەککەی سەرچەم) درێژەی بەخزمەتکردنداوە تا ساڵی ١٩٩٣ لەسەر داخوازی خۆی خانەنشینکراوە، لە ساڵی ٢٠٠٣ جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە سەر کاری مامۆستایی و لە قوتابخانەی(١١ی ئادار)خزمەتی کردووە تا ساڵی ٢٠١٠



له لای ڕاستەوە: نووسەر عەزیز یاوەر، بەڕێز پشتیوان ئەحمەد، بەڕێز نەریمان دەربەندفەقەرەیی

خانەنشیکراوە.

نووسەر و لێکۆڵەر عەزیز یاوەر هەموو قۆناغەکانی خوێندنی بەزمانی عەرەبی خوێندووە، بۆیە زووتر و زیاتر شارەزای ئەدەبیاتی و مێژوو و بابەتە ڕۆشنبیرییەکانی عەرەبی بووە و خوێندن و خوێندنەوەی کوردیشی




فەرامۆش نەکردووە، دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی بابەتی ڕۆژنامەنووسی لە ڕۆژنامە کوردی و عەرەبییەکان لەوانە(الاتحاد، کوردستانی نوێ، خانقی و چەندانی دیکەش)، ئەو تا ئێستا کۆمەڵێک بەرهەمی لە بواری مێژوو و پەروەردە و لێکۆڵینەوە بەزمانی عەرەبی نووسیوە لە چاپ و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانە:

- التعليم و فصول من تاريخ مدارس خانقين ١٨٨٧- ٢٠٠٧، مؤسسة حمدي للطباعة

والنشر،من منشورات مركز خانقين الثقافي، السليمانية، ٢٠٠٩.

- اليهود سبىء وترحيل خانقين مركزا للجماعه وأنموذجا ، مؤسسة حمدى للطباعة والنشر، السليمانية، ٢٠١٨

- محاولات الحصرى لوأد الدراسة الكوردية ١٩٢٣ - ١٩٢٧، السليمانية.


- بكر صدقى جدلية روحه القومية، دار الثقافه والنشر الكردية، بغداد، ٢٠٢١.

دەزگای چاپ و ناوەندی جەمال عیرفان لە شاری سلێمانی هەر دوو کتێبی(بكر صدقي جدلية روحه القومية، محاولات الحصري لوأد الدراسة الكوردية ١٩٢٣- ١٩٢٧) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

نووسەر و لێکۆڵەر مامۆستا عەزیز یاوەر چەند بابەتێکی ڕۆژنامەوانی گرنگی سەبارەت بەناوچە کێشە لەسەرەکان(المناطق المتنازع عليها) نووسیوە، بەجۆرێک ئەم وەک نووسەر و ڕۆژنامەنووسێک لە گەڵ ئەوە دایە بە(المناطق المستقطعة) ناوببرێت ، لە بەر ئەوەی لە سەروبەندی پەیماننامەی (سیڤەر)دا بەوشێوەیە ناوی هاتووە و ڕاپرسی لەسەرکراوە،




لە لای ڕاستەوە: نووسەر عەزیز یاوەر، مامۆستا نەجم عەبدوڵڵا










بەڵام لە پەیماننامەی (لۆزان)دا کراوەتە (التقصي في المنطقة المتنازع عليها)، بەڵام ئەم ڕای وایە و نووسیویەتی:(انها مناطق مستقطعة و ليست متنازع عليها).

ئەو تا ئێستاش بەردەوامە لە کاری ڕۆژنامەوانی، لە گەڵ چەند هاوکارێکی لە شاری خانەقین بەردەوامن لە بڵاوکردنەوەی مانگنامەی(خانەقی).

بۆ مامۆستا و نووسەر و لێکۆڵەر عەزیز یاوەر هەر بەردەوام و سەرکەوتوو بیت لە نووسینەکانت.

### سەرچاوەکان:

١- کورتەی ژیاننامەی نووسەر عەزیز یاوەر، هاوڕێم نووسەر دکتۆر ئەحمەد باوەڕ لە شاری کەلار بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# فەریق ئەمین

شاعیر و نووسەری جوانەمەرگ ڕەوانشاد فەریق ئەمین ....

ناوی تەواوی(فەریق ئەمین عەلی سەفەر)ە، لە هاوینی ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی(عەزیز قادر)ی سەر بەناوچەی گەرمیان لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٦١ دەستی بە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی کردووە و ساڵی خوێندنی ١٩٧٥- ١٩٧٦ی بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە، پاشان لە بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا وەرگیراوە، لە بەرباروودۆخی ئەو کات بۆ ماوەی دوو ساڵ نەیتوانیوە بەردەوام بێت لە خوێندن، دواتر دەستی بەخوێندن کردۆتەوە لە بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا و تا پۆلی سێیەم، هەر لەم کاتانەدا تووشی نەخۆشیی(شێرپەنجە) بووە، ماوەیەک لە نەخۆشخانەی(مدینة الطب) لە بەغدا چارەسەی بۆ کراوە، دوای بێ ئومێدبوونی گەڕاوەتەوە گەرمیان، پاش ئێش و ئازارێکی زۆر بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە لە ١ - ٧ - ١٩٧٩ کۆچی دوایی کردووە و، تەرمەکەی لە گۆڕستانی(وەکاشە) لە نزیک گوندەکەی خۆیان بەخاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

شاعیری جوانەمەرگ فەریق ئەمین لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەو کاتەی قوتابیی کۆلێژ بووە دەستی بە نووسینی شیعر و بابەتی



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر فەریق ئەمین، نووسەر دکتۆر مارف عومەر گوڵ، نەناسراوە، نەناسراوە**



**لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، شاعیر لەتیف هەڵمەت، نەناسراوە، شاعیر فەریق ئەمین، نەناسراوە، نەناسراوە**

ئەدەبی و ڕۆشنبیری کردووە، ئەوەی ڕوون و دیارە لە بەرهەمەکانی کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی(ئەو کات) کە لە بەغدا دەردەچوون بڵاوکراوەنەتەوە ئەمانەن:

- وشەی سوتاو، لە گۆڤاری بەیانی ژمارە (٤٣)ی، ساڵی ١٩٧٧ بڵاوکراوەتەوە.
- ئازارەکانی سیروان، لە گۆڤاری(ڕۆژی کوردستان)ی ژمارە(٥٠)ی ساڵی ١٩٧٨ بڵاوکراوەتەوە.




- تۆ لە دڵمای تۆ لە مێشکمای، لە هەفتەنامەی(پاشکۆی عێراق)ی ژمارە(١٠) ی ساڵی ١٩٧٧ بڵاوکراوەتەوە..

جگە لەم بەرهەمانەی وەک بەرهەمی بڵاوکراوە هیچ شتێکی ئەوتۆمان بەرچاو نەکەوتووە. هەر چەندە هەندێ سەرچاوەی دیکە دەڵێن کە گوایە: (کاتی خۆی لە بڵاوکراوەی(خەباتی قوتابیان)دا شیعرێکی بڵاوکردۆتەوە، تەنانەت هەردوو دقی شیعری(تۆ لە دڵمای تۆ لە مێشکمای) و( ئازارەکانی سیروان)کە لەگەڵ دەستنووسەکانی خۆیدا بەراوردکراون، گەلێک جیاوازییان هەیە بەتایبەتی پارچە شیعری(ئازارەکانی سیروان)زۆر لەوە درێژتر و زیاترە لەوەی کە کاتی خۆی لە گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)دا بڵاوکراوەتەوە، ئەمەش بۆ خۆی شاعیر فەریق ئەمین بۆ یەکەم جار لە ئێوارە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەی(کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی) لە شاری بەغدا خوێندوویەتییەوە. کە هەر یەک لە شاعیرانی لاوی ئەو کات بەشداربوون لەوانە:( سەکران



**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز عەلی حەسەن، بەڕێز عەبدوڵڵا هیدایەت میرزا، شاعیر فەریق ئەمین ساڵی ١٩٧٤**

سابیر بە شیعری(خەمە سەوزەکان)، مارف عومەرگوڵ بە هەڵبەستی(خۆت لێڵ مەکە)، موئەید تەیب بەشیعری(گەلۆ)، کەریم دەشتی بەشیعری (شەوسوار)، محەمەد ناسیح کوێرەکی بەشیعری( کۆتری ئاشتی)، بەرزان عوسمان بە شیعری(شاعیر)، فەریق ئەمین بە شیعری(ئازارەکانی سیروان)، عەبدوڵڵا قەرەداخی بە شیعری(بوار لە دڵێکی سەوزدا)، دەقی شیعرەکانی ئەم شاعیرانە لە ژمارە (٥٠)ی گۆڤاری ( ڕۆژی کوردستان)ی ساڵی ١٩٧٨دا بڵاوکراونەتەوە.

پاش کۆچی دوایی کردنی شاعیر فەریق ئەمین، چەند نووسەر و ئەدیبێک دەربارەی ئەم کۆڕە شیعرە نووسینیان بڵاوکردۆتەوە لەوانە:(دکتۆر مارف عومەر گوڵ لە (پاشکۆی عێراق)، هەروەها هەریەک لە نووسەران فاتح سەلام و مستەفا نەریمان لە ڕۆژنامەی(هاوکاری)دا، دواتریش سەرجەم دەستنووس و بەشێکی زۆر لە شیعرە بڵاونەکراوەکانی ئەم شاعیرە جوانەمەرگەی کورد بە پارێزراوی مابووەوە لای خوالێخۆشبوو مەلا عیزەددین تاهیر(تیشکی) لە شاری کفری و تاوەکو ئەوکاتەی لە



**لە لای ڕاستەوە: مامۆستا تاهیر سەید عەبدوڵڵا، بەڕێز ڕەزوان عەباس، بەڕێز جەبار حەمید، شاعیر فەریق ئەمین، بەڕێز سەربەست حەمید**



شاعیری جوانەمەرگ فەریق ئەمین



لە لای ڕاستەوە: شاعیر فەریق ئەمین، نەناسراوە

ژمارە(١٠١٠)ی ٢٦ی ئەیلولی ١٩٩٨دا لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) دکتۆر ئەحمەد باوەڕ بابەتێکی سەربەخۆی لەسەر بڵاوکردۆتەوە.

هەر مامۆستای زانکۆ و شاعیر و نووسەر و مێژوونووس دکتۆر ئەحمەد باوەڕ لە هاوینی ساڵی ١٩٩٤ لە هۆڵی قوتابخانەی(باوەشاسوار)ی شاری کفری ئێوارە کۆڕێکی بەرفراوانی بۆ سازکردووە، پاشان لە ساڵی (٢٠٠٠) دا بەهاوکاریی(بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ) لە شاری سلێمانی دیوانە شیعرییەکەی بەناونیشانی(فەریق ئەمین و دەنگی ڕەسەنی شیعر) بڵاوکردۆتەوە.

ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی شاعیر فەریق ئەمین بەناوی(ئازارەکانی سیروان):

**ئازارەکانی سیروان**

**لافاوی گریانێکی چڕ**

**شیرازەی هەستمی بزوان**

**لە ڕووی دەشتی گەرمیانەوە**

**زامە سەختەکانی سیروان**

**بەفری ئارام و کپیمی توانەوە**

سیروان .. سیروان بۆ وا ئەگری و
ئەڕێژی ئەم ڕهێڵەیە
بە هەنسکی فرمێسکەوە سیروان وتی :
پەڕو باڵی شەپۆلەکانم وا وەری
نایەتە گوێم نە ئای ئایە نە هۆرهیە
ئەگەر گوێسەبانە نەبێ
چۆلەکە لە کوێ لانە بکا
ئەگەر ماسیش نەبێ ڕووبار
پرچی بۆ کێ بە شانەکا
دیاری بەفری سەر لوتکەکان
تەم و خەم و پەژارە و ژان
کاتێ لێوی تاسەی تۆڵاشێکی ئەمژم
تامەزرۆی نامەی ئەستێرەکان ناچێژم
ئەو تەزوانەی کە ئەخرێنە سەرسینگمەوە
نامۆن و نایاننناسمەوە
سیروان ..سیروان
بوکە نازدارەکەی گەرمیان
هەزارەها گرێ کوێرەی پەنجەی تاوان
لە ئاورێشمی پرچت درا
هەزارەها جاڵجاڵۆکەی گەردەلوولی ستەم و ژان
بە بەهەشتی سنگۆڵەتا گشت هەڵزنا
تۆ هەر ئەڕۆیت و هەر ئەڕۆی
گەشتی تورەت ناکەی تەواو
چونکە جیهان تینوە بۆ دڵۆپێ ئاو
بەمــۆ ..بەمــۆ

**تۆش هەر بەرزی تۆش هەر بەرزی**
**ئەگەر سەرانسەری جیهان**
**لە گۆمی خوێنا بلەرزێ**
**با ماسیەکانیش دەرکرێن**
**گەراکانیان هەر ئەمێنێ**
**تیشکی هەتاو با لەم دێ یە بڕەوێتەوە**
**ڕۆژێکی دێ کە سەر لە نوێ هەڵبێتەوە**
**هەڵبێتەوە ..**
**ئاسۆی تۆڵە لەکەلی خوێن هەڵدێتەوە**

**سەرچاوەکان:**

١ - ژیاننامە و بەرهەمەکانی شاعیری جوانەمەرگ فەریق ئەمین، هاوڕێم مامۆستای زانکۆ و شاعیر و مێژوونووس دکتۆر ئەحمەد باوەڕ لە کەلارەوە بۆی ناردووم، زۆر سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# محەمەد پەژار کەلاری

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار، شەهید محەمەد پەژار کەلاری .

ناوی تەواوی(محەمەد حەسەن حەمید ئەحمەد)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە(محەمەد پەژار کەلاری)ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٤ لە شارۆچکەی کەلار(ئەو کات)لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لە کەلار تەواوکردووە و خوێندنی ناوەندیشی لە شاری کفری تەواوکردووە، دواتر ئامادەیی پیشەسازی لە شاری کەرکووک بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە و، وەکو فەرمانبەر بەپلەی(ملاحظ تكنيكي - تێبینەری تەکنیکی)لە دائیرەی کارەبای شاری بەغدا دامەزراوە.

شاعیر و میدیاکار شەهید محەمەد پەژار هەر لە تەمەنی لاوێتیدا خولیا و ئارەزووی خوێندنەوەی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی و عەرەبی هەبووە، ئەو هێشتا قوتابیی ناوەندی بووە لە کفری، دەستی بەخوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی و عەرەبی کردووە، شاکارە عەرەبی و جیهانییە وەرگێڕدراوەکانیشی فەرامۆش نەکردووە و، کەم و زۆر خوێندوویەتییەوە، لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو(سەدەی بیستەم)گرۆگاڵی شیعر نووسینی کردووە، یەکەم پارچە شیعری خۆی



لە لای ڕاستەوە: شاعیر محەمەد پەژار، شاعیر سەلاح شوان

بە ناوی(غەریبی)لە ١٧ - ١٢ - ١٩٦٩ نووسیوە و ئیدی بەردەوام بووە لە نووسینی شیعر و بابەتی ئەدەبی دیکەی هەمەجۆر، لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو نۆبەرەی بەرهەمەکانی خۆی، کە پارچە شیعرێک بووە بەناوی(ئاوارەیی) لە گۆڤاری(بەیان)ی ژمارە(٢٩)ی ساڵی ١٩٧٥ بڵاوکردۆتەوە، ئەو ماوەیەکی باش لە بەغدا ژیاوە و زۆر نزیک بووە لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردی کە ئەو کات لە بەغدا هەبوو، جگە لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی کە ئەو کات لە بەغدا و کوردستان دەردەچوون وەکو(بەیان، ڕۆشنبیری نوێ، هاوکاری، برایەتی، کاروان، هەفتەنامەی پاشکۆی عێراق، نووسەری کورد، ڕەنگین و العراق)... هتد)بۆیە چەندین بەرهەمی شیعری و بابەتی ئەدەبی لەم گۆڤار و ڕۆژنامانە بڵاوکردۆتەوە.

ئەو لە ساڵی ١٩٨٨ گەڕاوەتەوە شاری کەلار و کتێبخانەیەکی بچکۆلانەی بەناوی(کتێبخانەی کوردەواری)هەر لە شاری کەلار کردۆتەوە، تاوەکو ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەردەوام بووە لە کڕین و فرۆشتنی کتێب، لە ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ وەکو شاعیر و نووسەر و میدیاکارێکی

ئـازا و بوێـر و کوردپـەروەر بەشـداریيەکی بەرچـاوی لـە ڕاپەڕیـن کـردووە و، تـا لـە ٢٥ ئـاداری هەمـان سـاڵ لەسـەر دەسـتی سـوپای ڕژێمـی بەعس و بەکرێگیراوەکانی لـە جەماعەتی(مەسعود ڕەجەوی)شـەهید کراوە، ڕەوانی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێت.

پاش شـەهید بوونی، مامۆسـتای زانکۆ و مێژوونووس و لێکۆڵەر و توێژەر پرۆفیسـۆری یاریدەدەر دکتۆر ئەحمەد باوەڕ، بەشـی زۆری بەرهەمە شیعری و نووسـین و بەڵگەنامەکانـی ئامـادە و کۆکردۆتـەوە و لەسـەری نووسـیون و، لـە کتێبێکـی جـوان و قەشـەنگ بەناوی(دیوانـی شـەهید محەمـەد پەژار)کـە شـاعیری دیـار و ناسـراو مامۆسـتا لەتیـف هەڵمـەت پێشـەکی بـۆ نووسـیوە، ساڵی ٢٠٠٣ چاپی یەکەم و چاپی دوومیشـی وەزارەتی ڕۆشـنبیری و لاوانی هەرێمـی کوردسـتان سـاڵی ٢٠١٤ چـاپ و بڵاویکردۆتـەوە.

شـاعیر و میدیاکار شـەهید محەمـەد پەژار لـە ناوەندی هەشـتاکانی سـەدەی ڕابردوو وەکو میدیاکارێکی بەتوانـاش، ماوەیـەک چەند بەرنامەیەکی ئەدەبی و ڕۆشـنبیری لـە ڕادیـۆی کوردیی بەغدا ئامـادە و پێشـکەش کـردووە لەوانـە:

- بەرنامەی(کاروانی شـیعر و مۆسـیقا - قافلة الشـعر و الموسـيقى)کە لەسـەر هەمـان شـێوازی ئـەو بەرنامـە شـیعرییە بـوو کـە میدیـاکاری گـەورەی



لە لای ڕاستەوە: شاعیر محەمەد پەژار، شاعیر و نووسەر عەبدولڕەزاق بیمار

کوردی ڕۆژهەڵات ڕەوانشاد(شوکرەڵڵای بابان - ١٩٢٣- ٢٠١٢) لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە ڕادیۆی کوردیی تاران و کرماشان ئامادە و پێشکەشی دەکرد.

- ماوەیەکیش بەرنامەیەکی مێژوویی بەناوی(چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی عێراق) کە مێژوونووسی گەورەی کورد دکتۆر کەمال مەزهەر ئامادەی دەکرد، ئەو لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا پێشکەش دەکرد.
- لە ٢٥ - ١ - ١٩٧٧ەوە، ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی بووە لە بەغدا.
- لە سەرەتای هەشتاکانیشەوە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد بووە هەر لە بەغدا.


سەبارەت بە شاعیر و نووسەر و میدیاکار شەهید محەمەد پەژار کەلاری شاعیر و نووسەرانی کورد بە شیعر و نووسین ستایشیان کردووە لەوانە(شاعیر لەتیف هەڵمەت، شاعیر خاتوو کەژاڵ ئەحمەد، شاعیر و مێژوونووس دکتۆر ئەحمەد باوەڕ و شاعیر ئەحمە کەلاری).

سەبارەت بە شاعیر شەهید محەمەد پەژار، شاعیری ناسراوی کورد



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر محەممەد پەژار، شاعیری دیار و ناسراوی کورد لەتیف هەڵمەت**








له لای ڕاستەوە وەستاوەکان: حەمە ئاغای باجەلان، نووسەر مستەفا نەریمان، شاعیر محەمەد پەژار، عەلی سەلیم بەگی جاف، دوو مێرمنداڵەکە نەناسراون

شاعیر و میدیاکار
شەهید محەمەد پەژار کەلاری
لە دوو کاتی جیازازدا

خاتوو کەژاڵ ئەحمەد دەڵێت:(دیوانی بەندەری بەرمۆدا، بیرۆکەی شیعرەکەم لە گفتوگۆیەکم لەگەڵ شەهید محەمەد پەژار لەساڵی ١٩٩٠ وەرگرتووە. کە کتێبخانەیەکی بچکۆلەی لەناو بازاڕی کەلار هەبوو، من یەکەم دامەزرانم لە خەستەخانەی کەلار بوو، وەک هەمیشە عەوداڵی کتێب بووم، محەمەد پەژارم دۆزییەوە و ئەو کتێبی بەبێ بەرامبەر دەدامێ، دەمخوێندنەوە و بۆم دەگەڕاندەوە، دواتر وتوێژمان سەبارەت بە کتێب و هەستە نیشتمانییەکانمان دەکرد و شیعری خۆم بۆ دەخوێندەوە. زۆر جار پێی دەوتم : خوشکەکەم ئاگات لە خۆت بێت کەچی زۆر بەداخەوە لە سەرەتای ڕاپەڕیندا ئەو هاوڕێ بەئەمەکەم لەگەڵ ژمارەیەک هاوڕێم و بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی کەلار بە هۆی هێرشی موجاهیدنی خەڵقەوە شەهیدکران)هەر شاعیر خاتوو کەژاڵ ئەحمەد لە دیوانی(بەندەری بەرمۆدا)دا ئەم شیعرەی وەکو ستایشی محەمەد پەژار نووسیوە:

دەنگی پڕ حەسرەتی ( سیروان)
لە ( قەڵای شێروانە ) ی پرسی :
ڕۆڵە گیان خۆ لەچاو مندا
تۆ دوێنێکە لەدایکبووی!
کەچی سەرت کڵوی بەفرە و
گۆچان بەپێوە ڕایگرتووی!!
چ زوو پیربووی ؟!
بۆچی پیربووی
ئەی هاوڕێکەم ؟!
شێروانە دوو چاوی تەڕی
بڕییە دێی سووتاوی ئەوبەر
ئاوڕێکی بۆ سیروانی شۆخ دایەوە و
وتی: لە عەزرەت گەلەکەم
چش لە پیرییش، وا شێت دەبم
ئەی سیروانی وەک کوردستان و
کەلاری کوژراو بێدەنگ،





پارچە شیعرێکی شاعیر و لێکۆڵەر دکتۆر ئەحمەد باوەڕ لە ستایشی شاعیر محەمەد پەژار



٨ - پارچە شیعرێکی شاعیر محەمەد پەژار

**لەگەڵ ئاخم ئاخ هەڵكێشە**

**ئاخ بۆ ساتێكی ڕاپەڕین**

**لەسەر گڵكۆی هەر شەهیدێ**

**لە ملكەچیی هەر بێوەژن،**

**هەر هەتیوێكی شەوی جەنگ**

**لە تەوێڵی مێژوو بەقەڵەمی ئێسک و**

**بە مەرەكەبی بەحری خوێن**


**لە ڕووخساری**

**هەر وێرانەیەک بنووسن**

**تەبەد یەدا صدام حسێن**

١٩٩١ - سلێمانی

كەژاڵ ئەحمەد.



**بەڵگەنامەی شاعیر محەممەد پەژار لە كاتی شەهیدبوونی لە گیرفانیدا بووە**




**دیوانی شاعیری شەهید محەممەد پەژار**

شاعیری گەورەی كورد لەتیف هەڵمەت، سەبارەت بە شاعیر محەمەد پەژار دەڵێت:(جێی داخە ئەم شاعیرە لاوە ئازادیخواز و ئاشتیپەروەرە لە ساڵی ١٩٩١ لە جەرگەی بەهاری ڕاپەڕین و ئازادیدا لە شارەكەی خۆی شاری كەلاری ئەنفال و خۆڕاگری و نەبەزین بەر دەستڕێژی گوللەی موجاهیدی خەڵق كەوت و بوو بە شەهیدی خۆری گەشی ڕاپەڕینی جەماوەری كورد و لە پێناوی ئازادیدا خاكی پاگژی نیشتمانی بە خوێنی خۆی سوور كرد).

شاعیر لەتیف هەڵمەت بەم پارچە شیعرە ستایشی شاعیری شەهید محەمەد پەژاری كردووە:

**لە بڕی یەک گیان**

**یەک هەزار گیان**

**لە جەستەیدا**

**دوونادووی کرد**

**نا دە هەزار**

**نا یەک ملیۆن**

**نا هەزار ملیۆن**

**گلّپەی سەندو وەکو گۆکرد**

**بەهەر هەزار هەزار ملیۆن گیانەکەی**

**ڕقی لە دوژمنانی کورد بوو**

**دوژمنانی کورد**

**هەزار هەزار زمانی بوو**

**بەهەر هەزار هەزاری**

**شیعری بۆ ئازادی دەگوت**

**محەمەد پەژاری کەلاری**

لەتیف هەڵمەت

.١٩٩٢

شاعیر و مێژوونووس و لێکۆڵەر دکتۆر ئەحمەد باوەڕ، بە پارچە شیعرێک بەناوی(وردە نیگایەکی تەڵخ)ستایشی شاعیری شەهید محەمەد پەژاری کردووە، وا لە گەڵ نووسینەکەم بە وێنە هاوپێچم کردووە.

**سەرچاوەکان:**

١ – کورتەیەک لە ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی شاعیری شەهید محەمەد پەژار، دکتۆر ئەحمەد باوەڕ لە کەلار بۆی ناردووم، زۆر سوپاسی دەکەم.

٢ – هەندێ زانیاری و پارچە شیعرێک، شاعیری ناسراوی کورد خاتوو کەژاڵ ئەحمەد لە سلێمانی بۆی ناردووم، زۆر سوپاسی ئەویش دەکەم.

٣ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ماهین شێخانی

شــاعیر و نووســەر و چیرۆکنــووس و ڕۆژنامەنــووس و هونەرمەنــدی شـێوەکار ماهیـن شـێخانی لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان....

شـاعیر و نووسـەر ماهیـن شـێخانی لـە سـاڵی ١٩٦٠ لـە شاری(درباسـیە) ی ڕۆژئـاوای کوردسـتان لـە خانەوادەیەکـی کوردپـەروەر لـە دایـک بـووە، پاش تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی چووەتـە کۆلێژی(حقـوق - ماف)لـە زانکۆی(بیـروت العربـي)، لـە بـەر چەنـد هۆیەکـی تایبـەت تەنهـا دوو سـاڵی خوێنـدووە و بەجێیهێشـتووە، پاشـان خولێکـی هونـەری شـێوەکاری لـە پەیمانگای(ادهـم إسـماعیل)بینیوە و، ماوەی(٦)سـاڵ بووەتـە مامۆسـتای هونـەری لـە قوتابخانەکانـی شـاری درباسـیە و دەوروبـەری، لـە سـاڵی ١٩٩٢ بەهـۆی هەنـدێ لـە تابلۆکانـی لـە پیشـانگایەکی هاوبـەش لـە درباسـیە دەسـتگیرکراوە و لـە مامۆسـتایەتی (فەسـڵ) کـراوە.



شاعیر ماهین شێخانی
بە مێردمنداڵی


شــاعیر و نووســەر و هونەرمەنــدی شــێوەکار ماهیـن شـێخانی بەهـەردوو زمانـی کـوردی و عەرەبـی



له لای ڕاستەوە: شاعیر ماهین شێخانی، بەڕێز ساسان ماهین شێخانی،
شاعیر و وەرگێڕ حەسەن سلێڤانی، نەناسراوە


له لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر کۆنێ ڕەش، نووسەر بوبی ئاسر لە سوید، شاعیر ماهین شێخانی

دەنووسێت، بە زمانی کوردی بە پیتی لاتینیی کوردی دەنووسێت، چەندین بەرهەمی لە شیعر و چیرۆک و بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەری و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و عەرەبییەکانی ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان و سووریا و عیراق، لەوانە (التآخي، مەتین، گوڵانی عەرەبی، خەباتی عەرەبی، کفاح العربي لبناني، الثورة و الثقافة سوري و چەندانی دیکەش) بڵاوکردۆتەوە.




**لە بەرهەمەکانی شاعیر و هونەرمەند ماهین شێخانی**

لە بواری شیعر و چیرۆک و بابەتی دیکەش تا ئێستا ئەم بەرهەمانەی چاپ و بڵاوکردۆتەوە:

- کۆمەڵە چیرۆکی(علی ضفاف الخابور)بە زمانی عەرەبی کە (١٥)هۆنراوە لەخۆدەگرێت، لە چاپخانەی(دار تموز) ساڵی ٢٠١٤ چاپکراوە، شاعیر و نووسەر موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی(٤) هۆنراوەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی شێوەزاری(سۆرانی).
- کۆمەڵە شیعری(ئەڤرۆ دێت (Avrodit بەکوردی-پیتی لاتینی، ساڵی ٢٠١٩ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- کتێبی(یلماز گونای)ساڵی ٢٠٢٣ چاپ و بڵاوکردۆتەوە.
- چەند بەرهەمێکیشی لە شیعر و چیرۆک ئامادەیە بۆ چاپ.
- چەندین هۆنراوەی لە لایەن هونەرمەندانی کورد کراوەتە گۆرانی، لەوانە




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و وەرگێڕ حەسەن سلێڤانی، شاعیر و نووسەر ماهین شێخانی**

گۆرانیبێـژان (محەمـەد ئەمیـن جەمیـل، حسـێن سـاڵح، زەکەریـا شـێخ ئەحمـەد و چەندانـی دیکـەش).

شـاعیر و نووسـەر ماهیـن شـێخانی وەکـو مامۆسـتای هونـەری و هونەرمەندێکـی شـێوەکار چەندیـن پیشـانگای تایبـەت و هاوبەشـی لـە شـاری درباسـیە و قامشـلۆ کردۆتـەوە کـە ئەمانـە هەندێکیانـن:

- سـاڵی ١٩٩٢ بە تابلۆکانی بەشداریی پیشانگایەکی هاوبەشـی لـە شـاری درباسـیە کردووە، بەهـۆی ناوەڕۆکـی تابلۆکانـی لـە کاری مامۆسـتایی دوورخراوەتـەوە.
- لە سـاڵ ١٩٩٧ - ١٩٩٨ پیشـانگایەکی هونـەری لـە




لە بەرهەمەکانی
شاعیر و هونەرمەند
ماهین شێخانی





شاعیر و هونەرمەندی شێوەکار ماهین شێخانی لە کاتی کێشانی تابلۆیەکدا

شاری قامشلۆ کردۆتەوە کە بۆ ماوەی دوو ساڵ بەردەوام بووە.

- پیشانگای تایبەت بەخۆی بەناوی(ومضات امل) لە مەڵبەندی(زڵال بۆ ڕۆشنبیری و هونەری کوردی) لە درباسیە لە ٢ - ١١ - ٢٠١٢ کردۆتەوە.
- بەشداریی لە پیشانگایەکی هاوبەشی هونەرمەندانی کورد بەناوی(لقاء الاجیال)هەر لە مەڵبەندی زڵال لە درباسیە کردووە.

ئەو وەکو ڕۆژنامەنووسیش ماوەیەک لە گۆڤارەکانی(بوهاری کوردی و المنبر العربي) کاری کردووە.

چەندین چالاکیی دیکەشی هەبووە لەوانە:

- چەندین چاوپێکەوتن و دیداری ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان کردووە.
- بەشداریی چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کردووە، لەوانە وەکو نوێنەری نووسەرانی کوردی ڕۆژئاوا بەشداریی لە فیستیڤاڵی ڕۆشنبیریی دهۆک ساڵی ٢٠٢٢ کردووە.

- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- سوریا بووە.
- ئەندامی سەندیکای شێوەکارانە لە شاری عامودا.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەر و ڕۆژنامەنووسانی سوریایە.

بۆ شاعیر و هونەرمەند ماهین شێخانی هەر سەرکەوتوو بێت لە کارە ئەدەبی و هونەرییەکانتدا.

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیەکی ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی شاعیر و نووسەر ماهین شێخانی، هاوڕێم شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر کۆنێ ڕەش لە قامشلۆ بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ماجد سورەمیری

نووسەر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووس مامۆستا ماجد سورەمیری ....

ناوی تەواوی(ماجد محەمەد سالّحان)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە ماجد سورەمیری ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی(دارا و خەلیل فەتحولّلا)ی دەوروبەری شاری خانەقین لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، لە ساڵی خوێندنی ١٩٧٠- ١٩٧١ چووەتە بەر خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی(کاوەی بنەڕەتیی تێکەڵاو)کە ئەو کات خوێندن بەزمانی کوردی بووە و تا پۆلی پێنجەمی خوێندووە، پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول ساڵی ١٩٧٥ خێزانەکەیان دوورخراوەتەوە ناحیەی(الوحدة)لە خوارووی شاری بەغدا، پۆلی پێنجەمی لەوێ بەزمانی عەرەبی خوێندووە، ساڵی پاشتر ماڵیان چووەتە بەغدا و لە گەڕەکی(حي الاكراد) لە (مدينة الثورة) نیشتەجێبووینە، پۆلی شەشەمی تەواو کردووە و ناوەندی و ئامادەییشی لە گەڕەکی(حي جميلة)هەر لە بەغدا تەواوکردووە، ساڵی خوێندنی ١٩٨٥ - ١٩٨٦ لە بەشی زمانی فەرەنسی کۆلێژی ئادابی زانکۆی موستەنسریە وەرگیراوە و ساڵی ١٩٩٠ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمانی فەرەنسی بەدەستهێناوە.

نووسەر و وەرگێڕ ماجد سورەمیری هەر لە تەمەنی لاوێتیدا خولیای زمان و ئەدەب و شیعری کوردی بووە، زمانەکانی عەرەبی و فەرەنسی و



له لای ڕاستەوە: وەرگێڕ ماجد سورەمیری، ڕەوانشاد دکتۆر کەمال مەزهەر



له لای ڕاستەوە: وەرگێڕ ماجد سوەرەمیری، نووسەر دکتۆر وریا عومەر ئەمین

کەمێک فارسی و ئینگلیزیش دەزانێت سەرەڕای بەشی زۆری شێوەزارەکانی کوردی، لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسینی بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و مێژوویی کردووە و لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و عەرەبییەکان بڵاوی کردۆتەوە، دواتر دەستی بە وەرگێڕانی شیعر و بەرهەمی شاعیرانی کوردی کردووە بۆ سەر زمانەکانی عەرەبی، فەرەنسی، فارسی بەپێچەوانەش لە عەرەبی و فارسی و فەرەنسی بۆ سەر زمانی کوردی.

چەندین بەرهەمی وەرگێڕاوە، بەڵام دیارە تا ئێستا تەنیا یەک بەرهەمی

چاپکراوی هەیە ئەویش وەرگێڕانی کۆمەڵە شیعرێکی شاعیر و چیرۆکنووس محەمەد ئەمین پێنجوێنی ئەویش ئەمەیە:

- قطاف الروح والسحاب والثلج، ( گوڵچنێک لە رۆح و هەور و بەفر)، ساڵی ٢٠٢٣.


- بەبەردەوامی هەواڵ و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەگەری و نووسینی ئەدەبی و



لە لای ڕاستەوە: وەرگێڕ ماجد سورەمیری، شاعیر و نووسەر محەمەد ئەمین پێنجوێنی



لە لای ڕاستەوە: چیرۆکنووس ڕەوانشاد مستەفا ساڵح کەریم، نووسەر و وەرگێڕ ماجد سورەمیری




بەرهەمی
نووسەرماجد سورەمیری

کوردی و عەرەبی بڵاوی کردۆتەوە.

ئەو سەرەڕای کاری نووسین و وەرگێڕانەکانی وەکو ڕۆژنامەنووسێکی بەتواناش ئەم چالاکییانەی هەبووە:


- لە ساڵانی ٢٠٠٤ - ٢٠١٧ بەڕێوەبەری نووسین و سەرنووسەری گۆڤاری(گوڵ سوو)بووە کە لە لایەن دەزگای(شەفەق) بۆ ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن دەردەچوو.
- لە ساڵی ٢٠٠٤وە تا ئێستاش وەکو نووسەر بەردەوامە لە نووسینەکانی بۆ گۆڤاری(فەیلی).
- لە ساڵانی ٢٠١١ - ٢٠٢٤ وەکو وەرگێڕ و نووسەری هەواڵی کوردستان بووە لە ئاژانسی هەواڵی شەفەق.
- سەرپەرشتی و ئامادەکردنی چەندین چاپکراوە و کتێب و دیوانی شیعری شاعیرانی کوردی کردووە.
- ئێستاش بەڕێوەبەری بەشی دانان و بڵاوکردنەوەیە لە دەزگای ڕۆشنبیری



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ئەحمەد سالار، وەرگێڕ ماجد سوەرمیری



لە لای ڕاستەوە: شاعیر قوبادی جەلیزادە، وەرگێڕ
ماجد سوەرمیری




نووسەر و وەرگێڕ
ماجد سورەمیری

و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا کە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری و گەشتوگوزار و شوێنەوارە.

- لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە و ئەندامی دەستەی نووسەرانی- لقی بەغدای ئەو سەندیکایە بووە بۆ ماوەی دوو خول.

- لە ساڵی ١٩٩٠ەوە ئەندامی کۆمەڵەی وەرگێڕانی عێراقییە.

بۆ نووسەر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووس ماجد سورەمیری هەر سەرکەوتوو بەردەوام بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

## سەرچاوەکان:

١ - کورتەک ژیان و چالاکییەکانی وەرگێڕ و نووسەر ماجد سورەمیری، هاوڕێم دکتۆر ئەحمەد باوەڕ لە کەلار بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم
٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# لەتیف فاتیح فەرەج

شـاعیر و نووسـەر و وەرگێـڕ و لێکۆڵـەر و ڕۆژنامەنووسـی خـاوەن ئەزمـوون، لەتیـف فاتیـح فـەرەج...

شاعیر و نووسـەر و ڕۆژنامەنووس لەتیف فاتیح فەرەج لە ساڵی ١٩٧٠ لـە گوندی(سـاتی)ی سـەر بـە ناحیەی(قەرەهەنجیری)ی پارێزگای کەرکووک لـە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لـە دایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامادەیی(بەشـی وێژەیـی- ئەدەبی)تەواوکـردووە، لـە نیـوەی دووەمـی هەشـتاکانی ڕابـردوو دەسـتی بەخوێندنـەوەی شـیعری شـاعیرانی کلاسیکی و نوێخـوازی کوردی و عەرەبی و بابەتـی هەمەجۆری ئەدەبی و ڕۆشـنبیری کـردووە، سـەرەتا دەسـتی بـە نووسـینی شـیعر کـردووە، سـاڵی ١٩٨٨ یەکـەم نۆبـەرەی بەرهەمەکانـی خـۆی کـە چیرۆکێکـی کورتـی منداڵان بـووە بەنـاوی (ئـازادی) لـە ڕۆژنامـەی (هـاوکاری) بڵاوکردۆتـەوە، دواتـر بەتـەواوی چووەتـە نـاو نووسـینی ئەدەبی و ڕۆشـنبیری لـە بوارەکانی (پێکەوە ژیانـی ئاشـتییانە، مافـی مـرۆڤ، کێشـەی کەرکـووک، ئەنفـال و جینۆسـایدی کـورد، ڕاگەیانـدن و ڕۆژنامەنووسـی و ڕەخنـە و لێکۆڵینـەوە)، تـا ئێسـتا زیاتـر لە(٤٥)کتێـب و نامیلکـەی نووسـیوە و هەمووشـی چـاپ و بڵاوکردۆتـەوە کـە ئەمانـەن:



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر لەتیف فاتیح فەرەج، شاعیری دیار و ناسراوی کورد عەبدوڵڵا پەشێو.


**ناوی کتێبەکان:**

- کۆچ، شیعر، ١٩٩١، سلێمانی.
- پەپوولەکانی دۆزەخ، شیعر.
- شیعر، سلێمانی، ١٩٩٧.
- ئێوارەیەک نایەمەوە، شیعر، کەرکووک، ١٩٩٥.
- لە ژیان خەمتر، شیعر، سلێمانی.
- دەو نیو، شیعر، سلێمانی.
- تابوتی برسێتی، شیعر، سلێمانی، ١٩٩٢.
- دوا چرکە ماتەمینیەکانی، شیعر، سلێمانی، ١٩٩٦.
- عاشقانە، شیعر، سلێمانی، ٢٠٠٩.
- عاشقێ گۆرانی دەڵێ، شیعر، سلێمانی ٢٠١٢.
- ئاوازی نائومێدی، شیعر، سلێمانی، ٢٠١٣.
- کورد قڕان، بەهاوبەشی لە گەڵ نووسەر مەجید ساڵح، سلێمانی، ٢٠٠٢.

- جینۆسـایدو کاڵبونەوە(ئەنفـال و کاڵبوونەوە)سـلێمانی چاپـی یەکـەم ٢٠٠١، چاپی دووەم، ٢٠١٦.
- ئەو نامانـەی بـە فرمێسک نووسـراون، بەهاوبەشـی لـە گـەڵ نووسـەر ئاکۆ شوانی، سـلێمانی.
- لە سەلمانەوە بۆ مردن، دوجار چاپکراوە لە سلێمانی و کەرکووک.
- جەلەمۆرد لە ئامێزی خوادا، سلێمانی، ٢٠١٣.
- ئەنفال گەردانەی بیابان، کەرکووک، ٢٠١٣.
- شکاتنامە، سلێمانی.
- ئەوانەی بیابان دڵی لە لێدان خستن.
- شەنگال ئەنفالێکی تر، سلێمانی، ٢٠١٤.
- نەوت و ئەنفال، سلێمانی. ٢٠١٦.
- ئەنفال و لێبوردەیی، کەرکووک، ٢٠١٦.
- کورد و کەرکووک، دوو جار چاپکراوە، سلێمانی، ٢٠٠٢ دواتر کەرکووک.




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر لەتیف فاتیح فەرەج، شاعیری دیاری کورد لەتیف هەڵمەت**




- کەرکووک تایم، لە کەرکووک چاپکراوە.
- پێکەوە ژیان، کەرکووک، ٢٠٠٥.
- کورد و تورکمان و ١٤٠، کەرکووک.
- تەعریب و راگواستن لە بەڵگە نامەکانی بەعسا، سلێمانی.
- ٢٨ تەموز، کەرکوک، ٢٠١٥.
- کەرکووک لە گێژاودا، سلێمانی، ٢٠١٦
- بە ساڵاچووان کتێبگەلی لە بیرکراو، سلێمانی.
- تیرۆر و توندڕەوی، سلێمانی.
- ژن و بەشداریی سیاسی، بەهاوبەش، سلێمانی.
- کۆڤان دەنگ بە دەسەڵاتی کوردی نادا، بەهاوبەشی لە گەڵ نووسەر حەمە سەعید زەنگەنە ، نووسین و کۆکردنەوە، کەرکووک، ٢٠١٥.
- تاڵەبانی و دەوڵەتی کوردی، سلێمانی.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر لەتیف فاتیح فەرەج، ڕەوانشاد دکتۆر مارف خەزنەدار**



لە لای ڕاستەوە: نووسەر لەتیف فاتیح فەرەج، شاعیر ڕەوانشاد جەلالی مەلەکشا،
شاعیر و نووسەر دانا عەسکەر

- پەیڕەونامەی میدیای ئازاد، سلێمانی.
- دیار بەکر و هەستاوە، سلێمانی.
- خوێندنەوەیەکی کورتی کوردستانی نوێ دوای ١١ساڵ، سلێمانی.
- ئیسلامی سیاسی و مەدەنیەت(نامیلکەیەکی بچووک بوو بیر و هۆشیاری چاپیان کردووە).
- ژنێک و شتەکان، ڕۆمان، کەرکوک، ٢٠١٥.
- گەڵای وشە، ڕەخنەو نوسین، کەرکووک.
- مامەند کەرکوکی شاعیرێکی لە بیر کراو. کەرکووک. ٢٠١٤.
- مێخەکبەندی نوسین، سلێمانی، ٢٠١٦.
- بێکاتەکان(دەقی شانۆیی)، سلێمانی، ٢٠١٦.
- سابیری، کەرکووک.
- خەلیل منەوەر، کەرکووک.





**دانیشتووەکە: شاعیر و نووسەر ڕەوانشاد خاتوو ئەحلام مەنسوور،**
**ڕاوەستاوەکە: شاعیر لەتیف فاتیح فەرەج**

- شێخ مارف بەرزنجی، کەرکووک.
- کتێبێکی هاوبەش لەسەر کاروچ.
- چەندین لە بەرهەمەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی(عەرەبی، فارسی، تورکی، و ئینگلیزی).

شاعیر و نووسەر لەتیف فاتیح فەرەج، لە بواری ڕۆژنامەگەری و کاری ڕێکخراوەیی پیشەیی و ئەدەبی و مرۆڤایەتی و ئەنفال و جینۆسایدی کوردی چەندین چالاکی دیکەی هەبووە و هەیە لەوانە:

- سەرنووسەرو بەڕێوەبەری نووسین و ئەندامی دەستەی نووسەرانی چەندین گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکان بووە لەوانە (ئاران ، ئەنفال ، گزنگ ، هەشتاو هەشت ،کەرکووکی ئەمڕۆ ، دۆز )ماوەیەکیش گۆشەی تایبەتی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ هەبووە.
- بەشداری لە دەیان وۆرک شۆپ و خولی کۆمەڵگەی مەدەنی لە

بوارەکانی(مافی مرۆڤ، دیموکراتیەت، ئازادی، ڕاگەیاندن، فیمینیزم) کردووە و موحازەراتیشی وتووەتەوە.

- وەکو ئەندامی بۆرد و دەستەی دامەزرێنەر لە ڕێکخراوەکان، سەنتەری پەنا، ڕێکخراوی پێکەوە ژیان و کۆمەڵگەی مەدەنی، هێڵپ ئەیج ئینتەر ناسیونال و چەندین ڕێکخراوی دیکە کاری کردووە .
- بەشداریی چەندین خولی تایبەتی لە بواری(ڕاگەیاندن و میدیایی) لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات کردووە لەوانە(ئوردن، ئێران، ئیتاڵیا، بەریتانیا، فەڕەنسا و کەنەدا).
- خولێکی تایبەت بەزمانی ئینگلیزی (فولبرایت) لە کەرکووک بەهاوکاریی مەکتەبی عیلاقاتی ئەمریکی و تۆماس وایس بۆ زیاتر لە (٢٥٠) فێرخوازی زانکۆی کەرکووک کردۆتەوە.
- ماوەی چوار ساڵ بەرپرسی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لقی کەرکووک بووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٣ بەرپرسی گەڕان بووە بەدوای گۆڕە بەکۆمەڵەکانی(کورد) لە باشووری عێراق و چوونەتە سەر دەیان گۆڕ لە پارێزگاکانی بەغداو بابل و نەجەف و کەربەلا و بەسرە و سەماوە و عەمارە).
- وەک میوان لە دوو دانیشتنی دادگای باڵای تاوانەکان بۆ دۆسێی ئەنفال لە بەغدا ئامادە بووە.
- لەگەڵ یۆنامی چەند خولێکی لە سەر دادوەری گوێزراوە و قەرەبووکردنەوەی مافی مرۆڤ بینیوە.




بەرهەمەکانی شاعیر و ڕۆژنامەنووس لەتیف فاتیح فەرەج

- لەلایەن چەندین دەزگا و ناوەندەوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان ڕێزی لێندراوە لەوانە وەزارەتی شەهید وئەنفالی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی عێراق ، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و مافی مرۆڤ، زاڵمای خەلیل زاد باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق.

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس لەتیف فاتیح فەرەج هێشتا لە سەر شنگ و تاقەتی خۆیەتی، ناوە ناوە لە ماڵپەڕی فەیسبووکی خۆی، ڕەخنە و گلەیی و گازاندەی خۆی بەشێوازێکی(گونجاو و سنووردار) دەگەیەنێتە دەزگا ئەدەبی و ڕۆشنبیری و لایەنە پەیوەندیدارەکانی عێراقی و کوردستانیش، هیوای سەرکەوتن بۆ خۆی و نووسینە پوخت و جوان و سوودبەخشەکانی دەخوازین.

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتە ژیان و بەرهەمەکان شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس لەتیف فاتیح فەرەج، لە سەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - نووسینی خۆم.



# کاراپێتێ خاچۆ

ئەو بەرەچەڵک ئەرمەنی بووە، بەڵام عەشقی گۆرانی و مۆسیقای کوردی بووە، هونەرمەندی گۆرانی و لاوکی کوردی، ڕەوانشاد کاراپێتێ خاچۆ...

هونەرمەندی گۆرانی و لاوکی کوردی کاراپێتی خاچۆ لە ساڵی ١٩٠٧ لە گوندی(بیلەیدەری)سەر بە شاری(باتمان)ی باکووری کوردستان لە خێزانێکی بەرەچەڵەک ئەرمەنی لە دایک بووە، هەندێ سەرچاوەی دیکەش دەڵێن: لە ساڵی ١٩٠٣ هەر لە هەمان گوند لە دایک بووە، ساڵی ١٩١٥ لە تەمەنی لاوێتیدا بووە کە سوپای عوسمانی قەتل و عامی ئەرمەنییەکانیان کردووە، دایک و باوکی و خوشک و براکانی لە بەر چاوی ئەو کوژراون، تەنها خۆی و دوو خوشکی و برایەکی بەناوەکانی (ئیبراهیم، مانوشاک، خێزاڵ) بە یارمەتیی سەربازێک ڕزگار بووینە، ئەو لە گەڵ دوو خوشک و براکەی هەڵاتوون بۆ ڕۆژئاوای کوردستان و لە ناوچەی(ڕەشکۆتان)لای سەرۆک عەشیرەتێک گیرساونەتەوە، لە ساڵی ١٩٣١ چوونەتە شاری(قامشلۆ).


هونەرمەند کاراپێتێ خاچۆ لە ساڵی ١٩٣٦ هاوسەرگیری لە گەڵ کچێکی ئەرمەنی بە ناوی(ئیڤا هاگوب)کردووە و بوونەتە خاوەنی(٤)منداڵ.

ئەو کاتەی چووەتە قامشلۆ کۆلۆنیالیزمی فەرەنسی لەوێ بووینە، نزیکەی(١٥) ساڵ وەکو سەرباز لە ڕیزەکانی سوپای فەرەنسی خزمەتی کردووە، لە ساڵی ١٩٤٦ کە فەرەنسییەکان ڕۆیشتوون داوایان لێکردووە

کە لە گەڵیان بچێت، سەرەتا ڕازی بووە و چووەتە بەندەری(بەیروت)، بەڵام دواتر پەشیمان بۆتەوە و هاتۆتەوە قامشلۆ، پاش ماوەیەک چووەتە ئەرمینیا.

هونەرمەند کاراپێتێ خاچۆ ئەو کاتەی لە ناوچەی(ڕەشکۆتان)بووە، ئاشنایەتی لەگەڵ گۆرانیبێژ(ساکو ئەلمسحي)کردووە و لە دیوەخانی سەرۆک عەشیرەتەکەی ئەوێ گرۆگاڵی گۆرانی و حەیران وتنی کردووە، پاش گوتنی لاوکی(فلیتی قەتۆ)ناسراوە و ناوبانگی دەرکردووە، کە چۆتەوە ئەرمینیا لە بەشی کوردیی ڕادیۆی یێریڤان دامەزراوە و دواتر بووەتە سەرپەرشتیار و ڕاوێژکار و شرۆڤەکاری گۆرانی و مۆسیقای کوردی، ڕاهێنانی بەچەندین گۆرانیبێژ کردووە و پێیگەیاندوون، دیدار و چاوپێکەوتنی دەربارەی هونەر و مۆسیقای کوردی لە گەڵ چەندین گۆرانیبێژی ئەوسەردەم کردووە، لەوانە(عەگید جمۆ، محەمەد عارفێ جزیری، عایشە شان، مریەم خان، فەیزۆ بەرزۆ و چەندانی دیکەش)، چەندین لیکۆڵینەوە و شرۆڤەی بۆ گۆرانی و لاوک و حەیرانی کوردی کردووە.





هونەرمەندی گۆرانی و لاوکی کوردی کاراپێتێ خاچۆ

وەکو هونەرمەندێکی گۆرانی و لاوکی کوردی، زیاتر لە(٥٥)ساڵ لە ڕادیۆی یێریڤان خزمەتی هونەر و مۆسیقای کوردی کردووە و، چەندین بەرهەمیشی تۆمار کردووە لەوانە:(لاوکێ مەتینی، زەمبیل فرۆش، لێ لێ ئێدولێ، کالۆ کەو هێلون، مەلی مەلی، ئێڤدال زەینیک، هابەردە، باوکی فەخریە، یار دیلان، حەسەنیکۆ، نازۆ لێ دایێ، ئەز کەڤۆکیم، ئا دلێ ڕابە سبەهێ، لێ یەمان، بێزار بێزار، ئەلمالێ، دیرا سۆرە، حەیران حەیرانێ، لێ جان جان، خم خمێ، چومە جەزیرێ، تەوخان، کەکێ نوری و چەندانی دیکەش).

ئەو زیاتر بە لاوکی مەتینی بەناوبانگ و ناسراوە، لە هەموو گۆرانی و لاوکەکانی کوژرانی دایک و باوکی و خوشک و براکانی و سەختیی ژیان و خۆی و باری ناهەمواری میللەتی کورد و ئەرمەنی ئەو سەردەم ڕەنگی داوەتەوە، زۆریش بایەخی بە فۆلکلۆر و داستان و کەلتوور و کەلەپووری کوردی و ئەرمەنی داوە، منداڵەکانی خۆشی فێری زمان و کەلتووری کوردی و ئەرمەنی کردووە.

هونەرمەند کاراپێتی خاچۆ لە ١٥ - ١ - ٢٠٠٥ لە شاری یێریڤان کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

**سەرچاوەکان:**



١ - چەند زانیاری و فیلمێکی دوکیومێنتاری(youtube)هاوڕێم نووسەر و ڕۆشنبیر جەمیل مەلا قەرە لە سلێمانی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیا ئازاد.

٣ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی kurd sop، کورد شۆپ، نووسینێک بەناوی نووسەر(شاد)لە ٢٢ - ٤ - ٢٠٢٤.

٤ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی Roj news، نووسینێکی نووسەر سیهام ڕۆژ، لە ١٥ - ١ - ٢٠٢٤.

٥ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## محەمەد باوەکر

شاعیر و نووسەر ڕۆژنامەنووس و گەریدە- رحالة، محەمەد باوەکر ....

ناوی تەواوی(محەمەد حەسەن باوەکر)ە، لە ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی(قەڵاسنجی خواروو)لە داوێنی چیای سەفینی ڕەنگین و سەرکەش لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە و دواتریش ئامادەیی کشتوکاڵی لە(ئاسکی کەلەک- کەلەکی یاسین ئاغا)تەواوکردووە و لە ساڵی ١٩٧٧ بۆ ماوەی دوو ساڵ وەکو فەرمانبەر لە( کارگەی دروستکردنی - معمل الورق) لە شاری بەسرە دامەزراوە، ماوەی دوو ساڵێکیش سەربازی کردووە و ساڵی ١٩٨١ گەڕاوەتەوە شاری هەولێرو، لە(کارگەی شەراب- معمل الشراب) لە حەریر دەستی بەکارکردۆتەوە و پاش ماوەیەک گواستراوەتەوە کارگەی جگەرەی هەولێر و بەردەوام بووە لە خزمەتکردن، ساڵی ١٩٨٦ لەسەر داوای خۆی خانەنشینکراوە، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە خزمەت و لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان درێژەی بە خزمەتکردن داوە تا ساڵی ٢٠١٩ خانەنشینکراوە.

شاعیر و نووسەر و گەریدە محەمەد باوەکر لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو گرۆگاڵی شیعر نووسینی کردووە، لە ساڵی ١٩٨١



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و شاخەوان محەمەد باوەکر، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید



لە لای ڕاستەوە: شاعیر محەمەد باوەکر، بەڕێز دکتۆر نەوزاد خۆشناو، نووسەر و لێکۆڵەر سابیر ڕەشید

نۆبەرەی بەرهەمی خۆی کە پارچە شیعرێک بووە لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکردۆتەوە، دواتر بە نووسەر و شاعیرانی کوردی ئەو سەردەم لەوانە(مەحموود زامدار، جەلال بەرزنجی، دڵشاد عەبدوڵڵا، مەسعود پەرێشان، عەباس عەبدوڵلا یوسف، هاشم سەڕاج و چەندانی دیکەش)ئاشنا

بـووە و ئیـدی کەوتۆتـە نـاو دنیـای نووسـینی شـیعر و بابەتـی ئەدەبـی و ڕۆشـنبیریی دیکـەش.

ئـەو وەکو گەریدەیـەک عەشـق و سـەودای سروشـت و شـاخ و داخەکانـی کوردسـتان و وڵاتانـی دیکـەش بـووە، بۆیـە بەشـی زۆری کاتەکانـی لـە



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و لێکۆڵەر و وەرگێڕ باهۆز مستەفا، شاعیر و نووسەر زانا خەلیل، شاعیر محەمەد باوەکر**




**لە لای ڕاستەوە: ڕۆماننووسی دیاری کورد جەبار جەمال غەریب، شاعیر محەمەد باوەکر**

شاخەوانی بەسەر بردووە و چەندین شوێنی دێرین و شاخە بەناوبانگەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستانیش بینیوە و، لەم بوارەشدا دوو کتێبی نووسیوە، بەتێکڕایی تا ئێستا(٤) دیوانی شیعری(٢) کتێبی لەسەر گەشت و گوزار و شاخەوانی و سروشت نووسیوە و چاپ و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:



لە لای ڕاستەوە: ڕەوانشاد مەحموود زامدار، شاعیر محەمەد باوەکر، شاعیر و ڕۆژنامەنووس عەبدولڕەحمان فەرهادی، نەناسراوە



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی دیزایینەر عوسمان پیرداود، شاعیر محەمەد باوەکر، شاعیر و نووسەر مەسعود پەرێشان، شاعیر و وەرگێڕ عەبدولڕەحمان فەرهادی



**بەرهەمەکانی شاعیر و شاخەوان محەمەد باوەکر**

- هەڕمێن، کۆمەڵە شیعر، ١٩٨٥.
- داستانی خمبابا، کۆمەڵە شیعر، ١٩٨٨.
- پارسەنگی نیوەڕۆ، کۆمەڵە شیعر، ٢٠٠٣.
- گەمەی پەنجەکان، کۆمەڵە شیعر، ٢٠١٩.
- گەشتنامە، بەرگی یەکەم، ٢٠٢٤.
- سرووتەکانی شاخەوانیم، بەرگی یەکەم، ٢٠٢٤.

شاعیر و نووسەر ڕۆژنامەنووس محەمەد باوەکر ئەو کاتەی لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان بووە، ماوەیەک سەرنووسەری مانگنامەی(کتێبی گیرفان)بووە و لەگەڵ هاوڕێکانی(٣٤)ژمارەیان لەم گۆڤارە دەرچوواندووە.

- چەندین وتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و بابەتی هەمەجۆری دیکەی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێرە.


- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

بۆ شاعیر و نووسەر و گەریدە، مامۆستا محەمەد باوەکر هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە نووسینی شیعرە جوان و ناسکەکانت.

**سەرچاوەکان:**

١ - ژیاننامە و چالاکییەکانی شاعیر و نووسەر محەمەد باوەکر، هاوڕێی دێرینم شاعیر و ڕۆژنامەنووس نازم دڵبەند بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# کەمال یاسین ڕێکانی

مامۆستای پەروەردە و شاعیر و نووسەر و زیندانی سیاسی، کەمال یاسین ڕێکانی...

ناوی تەواوی(کەمال مەلا یاسین مەلا محەمەد)ە، لە ناوەندی پەروەردە و ڕۆشنبیری بە کەمال یاسین ڕێکانی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی(بەنستان)ی دەڤەری ڕێکان لەدایکبووە، ساڵی ١٩٦٩ خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی(بریفکان)لە موسڵ تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٧٢ پەیمانگای ئیسلامی هەر لە موسڵ تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٨٢ کۆلێژی(شەریعە)ی لە شاری بەغدا بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە و، بەهۆی هەڵوێستە نیشتمانپەروەرییەکانی ساڵی ١٩٨٦ لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی بەعس دەستگیرکراوە و ماوەیەک وەکو زیندانی سیاسی، زیندانی کراوە و دواتر ئازادکراوە.

لە ساڵی ١٩٩٩ وەکو وتارخوێنی مزگەوتی گەورەی(شیلادزێ) دامەزراوە، لە ساڵی ٢٠٠٣ - ٢٠٠٤ بووەتە مامۆستا و بەڕێوەبەری دواناوەندیی شیلادزێی تێکەڵاو، لە ساڵی ٢٠٠٥ ماوەیەک بووەتە بەرپرسی یەکەمی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی شیلادزێ، هەر لە هەمان ساڵدا بووەتە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لە قەزای(ئامێدی)، لە مانگی ٧ی ساڵی ٢٠٢٠ بەپلەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی خانەنشینکراوە.



کۆمەڵێک قوتابی کۆلێژی شەریعەی بەغد لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو گیراوە



لە لای ڕاستەوە: نووسەر هێرش کەمال ڕێکانی، نووسەر کەمال یاسین ڕێکانی، نووسەر ئەحمەد عەبدوڵڵا زەڕۆ

مامۆستا و شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر کەمال یاسین ڕێکانی لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسینی شیعر و چیرۆک و بابەتی ئەدەبی و ئایینی و کەلتووری بەزمانی کوردی و عەرەبی کردووە و لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکان بڵاویکردۆتەوە لەوانە(الرسالة الکویتیة، التربیة الإسلامیة- بغداد، آفاق تربویة، گولان العربي، الفتوی، ماف، ئاوێنە، ئاسۆی پەروەردەیی، سڤورە، ئەڤرۆ، زەنگ و بەنگ، چاودێر، نیژەن، خازر، شەیدا و چەندانی دیکەش).

ئەو یەکەم بەرهەمی خۆشی بەناوی(حەیرانۆک)لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە(٦٤٨)ی ڕۆژی ٥ – ٨ – ١٩٨١ بڵاوکردۆتەوە.


تا ئێستا چەند کتێبێکی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- کتێبی(انوار المعرفة)، ١٩٩٩.
- کتێبی(حديقة المعرفة)، ٢٠٠٠.
- کتێبی(خەملین)، بابەتی کەلتووری، ٢٠٠٣،
- کتێبی(ئەڤەنە ڕێگێن بەهەشتێ)، ٢٠٠٨.
- دیوانی شیعری(بزاڤا ژینێ)، ٢٠٢٢.
- چەند هونراوە و پارچە هەڵبەستی خراونەتە ناو پرۆگرامی خوێندن و چەندانی دیکەشی کراوەنەتە سروودی زارۆکان لەوانە:(وەرن بۆ کەرکوکێ، بژیت کوردستان).

چەند بەرهەمێکیشی ئامادەیە بۆ چاپ.



لە لای ڕاستەوە: منداڵەکان(ڕزگار کەمال، جگەر کەمال)، شاعیر و نووسەر کەمال یاسین ڕێکانی، مەلا یاسین مەلا محەمەد باوکی نووسەر کەمال یاسین ڕێکانی، سەرکەڤت مەلا یاسین،ساڵی ٢٠٠١




بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر کەمال یاسین ڕێکانی



لە لای ڕاستەوە: بەڕێز کریم کەکو زێباری، نووسەر کەمال یاسین ڕێکانی، ساڵی خوێندنی ١٩٨٠- ١٩٨١ لە کۆلێژی شەریعەی بەغدا گیراوە






بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر کەمال یاسین ڕێکانی

بۆ مامۆستا و شاعیر و نووسەر کەمال یاسین ڕێکانی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک ژیان و بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر کەمال یاسین ڕێکانی، هاوڕێم هێرش کەمال ڕێکانی لە دهۆک بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# محەمەدئەمین سەعدون

نووسەر و چیرۆکنووس و مێژوونووس و لێکۆڵەر مامۆستا محەمەدئەمین سەعدون لە ڕۆژئاوای کوردستان....

ناوی تەواوی(محەمەدئەمین حاجی ڕەشید ئەحمەد سەعدون)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە محەمەدئەمین سەعدون ناسراوە، لە ١ -١٢ - ١٩٦٧ لە گوندی(گرێی سووری-حەسۆ)ی دەوروبەری شاری(دێرک) لە ڕۆژئاوای کوردستان لە دایک بووە، لە خێزانێکی جووتیار و خاوەن مەڕومالآت و کشتوکاڵی گۆش و پەروەردەکراوە، حاجی ڕەشیدی باوکی پیاوێکی ئەدەب دۆست و ڕۆشنبیر و خوێندەواری خۆشویستووە، بۆیە کە تەمەنی(٤)ساڵان بووە ناردوویەتییە گوندی(تەل خزیری سەروو)بۆ خوێندنی قورئانی پیرۆز لەسەر دەستی پیاوێکی ئایینی بەناوی(سۆفی محەمەد)، خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان تەواوکردووە، خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی لە شاری(دێرک)تەواوکردووە، پاشان کۆلێژی(هندسة المیکانیکیة و الکهربائیة - ئەندزیاری میکانیکی و کارەبایی)لە زانکۆی دیمەشق بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە و لە ساڵی ١٩٩٤ گەڕاوەتەوە شاری دێرک وەکو فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی(الهندسة الریفیة في مزارع الدولة بالدجلة)دامەزراوە، لە بەر هەڵوێستە سیاسی و کوردانەکەی چەند جارێک لە وەزیفەکەی فەسڵکراوە.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر محەممەد ئەمین سەعدون، نووسەر خاتوو سینەم بەدرخان**

نووسەر و چیرۆکنووس محەمەدئەمین سەعدون هێشتا قوتابیی ئامادەیی بووە زۆر بایەخی بە شیعر و ئەدەبی کوردی و عەرەبی داوە، چونکە ئەو کات پیتی لاتینی کوردی نەزانیوە، بەڵام ئەو کاتەی کە چووەتە زانکۆ ئاشنایەتی لە گەڵ چەندین قوتابیی ڕۆشنبیر و ئەدەبدۆست و شاعیر و نووسەران پەیدا کردووە لەوانە(ئوسمان سەبری، دیا جوان، باقی شیار و چەندانی دیکەش)، ئیتر دەستی بەنووسینی کورتە چیرۆک کردووە و دواتریش لێکۆڵینەوەی مێژوویی و جیۆسیاسی و زانستی، ئەو زۆر زمانی کوردی خۆشویستوە و لە ڕێگای چەند خولێکی فێرکردنەوە خۆی فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردی بە پیتی لاتینی کردووە، لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەسەر دەستی نەوەی دووەمی قوتابیانی(جەلادەت بەدرخان)هەر یەک لە(کۆنی ڕەش، سیامەند ئیبراهیم، حەفیز عەبدولڕەحمان، عەبدولباقی حوسەینی)فێری نووسین و خوێندنەوەی کوردی لاتینی بووە و دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی کورتە چیرۆک و وتار و لێکۆڵینەوەی هەمەجۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی وەکو(نەورۆز)بڵاوکردۆتەوە، یەکەم بەرهەمیشی کە چیرۆکێک بووە بە زمانی عەرەبی بەناوی(سارق الليلة المشؤومة)ساڵی ١٩٨٧ لە گۆڤاری(خناف) بڵاوکردۆتەوە، ئەو پێش ساڵانی ٢٠١١ چەندین نووسینی بەناوی خوازراو وەکو(دیار ئەحمەد، م. ئەمین، م. ئەمین کۆچەری،

ب. کامیران، باڤێ شیرین)بڵاوکردۆتەوە، ئەو تا ئێستا بەرهەمێکی بەناوی:

- Hizir û ramanên veder, ji aliyê YNKS ve hatiye çapkirin.

- چەندین کورتە چیرۆک و وتار و لێکۆڵینەوەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی وەکو(بەهار، زانین، پرس، گەلاوێژ، خناف، زەنگڵ، مەتین، گولان، دجلە، پەیڤ و چەندانی دیکەش) بەزمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردۆتەوە.

- چەندین وتاریشی لە پەیجە ئەلیکترۆنییەکانی وەکو(وڵاتی مە، بوک میدیا، پەیامنێر، ڕۆژئاوا، عەفرین، عامودا و کانیارەش)بڵاوکردۆتەوە.

ئەم بەرهەمانەشی ئامادەیە بۆ چاپکردن:

Berhemên wî yên neçapkirî:

–Qêrîna Pênûsa lal–çîrok

–Turkiya.. sêkuçkiya gera mirinê, lêkolîneke dîrokî û ciyosiyasî ye.

–Helwestên xav–gotarên cuda

–Sed xam û xan– lêkolîneke li ser pênasîn û berhemên sed nivîskarî ye. Hê bi dumahî nehatiye.




لە لای ڕاستەوە: نووسەر محەمەدئەمین سەعدون، شاعیر و نووسەر کۆنی ڕەش، نەناسراوە، چیرۆکنووس و نووسەری ناوداری کورد ڕەوانشاد کاکە مەم بۆتانی



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس جەمال خەزنەدار، نووسەر خاتوو یلدز یونس، نەناسراوە، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید، نووسەر لوقمان یوسف، نووسەر و میدیاکار خاتوو ئەڤین شکاکی، نووسەر خاتوو ئاسیا خەلیل، نووسەر محەممەدئەمین سەعدون**




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر ئەڤین شکاکی، نووسەر محەممەدئەمین سەعدون، نووسەری کۆچکردوو جوان میرانی، نووسەر یلدز یونس**

–Azola êmê belaş–lêkolîneke li ser zanista çandiniya nû û bêbuha.

ئەو وەکو ڕۆژنامەنووس و کاری ڕێکخراوی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و پیشەیی ئەم چالاکییانەشی نواندووە:

– چەندین کۆڕ و سیمیناری ئەدەبی و ڕۆشنبیری دەربارەی زمانی کوردی و کەسایەتییە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی کورد لە ناوچە کوردی و عەرەبییەکان ئەنجامداوە لەوانە(دێرک، کرکی لەکی، قامشلۆ، دیمەشق، باشووری کوردستان).




بەرهەمی
نووسەر محەمەد ئەمین سەعدون

- بەشداریی چەندین فیستیڤاڵی کردووە لەوانە فیستیڤاڵەکانی(قامشلۆ، دێرک، ترپەسپی، حەسەکە).
- لە ساڵی ١٩٩٥ لەگەڵ چەند شاعیر و نووسەرێکی دیکەی دێرک گروپی(دێرک بۆ ڕۆشنبیرانی کورد)یان دامەزراندووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٥ لە گەڵ چەند نووسەرێکی دیکە بەشدار بووە دامەزراندنی سایتی(وڵاتی مە)و چەندین بەرهەمی خۆشی تێدا بڵاوکردۆتەوە.
- یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی نووسەرانی کوردی سووریا و ئەندامی دەستەی کارگێڕی لقی دێرک بووە.
- لە ساڵی ٢٠١٩ تا ٢٠٢٢ سەرۆکی هاوبەش بووە لە یەکێتیی ئەندازیاران لە هەرێمی جزیرە.


نووسەر و چیرۆکنووس محەمەدئەمین سەعدون ئێستا لە شاری دێرک دەژیت و بەردەوامە لە نووسین و چالاکییەکانی.

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیەک ژیانی نووسەر محەمەدئەمین سەعدون، شاعیر و نووسەر کۆنی ڕەش لە قامشلۆ بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - هەندی زانیاری لە نووسەر محەمەدئەمین سەعدون خۆی، وەرگیراوە.

٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# مستەفا ئەتروشی

مامۆستا و شاعیر و نووسەر و مێژوونووس و پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول مستەفا ئەتروشی ...

ناوی تەواوی(مستەفا موسا مستەفا خەلیفە ئەتروشی) یە، لە ناوەندی ڕۆشنبیران و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە مستەفا ئەتروشی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٤٦ لە ناحیەی ئەتروش لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی تەواوکردووە و دواتر خوێندنی ناوەندی لە دواناوەندیی(عێن سفنێ)خوێندووە ساڵی ١٩٦٣ بووەتە ئەندام لە پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ساڵی ١٩٦٧ خوێندنی ئامادەیی تەواوکردووە و لە کۆلێژی(ماف - حقوق)ی زانکۆی بەغدا وەرگیراوە، بەڵام دیارە لە بەر هەڵوێستە سیاسی و نیشتمانپەروەرییەکەی نەیتوانیوە بەردەوام بێت و تەواوی نەکردووە، لە ١٥ - ٧ - ١٩٦٧ بووەتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ و، لە قوتابخانەکانی شۆڕش وەکو مامۆستا و لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان درێژەی بەخەباتی خۆی داوە، زیاتر خەبات و چالاکییەکانی لە بواری حیزبایەتی و سیاسی بۆ پسپۆرانی بواری سیاسی لێدەگەڕێم.

پاش ڕیکەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ لە کۆلێژی(طب البيطري) زانکۆی



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی، نووسەر مستەفا ئەتروشی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس فەرهاد عەونی**



**لە لای ڕاستەوە: خالید تۆفیق ئامێدی، پرۆفیسۆر دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی، شاعیر و نووسەر مستەفا ئەتروشی**

موسڵ لە(حمام العلي)وەرگیراوە، دیسان هەر لەبەر کاری سیاسی خۆی نەیتوانیوە دەوام بکات.

شاعیر و نووسەر مستەفا ئەتروشی پاش نسکۆی شۆڕش، ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران بووە و لە ١ - ٩ - ١٩٧٥ چووەتە شاری(ئەسفەهان)و لە ٢ - ١٢ - ١٩٧٦ تا ٢١ - ٦ - ٢٠٠٣ بۆ ماوەی(٢٦) ساڵ وەکو(خبیر- شارەزا) یەکی ئیداری لە ناحیەی(٤)ی ئەو شارە بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە و فێرکردن، پاش(٣٠)ساڵ ئاوارە بوون لە ١٠ - ١٠ -

٢٠٠٥ گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان.

ئەو هەر لە سەرەتای ژیانیەوە لەتەک کاری سیاسی خولیای شیعر و ئەدەب و زمانی کوردی بووە، لە نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بەنووسینی شیعر کردووە، ژیانی ئاوارەیی و نەهامەتی میللەتەکەی و شۆڕش و داستانی قارەمانێتیی پێشمەگە بەجەرگەکانی کوردستان و جوانیی سروشتی کوردستان، هەموو ئەوانە بە ڕوونی لە شیعرەکانی ڕەنگیان داوەتەوە، دواتریش دەستی بە نووسینی بابەتی مێژوویی و جوگرافی و بابەتی هەمەجۆری دیکە کردووە، تا ئێستا چەند دیوانێکی شیعری و چەند کتێبێکی لە بواری مێژوو و جوگرافیا نووسیوە و چاپ و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- پەرتووکا ئەتروش، وارگەهێ کەڤن و دێرین ١٢٩٩- ٢٠٢٢ بە زمانی کوردي، لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی و مێژووییە، پرۆفیسۆر دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی پێداچوونەوە و پێشەکی بۆ نووسیوە و ساڵی ٢٠٢٢ چاپکراوە.



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر حزنی لە کوردانی ڕۆژئاڤا، نووسەر مستەفا ئەتروشی، شاعیر سەبری بۆتانی، دکتۆر عەبدولجەبار مالەڵلا، ناوپردان ساڵی ١٩٧١**

-پەرتووکا(ناحية أتروش) بە زماني عەرەبي، پێداچوونەوە و پێشەکی دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی، ساڵی ٢٠٢٢ چاپکراوە.

- ئافیستا بەرهەڤە(ئامادەیە) بۆ چاپ.

- پەرتووکا کەرکوک بەرهەڤە(ئامادەیە) بۆ چاپ.

- چەندین پارچە هەڵبەستی کراوەتە سروود و گۆرانی لەوانە پارچە



**قوتابیانی قوتابخانەی ناوپردان ساڵی ١٩٧٠ مامۆستا ڕاوەستاوەکان لە ڕاستەوە: مامۆستا سەباح بەرزنجی، عوسمان هەورامی، عەبدوڵڵا بەرواری، شاکر ئاکرەیی، مەنسور سناتی، مستەفا ئەتروشی**




**بەڕێز بەهاء شێخۆ لە سەر ئارامگای هونەرمەندی کورد محەمەد شێخۆ، پارچە شیعری سەر کێلەکەی(گاڤا ئەز مرم)شیعری مستەفا ئەتروشییە**




بەرهەمەکانی مستەفا ئەتروشی

شیعری(گاڤێ ئەز مرم) کە هونەرمەندی گەورەی کورد ڕەوانشاد(محەمەد شێخۆ)کردوویەتییە گۆرانی و لە سەر کێلی قەبرەکەی خۆی نووسیویەتی.

شاعیر و نووسەر مستەفا ئەتروشی هاوسەرگیری کردووە و خاوەنی شەش منداڵە بەناوەکانی(فەرهاد، پەیمان، سیپان، ئاریان، سۆزان، هۆزان) هەرچەندە ئەوان لەناو شاخ و داخی کوردستان و لە ئاوارەیی لە دایکبوون، بەڵام ئەو زۆر جوان گۆش و پەروەردەی کردوون.

ئەو چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە لەوانە:

- ئەو ماوەیەی کە لە شاخ بووە ماوەیەک بەرپرسی ڕێکخراوی مامۆستایانی شۆڕش بووە.

- لە گەڵ هاوڕێیانی هەر یەک لە(خەلەف زێباری، ئەنوەر میرزا)هاوکاریی ڕادیۆی دەنگی کوردستانیان کردووە.
- ئەو کاتەی لە شاری ئەسفەهان بووە چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی لە لایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانی ئەوێ بۆ کراوە.

شاعیر و نووسەر مستەفا ئەتروشی ئێستا لە دهۆک دەژیت و بەردەوامە لە نووسینە پوخت و سوود بەخشەکانی.

**سەرچاوەکان:**

١ - ژیاننامە و چالاکی و بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر مستەفا ئەتروشی لەسەر ڕاسپاردەی دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی، هاوڕێم هونەرمەندی دیزایینەر عوسمان پیرداود لە هەولێر بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# موجتەبای میرزادە

هەندێ هونەرمەند و گۆرانیبێژ پێیان وتووە تۆ:(وەحشییانە، کیویانە، قەرەجانە مۆسیقا دەژەنیت و پێوەندی هیچ یاسایەکی مۆسیقا ژەنین نیت).

هونەرمەندی خۆڕسک و بەتوانا و ژەنیاری ڤیۆلۆن و ئاوازدانەر و دابەشکار، ئامادەکاری گۆرانی و مۆسیقای فلیمی سینەمایی و بەرنامەی تەلەفزیۆنی، ڕەوانشاد موجتەبای میرزادە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ....



هونەرمەند موجتەبای میرزادە
بە مێردمنداڵی

هونەرمەندی مۆسیقاژەن موجتەبای میرزادە لە ساڵی ١٩٤٥ لە شاری کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە، هەندێ سەرچاوەی دیکەش ڕۆژ و ساڵی لە دایکبوونی دەگێڕنەوە بۆ ١٨ی ئاداری ساڵی ١٩٤٦هەر لە شاری کرماشان، ئەو هەر لە تەمەنی منداڵییدا حەز و ئارەزووی مۆسیقای هەبووە، لە ڕێگای ڕادیۆی(هەمسایە) ئاشنای گۆرانی و مۆسیقا بووە(ڕادیۆی هەمسایە)وەکو هەندێ کەس بۆی دەچن و تێگەیشتوون هیچ ڕادیۆیەک نەبووە و پەخشیشی نەبوو، بەڵکو ئەوان لە



لە لای ڕستەوە: سێیەم کەس موجتەبای میرزادە، ئەوانی دیکە نەناسراون

ماڵـەوە ڕادیۆیـان نەبـووە، بۆیـە لـە ڕێگای ڕادیۆی(هاوسـێ - دراوسـێ) یەکیـان گوێـی لـە گۆرانـی و مۆسـیقا گرتـووە، زیاتریـش گـوێ لـە بەرهەمەکانـی مامۆسـتایان(خالیدی و پەرویـز یاحەقیان)گرتـووە، ئـەو لـە منداڵییـەوە یەکـەم جار دەسـتی بـە مۆسـیقاژەنین بەئامێری(نای)کـردووە و دواتر(سـەنتور). خـۆی لـە شـوێنێکدا دەڵێت:(لـە منداڵییـەوە خولیـا و هۆگـری ئامێری(ڤیۆلون)بـووم، بـەڵام لـە بەرنەبوونـی و دەسـتکورتی، باوکـم تاقەتـی کڕینـی ئـەو ئامێـرەی نەبـوو بـۆم).

بەهـۆی کاری باوکـی بـۆ مـاوەی سـاڵێک چوونەتە(ئیـلام - عێلام)لـەوێ دراوسـێیەکی خەڵکی تـاران- یان هەبـووە کە خەریکی ئامێری(ڤیۆلون)بووە، هەسـتی کردووە کە موجتەبا بەهـرە و توانایەکـی زۆری هونـەری مۆسـیقای هەبـوو، بۆیـە هانـی باوکـی داوە کـە ئامێرێکی(ڤیۆلـۆن)ی بـۆ بکڕێـت، بۆیـە باوکیشـی ئامێرێکـی ڤیۆلونـی بـە(٦٠ - ٧٠)تومـەن بـۆ کڕیـوە، دواتـر ئـەو زۆربـەی گۆرانییەکانـی هونەرمەنـد حەسـەن زیرەکـی بـەم ئامێـرە ژەنیـوە، داوی سـاڵێک گەڕاونەتـەوە کرماشـان.

هونەرمەنـد موجتەبـای میـرزادە هیـچ مامۆسـتایەکی مۆسـیقای نەبـووە، لـە سـەرەتای ژیانـی هونەریدا، کـەم و زۆر کەوتۆتـە ژێـر کاریگەریـی هـەر یـەک لـە هونەرمەندانـی مۆسـیقاژەن (حەسـەن کامـکار، پەرویـز یاحەقیـان،

حەسـەن یوسـف زەمانـی، مسـتەفا کەسـرەوی، عەلـی تەجویـدی و چەندانـی دیکـەش)، ئـەو وەکـو هونەرمەندێکـی خۆڕسـک خـۆی خـۆی پێگەیانـدووە، پـاش خوێندنەکانـی لـە سـاڵی ١٩٦٧ چووەتـە کۆلێـژی هونـەرە جوانەکانـی زانکـۆی تـاران و بەپلـەی سـێیەم وەرگیـراوە، بـەڵام دیـارە لـە بـەر هـەر هۆیـەک بێـت تـەواوی نەکـردووە، لـە ڕێـگای گۆڤارێـک هەوڵـی داوە فێـری خوێندنەوەی(نۆتـە)ی مۆسـیقا ببێـت، دیسـان لێرەش هـەر خـۆی دەڵێت:(لـە بـەر ئـەوەی بەشـێوەی خۆڕسـک هەمـوو ئاوازەکانـم لەبـەر بـوو، دەمتوانـی بیانژەنـم، لـە هەمـان کاتیشـدا سـەیری نۆتەکانـم دەکـرد و دەمخوێندنـەوە، زۆر ماندووبـووم تـا فێریـان بـووم).



هونەرمەند موجتەبای میرزادە
بە منداڵی

ئـەو لـە سـاڵی ١٩٥٩ لـە ئۆرکسـترای شـاری سـنە کـە بەسەرپەرشـتیی مامۆسـتای هونەرمەند(حەسـەن کامکار)بـووە کاری کـردووە، بەهـرەو و توانـا و ئەزموونێکـی باشـی لـە مامۆسـتا حەسـەن کامـکار وەرگرتـووە و، گەڕاوەتـەوە کرماشـان وەکـو فەرمانبـەر لـە ڕادیـۆی کرماشـان دەسـتبەکار بـووە، ئـەو تەمەنـی(١٧) سـاڵان بـووە کـە بووەتـە ئەندامـی گروپـی ڕادیـۆی کرماشـان، سـاڵی پاشـتر بووەتـە ڕابـەر و سـەرپەرشـتیاری ئۆرکسـترای ئـەو



لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، موجتەبای میرزادە

ڕادیۆیـە، لـە سـەرەتای سـاڵانی ١٩٦١ەوە لەگـەڵ هونەرمەنـدان حەسـەن زیـرەک و مەزهـەری خالقـی دەسـتی کـردووە بەتۆمارکردنـی هەنـدی بەرهەمـی کوردیـی نایـاب، کـە تـا ئێسـتاش کـورد شـانازی بـەم بەرهەمانـە دەکات.

لـە سـاڵی ١٩٦٧ کـە چووەتـە تـاران ماوەیـەک لـە گـەڵ ئۆرکسـترای(فارابی، نەفیسـا، بابـەرد)کاری کـردووە و بەرنامەی(گولهای)ئـەو کاتی بە(سـۆلۆ)ی تاک ژەنیـوە، لـە گـەڵ گۆرانیبێژانـی ئـەو کات(ئیـرەج حاجـی ئەمیـری، شـەجەریان، داریـوش، هومایـون، ئیـرەج مەهدیـان، گوڵپـا، شـەکیلا، مەهەسـتی، معیـن، گوگـوش، پـەروا، فەزریـن، حومەیـرا، سـەوسـەن، ئەفسـەری شـەهیدی، مازیـار، سـتار عەلـی ڕەزا ئیفتیخـاری و هایـدە و عەهدیـە، تاجیـک، ئومیـد، لەیـلا فروهـەر و چەندانـی دیکـەش) توانـای هونەریـی خـۆی نوانـدووە، هەروەهـا مۆسـیقا و ئـاوازی بـۆ هونەرمەندانـی کـورد لەوانە(حەسـەن زیـرەک، مەزهـەری خالقـی، عەلـی مـەردان، تایـەر تۆفیـق، محەمـەدی ماملـێ، عەزیـز شـارۆخی، خەلیـل سـدیقی، ڕەزا سـەفتایی، مورتـەزا تونـدڕەو، ئیبراهیـم خۆشـنەوا، جەمشـید



**لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، موجتەبای میرزادە**



مۆسیقاژەن موجتەبای میرزادە



لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، موجتەبای میرزادە

عەزیز خانی، حوسێن شەریفی، ناسری ڕەزازی، خەباتی مەولودی، سەید محەمەدی سەقایی و چەندانی دیکەش) داناوە، مۆسیقای عەرەبی و ئازەری و ئەرمەنیشی ژەنیوە.

ئەوەی دەبێت بوترێت کە هونەرمەندی گەورەی کورد حەسەن زیرەک هونەرمەند موجتەبای میرزادەی بە گۆرانی و مۆسیقا و ئاوازی ڕەسەنی کوردی ئاشنا کردووە، دەبێت ئەوەش بڵێین کە موجتەبای میرزادە بە ئاواز و مۆسیقا ناوازەکانی بە تایبەتی(سروودی نەورۆز و گۆرانی باران بارانە) حەسەن زیرەکی زیاتر ناساندووە و بە ناوبانگتری کردووە، چونکە گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک لە(ڕادیۆی کوردیی بەغدا و تاران) لە ئاستی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک نینە کە لە ڕادیۆی کرماشان بەدەست و پەنجەی میرزادە موسیقاکەی ژەنراوە. هەر چەندە هەندێ لە هونەرمەندان و ڕەخنەگران ڕەخنەیان لێی هەبووە کە گوایە زۆرتر ئاواز و مۆسیقای بۆ هونەرمەندانی فارس داناوە و ژەنیوە، پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٩ کە لە ئەمەریکا گەڕاوەتەوە ئاواز و مۆسیقای سروود و گۆرانی بۆ ڕژێمی خومەینی و شەڕی عێراقی





موسیقاژەن موجتەبای میرزادە لە گەڵ ئۆرکسترایەک

ئێرانیش داناوە و ژەنیوە، بەڵام ئەو لە شوێنێکدا دەڵێت:(من کوردم و بە زمانی کوردی و شێوەزاری کەلهوڕی و کرماشانی قسە دەکەم، هەست و نەست و پەنجەکانم حەز لە مۆسیقای ڕەسەنی کوردی دەکەن، ئەو کارانەشی کە لەگەڵ هونەرمەندانی فارس کردوومە، دیارە بۆ بەردەوامبوونی ژیانی خۆم بووە، خۆ ئەگەر بمزانیبایە هونەری کوردی ژیانم دابین دەکات، قەت ئەوەم نەدەکرد)، ئێمەش ئەو کارە هونەرییانەی لەگەڵ هونەرمەندانی فارسی کردووە بۆ پسپۆڕان و لێکۆڵەران و ڕەخنەگرانی بواری هونەری لێدەگەڕێین.

ئەو کاتەی هاوسەرگیری کردووە،ماڵی باوکی هاوسەرەکەی(ماڵە خەزورانی)پێیان وتووە:(نابێت کاری هونەری بکەیت، بەڵام ئەو بەنهێنی بەردەوام بووە، تا پاش (٨ – ٩) ساڵێک ئاشکرا بووە کە بەردەوامە لە کارە هونەرییەکانی).

هونەرمەند موجتەبای میرزادە لە ژیانی خۆی دوو جار سەردانی باشووری کوردستانی کردووە، ساڵی ٢٠٠١ بۆ هەولێر و ساڵی ٢٠٠٥یش بۆ سلێمانی، لەسەردانەکەی بۆ هەولێر کەمانجەکەی خۆی بەدیاری داوەتە هونەرمەندی مۆسیقاژەن(سەید ئەحمەد ڕواندزی) کە تا ئێستاش هەڵیگرتووە.

ئەو شارەزاییەکی زۆر باشی لە ئامێرەکانی(ڤیۆلۆن، کەمانجە، تار، بیانۆ، هەتا کلارنێت و دەف)یش هەبووە، بەهەردوو ستایلی(سوونەتی، پاپ) بەرهەم و شاکاری جوانی هەیە، مۆسیقای بۆ زیاتر لە(٥٨) فلیمی سینەمایی و بەرنامەی تەلەفزیۆنی فارسی داناوە، کە تەنها(٣٥) یان دیارن، یەکەم کاری مۆسیقای بۆ فیلمی سینەمایی(دۆرۆشکەچی)داناوە، مۆسیقای ئەم فلیمانەشی داناوە، مسافران مهتاب، ١٩٨٥، تفنگدار، ١٩٨٣، خانە عنکبوت، ١٩٨٣، جایزە، ١٩٨٢، دادا، ١٩٨٢، قرنطینە، ١٩٨٢، اعدامي، ١٩٨٠، چەندانی دیکەش.

نووسەر و هونەرمەند دلێر سەلیم کتێبێکی بەناوی(موجتەبا میرزادە) لە ساڵی ٢٠٢١ چاپ و بڵاوکردۆتەوە و لە سلێمانی و کەرکوک نمایشی بۆ کراوە.

هونەرمەند موجتەبای میرزادە، پاش(٤٠)ساڵ خزمەتکردن بە هونەری مۆسیقا و ئاواز لە ١٧ - ٧ - ٢٠٠٥ لە نەخۆشخانەیەکی تاران کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانیشاد و ئارام بێت.

**سەرچاوەکان:**


١ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.
٢ - کەناڵی کوردستان ٢٤، فیلمێکی دوکیومێنتاری. لە ٢٠١٩.
٣ - فیلمێکی دوکیومێنتاری - YOUTUBE، کوردسات، لە ٣١- ١٢ - ٢٠٢٣.
٤ - فیلمێکی دوکیومێنتاریی کەناڵی کورد سات، بەرنامەی ڕۆژ باش.
٥ - کتێبی(موجتەبا میرزادە)لە نووسینی هونەرمەند و نووسەر دلێر سەلیم.
٦ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی KURD COLLECT، نووسینێکی نووسەر عەلی عابدی، لە ٣ - ١٠ - ٢٠٢١.
٧ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی وشە، نووسینێکی نووسەر کاوە فەقێزادە، لە ١٣ - ١٠ - ٢٠٢٠.
٨ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی موزیکناس، نووسینێکی نووسەر فەرهاد حەمە ساڵح، لە ٩ - ٥ - ٢٠٢٣.
٩ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# مەحموود هۆمەر باوزێ

مامۆستای پەروەردە و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووس، مەحموود هۆمەر باوزێ ...

ناوی تەواوی(مەحموود عومەر حەمە)یە لە ناوەندی پەروەردە و ئەدەب و ڕۆشنبیری بە مەحموود هۆمەر باوزێ ناسراوە، لە ساڵی١٩٦٥ لە گوندی(باوزێ)ی بناری(پشدەر)لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایکبووە، ساڵی ١٩٧١ چووەتە بەر خوێندنی سەرەتایی و تا پۆلی چوارەمی لە گوندەکەی خۆیان خوێندووە، لە ساڵی ١٩٧٦ ماڵیان چووەتە شاری سلێمانی و لە گەڕەکی(سوورکێو)نیشتەجێبووینە، پۆلی پێنجەم و شەشەمی سەرەتایی و ناوەندیشی لە سلێمانی تەواوکردووە و، ساڵی ١٩٨٥ خانەی ئامادەکردنی مامۆستایانی هەر لە سلێمانی تەواوکردووە و بووەتە مامۆستای سەرەتایی، دواتر بانگهێشتی سەربازی کراوە و ئەویش ڕووی لە شاخ کردووە و، بووەتە پێشمەرگە تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە سەر کاری مامۆستایەتی و، تا ئێستاش هەر بەردەوامە لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە و فێرکردن.



وەرگێڕ
مەحموود هۆمەر باوزێ
بە جاحێڵی



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر هەمزە گوڵانی، وەرگێڕ مەحموود هۆمەر باوزێ، نووسەر و فۆلکلۆریست زیاد محەمەد ئەمین، شاعیر نیازی حەمە عەزیز، وەرگێڕ خالید فاتیحی**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و وەرگێڕ مەحموود هۆمەر باوزێ، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ئەرشیفەوان جەمال خەزنەدار، نووسەر و مێژوونووس فەرەیدون حەکیمزادە**

نووسەر و وەرگێڕ مەحموود هۆمەر باوزێ لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسینی شیعر کردووە، یەکەم بەرهەمی شیعری لە بەرنامەی(شاعیرە لاوەکان)ی ڕادیۆی بەغدا کە مامۆستا محەمەد عەلی مەدهۆش ئامادە و پێشکەشی دەکرد خوێندراوەتەوە، ئەو زیاتر کەوتۆتە خوێندنەوەی شیعر و بە شیعر و شاکارەکانی شاعیرانی دیکەی کورد ئاشنا بووە و بۆی دەرکەوتووە کە ئەو سواری ئەم مەیدانە نییە، بۆیە وازی لە شیعر نووسین هێناوە و ڕووی لە نووسین و وتاری هەمەجۆر و بابەتی ڕۆژنامەنووسی کردووە، یەکەمین بەرهەمی خۆی لە ڕۆژنامەی(پەیامی مامۆستا)بڵاوکردۆتەوە، دواتریش دەستیکردووە

بە وەرگێڕانی شاکارە وەرگێڕدراوەکانی جیهانی، لەم بوارەدا کۆمەڵێک چیرۆک و ڕۆمان و بابەتی مێژوویی و سیاسی و فەلسەفی و دەروونناسی وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی چاپ و بڵاویشی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- تراژیدیای بەفر و ئەنفالی مەرگە، بیرەوەری، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١١.
- یەکەمین خۆشەویستی، ڕۆمان، نووسینی ئیڤان تۆرگنیف، وەرگێڕان، دەزگای وەرگێڕان، هەولێر ٢٠١٢.



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و ڕۆژنامەنووس حەمە ئەحمەد جاف، نووسەر عەبدولقادر عەزیز، نووسەر حەسەن دانشفەر(هێور)، وەرگێڕ مەحموود هۆمەر باوزێ، وەرگێڕ خالید فاتیحی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و وەرگێر خالید فاتیحی، نووسەر و فۆلکلۆریست ئارارات ئەحمەد، نووسەر و وەرگێڕ مەحموود هۆمەر باوزێ


- هۆزە کوردەکان و دەوڵەتی ئێران، مێژوو، مارتن ڤان برۆنسن، وەرگێڕان، دەزگای ڕاهرە و ، مهاباد ٢٠١٢.
- سەرگەردان، ڕۆمان، نووسینی مەنسووری یاقووتی، وەرگێڕان، دەزگای وەرگێڕان ،هەولێر ٢٠١٣.
- سەگی هار، ڕۆمان، نووسینی ئەلبێرتۆ ڤاسکس ڤیگروا، وەرگێڕان، دەزگای ڕۆسا، هەولێر ٢٠١٦.



**لە لای ڕاستەوە: وەرگێڕ مەحموود هۆمەر باوزێ، نووسەر و ڕۆماننووس فەتاحی ئەمیری**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و وەرگێڕ خالید فاتیحی، نووسەر و وەرگێڕ سەباح ئیسماعیل، نووسەر و وەرگێڕ مەحموود هۆمەر باوزێ**




بەرهەمەکانی وەرگێڕ مەحموود هۆمەر باوزێ.

- باوزێ لە دیدی کۆمەڵناسیی نەریتی، کولتووریی، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی ٢٠١٦.
- لافاوەکانی بەهار، ڕۆمان، نووسینی ئیڤان تۆرگنیف، وەرگێڕان، دەزگای فێربوون، هەولێر ٢٠١٩.
- قورینگە باڵەفڕەکان، ڕۆمان، نووسینی جەنگیز ئیتماتۆف، وەرگێڕان، دەزگای فێربوون، هەولێر ٢٠١٩.
- خاڵی تەفرەدان، ڕۆمان، نووسینی دان براون، وەرگێڕان، دەزگای ئاوێر، هەولێر ٢٠١٩.
- تەنیایی، ڕۆمان، نووسینی یەشار کەمال، وەرگێڕان، دەزگای ئاوێر، هەولێر ٢٠١٩.

- سیاحەتنامەی حدوود، مێژوویی، نووسینی خورشید پاشا، وەرگێڕان، دەزگای فێربوون، هەولێر ٢٠١٩.
- بەسەرهاتە نەمرەکانی فەلسەفە، فەلسەفە، نووسینی هێنری تۆماس، وەرگێڕان، دەزگای ئاوێر، هەولێر ٢٠١٩.
- ڕوخساری خودا، ڕۆمان، نووسینی مستەفا مەستوور، وەرگێڕان، دەزگای فێربوون، هەولێر ٢٠٢٠
- چیرۆکەکانی گوندی بێوەژنان، ڕۆمان، نووسینی جەیمس کانیون، وەرگێڕان، دەزگای ئاوێر، هەولێر ٢٠٢٠.
- بنچینە، ڕۆمان، نووسینی دان براون، وەرگێڕان، دەزگای ئاوێر، هەولێر، ٢٠٢٠.
- هونەری هەمیشە لەسەر هەقبوون، فەلسەفە، نووسینی شۆپنهاوەر، وەرگێڕان، دەزگای فێربوون، هەولێر ٢٠٢٠.
- هونەری رەفتار لەگەڵ ژنان، فەلسەفە، نووسینی شۆپنهاوەر، وەرگێڕان، دەزگای فێربوون، هەولێر ٢٠٢١.
- هونەری هەرمان، فەلسەفە، نووسینی شۆپنهاوەر، وەرگێڕان، دەزگای فێربوون، هەولێر ٢٠٢١.
- پیلانگێڕانی نێودەوڵەتیی، ڕامیاری، نووسینی جیم تاکر، وەرگێڕان، دەزگای فێربوون، هەولێر ٢٠٢١.
- مرۆڤ لەسەدەی ٢٣ دا، ڕۆمان، نووسینی جۆن کریستۆفەر، وەرگێڕان، دەزگای فێربوون، هەولێر ٢٠٢١.
- خەونەکان، دەروونناسیی، نووسینیکارل گوستاف یونگ، وەرگێڕان، دەزگای ئاوێر، هەولێر ٢٠٢١.
- مێژووی نوێی عێراق، مێژوویی، نووسین دکتۆر د. ئیناس سەعدی عبداللە، وەرگێڕان، دەزگای ئاوێر، هەولێر ٢٠٢١.
- باران کیژی کوردستان، ڕۆمان، نووسینی ناسر سەلیم، وەرگێڕان، چاپخانەی دەرەوەی وەڵات، ٢٠٢٣.
- دەروونناسیی بەختەوەریی، گەشەی مرۆیی، نووسینی تال بن شاهار،

وەرگێڕان، دەزگای فێربوون، هەولێر ٢٠٢٣.
- فێرکاریی ئەلف و بێی کوردی، پەروەردەیی فێرکاری، کتێبخانەی دلۆڤان، هەولێر ٢٠٢٤.

نووسەر و وەرگێڕ و مەحموود هۆمەر باوزێ وەکو ڕۆژنامەنووسێکی بەتواناش چەندین بەرهەمی خۆی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی بڵاوکردۆتەوە و، ماوەیەکیش پەیامنێر و هاوکاری ڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت و گۆڤاری گزنگ و گۆڤاری مێرگ بووە.

لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا(٢٥)ژمارەی بڵاوکراوەی(ژاراوە)یان دەرچوواندووە.


بۆ نووسەر و وەرگێڕ مەحموود هۆمەر باوزێ هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

**سەرچاوەکان:**


١- کورتەیەک ژیاننامەی نووسەر و وەرگێڕ مەحموود هۆمەر باوزێ، هاوڕێم نووسەر و وەرگێڕ خالید فاتیحی لە ڕانیە بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - هەندێ زانیاری لە نووسەر و وەرگێڕ مەحموود هۆمەر باوزێ خۆی، وەرگیراوە، سوپاسی دەکەم

٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# مەلەڤان ڕەسووڵ

شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر و میدیاکار و سیناریست، مامۆستا مەلەڤان ڕەسووڵ لە ڕۆژئاڤای کوردستان...

ناوی تەواوی(مەلەڤان عەلی ڕەسووڵ)ە، لە ساڵی ١٩٦٠ لە گوندی(حەمزە بەگ)ی بناری چیای(مەسۆسانە- قەرەتشۆک) لە خوارووی شاری(دێریکا- حەمکۆ)ی ڕۆژئاڤای کوردستان لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکانی(قۆلی دۆمان، سویدییە، بستاسۆس و حەمزە بەگ)تەواوکردووە، دواتر خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە شاری دێریکا حەمکۆ تەواو کردووە و پەیمانگای پەروەردە و فەلسەفەشی تەواوکردووە و بووەتە مامۆستا لە قوتابخانە ناوەندییەکانی شاری دێریکا و دەوروبەری، ئەو زیاتر لە(٣٤) لە بواری پەروەردە و فێرکردن کاری کردووە، دواتر بەهۆی هەڵوێستە سیاسی و کوردپەروەرانەی لە کارەکەی دوورخراوەتەوە.

شاعیر و نووسەر و میدیاکار مەلەڤان ڕەسووڵ هێشتا منداڵ بووە لە



له لای ڕاستەوە: نووسەر خاتوو سیلڤا عەلی، نووسەر و لێکۆڵەر ئارشك باراڤی، شاعیر و نووسەر مەلەڤان ڕەسوڵ



له لای ڕاستەوە: نووسەر ڕەوانشاد لوری تلداری، شاعیر مەلەڤان ڕەسووڵ، شاعیر ئەحمەد حسێنی،

گوندەکەی خۆیان لە مەجلیسی پیاوە کۆمەڵایەتی و خاوەن ئەزموونەکان لە بواری فۆلکلۆری و داستان و حیکایەتی بەرئاگردان و قسەی نەستەق و پەندی پێشینیان دانیشتووە و گوێی لێگرتوون، هەموو ئەوانە بووەتە هەوێنیک بۆ خوشویستنی زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٩ەوە، دەستی بە نووسینی شیعر بە شێوازی(الوزن و القافیة - کێش و سەروا)و شیعری نوێخوازی و کورتە چیرۆک و شانۆنامە و لێکۆڵینەوە و بابەتی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی  و هەمەڕەنگی دیکە

بەزمانی کوری و عەرەبی کردووە و لە ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە و سایتە ئەلیکترۆنییەکان لەوانە(سەرخۆلۆن، ڕۆژدا، ڕۆشنبیر، المثقف التقدمي، شەرمولا، سیوان، دستار، دجلە، سورگوڵ، ڕوناهی، وکالة فرات، ئانها-Anha، چەندانی دیکەش) بڵاوی کردوونەتەوە.

ئەو تا ئێستا کۆمەڵێک کتێبی بەزمانی کوردی و عەرەبی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

بەرهەمە کوردییەکانی:

- pêlawazên helbesta kurdî.
- gotarên ronakbîrî (1)
- gotarên ronakbîrî (2)




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر ئازاد عەلی، شاعیر مەلەڤان ڕەسووڵ**

– qevdek şano û skêtç

– kezî .... skêtç

– simînarên torevanî

– çirîsk ... helbest

– Arîn ..... helbest

– pîdar ... helbest

بەرهەمە عەرەبییەکانی:

– في زحمة الكلوان والبلوط.

– في سيرة الذاكرة بولات هركول.

– الملامح الحضارية في الامارات الكردية.


– ثلاث مجموعة تضم (١٥٠) دراسة ومقالة في الفكر والادب.

شاعیر و نووسەر مەلەڤان ڕەسووڵ وەکو میدیاکارێکی بەتوانا و خاوەن ئەزموون چەندین چالاکیی دیکەی لە بواری ڕێکخراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان هەبووە لەوانە:

– ئەو سەرەتا لە گەڵ تیپە فۆلکلۆری و میللییەکان بەشداریی ئاهەنگی



نووسەر و میدیاکار مەلەڤان ڕەسووڵ




بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر مەلەڤان ڕەسووڵ

بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی کردووە، سەرەڕای هەڕەشە و هێرشی دەستەڵاتدارانی سووریا.

دەورێکی بەرچاوی هەبووە لە دامەزراندنی(یەکێتیی نووسەرانی کوردی سووریا، یەکێتیی نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد، کۆمەڵەی ئەدەبی کوردی، کۆمەڵەی هونەر و تەڤنا، گروپی خانی بۆ ئەدەبی کوردی، گروپی دجلەی هونەر و ڕۆشنبیری، یەکێتیی ڕۆشنبیرانی جزیرە).

- چەندین موحازەراتی سیاسی و فیکری و رۆشنبیری دەربارەی مەسەلەی کورد و مافە ڕەواکانی لە شار و شارۆچکەکانی ڕۆژئاڤا ئەنجامداوە.
- چەندین سیناریۆی و بۆ تەمسیلیە و شانۆگەرییەکانی نووسیوە.
- بەشداریی بەشی زۆری کۆڕوکۆبوونەوە و فیستیڤاڵی شیعری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و فیکری و سیاسییەکانی لە ڕۆژئاڤای کوردستان کردووە.
- ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە پێگەیاندنی کادیری ڕاگەیاندن بۆ ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی ڕۆژئاڤا.
- بۆ ماوەی(١٤)ساڵ بەبەردەوامی سەدان بەرنامەی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی ئامادە و پێشکەش کردووە.
- چەندین جار ئەندامی لیژنەی(التحکیم- دادوەری)بووە بۆ هەڵسەنگاندنی تێکست و دەقی بەشداربووانی میهرەجانە شیعرییەکان لە ڕۆژئاڤای کوردستان.
- چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە لەلایەن دەزگا ئەدەبی و

ڕۆشنبیرییەکان لەوانە(فیستیڤاڵی شیعری کوردی لە ڕۆژئاڤا، میهرەجانی ئوسمان سەبری بۆ داهێنان، میهرەجانی دینز فرات، مەڵبەندی دجلەی ڕۆشنبیری، دەزگای کوردی بۆ ڕاهێنانی زمانی کوردی، ئەنتۆلۆژیای شیعری کوردی، دەزگای بالیخانی شیعری، پەیمانگای کوردی لە ستۆکهۆڵم و چەندانی دیکەش).

- ئەندامی کۆمەڵەی شێوازاری کرمانجییە.

بۆ شاعیر و نووسەر و میدیاکار مەلەڤان ڕەسووڵ هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و میدیای کوردی.

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی شاعیر و نووسەر مەلەڤان ڕەسووڵ، هاوڕێم شاعیر و نووسەر کۆنی ڕەش لە قامشلۆ بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# نادیە کەریم کۆیی

مامۆستا وهونەرمەندی گۆرانبێژ و شاعیری شیعری هایکۆ خاتوو نادیە کەریم کۆیی ....

ناوی تەواوی(نادیە کەریم حەمەد قادر کۆیی)یە، لە ناوەندی هونەری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە نادیە کەریم کۆیی ناسراوە، لە ١٤ - ١٢ - ١٩٦٠ لە گەڕەکی(قەڵای) ناو شارە ڕەنگین و جوانەکەی کۆیە و لە دامێنی چیای(باواجی)ی سەرکەش لە خێزانێکی ڕۆشنبیر و هونەر و ئەدەبدۆست لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری کۆیە خوێندووە، ئەو لە ساڵی ١٩٧٦ تووشی نەخۆشییەکی دەستی بووە بۆ چارەسەرکردن چووەتە شارەکانی(بەغدا، هەولێر، سلێمانی و مووسڵ)، بۆیە لە پۆلی شەشەمی ئامادەیی ساڵێک خوێندنی لێچووە و ساڵی پاشتر تەواوی کردووە، ساڵی ١٩٨٠ لە بەشی کیمیای کۆلێژی زانستی زانکۆی سلێمانی وەرگیراوە و بۆ ساڵی دووەم زانکۆی سلێمانی گواستراوەتەوە شاری هەولێر و ئەو لە ساڵی ١٩٨٦ لە هەولێر بەسەرکەوتوویی تەواوی



هونەرمەند و شاعیر نادیە کۆیی بەجاحێڵی



له لای ڕاستەوە: مامۆستا نەهرۆ حەمەدمین عەبدوڵلا، شاعیر نادیە کەریم کۆیی، هەر دوو کوڕەکانیان(ڕێنوار نەهرۆ، ڕێکار نەهرۆ)



هونەرمەند نادیە کەریم لەگەڵ تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە - ستۆدیۆی بەغدا ١٩٧٢

کردووە و بووەتە مامۆستای وانەی کیمیا لە قوتابخانەی ناوەندی(إنتصار) لە شاری کۆیە، لە ١ - ١ - ١٩٨٤ هاوسەرگیری لەگەڵ مامۆستا(نەهرۆ حەمەدەمین) کە ئەویش مامۆستای فیزیایە کردووە و خاوەنی دوو کوڕن بەناوەکانی(ڕێنوار و ڕێکار) خوا تەمەن درێژیان بکات، لەبەر بارودۆخی ئەوسای عێراق ساڵی ١٩٨٨ خۆی هاوسەرەکەی و منداڵەکانی ڕوویان لە هەندەران کردووە و لە وڵاتی سوید گیرساونەتەوە.

شاعیر و هونەرمەند نادیە کەریم کۆیی لە وڵاتی سوید هەر زوو فێری زمانی سویدی بووە و لە شاری(ئوپسالا) دەستی بە خوێندن لەبەشی(بابۆمێدیستی)کردووە، بەڵام دیارە بۆ بژێوی ژیان و خۆی و منداڵەکانی وەکو ژنە کوردێکی ئازا و بوێر لە گەڵ هاوسەرەکەی دەستیان



هونەرمەند و شاعیر
نادیە کەریم کۆیی

بە کار کردوووە، بۆیە خوێندنەکەی دواخستووە، لە ساڵی ٢٠٠٥ دەستی بە خوێندن کردۆتەوە و لە ساڵی ٢٠٠٩ دوو بڕوانامەی ماستەری لە(ئەندازیاریی کیمیایی و ئەندازیاریی شارستانی لە شاری(ئیسکلستوونە)ی سویدی بەدەستهێناوە.

هەر لە منداڵییەوە و بەهرە و توانای دەنگ خۆشی لێ بەدیکراوە، هێشتا قوتابی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووە لە بەشی زۆری چالاکیی قوتابخانەکان وەکو نمایشکار و گۆرانیبێژ لە ئاهەنگی نەورۆز و هەر دوو گۆرانی(چوار وەرزی ساڵ و ئەمیرەکەم) لە گەڵ تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە وەکو کۆرس بەشدار بووە، لە ساڵانی ١٩٧١ تا ساڵی ١٩٧٤بەشداریی چەندین ئاهەنگ و فیستیڤاڵی قوتابخانەکان و میهرەجانی یەکەمی کوردی لە(قاعة خلد- هۆڵی خولد)ی شاری بەغدا کردووە، سێ جاریش وەکو کۆرس و گۆرانیبێژ هەر لە گەڵ تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە چوونەتە تەلەفزیۆنی بەغدا و جارێکش تەلەفزیۆنی کەرکووک چەندین بەرهەمییان تۆمارکردووە، لەوانە گۆرانییەکانی(بزمارە و بزمارە، ئەی



هونەرمەند نادیە کەریم و تیپی مۆسیقای کۆیە نەورۆزی - کۆیە - ١٩٧١



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و هونەرمەند نادیە کەریم کۆیی،**
**مامۆستا نەهرۆ حەمەدەمین عەبدوڵلای هاوسەری**

شـۆڕێ عەمـرم شـۆڕێ، پەروانـە و چەندانـی دیکـەش) و وەکـو کۆرسـیش لـە گـەڵ هونەرمەندانـی گۆرانیبێژ(سـەلاح پشـدەری، شـەوکەت ڕەشـید، دلێر سـادق و ئیسـماعیل عەبدوڵلا)بەشـدار بـووە.

لە کۆتایی حەفتاکانی سـەدەی ڕابردوو داوای لێکراوە گۆرانـی بۆ ڕژێمی بەعـس بڵێـت، بـەڵام ڕازی نەبـووە و بـەم هۆیەشـەوە لـە بـواری هونـەری دوورکەوتۆتـەوە.

ئـەو لـە سـاڵی ٢٠١١ لـە وڵاتـی سـوید سـروودێکی دەنگـی بـۆ پێشـمەرگە




تۆمـار و وبڵاوکردۆتـەوە، لـە سـاڵی ٢٠١٨ ش سروودی(کوردسـتان)ی بەدەنـگ لـە وڵاتـی سـوید تۆمـار و بڵاوکردۆتـەوە، سـاڵی ٢٠١٧ ڕووی لـە نووسـینی شـیعر و شـیعری هایکـۆ و هایکـۆ بـۆ منداڵـە چاوگەشـەکانی کوردسـتان کـردووە، زۆر چالاکانـە و داهێنانـە فۆرمـی نوێی لە هایکۆ نووسیوە وەکو(هایکۆی ژاپۆنـی و فۆرمەکانی لەهایبوون، تانکا،

تایکۆن، هایگا، سینریو)، هەموو تێکست و دەقی هایکۆکانی جوان و پڕ ریتم و ئاوازی خۆش و تابلۆی جوانی کێشاوە کە سەرنجی خوێنەران ڕادەکیشێت.


ئەو تا ئێستا چەند کۆمەڵە شیعرێکی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- کۆمەڵە شیعری(تەلیسم)کە(١١٥)لاپەڕەیە و(٨١)هایکۆ و(٥٩)چوارینە لە خۆدەگرێت و ساڵی ٢٠١٨ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- کۆمەڵە شیعری(تەسبیحی قەزوان)کە(١٠١)لاپەڕەیە و فۆرمەکانی هایکۆ(سینریو، تانکا، هایبوون)ە، ساڵی ٢٠١٨ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- (ئەستێرە چاو دادەگرێ)، کە(٧٣)لاپەڕەیە، ساڵی ٢٠٢٠ لە لایەن یانەی هایکۆی کوردی چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- دیوانی(بەفر لە هەور دەترسێ)فۆرمەکانی هایکۆ(سینریو و(١٠٤)لاپەڕەیە و(١٠٠)هایکۆ لە خۆدەگرێت، ساڵی ٢٠٢١ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- کتێبی(دڵ ئاوازی ژیان دەژەنێ)فۆرمەکانی(تایکۆن، هایبوون، تانکا)، لە خۆدەگرێت و ساڵی ٢٠٢١ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
- کتێبی(دایکێک)کە(٢٢)شیعری منداڵان و(٦١)شیعری دیکە و(١٤)قەسیدەی







**بەرهەمەکانی هونەرمەند و شاعیری هایکۆ نادیە کەریم کۆیی**

نانۆ و هەشت هایکۆ و چوار هایبوون و هەشت تانکا و هەشت هایکۆ و پێنج سینریو لە خۆدەگرێت.

- زیاتر لە(٢٥٠)هایکۆی بەزمانی عەرەبی نووسیووە و بڵاویکردوونەتەوە،
- لە ساڵی ٢٠٢٢ سێ هایکۆی بەزمانی کوردی و ئینگلیزی لە گۆڤاری ژمارە(١٨، ١٩) لە وڵاتی ژاپۆن بڵاوکراوەتەوە.
- چەندین هایکۆی وەرگێردراونەوە سەر زمانی دانیمارکی لە لایەن نووسەر و وەرگێڕ(نۆرڤاڵد بێرلسن)لە کتێبی(ئەنتۆلۆژیا)بەزمانی دانیمارکی و کوردی بڵاوکراوەتەوە.
- چەندین هایکۆی خۆشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی سویدی و لە(یانەی سەکۆی وەرگێرەکان)لە سوید بڵاویکردوونەتەوە.


هونەرمەند و شاعیری شیعری هایکۆ خاتوو نادیە کەریم کۆیی چەندین چالاکیی دیکەی هەبووە لەوانە:

- بەسپۆنسەری ئەو، پەیکەری دڵداری شاعیر بەدەست و پەنجە ڕەنگینەکانی هونەرمەند بەختیار هەڵەبجەیی دروستکراوە و ساڵی ٢٠١٥ لە بەردەم مۆزەخانەی(ئاغالە) لە شاری کۆیە داندراوە.
- ئەندامە لە یانەی هایکۆی کوردی و مەغریبی و هایکۆی جیهانی ژاپۆنی.
- لە وڵاتی سوید گروپێکی بۆ یارمەتیدانی نەخۆشانی شێرپەنجە پێکهێناوە و بەبەردەوامی یارمەتی بۆ نەخۆشەکانی شێرپەنجەی شاری کۆیە دەنێرێت.
- وەکو نیگارکێشێک چەند تابلۆیەکی جوانیشی کێشاوە.

بۆ شاعیر و نووسەر و هونەرمەند نادیە کەریم کۆیی، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی هونەر و شیعری هایکۆی کوردی.

### سەرچاوەکان:

١ - ژیاننامەی شاعیر و هونەرمەند خاتوو نادیە کەریم کۆیی، لە سەر داخوازیی من لە وڵاتی سوید بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# نیزام شوكر

هونەرمەنـدی گۆرانینێـژ و حەیـران و سـروود و سـتایش و موناجاتـی ئایینـی، نیـزام شـوكر...

نـاوی تەواوی(نیزام شـوكر مەحموود)ە، لـە سـاڵی ١٩٦٣ لـە شـاری هەولێر لـە دایكبـووە، ئـەو هـەر لـە منداڵییـەوە حـەز و ئـارەزوو و خولیـای هونـەری گۆرانی و مۆسیقا و ئاوازی كوردی بووە، كاتی خۆی لـە ئاهەنگی ژن هێنان و ژن گواسـتنەوە زیاتر بـاو بـووە (مەولـودی پێغمبـەر(درووودی خوای لەسـەر بێت) دەخوێندرایـەوە، ئامـادە بـووە و لەتـەك مەولودخوێنـە بـە ئەزموونەكانـی شـاری هەولێر وەكو(مـەلا سـابیر، مـەلا جەرجیس، زاهیر قەسـاب و چەندانـی دیكـەش) دانیشـتووە، ئـەو هەسـت و نەسـتی ئایینی چووەتـە نـاو دڵ و گیانـی.

هونەرمەنـد نیـزام شـاكر لـە سـاڵی ١٩٧٥ چووەتـە نـاو دنیـای هونـەری گۆرانـی و مۆسـیقای كـوردی و بەچەندیـن زمانـی جیـاواز گۆرانـی وتـووە.

وەكو هونەرمەندێكی كورد بەشداری لـە چەندین فیسـتیڤاڵی نێودەوڵەتی و كۆنسـێرت و ئاهەنگی نیشـتمانی و نەتەوەیی و لـە بەشـی زۆری شـارەكانی كوردسـتان و عێـراق و ئێـران و توركیـا و نەمسـا و چەندیـن وڵاتانـی بیانـی دیكـە) كردووە، لەگـەڵ چەندین هونەرمەندی گـەورەی كورد و عەرەب و بیانی ئاهەنگـی گێـڕاوە لەوانە(محەمـەدی مامڵـێ، محەمـەد عارفـی جزیـری، تایـەر تۆفیـق، فوئـاد ئەحمـەد، تەحسـین تەهـا، ئـەردەوان زاخۆیـی، ئەیـاز زاخۆیـی،



هونەرمەند نیزام شوکر لە ئاهەنگی گۆرانی و سروود و موناجاتی ئاییندا



هونەرمەند نیزام شوکر لە ئاهەنگی گۆرانی و سروود و موناجاتی ئاییندا

محەمەد جەزا، عارەب عوسمان، جەلال سەعید، حەسەن گەرمیانی، عەباس محەمەد، میدیا حوسێن، عەتا چاوشین، بورهان محەمەد، کەمال محەمەد)، هەروەها لەگەڵ گۆرانیبێژانی تورکمان و عەرەبیش لەوانە(مشکۆ، هابە، محەمەد ئەحمەد ئەربیللی، سالم فەتاح، جەبار ئەحمەد، جەلال حەردان، یونس مەحموود، سەعدون جابر، یاس خزر، ریاز ئەحمەد، کازم ساهیر و سەلاح عەبدولغەفور..و چەندانی دیکەش).

هونەرمەند نیزام شاکر لە ساڵی ٢٠٠٤ ستایل و شێوازی هونەرەکەی گۆڕیوە و، ڕووی لە هونەری ئایینی کردووە و ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە زیندووکردنەوەی خوێندنەوەی (مەولود)ی پێغمبەر(سلاوی خودای لەسەر

بێت)، چەندین هونراوە و ئاوازی نوێی لەم بوارەدا داناوە و ژمارەیەک سروود و ستایش و موناجاتی ئایینی تۆمار کردووە، چەندین لاو و گەنجی هانداوە و پێیگەیاندوون، لەگەڵ مامۆستا و مەولود خوێنەرەکان شاری هەولێر چەند گروپێکی مەولود خوێندنەوەشیان دروستکردووە.

سەرەتا ماوەیەک لە گەڵ تیپی هونەری هەولێر کاری کردووە و بەشدار بووە لە دامەزراندنی چەندین تیپ و ناوەندی هونەری و سامانێکی زۆری لە گۆرانی و حەیران و سروودی ئایینی تۆمارکردووە، کە ئەمانە هەندێکیانن:(ئەسمەر یارم جوانە، پەروانەی سووتاو، ئەی ساقی مەیخانە، هاوار سەد هاوار، من مێوانی تۆم، ئەوای ڕۆح لە ئاقا، ئەریَ هۆ لەیلیَ، بەتیری نازت، لێم زیزە لێم تۆراوە، تۆ بەڵێنم پیَ بدە، نەرمین هۆ نەرمین



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند نیزام شوکر، بەڕێز لوقمان ئیسماعیل، بەڕێز ئاشتی عەلی



هونەرمەند نیزام شوکر لە ئاهەنگی گۆرانی و سروود و موناجاتی ئایینیدا



هونەرمەند نیزام شوکر لە ئاهەنگی گۆرانی و سروود و موناجاتی ئاییندا

و چەندین سروود و حەیران و ستایش و موناجاتی ئایینیش).

ئەو لە ناووەوە و دەرەوەی وڵات چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە.

هونەرمەند نیزام شاکر ئێستا لە هەولێر دەژیت و بەردەوامە لە چالاکییەکانی لە بواری مەولودخوێندنەوە و پێشکەشکردن و تۆمارکردنی سروودی ئایینی، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت لە هونەرە جوان و ئاست بەرزەکانی.

**سەرچاوەکان:**

١ – ماڵپەڕی فەرمییNizam Shukr.  چەند فیلمێکی دوکیومێنتاریYoutube.

٢ – فیلمێکی دوکیومێنتاری کەناڵی تەلەفزیۆنی(پەیام)، بەرنامەی جەژنانە لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی میدیاکار عیمران ئەمیر، لە ساڵی ٢٠٢٢.

٣ – فیلمێکی دوکیومێنتاریی کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردستان تیڤی، لە ساڵی ٢٠٢٢.


٤ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# نەواف بەشار

نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ مامۆستا نەواف بەشار لە ڕۆژئاوای کوردستان...

ناوی تەواوی(نەواف بەشار عەبدوڵڵا) یە، لە ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری بە نەواف بەشار ناسراوە، لە٢٢ - ٤ - ١٩٥٦ لە گوندی(تل غزال)ی خوارووی شاری قامشلۆ لە ڕۆژئاوای کوردستان لە دایک و باوکێکی کورد لە دایک بووە، ساڵی ١٩٦١ ماڵیان چووەتە شاری قامشلۆ، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی هەر لە شاری قامشلۆ تەواوکردووە، ساڵی خوێندنی ١٩٧٥ - ١٩٧٦ لە بەشی(الهندسة المدنية- ئەندازیاری شارستانی) ی زانکۆی(حەلەب)وەرگیراوە و ساڵی ١٩٨٠- ١٩٨١ تەواوی کردووە و ماوەی(١٠)ساڵ وەکو ئەندازیارێکی شارستانی و بیناسازی لە دام و دەزگا ئەندازیارییەکانی دەوڵەت لە شاری قامشلۆ دەستبەکاربووە، لە ١ - ٧ - ١٩٩١ وازی لە کاری حکومی هێناوە و نووسینگەیەکی(إستشاري - ڕاوێژکاری)ی ئەندازیاریی تایبەت بەخۆی



نووسەر و ڕۆژنامەنووس
نەواف بەشار بەجاحێڵی



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر محەمەد عەلی عەبدی، نووسەر نەواف بەشار، نووسەر و زمانەوان دەحام عەبدولفەتاح، شاعیر کۆنی ڕەش، نووسەر خالس مسەوەر، شاعیر ئەحمەد حوسەینی



لە لای ڕاستەوە: ئەندازیار و هونەرمەندی شێوەکار سەیف داود،
نووسەر و ڕۆژنامەنووس نەواف بەشار

کردۆتـەوە و تـا ئێسـتاش هـەر بەردەوامـە لـە کاری خـۆی. نووسـەر و ڕۆژنامەنووس نەواف بەشـار حەزی زۆر لە زمـان و ئەدەبی کوردی بووە، هێشـتا قوتابی ناوەندی بووە بە ئەلـف و بێی لاتینی کوردی ئاشـنا بووە، دەسـتی کردووە بەخوێندنـەوەی گۆڤار و ڕۆژنامـە کوردییەکان لەوانە(هـاوار، ڕۆناهـی)، دواتـر دیوانـی شـیعری شـاعیر ڕەوانشـاد(جگەرخوین)و چەنـد کتێبێکی نووسـەرانی وەک عەرەبی شـەمۆ و حجیێ جندی بە کوردی پەیدا کـردووە و بـەردەوام بـووە لـە خوێندنەوەیـان.

لـه ناوەنـدی هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوو دەسـتی بەنووسـینی بابەتـی ڕۆژنامەوانی و چیرۆک و وتـاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و فیکری کردووە و نووسـینەکانی زیاتـر بـاس لـە پێکەوەژیـان و گیانـی لێبووردن لـە نێوان گەلانـی سـووریا و باسـی مافە ڕەواکانی کوردیشـی کردووە و دەکات، ئەو ماوەی(٤٠) سـاڵە لـە بـواری ڕۆژنامەگـەری کار دەکات و بەشـی زۆری نووسـینەکانی لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـارە کـوردی و عەرەبییەکانـی وەکـو(ڕێ، گەلاوێـژ، سـتێر، پـرس، الحـوار) بـە نـاوی خـۆی و چەنـد ناوێکـی خـوازراو وەکـو(زۆزگ، ڕێبـەرۆ، سـلێڤی، سـەردار بەدرخـان، نـەواف بەشـار)بڵاوکردۆتەوە، ئـەو هەمـوو بەرهەمەکانـی لـە چیرۆک، وتـار و نووسـینی هەمەجـۆر لـە کتێبێکدا بەنـاوی(Wêje û Nerîn)کە(٣٩٦)لاپەڕەیـە سـاڵی ٢٠٢٣ بڵاوکردۆتـەوە.

نووسـەر و ڕۆژنامـووس نـەواف وەکو ڕۆژنامەنووسـێکی بەتوانا و خاوەن ئەزمـوون ئـەم چالاکییانەشـی نواندوە:

- ماوەیـەک ئەندامـی دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤـاری گەلاوێـژ بـووە کـە سـاڵی



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر فارس عوسمان،**
**نووسەر نەواف بەشار، شاعیر و نووسەر کۆنی ڕەش**

١٩٧٩ بەنهێنی بە زمانی کوردی لە(جزیرە، عەفرین، کۆبانی، حەلەب و دیمەشق)بڵاودەکرایەوە.

- لە ساڵی ١٩٩٢ بەنیازی یەکگرتنەوەی هەر سێ گۆڤاری (ڕێ، گەلاوێژ، ستێر)کە گۆڤاری پارتە سیاسییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بووە، ئەو یەکێک لەو ئەندامانەی بووەکە گەیشتوونەتە ئەو بڕیارە و کە هەموویان لە یەک گۆڤار بەناوی(پرس- pirs)کە ژمارەی یەکەمی لە ئاداری ساڵی ١٩٩٣ دەرچووە و تا ئێستا(٥٤)ژمارەی لێدەرچووە و خۆشی تا ئیستا ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەوە گۆڤارەیە.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری نەورۆزە کە ژمارەی یەکەمی لە نیسانی ١٩٩٥ دەرچووە کە ڕۆژنامەیەکی حیزبی و سیاسیی کوردییە



لە لای ڕاستەوە: نووسەر نەواف بەشار، نووسەر و ڕۆژنامەنووس دکتۆر ئازاد عەلی



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر نەواف بەشار، هاوسەرەکەی خاتوو(حسناء صالح)**

تـا ئێسـتا(١٥٩)ژمارەی لێدەرچووە.

- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(الحوار)ە، کە لە سووریا دەردەچێت و تـا ئێسـتا(٨٢)ژمارەی لێدەرچووە و ڕۆشنبیری کوردی و عەرەبی بڵاودەکاتەوە.




- (١٦)ژمـارەی لـە ڕۆژنامەی(کوردسـتان)کە میـر جەلادەت بەردخـان و دواتـر میر عەبدولڕەحمان بەدرخـان دەریـان دەکـرد، وەرگێڕاوەتـە سـەر ئەلـف و بێـی لاتینـی کـوردی و تـا ئێسـتاش بەردەوامـە لـە کارەکانی بۆ وەرگێرانی هەمـوو ژمـارەکان.

نووســەر و ڕۆژنامەنــووس نــەواف بەشــار هاوســەرگیری کــردووە و خاوەنــی دوو کــوڕي بەناوەکانــی(دارا و دلێر)خــوا تەمــەن درێژیــان بــکات.

ئــەو ئیســتاش بەردەوامــە لــە نووســینەکانی و چالاکیشــە لــە بــواری ڕۆژنامەگــەری.

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیــەک ژیاننامــەی نووســەر و ڕۆژنامەنــووس نــەواف بەشــار، هاوڕێــم شــاعیر و نووســەر کۆنــی ڕەش لــە قامشــلۆ بــۆی ناردووم، سوپاســی دەکــەم.

٢ - هەندێ زانیاری و وێنە لە نووسەر نەواف بەشار خۆی، وەرگیراوە.

٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# هاشم سەڕاج

شاعیر و نووسەر و پەخشاننووس و لێکۆڵەر هاشم سەڕاج ...

ناوی تەواوی(هاشم ئەحمەد محەمەد)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بەهاشم سەڕاج ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٤ لە گەڕەکی(خانەقا)ی ناو شاری هەولێر لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری هەولێر تەواوکردووە، ساڵی خوێندنی ١٩٧٩ - ١٩٨٠ بەشی ئابووری لە کۆلێژی(الإدارة و الإقتصاد-کارگێڕی و ئابووری)ی زانکۆی بەغدا بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە و بووەتە فەرمانبەر لە دام و دەزگاکانی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ئۆتۆنۆمی کوردستان لە هەولێر و دواتریش لە دام و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان، ساڵی ٢٠١٧ خانەنشیکراوە.

شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر هاشم سەڕاج هەر لە تەمەنی لاوێتیدا حەزی لە خوێندنەوە و نووسین بووە، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی و هاوچەرخ و نوێخوازی عەرەبی و کوردی کردووە، لە سەرەتای هەشتاکانیش گرۆگاڵی شیعر و پەخشان نووسینی کردووە، ئەو لە نووسینی شیعر و پەخشانەکانیدا شێواز و ستایلێکی تایبەت بەخۆی هەیە، شیعر و نووسینەکانی زیاتر



**شاعیر هاشم سەڕاج لەگەڵ شاعیری گەورەی عەرەب ئەدۆنیس**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر سەباح ڕەنجدەر، هونەرمەندی شێوەکار قەرەنی جەمیل، شاعیر جەلال بەرزنجی، شاعیر هاشم سەڕاج، شاعیر کەریم دەشتی، ڕۆماننووس جەمال جەبار غەریب، شاعیر دڵشاد عەبدوڵلا**

ڕەخنەئامێزن و بوون و ژیان و مردن و دنیادیتنیی و ئەزموون شاعیران لە نووسینەکانی بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە و لایەنی فیکری و هونەری و کۆمەڵناسی و فەلسەفەیشی فەرامۆش نەکردووە، لە ساڵی ١٩٨٣ یەکەم کۆمەڵە شیعری خۆی بەناوی(دووکەڵ) بڵاوکردۆتەوە، ئیدی دیارە ماوەیەک هەر سەرقاڵی خوێندنەوە بووە، بۆیە لە ٢٠٠٠ەوە بەتەواوی ڕووی لە نووسینی شیعر و پەخشانە شیعر و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی کۆمەڵناسی و بابەتی هەمەجۆری دیکە کردووە، تا ئێستا کۆمەڵێک بەرهەمی پوخت و ناوازەی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- دوکەڵ بەغدا، ١٩٨٣.
- گۆڕستانی ئەپیکۆرۆس، سلێمانی، ٢٠٠٠.
- لاله بەدەستان هەولێر، ٢٠٠١.
- سروودەکانی عیشق هەولێر، ٢٠٠٢.
- زینانی ڕۆح هەولێر، ٢٠٠٥.
- شالیس سلێمانی، ٢٠٠٧.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر موحسین ئاوارە، شاعیر هاشم سەڕاج، نەناسراوە، نەناسراوە**



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی گۆرانیبێژ نوری گەرمیانی، شاعیر هاشم سەڕاج، نەناسراوە**



شاعیر و نووسەر هاشم سەڕاج



لە لای ڕاستەوە: میدیاکاری ئەمازیغی لمیاء سەرحانی، شاعیر هاشم سەڕاج



شاعیر و نووسەر هاشم سەڕاج

- عەتر و حەشیش و زەهرا، هەولێر، ٢٠٠٨.
- کتێبی زناک، کۆمەڵێک وتاری ئەدەبییە، هەولێر، ٢٠٠٩
- تێکست، کۆمەڵە وتار، ٢٠١٠.
- زمان و زەماوەندی ناوەکان، ٢٠١٢.
- زێدو خەیاڵ ووشە، ٢٠١٢.
- شەبەنگی شینی ژمارەکان، کۆمەڵە شیعر، ٢٠١٢.
- شیعری نانۆ، ٢٠١٢.
- کتێب و ئاسۆکانی خوێندنەوە - خوێندنەوەی کتێب، ٢٠١٣.
- پەخشانی شین، پەخشانە شیعر، ٢٠٢٣.
- دەقی سپی، کۆمەڵە شیعر، ٢٠٢٣.
- شیعر و سوبێکت و شیعری دیزایین، ٢٠٢٤.

- شیعر و لۆگۆس، ٢٠٢٤.
- پەخشانی زەرد، ٢٠١٦.
- شیعر و وشە، ٢٠٢٣.
- تاریکی خۆر، نۆڤلێت، بەهاوبەشی لە گەڵ هونەرمەندی نووسەر حەمەعەلی خان، ساڵی ١٩٨٦.
- کتێبی(اللغة و عرس الاسماء)شیعری شاعیر هاشم سەڕاجە و نووسەر و وەرگێڕ ئەندازیار محەمەد حسێن ڕەسوڵ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و چەندین پارچە هەڵبەستی دیکەشی لە لایەن نووسەر و شاعیران وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی لەوانە نووسەر جەلال ڕەجەب و چەندانی دیکەش.

چەند دیوانە شیعرێکیشی ئامادەیە بۆ چاپ.

چەندین شاعیر و نووسەر و ڕەخنەگر تێشکیان خستۆتە سەر بەرهەمەکانی شاعیر هاشم سەڕاج و لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی باشوور بڵاویان کردۆتەوە.



شاعیر هاشم سەڕاج لەگەڵ ئەنیسە محمدی خێزانی




بەرهەمەکانی شاعیر هاشم سەڕاج

ئەو لە گەڵ شاعیر و نووسەر زانا خەلیل و هونەرمەندی نووسەر حەمەعەلی خان و نووسەر فریاد هیرانی پڕۆژەی کتێبی(زناک)یان لە ڕۆژی ٤ – ١ – ١٩٩٦ لە کۆڕێکدا ڕاگەیاند و بڕگە و بەندەکانیشیان ڕوونکردۆتەوە.

شاعیر و نووسەر هاشم سەڕاج ئێستا لە هەولێر دەژیت و هێشتا لە سەر شنگ و تاقەتی خۆیەتی و چالاکانە لە ماڵپەڕی فەیسبووکی خۆی ناوە بەناوە هەوادارانی بە پارچە هەڵبەستێک یان نووسینێکی پوخت و جوان و سوود بەخش بەسەردەکاتەوە، هەر سەرکەوتوو بەردەوام بێت.

## سەرچاوەکان:


١ – کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر هاشم سەڕاج، هاوڕێم هونەرمەندی دیزاینەر عوسمان پیرداود لە هەولێر بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## هاژە بەرزنجی

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار خاتوو هاژە بەرزنجی ....

ناوی تەواوی(کوێستان کەمال)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕاگەیاندن بە(هاژە بەرزنجی)ناسراوە، لە ساڵی ١٩٧٧ لە شارۆچکەی بەرزنجە لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، لە نیوەی دووەمی نۆهەتەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بەنووسینی شیعر و بابەتی ڕۆژنامەوانی کردووە، بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٩٩ بابەتێکی لە ڕۆژنامەی برایەتی بڵاوکرۆتەوە، دواتریش لە نامیلکەی(دڵی کوردستان)چەندین پارچە شیعری بڵاوکردۆتەوە، ئیدی بەردەوام بووە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامەکانی(باسەڕە، سێبەر).

شاعیر و میدیاکار هاژە بەرزنجی وەکو ژنە ڕۆژنامەنووسێکی ئازا و بوێر و ڕێچکەشکێن گۆشەیەکی تایبەتی بەناوی(ماچ) لە ڕۆژنامەی(باسەڕە) هەبووە و بەبەردەوامی نووسینە پوخت و جوانەکانی تێدا بڵاوکردۆتەوە، بۆیەش هەر خۆی لە شوێنێکدا دەڵێت: بەهرەی شیعریم لەم گۆشەیە سەرچاوەی گرتووە و شیعریش بووە بەشێک لە من).

ئەو بەردەوام بووە لە شیعر نووسین و تا ئێستا دیوانێکی شیعری بەناوی(زیاتر لە هیچ)چاپ و بڵاوکردۆتەوە.



له لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر شوکریە ڕەسووڵ، شاعیر و نووسەر هاژە بەرزنجی



له لای ڕاستەوە: شاعیر و ڕۆژنامەنووس هاژە بەرزنجی، شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس زریان.

شاعیر و ڕۆژنامەنووس هاژە بەرزنجی وەکو ڕۆژنامەنووس و میدیاکارێکی بەتوانا و خاوەن ئەزموون چەندین چالاکیی دیکەشی هەبووە و هەیە لەوانە:

- بەشداری چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینار و فیسیڤاڵی شیعری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە شارەکانی(هەولێر، سلێمانی، کەرکووک، چەمچەماڵ، کۆیە، هەڵەبجە، ڕانیە)کردووە.

- یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان و ماوەی(٨) ساڵیش پەیامنێری ئەم ڕادیۆیە بووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٢ەوە، ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- ئەندامی کۆمەڵەی کەلەپووری کوردییە.
- چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی لە لایەن دەزگا ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنەکان بۆ کراوە.



لە لای ڕاستەوە: مامۆستا ئیسماعیل محەمەد، نووسەر هاژە بەرزنجی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەمە ئەحمەد جاف



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر هاژە بەرزنجی، نووسەر محەمەد باقی سەعید بەرزنجی



لە لای ڕاستەوە: شاعیر هاژە بەرزنجی، هونەرمەند عەبدولی حەمە جوان



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی شێوەکار دڵشاد کوێستانی، شاعیر هاژە بەرزنجی

- لە ماڵپەڕی فەیسبووکی خۆی زۆر چالاکانە پارچە شیعر و بابەتی هەمەڕەنگی دیکە بڵاودەکاتەوە.

ئەو هاوسەرگیری کردووە و خاوەنی کوڕێک و کچێکە بەناوەکانی(مەستی، ئارۆس)خوا تەمەن درێژیان بکات، بۆ خۆشی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و میدیای کوردی.

هەڵبەستێکی شاعیر هاژە بەرزنجی لە دیوانی(زیاتر لە هیچ).

**زیاتر لە هیچ**

هێندە لە پووچیەکان مەدوێ
زیاتر لەهیچ خۆشمدەوێی
هەمووشەوێک
لەژێر تریفەی بێدەنگی مانگە شەودا
دەستێکم لەژێر سەرتدا لێوندەبێ
پەنجەشم  بەسەرسینگتەوە



بێ هۆش دەبێ
هەرکات شووشەی فرمێسکەکانم دەشکێن
سەدان مرواری بەنرخ و
هەزاران دڵۆپی حەسرەت بۆ ڕابرڕدوو
بە باڵای شەودا دەپژێن،
لەو دەمەدا بەخۆم دەڵێم
گەڕان بەدوای وشەی سادە و
نەرم و نیان
لە پیاسەی ئێوارانێکی درەنگ دەچێت
لەگەڵ ئاوابوونی خۆردا بزردەبێت
هەر وشەیەک لە هزردا



لە لای ڕاستەوە: ڕەوانشاد شاعیر خاتوو شەفیقە(لەیلان)، شاعیر هاژە بەرزنجی

دەچێتە سەرنەخشەی بەهای پێناسەیەک
من دەمەوێ سواری پشتی وشەیەکی نەگوتراوی هەڵفڕیو بم
بمگەێنێت بە باڵای ئاسمانی عشقت
بەڵام حەیف هەرچەند دەکەم
دەرگای تەڵبەندی زێڕینی
هەستی خۆمم بۆناشکێت!
هەروەکو تۆ سەردمانێک
نەتئەتوانی لە مەنیفێستی ژیانتدا
دەرگا لە دڵ بکەیتەوە
تا نەکەومە بەر شەپۆلی
تورەی زریان و ڕەشەبا!،
خۆدەکرا وەرزێکی جیاوازت هەبێت
بۆعشقی دانەباریوم
شنەبایەک بیبردبام بەرەو ئەو شوێنە ئارامەی کە تاکو ئێستاش نەیدیوم!
خۆدەبینی دوای ساڵانێک
ئێستاکەش من چەندە تەنیام
وەک شاپەڕی بەجێماوی باڵندەیەکی کۆچەری
جارێکی تر
بەسەرهێلانەی جێماوی دڵی تۆوە منیش جێمام؟!
حیکمەتی ئەم چارەنووسە لە چیدایە
دوای تەمەنێک جارێکی تر
لە ئاوێنەی چاوی پڕ لە ترسی ئەودا بگیرسێمەوە خودایە؟!
ئێستا کە من
وەکو بێچووە کۆترێکی بێ پشتیوان
لەنێو دارستانی چڕی ناخی تۆدا

ڕێم لێ ونە
وەکو ئاسکە کێوییەکی
هەڵاتوو لە ترسی ڕاوچی
هەرهەڵدێم و ئاوڕ لەهیچ نادەمەوە
داستانێکم بەزمانێک نووسراومەوە
جگە لەتۆ کێ دەتوانێ لەمن بگات من خەمێکی هێندە ئاڵۆز و نادیارم
سەدان وشەی نەگوتراوم هەڵگرتووە
ئاگرێکم لەناخی چاوەڕوانیدا
کڵپە دەکەم!
خۆڵەمێشی ئومێدێکم
لەگەڵ گەردەلولی تەمەن
وا لە جەنگدام
لێرە ناڕۆم و دەمێنم
هەردەمێنم هەتاکو دەگەڕێتەوە
زۆر دڵنیام  بەیانییەک
لەگەڵ شەماڵێکی هێور تۆ دێیتەوە،
ئێمە هەروای کە کۆچ دەکەین
ئەگەر تەمەن بوار بدات
هەردێینەوە جارێکی تر
بەنێو کۆڵان و شەقامی یادەکاندا
پیاسەدەکەین،
چاو دەگێڕین لە وشەیەک
سەردەمانێک لە گیرفانی لە تێکماندا بەرلە گوتنی ونمانکرد!،
تەماشای تەمەنم  بکە
چۆن وەکو پەلکە گیای پایز

ڕەنگ دەگۆڕێ و هەڵدەوەرێ
ئەو پیرەژنەش ببینە
چەند بە وردی هەموویان
کۆ دەکاتەوە و
دەیانخاتە تەنورێک و
لەودەمانەی بەستەڵەکی
تەنیایی کەسیرەی دەکات
بەشقارتەی سووتێنەری یادێکەوە
گڕ لە هەموویان بەردەدات!،
هەناسەیەک هەڵدەکێشێ و
بیرلەودەمە دەکاتەوە
کەسێک هەبوو لەهاوینی سووتێنەردا بەبێ دەنگی
خۆی بۆدەکرد بە سێبەر و
وەکو باران بەسەریدا دائەباری
کاتێ کە زستانیش دەهات
ئەو وەکو گڕ دائەگیرسا،
کەچی غرور بۆ جارێکیش
نەیهێشت ئەوعشقە ببینێ و
ڕێی پێنەدا،
ئەو پیاوێک بوو
لەنێو ئاوێنەی شکاوی عشقی مندا
لەت لەت ببوو
کە من شکام ئەو بوو بە دوو
منێک ئەوی لەخۆیدا کۆدەکردەوە
ئەوێکیش لەتی شکاوی منی بۆخۆی دەبردەوە!،

ئەوسیمای قەڵەمێکی باڵابەرزی
چەندساڵە بوو
منیش وەکو دەفتەرێکی نەنووسراوی
چاوەڕوانبووم،
من ئەو ژنەم تەمەنی ئەوم لەخۆمدا تواندەوە
ئەویش هەنسکە شیعرێکی
کردە بە ئەڵقەی پەنجەی یادێکی ڕابردوو،
یادێک هەزاران فرمێسکی
بەسەرتەنافی ژیانەوە جێهێشتبوو!
تائێستاکەش ئەو تەنیاترین پیاوێکە
وەک چەخماخەی هەورە برووسکەی
لەناکاو
بەسەربالای مەعشوقەکەی جارانیدا
تێدەپەڕێ
هەرکاتێ کەو دەبارێت
من بۆی دەبم بەژیلەمۆ و
بۆی دەسووتێم
ئەو فریشتەی نووستووی
بەر بارانی شیعرە
ئەو شیعرێک بوو
لە هیچەوە منی کرد بە زیاتر لە هیچ
ئەو شیعرێکە
کاتێ لەخۆیدا دەسووتێ
لە مندا گەشدەبێتەوە
ئەو پیاوێک نەبوو لە وەهم

کەچی منی کرد بە سەراب
هەرچی دەکەم نابمەوە بەخۆمی جاران
کە ئەو وەکو پەڵەهەورێک دەردەکەوێت
منیش دەبم بە بروسکە و
عشق دەست دەکات بەباران!
هاژە بەرزنجی

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس هاژە بەرزنجی، هاوڕێانم هەر یەک لە شاعیر و نووسەری بواری ئەدەبی منداڵان ئەمین محەمەد لە سلێمانی و هاوڕێم نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەمە ئەحمەد جاف لە هەولێر بۆیان ناردووم، سوپاسیان دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ئامینە سونبولی

مامۆستایەکی زمانی کوردی ئازا و بوێر و دڵسۆز و میهرەبان، شاعیر و نووسەر و شانۆنووس، خاتوو ئامینە سونبولی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوی تەواوی(ئامینە کچی حاجی سمایلی سونبول)ە، لە ساڵی ١٩٦٥ لە شاری(مهاباد)لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، تاقە کچی ماڵەوە بووە و(٥)برای هەیە، لە کاتی تۆمارکردنی ناوی لە دائیرەی(الاحوال الشخصية - باری شارستانی)باوکی سێ ساڵ تەمەنی گەورەتر نووسیوە هەر بۆ ئەوەی زوو بە شووی بدات، چونکە پێی وابووە کچ هەر بۆ ماڵەوە و شووکردنە، بۆیە ڕێگر بووە لەوەی ئامینە خان بچێتە بەر خوێندن، پاش ئەوەی براکانی دەچنە بەر خوێندن و دەخوێنن و دەنووسن، ئامینە دڵی زۆر تەنگ دەبێت، چونکە زۆر حەز و ئارەزووی لە خوێندن و نووسین و زمان و ئەدەبیاتی کوردی بووە، پاش چەند ساڵێک دایکی پشتگیریی کردووە توانیویەتی (قەناعەت)بەباوکی بهێنێت کە ئامینە بچێتە قوتابخانەی(ئێواران – شەوان).



شاعیر خاتوو ئامینە سونبولی بەجاحێڵی

بۆیە کە چۆتە بەر خوێندنی شەوان زۆر



شاعیر خاتوو ئامینە سونبولی و هاوسەرەکەی و منداڵەکانی



شاعیر خاتوو ئامینە سونبولی لەگەڵ پۆلێك قوتابییانی کچ و ژنانی کورد

زیرەک بووە، مامۆستاکان زۆر پێی سەرسام بووینە و زیاتر هانیانداوە، دایکیشی زۆر حەزی لێبووە ئامینە ببێتە(پزیشک یان مامان) بۆ ئەوەی ئێش و ئازاری ژنان کەمتر بکات، بەڵام دیارە ئامینە سونبولی حەزی لە مامۆستایەتی بووە بۆ ئەوەی کچانی کوردی فێری خوێندنەوە و نووسین بکات، بۆیە بووەتە مامۆستا لە گوندەکانی دەوروبەری شاری مهاباد و دواتریش ناو شار.

وەکو ڕوون و ئاشکرایە کە خوێندن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران

بەزمانی فارسییە، بەڵام ئەو هەموو وانەکانی بەزمانی کوردی و بەشێوەی شیعر بە منداڵانی کورد وتووە، بۆ ئەوەی باشتر تێیبگەن و زوو فێری زمانی کوردی ببن.

ئەو وەکو کچە کوردێک و مامۆستایەکی ئازا و بوێر و دڵسۆز و میهرەبان هەر خۆبەخشانە دەستی کردووە بەفێرکردنی ئەو کچ و ژنانەی کە تەمەنیان لە نێوان(١٠ - ٣٥)ساڵ بووە، لە گوندەکانی دەوروبەری شاری مهاباد گەڕاوە بەتایبەتی ئەو گوندانەی کە قوتابخانەیان لێنەبووە یان قوتابخانەیان لێ دوور بووە، ئەو لە ماوەی(٦)مانگ زیاتر لە (٩٠) کچ و ژنی بەتەمەن گەورەی فێری خوێندن و نووسینی کوردی کردووە، هەر خۆی لە شوێنێکدا دەڵێت:(دواتر ئەو کەسانەی کە فێری خوێندن و نووسینم کردن، بەدەستخەتی خۆیان نامەی دەستخۆشییان بۆ دەناردم، منیش دڵم زۆر بەنامەکانیان خۆش دەبوو).

مامۆستا و شاعیر و نووسەر ئامینە سونبولی تا ئێستا(سێ) کتێبی چاپکراوی هەیە کە(دیوانێکی شیعری و دیوانێکی شیعریش بۆ منداڵان بەناوی قدیلە و چەند شانۆنامەیەکی منداڵان)ە.




**شاعیر ئامینە سونبولی لە کاتی دەرس وتنەوەدا**



مامۆستا و شاعیر ئامینە سونبولی لە ناو پۆل لەگەڵ قوتابییەکانی



شاعیر ئامینە سونبولی لەگەڵ پۆلێك قوتابیانیدا

ئەو چەندین چالاکیی دیکەشی هەبووە و هەیە لەوانە:

- ئەندامی گروپی پەرەپێدانی کتێب خوێندنەوە و دامەزراندنی قوتابخانەکانە لە تـاران.

- بەهاوکاریی ئەنجومەنی(حامی)تاران تا ئێستا توانیویەتی(١٤)قوتابخانە لە گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بکات.
- چەند کتێبخانەیەکی بچکۆلانەی لە چەند گوندێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردۆتەوە و، بەبەردەوامی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەیان بۆ دەنێرێت.
- ئێستاش ئەندامی ئەنجومەنی ئەدەبی موکریانە.
- ئەو هەر بەردەوامە لە هەوڵ و کۆششەکانی بۆ ئەوەی کچ و ژنانی کۆمەڵگەی کوردەواری لە گوندە دوورەدەستەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نەخوێندەواری ڕزگار بکات.
- لە ساڵی ٢٠١٩ مەڵبەندی هونەریی ماملێ خەڵاتی(زێڕین) یان بە شاعیر و نووسەری شانۆنامەی منداڵان ئامینە سونبولی بەخشیوە.

مامۆستا و شاعیر و نووسەر خاتوو ئامینە سونبولی لە تەمەنی(٢٨) ساڵی هاوسەرگیری کردووە و خاوەن چەند کوڕ و کچێکە، ئەو هەمیشە








مامۆستا و شاعیر ئامینە سونبولی لە چەند کاتێکی جیاوازدا






**بەرهەمەکانی شاعیر ئامینە سونبولی**

دەڵێت:(کچەکانم هەمیشە پشتگیریان کردووم بۆ ئامادەبوون لە چالاکییە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان).

بۆ مامۆستا و شاعیر خاتوو ئامینە سونبولی، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی و خزمەتی کچ و ژنانی کورد.

سەرچاوەکان:

١ - فلمێکی دوکیومێنتاری کەناڵی تەلەفزیۆنی ڕووداو، بەرنامەی چاوی ڕووداو، لە ٣٠ - ٨ - ٢٠٢٤.

٢ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنییMamle official.

٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.




# ئیبراهیم باجەلان

نووسەر و لێکۆڵەر و ڕۆژنامەنووس ئیبراهیم باجەلان....

ناوی تەواوی(ئیبراهیم محەمەد ئەمین کەریم)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆژنامەوانیی عێراقی و کوردستان بە ئیبراهیم باجەلان ناسراوە، لە ساڵی ١٩٤٤ لە ناوچەی(بنکوڕە)ی سەر بەشاری خانەقین لە دایک بووە، تەمەنی(٣)مانگان بووە باوکی کۆچی دوایی کردووە، دیارە دایکی پوختە و جوان پەروەردە و گۆشی کردووە، ساڵی ١٩٥١لە قوتابخانەی(نعمان) لە گەڕەکی(عەبدوڵڵا بەگ)ی شاری خانەقین دەستی بەخوێندنی سەرەتایی کردووە و، تا پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندووە، لە ساڵی ١٩٦٥ کتێبخانەیەکی بەناوی(الثقافة) لەناو شاری خانەقین کردۆتەوە و کتێبی کوردی و عەرەبی تێدا فرۆشتووە، ساڵی ١٩٦٨ وەکو فەرمانبەر لە دائیرەی کارەبای خانەقین دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٧٥ ماوەیەک دوورخراوەتەوە شاری(کەربەلا) لە خوارووی عێراق و، دواتر گەڕاوەتەوە ناوچەی گەرمیان و بەردەوام بووە لە کاری وەزیفی خۆی، تا ساڵی ٢٠٠٣ خانەنشینکراوە و ئێستا لە شاری خانەقین دەژییێت.



نووسەر
ئیبراهیم باجەلان بە جاحێڵی



له لای ڕاستەوە: نووسەر ئیبراهیم باجەلان، هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی



له لای ڕاستەوە: شاعیر لەتیف هەڵمەت، نووسەر ئیبراهیم باجەلان

نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس ئیبراهیـم باجـەلان هـەر لـە تەمەنـی لاوێتیـدا حـەزی لـە زمـان و ئـەدەب و ڕۆشـنبیری کـوردی و عـەرەبی بـووە لـە نیـوەی یەکەمـی شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو دەسـتی بـە نووسـینی وتـار و بابەتـی ئەدەبی و ڕۆشـنبیری بـە زمانـی کـوردی و عـەرەبی کـردووە و لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـارە کـوردی و عـەرەبییـەکان بڵاوی کردوونەتـەوە لەوانە(التآخي، الفكر

الجدید، طریق الشعب، العراق، الاتحاد، هاوکاری، کوردستانی نوێ، بیری نوێ، بەیان، ڕۆشنبیری نوێ، نووسەری کورد و چەندانی دیکەش)، دواتر دەستی بە وەرگێڕان کردووە و کۆمەڵێک بەرهەمی شاعیر و نووسەرانی کوردی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوی کردۆتەوە، ئەو چەند بەرهەمێکی بەتەنیا و بەهاوبەشی لەگەڵ نووسەرانی دیکە چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- کتێبی خانەقین، میرات و شارستانییەت، بەهاوبەشی لە گەڵ نووسەر عومەر عەلی شەریف، کە لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، ساڵی ٢٠٢١ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

- بەشێک لە دیوانی شێخ بابا عەلی(بێدار)، کۆکردنەوە و لێکدانەوە و فەرهەنگۆکە، کە ئامادە و نووسینەوەی لەلایەن نووسەر هیدایەت ئەحمەد بۆ کراوە و نووسەر ئەحمەد محەمەد قادریش پێداچوونەوەی بۆ کردووە، ساڵی ٢٠٠٣ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.


- کتێبی(خانقین بوابة اللولو شعب زاگروس الاول).



**لەلای ڕاستەوە: مامۆستا عەزیز ڕەشیدی، هونەرمەند سەید فوئاد سەید کەریم، نووسەر محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، نووسەر ئیبراهیم باجەلان، وێنەکە لە تەک ئارامگای شاعیر ئەحمەد موختار جاف ساڵی ٢٠٠٦ گیراوە.**



له لای ڕاستەوه: نووسەر ئیبراهیم باجەلان،
نووسەر دکتۆر ئەحمەد باوەڕ



له لای ڕاستەوه: هونەرمەند ئیسماعیل خەیات،
نووسەر ئیبراهیم باجەلان

-کتێبی بەشێک لە بەرهەمەکانی نووسەری ناسراوی شاری خانەقین(عەبدولمەجید لوتفی).

- کتێبی هەڵبژاردەیەک لە هۆنراوەی ناوچەی گەرمیان، بەهاوبەشی لەگەڵ نووسەر هەردەوێڵ کاکەیی.

- چەندین دەستنووس و کتێبی دیکەشی ئامادەیە بۆ چاپ.




نووسەر ئیبراهیم باجەلان وەکو ڕۆژنامەنووس و کاری ڕێکخراوەیی چەند چالاکییەکی دیکەی هەبووە لەوانە:

- لە ساڵی ١٩٦٤ لەگەڵ چەند نووسەرێکی دیکەی هاوڕێی چەند ژمارەیەکیان لە گۆڤاری(خەباتی قوتابیان - نضال الطلبة)بەزمانی کوردی و عەرەبی دەرکردووە.

- ماوەیەک سەرنووسەری ڕۆژنامەی(خانەقی) بووە، کە کۆمەڵێک نووسەر و ڕۆشنبیری شاری خانەقین دەریان دەکرد.





- پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ماوەیەک لە ڕادیۆی گەرمیان کاری کردووە و بەرپرسی یەکەمی ئەو ڕادیۆیە بووە.
- ماوەیەکیش بەرپرسی نووسینگەی سنووری گەرمیانی هەفتەنامەی(الاتحاد)بووە.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە.
- ئەندامی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیی کەرکووک بووە.
- ئەندامی کۆمەڵەی کەلەپووری کوردی و بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئیبراهیم باجەلان هەر چەندە بەتەمەن کەوتووە، بەڵام هێشتا چالاکە و خەریکی لە چاپدانی چەند بەرهەمێکی دیکەیە بەزمانی کوردی و عەرەبی، هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.

**سەرچاوەکان:**

١ - ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی نووسەر ئیبراهیم باجەلان، هاوڕێم دکتۆر ئەحمەد باوەڕ لە کەلار بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ئەحمەد شاکەلی

قەڵەمێکی داهێنەری(ون)بوو، مامۆستا و نووسەر و چیرۆکنووس ئەحمەد شاکەلی ....

ناوی تەواوی(ئەحمەد محەمەد عەبدولقادر قەڵاتەبزانی)یە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە(ئەحمەد شاکەلی) ناسراوە، لە ٢٣- ١١ - ١٩٤٨ لە گوندی (دەککەی سەرچەم)ی بناری(شاخی مرواری)سەر بە شاری خانەقین لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٥٦ چووەتە بەر خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی(کەلاری سەرەتایی) لە گوندی کەلاری کۆن پۆلی شەشەمی تەواوکردووە، پۆلی یەکەم و دووەمی ناوەندی لە قوتابخانەی(عەلەمدار)ی شاری خانەقین خوێندووە و، بەهۆی بارودۆخی ئەوسای عێراق و کوردستان ساڵی ١٩٦٣ - ١٩٦٤ ماوەیەک وازی لە خوێندن هێناوە، دواتر پۆلی سێیەمی ناوەندی لە شاری کفری تەواوکردووە و، چووەتە خانەی مامۆستایان لە شاری کەرکووک و ساڵی خوێندنی ١٩٦٨- ١٩٦٩ تەواوی کردووە و، ساڵی ١٩٧١ بووەتە مامۆستا لە قوتابخانەکانی گوندو شار و شارۆچکەکانی ناوچەی گەرمیان لەوانە (سەیدە) لە ناحیەی ڕزگاری سەر بە شاری کەلار و چەند قوتابخانەیەکی دیکەش، لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ ماوەیەک بووەتە پێشمەرگەی شۆڕش و لە



**لە لای ڕاستەوە: چیرۆکنووس ئەحمەد شاکەلی، نەناسراوە**



**لە ڕاستەوە : نەناسراوە، نووسەر ئەحمەد شاکەلی،**

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی شۆڕش و ڕادیۆی دەنگی کوردستان وەکو نووسەر و وەرگێڕ کاری کردووە، پاش نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ هاتۆتەوە ناوچەی گەرمیان و، وەکو مامۆستا دەستبەکاربۆتەوە، لە ساڵانی ١٩٧٦- ١٩٧٧- ١٩٧٨ ئەو کاتەی خوێندنی زمانی کوردی لە ناوچەکانی کفری و دەوروبەری قەدەغەکراوە، گواستراوەتەوە قوتابخانەی گوندێکی عەرەبنشین بەناوی(ئەبولغەنام)و ماوەیەک لە غوربەت ماوەتەوە، دواتر گەڕاوەتەوە

ناوچەی گەرمیان، ئەو(٤١)ساڵ بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە و فێرکردن تا ساڵی ٢٠١١ خانەنشینکراوە.

نووسەر و چیرۆکنووس ئەحمەد شاکەلی لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بەنووسینی بابەتی ڕۆژنامەوانی کردووە سەرەتا لە گوندی شاکەل بڵاوکراوەیەکی دەستنووسی هەفتانەی بەناوی(هەللولیا) بڵاوکردۆتەوە، کە بەشی زۆری نووسەرە شاکەلییەکان بەرهەمی خۆیان تێدا بڵاوکردۆتەوە و(٦)ژمارەی لەم بڵاوکراوەیە دەرچوواندووە.

لە ساڵی ١٩٦٩ کە خانەی مامۆستایانی تەواوکردووە ماوەیەک چووەتە شاری بەغدا و دەستی کردووە بەبڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی بەزمانی کوردی و عەرەبی و لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و عەرەبییەکان لەوانە(بەیان، ڕۆشنبیری کوردی، هاوکاری، کوردستانی نوێ، التآخي، النور، الإتحاد و چەندانی دیکەش).

ئەو نووسەر و چیرۆکنووسێکی نوێخواز و داهێنەر بووە، ستایل و شێوازێکی تایبەتی بەخۆی هەبووە، هەر بەخۆی لە شوێنێکدا دەڵێت:(ڕۆژانێ ویستوومە کاری ئەدەبی پەراوێزی نەبێ، بەلای کەمەوە بۆ خاوەنەکەی



لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، نووسەر ئەحمەد شاکەلی

ببێتـە مایـەی بـاوەڕ بەخۆبـوون، تـا ئێسـتا ئـەو نووسـینانەی کـە دەتوانـن لـە پێوانـە بـاوەکان خۆیـان بپارێـزن، بایەخێکـی شـیاویان بەلامـەوە هەیـە).

ئـەو بـۆ یەکەمیـن جـار سـاڵی ١٩٦٩ چیرۆکێکـی خـۆی بەزمانـی عەرەبـی بەناوی(في الطريق...إلى اين؟) بڵاوکردۆتـەوە، سـاڵی ١٩٧٠ یەکـەم بەرهەمـی بـە زمانـی کـوردی کـە چیرۆکێـک بـووە بەناوی(زنجەکانـی ژووروو)لـە ڕۆژنامەی(هاوکاری)بڵاوکردۆتـەوە، ئیدی بـەردەوام بـووە لـە بڵاوکردنـەوەی چیرۆکەکانـی لـە ڕۆژنامـەی هـاوکاری لەوانە(ئـەدی بـۆ مـن ئەوەنـدە نـاوت ئەهێنم، ئەوەتا ئێوەی ئەیلێنەوە، شانۆکەیان سـووتا بوو، گەشت... دووکەڵێ... شـتی تریـش، لـەوێ لـە سـەرتای ئـاژاوەدا، ژووره یـەک لـە نـاو یەکـەکان و چەندانـی دیکـەش).

لـە سـاڵی ١٩٧١ لـە ژمـارە (١)ی(گۆڤـار - بڵاوکراوەی)ڕوانگـە چیرۆکێکـی بەنـاوی (ئاژاوەیـە و دڵـداری) بڵاوکردۆتـەوە، ئـەو نووسـین و بەرهەمەکانـی بەچەند ناسناوێکی وەکو(داراشین، أ.شێخ، ئەحمەد قەڵاتەبزانی) بڵاوکردۆتەوە.

چەندین نووسەر و لێکۆڵەری کوردی وتار و بابەتیان لەسەر بەرهەمەکانی




نووسەرو چیرۆکنووس ئەحمەد شاکەلی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر ئەحمەد شاکەلی، نووسەر فایەق شێخ لەنگەری



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر ئەحمەد باوەڕ، نووسەر و چیرۆکنووس ئەحمەد شاکەلی

نووسەر و چیرۆکنووس ئەحمەد شاکەلی نووسیوە، لەوانە(دکتۆر ئیبراهیم قادر محەمەد جاف لە نامەی دکتۆراکەی باسی ئەم چیرۆکنووسە داهێنەرە دەکات).

چەند ساڵێک لەمەوبەر نووسەر و لێکۆڵەر مامۆستا سابیر ڕەشید لە هەوڵێکیدا بۆ کۆکردنەوە و ئامادەکردنی هەموو نووسین و جیرۆکەکانی نووسەر ئەحمەد شاکەلی و داوای سەردان و چاوپێکەوتنی لێکردووە، بەڵام دیارە لە بەر هۆیەک بێت ئەو هاوکاری نەکردووە و پرۆژەکەی نووسەر سابیر ڕەشید بەئەنجام نەگەیشتووە.

ئەو دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ماوەیەک بەرپرسیاری(کۆڕی ڕۆشنبیریی کورد) لقی گەرمیان و(بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ)و (کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیی کەرکووک)بووە.

نووسەر و چیرۆکنووس ئەحمەد شاکەلی لە ساڵی ١٩٧٠ هەر لەگەڵ

دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورد بووەتە ئەندامی ئەم یەکێتییە.

هەرچەندە ئەو تۆزێ بەساڵادا چووە، بەڵام هێشتا بەردوامە لە نووسینەکانی و خەریکی نووسینەوەی سەرجەم بەرهەمەکانییەتی لە کتێبێکدا کە زیاتر لە(٧٥٠)لاپەڕەیە، خوا یاری بێت لە ئایندەیەکی نزیکدا دەکەوێت ژێر چاپ.

بۆ نووسەر و چیرۆکنووس ئەحمەد شاکەلی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

**سەرچاوەکان:**


١ – کورتەیەک ژیاننامە و بەرهەم و چالاکییەکانی نووسەر و چیرۆکنووس ئەحمەد شاکەلی، لەسەر داخوازیی من دکتۆر ئەحمەد باوەڕ لە کەلار، سەردانێکی نووسەری کردووە و ژیاننامەکەی نووسیوەتەوە و بۆی ناردووم، زۆر سوپاسی دەکەم.

٢ – چەند زانیارییەک لە نووسەر و لێکۆڵەر سابیر ڕەشید وەرگیراوە و سوپاسی ئەویش دەکەم.

٣ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ئەڤین شکاکی

شـاعیر و نووسـەر و وەرگێـر و میدیـاکار خاتـوو ئەڤیـن شـکاکی لـە ڕۆژئاڤـای کوردسـتان ....

شـاعیر و نووسـەر خاتـوو ئەڤیـن شـکاکی لـە شـاری(دێرک)ی ڕۆژئاڤـای کوردسـتان لـە خێزانێکی کوردپەروەر لـە دایک بـووە، خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامادەیـی هـەر لـە شـاری دێـرک تەواوکـردووە، دواتـر پەیمانگای ئامادەکردنـی مامۆسـتایانی تەواوکـردووە و بووەتـە مامۆسـتا لـە شـاری دیرک و دەوروبـەری، بەردەوام بـووە لـە خزمەتکردن لـە بـواری پـەروەردە و فێرکـردن، لـە سـاڵی ٢٠١٢ لەگـەڵ دەسـتپێکردنی شـۆڕشـی گەلانـی سـووریا و تێکچوونی باری سیاسـی و ئابووری و ئەمنی ڕووی لە باشـووری کوردسـتان کـردووە و لـە شـاری هەولێـر نیشـتەجێبووە، وەکـو موحەریری(اخبـار - دەنگوبـاس)و پێشکەشـکردنی بەرنامـەی ڕادیۆیـی و تەلەفزیۆنـی لـە دام و دەزگا ڕاگەیاندنەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوانە(کەناڵی ئاسمانی کوردسـتان ٢٤، ڕادیـۆی زاگـرۆس، ئاژانسـی بـاس نیـوز)کاری کـردووە، لـە ساڵی ٢٠١٧ ڕووی لـە ئەوروپـا کـردووە و لـە وڵاتـی بەلجیـکا گیرسـاوەتەوە و تـا ئێسـتا لـەوێ دەژیت.

شـاعیر و نووسـەر ئەڤیـن شـکاکی هـەر لـە تەمەنـی لاوێتیـدا شـیعر و



لە لای ڕاستەوە: میدیاکاری ئەمازیغی خاتوو( لمیاء سرحاني)، شاعیر و نووسەر ئەڤین شکاکی

ئەدەبیاتی کوردی و عەرەبی خۆشویستووە لە شوێنێکدا دەڵێت:(من شیعرم زۆر خۆشدەوێت، کە گوێم لە پارچە هەڵبەستێک دەبێت، وەکو پارچە شەکرێک لە ناو ئاودا دەتوێمەوە)، لە سەرەتای ساڵی دوو هەزارەکانەوە دەستی بەنووسین شیعر و وتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و فیکری بە زمانی کوردی و عەرەبی کردووە، ئەو لە نووسینی شیعرەکانی شێواز و ستایلێکی تایبەت بەخۆی هەیە، شیعرەکانی بەزمانێکی سادە و ساکار و ڕوون و ڕاستەوخۆ دەنووسێت، هەموو ڕاز و نیازی ناوی دڵی خۆی و خۆشی و ناخۆشی ژیانی خۆی و میللەتەکەی لە زوڵم و زۆردار و نەهامەتی و دەردەسەری و ئاوارەیی و غوربەت لە شیعرەکانی ڕەنگی داوەتەوە، لەبەرهەمەکانیدا ژن و سروشتی جوانی کوردستان و ئەڤینیی فەرامۆش نەکردووە، هەمووشی بە ڕیتم و ئاواز و خەیاڵە قووڵەکەی خۆی بەشێوەی تابلۆی جوان جوان خستۆتەڕوو، خاوەنی(انطولوجیا)ی شاعیرانی ژنی هەموو کوردستانە کە باس لە ژیان و بەرهەم و چالاکییەکانی دەکات، ئەو

تا ئێستا ئەو بەرهەمانەی بەزمانی کوردی و عەرەبی چاپ و بڵاوکردۆتەوە:

- دیوانی شیعری(قوافل المطر)بەزمانی عەرەبی، بەرگی یەکەم لە چاپخانەی(دار الزمان)لە دیمەشق ساڵی ٢٠٠٥ چاپکراوە و بەرگی دووەمیشی ساڵی ٢٠٠٦ لە لایەن دەزگای(سما)ی ڕۆشنبیری و هونەری لە دوبەی-ئیماراتی عەرەبی چاپ و بڵاوکراوەتەوە، ئەم دیوانەشی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی(کوردی، تورکی و ئینگلیزی).

-کتێبی(انطلوجيا الشعر الكوردي الحديث)یان( انشودة الاقلام الناعمة) بەکوردی(fîxana pênûsên nazik)، ئەم کتێبە ژیاننامە و بەرهەم و چالاکیی(٧٠) شاعیری ژن لە هەر چوار پارچەی کوردستان لەخۆدەگرێت کە(٥٢٥)لاپەڕەیە لە چاپخانەی ڕۆناهی لە دیاربەکر لە باشووری کوردستان چاپکراوە.



- دیوانی شیعری(عيناك تثير شهية الجداول)بەزمانی کوردی، شاعیر و




شاعیر و نووسەر ئەڤین شکاکی لە چەند کاتێکی جیاوازدا

نووسـەر و وەرگێـڕ دکتـۆر عـارف حیتـۆ وەریگێڕاوەتـە سـەر زمانـی عەرەبـی.

- کۆمەڵـە شـیعری(أمنيات شـجرة الرمـان- Heviyen dara Hinare)کـە(٨٠) لاپەڕەیـە و(٢٥)هەڵبەسـت و(١٥)پەخشـانی ناسـک و جـوان لەخۆدەگرێت،، لـە ئەسـتەنبوڵ چاپکـراوە.
- دیوانـی شـیعری(إبنة قلـب- کچـکا دڵ)لـە چاپخانـەی(دار نوبهار)لـە تورکیـا چاپکـراوە.
- کۆمەمەڵە شیعری(lehiya sozên ji mijê).
- کتێبی(حيـن قتـل الزعيم)رۆمانێکـی نووسـەری میسـری(نجيب محفـوظ)ە، وەریگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی شـێوەزاری کرمانجـی لـە دەزگای بڵاوکردنەوەی(نجيب محفوظ)لـە قاهیـرە سـاڵی ٢٠١٧ چاپکـراوە.
- دیوانی شیعری(قاب صوت او اكثر) لە ژێر چاپە.
- چەندین پارچـە شـیعرە کوردییەکانی وەرگێردراوەتـە سـەر زمانـی عەرەبی لـە لایـەن شـاعیرانی کـورد لەوانە(شـاعیر و وەرگێـر حەسـەن سـلێڤانی، شـاعیر و نووسـەر دکتـۆر عـارف حیتـۆ و چەندانـی دیکـەش).





بەرهەمەکانی شاعیر ئەڤین شکاکی

شاعیر و وەرگێر ئەڤین شکاکی چەندین چالاکیی دیکەی نواندوە لەوانە:

-ئەو کاتەی ئامادەی میهرەجانی شیعری نەتەوەیی بووە لە شاری هەولێر، دواتر لە هۆڵی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆک موحازەرەیەکی بەناونیشانی(ژن و شیعر- المرأه و الشعر) وتووەتەوە کە تێیدا باسی شاعیرە ژنەکانی کوردستانی کردووە.

- بەشداریی چەندین فیستیڤاڵ و میهرەجانی شیعری و ئەدەبی و لە عێراق و تورکیا و سووریا و ئەوروپا و هەرێمی کوردستان کردووە.

- بەشداریی لە چالاکییەکانی یانەیPen- (پێنووسی بەلجیکا)کردووە.

- وەکو میدیاکارێکیش بەشداری لە چەند بەرنامەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە ڕادیۆی(Arb Bel)لە بەلجیکا کردووە.

- چەندین دیدار و چاوپێکەوتنی ڕادیۆیی و تەلەفزنی و ڕۆژنامەگەری لەگەڵدا کراوە.

بۆ شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ و میدیاکار خاتوو ئەڤین شکاکی هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت لە نووسینی شیعرە ناسک و جوانەکانت.

نموونەی شیعری شاعیر ئەڤین شکاکی:

(1)

Li van welatên razayî her tişt sekiniye

Rê birînên xwe dilorîne

Dem wek cihan di destê min de hûrhûr dibe

Ne sibeh çavê xwe vedike ne şev têr xew dibin

Li van welatên razayî, mirov dihelin, rê dihelin

Girî nimeteke dema bîrîkirinan şiyar dike

Li van welatên razayî û bê deng

Her tişt di çavê min de nivîsiye

(2)

صباح الخير
لتلك المدن البعيدة التي تسكن روحي
للمدن التي نامت هانئة حتى الصباح
للمدن التي لا تعرف طعم النوم
للمدن التي تحلم
للمدن التي تصرخ
للمدن التي تكتب القصائد
ولقلبي الذي أشتاق لكل تلك المدن حتى الثمالة

(3)

Dema firşteyên me bên kuştin

Dema Hêviyên devliken bên kuştin

Dema jiyan bi destê miriyan bê kuştin

Helbet wê kelehên êşê di dilê me de bên lêkirin

Rihê te şad be Meleka dilê min.

**سەرچاوەکان:**

١ - کوردیپیدیا، دیداری ڕۆژنامەگەریی ڕۆژنامەنووس هۆزان ئەمین لەگەڵ شاعیر ئەڤین شکاکی کە لە ڕۆژنامەی(التآخي)ژمارە(٦٣٤٩)لە ٢٤ - ٦ - ٢٠١٢بڵاوکراوەتەوە.

٢ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی(Sema Kurd.net، نووسینێکی نووسەر لورین چەتۆ لە ١٠ - ١٠ - ٢٠١٢.

٣ - ماڵپەڕی سیما کورد، نووسینێک لە ١٢ - ٤ - ٢٠١٢.

٤ - ماڵپەڕی فەیسبووکی Altaan Kultur verein koln، نووسینێک لە ٧ - ١١ - ٢٠٢٣.

٥ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر ئەمجەد عوبێد

شـاعیر ونووسـەر و چیرۆکنـووس و وەرگێـڕ و میدیـاکار و پسـپۆری بـواری چانـدن، دکتـۆر ئەمجـەد عوبێـد..

نـاوی تەواوی(ئەمجـەد عوبێد محەمـەد)ە، لـە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشـنبیری بە دکتۆر ئەمجەد ناسـراوە، لـە سـاڵی ١٩٧٢ لـە گوندی(گەڤەرکێ - بـەرواری سـەروو)ی ناحیەی(چەمانکێ)ی قـەزای ئامێدی سـەر بـە پارێـزگای دهـۆک لـە دایک بـووە، خوێندنی سـەرەتایی تـا پۆلـی چوارەم لـە گوندەکـەی خۆیـان و پۆلـی پێنجـەم و شەشـەم و ناوەنـدی لـە موسـڵ و ئامادەیشـی لـە دهـۆک تەواوکردووە، دواتر بڕوانامـەی بەکالۆریۆسـی لە بەشی(بسـتنة- ڕەزگـەری) ی کۆلێـژی کشـتوکاڵی زانکـۆی مووسـڵ وەرگرتـووە و سـاڵی ١٩٩٩ وەکـو فەرمانبـەر لـە بەڕێوەبەرایەتیـی گشـتیی چاندنـی دهـۆک دامـەزراوە، دواتـر بووەتە بەرپرسـی خزمەتکردن و چاندن لە ماڵتایی و لە سـاڵی ٢٠٠١ بووەتە بەڕێوەبەری چاندن لە زاویتە، لە سـاڵی ٢٠٠٥ تـا ٢٠١٠ بەڕێوەبەری باخچە و دارسـتان بـووە لـە قەزای نـاو شـاری دهـۆک، سـاڵی ٢٠١٣ ماسـتەری لـە سـەر(میوە) وەرگرتـووە و سـاڵی ٢٠١٧ش دکتـۆرای لـە بەشـی(جوانکاریی



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و چیرۆکنووس دکتۆر ئەمجەد عوبێد، خاتوو هاوسەری شاعیر قوبادی جەلیزادە، شاعیر قوبادی جەلیزادە**

ڕووەک) لە هەمان کۆلێژ و زانکۆ بەدەستهێناوە، ئێستا بەڕێوەبەری(غابات - دارستان)ی پارێزگای دهۆکە.

نووسەر و چیرۆکنووس دکتۆر ئەمجەد عوبێد لە ساڵی ٢٠٠٥ یەکەمین بەرهەمی خۆی لە ڕۆژنامەی ئەمرۆ بڵاوکردۆتەوە و، بەردەوام بووە لە بڵاوکردنەوەی هەڵبەست و چیرۆک و پەخشان و پەخشانە شیعر و وتار و ئەدەبیاتی زارۆکان و لێکۆڵینەوەی زانستی بەزمانی کوردی و عەرەبی و، لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و عەرەبییەکان بڵاوی کردوونەتەوە، تا ئێستا چەند بەرهەمێکی چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- کتێبی(دینیێ ژ هەمییان ب عاقلتر)کورتە چیرۆک، ٢٠١١.
- کتێبی(خەونێت بەرهاڤێتی)کورتە جیرۆک، ٢٠١٩.
- کتێبی(زێمارا دلی)کورتە چیرۆک، ٢٠٢٢.

- کتێبی(ڕەڤین)ڕۆمان، ٢٠٢٢.
- کتێبی(ئەو دلێ ب نازکی سەمایێ دکەت) هەڵەبست، ٢٠٢٣.
- کتێبی(دەربارەی ئوجەلانیزمی - هەڤنەگرتن و پاشڤەزڤرین)ورگێڕان، لە زمانی عەرەبی بۆ سەر زمانی کوردی، ٢٠٢٣.
- کتێبی(من بعثرات قلمي)، شیعر بە زمانی عەرەبی، ٢٠٢٤.
- چەندین هەڵبەستی کراوەتە سروود و گۆرانی بۆ مندالآنی کوردستان و هەر خۆیشی(٦)ئاوازی لە هەڵبەست و ئاوازی خۆی بۆ زارۆکان داناوە.

ئەو وەکو ڕۆژنامەنووس و میدیاکار و کاری ڕێکخراوەیی چەندین چالاکی دیکەی هەبووە لەوانە:

- بەشداری لە چەندین کۆنگرەی زانستی لە بواری(چاندن)لە ناوەوەی کوردستان و دەرەوە لەوانە وڵاتانی(تورکیا، سووریا، ئوردن و لوبنان) کردووە.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆماننووس جان دۆست، شاعیر و نووسەر دکتۆر ئەمجەد عوبێد**



لە لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر ئەمجەد عوبێد، نووسەر دکتۆر کەژاڵ محەممەد شاعیرێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان- سنە، شاعیر و نووسەر خاتوو تیرۆژ ئامێدی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر محەممەد عەلی سوەیرەکی نووسەرێکی کوردی ئوردنییە



لە لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر ئەمجەد عوبێد، خاتوو خەیلازا شاعیرێکی کوردی گورجستانە



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و چیرۆکنووس ئەمجەد عوبێد، نووسەر خاتوو مریم ئەلساعیدی شاعیرێکی ئیماراتی عەرەبییە




بەرهەمەكانى شاعير و نووسەر دكتۆر ئەمجەد عويێد

- یەکێک بووە لەو هەشت ئەندامەی بۆردی پسپۆڕی(ناوخۆیی کوردی) کە لەگەڵ بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتوەکان UNITED NATION DEVELOMENT PROGRAMME(UNDP) Wکە پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خۆ گونجاندن لە بواری کەش هەواADAPTATION)PLAN- LAP).
- لە ساڵانی ٢٠١٥ تا ٢٠١٩ بەڕێوەبەری کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی(هەلهەلۆک)ی زارۆکان بووە.
- لە ساڵی ٢٠١٠ ماوەیەک سکرتێری نووسینی ڕۆژنامەی دهۆک بووە کە سەرۆکایەتیی شارەوانی دهۆک دەریدەکرد.
- لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە ئەندامی دەستەی کارگێڕی سەندیکای ئەندازیارانی چاندنی لقی دهۆکە.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- لە چالاکیی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەکو(FAO, ILO)زۆر چالاکانە بەشدار بووە و دەبێت.

- لە فیستیڤاڵی گەلاوێژی نێودەوڵەتی ساڵی ٢٠٢٤ - ٢٠٢٥ ئەندامی لێژنەی دادوەری هەڵسەنگاندنی کورتە چیرۆکی دەقەری بەهدینان بووە.

بۆ شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ دکتۆر ئەمجەد عوبێد هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە نووسینە سوود بەخشەکانت.

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیەک ژیاننامەی نووسەر و شاعیر و لێکۆڵەر دکتۆر ئەمجەد عوبێد، هاوڕێم نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر ئیسماعیل بادی لە دهۆک بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ڕەشاد شێخ حسێن

شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر ڕەشاد شێخ حسێن

ناوی تەواوی(ڕەشاد شێخ حسێن کوڕی شێخ حەسەن)ە، لە بنەچەدا دەگەڕێنەوە سەر سەیدەکانی(بەرزنجە) لە ساڵی ١٩٠٠ بەدواوە باوک و باپیرانی هاتوونەتە شاری سلێمانی، ئەوان پێنج براو هەشت خوشک بووینە.

شاعیر و نووسەر ڕەشاد شێخ حسێن لە ساڵی ١٩٥٧ لە گەڕەکی(کانێسکان) ی شاری سلێمانی لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، ساڵی ١٩٦٤ خراوەتە بەر خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی(ئەمین زەکی بەگ)لە گەڕەکی مەجید بەگ، بۆ پۆلی دووەم گواستراوەتەوە قوتابخانەی(شێخ مەحموود) لە گەڕەکی(مەڵکەندی) و خوێندنی سەرەتایی تەواوکردووە، دواتر لە پۆلی سێیەمی ناوەندی بەهۆی چالاکییە سیاسییەکانی، نەیتوانیوە تاقیکردنەوەی پۆلی سێیەم بکات، دیارە دواتر خوێندنی ناوەندی تەواوکردووە و پاشانیش ئامادەیی پیشەسازی هەر لە سلێمانی بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ تێکەڵ بەکاری سیاسی بووە و بووەتە ئەندام لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٢ بووەتە



له لای ڕاستەوە: شاعیر محەمەد کەساس، هونەرمەند حەمەڕەئووف کەرکووکی، شاعیر ڕەشاد شێخ حسێن، نووسەر شێخ کەریم شێخ حەسەن



له لای ڕاستەوە:شاعیر و نووسەر ڕەشاد شێخ حسێن، دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ

پێشمەرگەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، ساڵی ١٩٨٧ ماوەیەک ئاوارەی ئێران و دواتر هاتۆتەوە و زیاتر کار و چالاکییە سیاسییەکانی ئەو، بۆ پسپۆرانی بواری سیاسی لێدەگەڕێین.

لە تەمەنی(١٢ - ١٣) ساڵیدا ئاشنای شیعر و ئەدەبیاتی کوردی بووە، لە ساڵی ١٩٧٧ گرۆگاڵی شیعر نووسینی کردووە و، دواتریش دەستی بە نووسینی کورتە چیرۆک و پەخشانە شیعر و شانۆنامە و ئۆپەڕێتیشی بۆ

منداڵـە چاوگەشـەکانی کوردسـتان نووسـیوە، ئـەو کاتـەی کـە لـە شـاخ بـووە و ئـاوارەی ئێـران بـووە، بەرهـەمێکـی زۆری وەکـو دەسـتنووس هەبـوو، بـەڵام هەندێکی لێفەوتـاوە و هەندێکیشـی لای برادەرێکی بەناوی(سـالار نەجمەدین) ماوەتـەوە و بـۆی پاراسـتووە و دواتریـش داویەتییـەوە.

شـاعیر و نووسـەر و لێکۆڵـەر ڕەشـاد شـێخ حسـێن لـە ١٩٩١ تاوەکـو ئێسـتاش بەردەوامـە لـە بڵاوکردنـەوەی بەرهەمەکانـی لـە شـیعر و چیـرۆک و شـانۆنامە و ڕەخنـەی و لێکۆڵینـەوەی ئەدەبـی و ڕۆشـنبیری و فیکـری



لە لای ڕاستەوە: شاعیر ڕەشاد شێخ حسێن، چیرۆکنووس بەکر حەسەن،
شاعیر و نووسەر عەباس ساڵح



لە لای ڕاستەوە: شاعیر ڕەشاد شێخ حسێن، ڕۆماننووس حەمەڕەشید فەتاح



**له لای ڕاستەوە: شاعیر ڕەشاد شێخ حسێن، شاعیر محەممەد عومەر(جەنەڕاڵی پایز)**

لەوانە شانۆگەرییەکانی(کاتێک شەهیدەکان زیندوو ئەبنەوە، سەرهەڵدانەوە، کیمیابارانی سوێسەنان)و ئۆپەرێتی منداڵان(ئاهەنگی گورگ و سەگ)و، چەندین پارچە هەڵبەست و کورتە چیرۆکی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان لەوانە(پاشکۆی عیراق، کوردستانی نوێ، سەرچاوە، ڕێبازی نوێ، ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، کۆڕ، ڕۆشنگەری، ڕۆشنایی و چەندانی دیکەش)بڵاوکردۆتەوە.




**شاعیر ڕەشاد شێخ حسێن**

شاعیر و چیرۆکنووس و لێکۆڵەر ڕەشاد شێخ حسێن چەندین چالاکیی دیکەی لە بواری ئەدەبی و ڕۆژنامەگەری و کار و چالاکیی ڕێکخراوەیی هەبوو لەوانە:

- وەکو ئەکتەر بەشداری لە چەندین شانۆگەری کردووە لە گەڵ تیپی شانۆی نوێی کرێکاران.
- ماوەیەک ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (ڕۆشنگەری) بووە.
- لە ساڵی ١٩٩٥ یش ماوەیەک











**بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر ڕەشاد شێخ حسێن**

ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(ڕێنوێن)بووە.

- ماوەی ساڵ و نیوێک ڕادیۆیەکی سلێمانی هەموو بەیانییەک ڕادیۆکەیان بەپارچە پەخشانێکی ئەو کردۆتەوە.
- چەندین کۆڕی شیعر و چیرۆک و هەڤپەیڤین ئەنجامداوە.
- چەندین پارچە شیعری منداڵانی کراونەتە سروود و گۆرانی لەوانە(زستان و بەفر، وەرزی بەهار).

ئەو بەردەوامە لە نووسینەکانی و هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ دەخوازین.

## سەرچاوەکان:

١ - ژیاننامە و چالاکی و بەرهەمەکانی شاعیر و چیرۆکنووس ڕەشاد شێخ حسێن، لە ڕێگای هاوڕێی دێرینم نووسەر و ڕۆژنامەنووس هیوا سەرهەنگ لە هۆڵەندا بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سەڵاح داودە

هونەرمەندی گۆرانی و بەستە و مەقامی ڕەسەنی کوردی، ڕەوانشاد سەڵاح داودە....

ناوی تەواوی(سەڵاح محەمەد خدر بارام چاوەش)ە، لە هەموو کوردستان بە سەڵاح داودە ناسراوە، لە ساڵی ١٩٤١ لە گوندی(ئەلبۆسەباح)ی نزیک خورماتووی پارێزگای کەرکووک لە دایک بووە، خێزانەکەیان هەموویان مەقامبێژ و مۆسیقاژەن بووینە، محەمەدی باوکی و خدر بارامی باپیری هەردووکیان مەقامبێژ بوونە.

ئەو هەر لەتەمەنی(١٠)ساڵیدا لە گەڵ باوک و باپیری ئامادەی ئاهەنگەکان بووە و ئاشنای گۆرانی و مەقامی ڕەسەنی کوردی بووە، لە ساڵی ١٩٥٧ لە ماڵی(کەریم حاجی سابیر)ێک کە دۆستی باوکی بووە بۆ یەکەمین جار دەنگی خۆی لە سەر شریت تۆمارکردووە، لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لەگەڵ ئەحمەد داودە چووەتە بەغدا و خۆی بە پاشای مەقامی کوردی ڕەوانشاد(عەلی مەردان)ناساندووە و، چەند گۆرانییەکی لە ڕادیۆی




**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند سەلاح داودە، نەناسراوە، بەڕێز هونەرمەند لالۆ ڕەنجدەر**

کوردیی بەغدا تۆمار کردووە، لەوانە گۆرانییەکانی(زاڵم، نایلۆنە و ناوێرم) لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ناوبانگی دەرکردووە.

هونەرمەند سەلاح داودە شارەزاییەکی تەواوی لە مەقامە ڕەسەنە کوردییەکانی ناوچەی گەرمیان وەکو(قەتار، خاوکەر، ئەڵڵاوەیسی، ئای ئای و خورشیدی)هەبووە، مەقامە ڕۆژهەڵاتییەکانیشی زۆر باش چڕیوە لەوانە(بەیات، حیجاز، سەبا، سێگا، چوارگا، ڕاست، نەهاوەند، ئورفە).

ئەو لە ساڵی هەشتاکان چووەتە شاری کەرکووک و لەوێ نیشتەجێ بووە، لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لەگەڵ هەر یەک لە ئەحمەد داودە و نەوزادی کوڕی تیپێکی هونەری میلیی کوردیان پێکهێناوە و یەکەمین تیپی میللی بووە کە لە تەلەفزیۆنی کەرکووک گۆرانیی کوردی تۆمارکردووە.

هونەرمەند سەلاح داودە جگە لە گۆرانی و مەقامی کوردی شارەزاییەکی باشیشی لە ئاواز و مۆسیقا و قۆریاتی تورکمانی هەبووە و چەندین ئاهەنگی لە گەڵ هونەرمەندانی ناسراوی کەرکوک وەکو(هابە)سازکردووە و بەیەکەوە قۆریات و بەستەی تورکمانیان ووتوە، ئەو ژەنیاری ئامێرەکانی(باڵەبان و زوڕنا و شمشاڵیش بووە.



ئـەو نزیکەی(١٠٠)گۆرانـی و مەقامـی تۆمارکـراوی هەیە کە ئەمانە هەندێکیانن(هاتـەوە خانزادە خـان، ئامۆزا گیـان، ڕێزە بەڕێزە، یـار وەرەوە، هـەی وەی زارا، ئـەی خـودا لـەم ئاگر بارانـە، هـەی شـەمێ، هـەی وەگر ئامـۆزا وەگـر، لەمـلان و ئەولانـت کـەم، یـار زەینـەب، بەسـتەی باوانـم، ڕاسـتەی خیابـان، نایلۆنـە، جەمیلـە، شـەدە لار، خرینگە خرینگە، کوێستانان خاڵ خاڵ، ڕێبوار و ڕێبوار، هـەوارە، شـیرنێ و شـەمامە، حەبـە خـان، ڕێحانـم، دینـێ مـەڕۆ دینـێ و چەندانـی دیکـەش).

ئەلبۆمێکیشـی هەیـە بەناوی(سـۆزی گەرمیـان یـان چریکـەی گەرمیـان) سـاڵی ٢٠٠٥ تۆمـار و بڵاوکراوەتـەوە کـە کۆمەڵێـک گۆرانـی لەخۆدەگرێـت.

نووسـەر هەردەوێڵ کاکەیی کتێبێکی بەناوی(مەقام و موزیکی فۆلکلۆری کوردی، سـەڵاح داودە وەک نموونەیـەک) ئامادەکردووە و نووسـیوە و چاپ و بڵاویشـی کردۆتـەوە.

هونەرمەندی مەقام و گۆرانیی ڕەسـەنی کوردی سـەڵاح داودە مرۆڤێکی کوردپەروەر بووە هەمـوو ژیانی خۆی بەهـەژاری و دەسـتکورتی بردەسـەر،





نووسەر عەباس مەجید داودی، لەگەڵ وێنەی هونەرمەند سەڵاح داودە



هونەرمەند سەڵاح داودە

ئەو لە کاتی شەڕی عێراق و ئێران، ساڵانی هەشتاکان ڕازی نەبووە گۆرانی و سروودی(حماسي) بۆ ڕژێمی بەعس بڵێت، بۆیە ماوەیەک لە شاری کەرکووک دوورخراوەتەوە، بەڵام ئەوەندە شاری کەرکووکی خۆشویستووە بە هەر جۆرێک بێت هەر هاتۆتەوە ناو شاری کەرکووک، لە ئێوارەی ڕۆژی ٨ - ٥ - ٢٠٠٩ لە ئاهەنگی یەکەمین ساڵیادی دامەزراندنی ناوەندی(عەلی مەردان بۆ مەقام) بەمەقامی (قەتار، خاوکەر و بەستەی ڕاوەستاوە لەو بانە)بەشداری کردووە، کە لەسەر تەختەی شانۆ هاتۆتە خوارەوە و کەوتووە و بەپەلە گواستراوەتەوە نەخۆشخانەی ئازادی لە کەرکووک و لە کاتژمێری(٨)ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ کۆچی دوایی کردووە، بە ئامادەبوونی لێپرسراوانی حکومی و هونەرمەندان و جەماوەرێکی زۆری






تەرمی هونەرمەند سەلاح داودە لە کاتی بردنی بۆ دوا مەنزڵگای لە کەرکووک




هونەرمەندی گۆرانیبێژ سەڵاح داودە

شاری کەرکووک تەرمەکەی هەر لە شاری کەرکووک بەخاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕەوانیشاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

ئەو دوو کوڕیشی(عەباس و دڵشاد) لە بواری مۆسیقا و ئاوازی کوردی زۆر چالاکن.

لە ڕۆژی ٢٠٢٤/١٠/٩ بە ئامادەبوونی هونەرمەندان و ڕۆشنبیران مەڕاسیمی خەڵاتی (سەلاح داودە) لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری کەرکوک بەڕێوەچوو، خەڵاتی ئەمساڵ بە هونەرمەندی گۆرانیبێژ حەمە ڕەئووف کەرکوکی بەخشرا.

## سەرچاوەکان:


١ - کوردیپێدیا.

٢ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٣ - ئاژانسی هەواڵی فورات، نووسینێکی نووسەر زانیار جوودی لە ١٤ - ٧ - ٢٠٢١.

٤ - ماڵپەڕی هەولێر، نووسینێکی نووسەر محەمەد سەعید کوردە.

٥ - پەیجی لادێ نشین.

٦ - کتێبی(مەقام و موزیکی فۆلکلۆری کوردی، سەڵاح داودە وەک نموونەیەک)

لە ئامادەکردن و نووسینی نووسەر هەردەوێڵ کاکەیی.
٧ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سەلام سەعید

شاعیر و نووسەر مامۆستا سەلام سەعید....

ناوی تەواوی(سەلام سەعید مەولود)ە، لە ساڵی ١٩٥٦ لە شاری سلێمانی لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە شاری سلێمانی تەواوکردووە و ساڵی خوێندنی١٩٧٧ - ١٩٧٨ ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆی تەواوکردووە، هەر هەمان ساڵ بەهۆی هەڵوێستە سیاسییەکانی لە لایەن ڕژێمی بەعسی ئەو کات دەستگیرکراوە و ماوەیەک زیبدانیکراوە لە ١٦ - ٨ - ١٩٧٩ بەلێبووردنی گشتی ئازادکراوە و، وەکو فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی سلێمانی دامەزراوە، ئەو هەر دوو سێ مانگ خزمەتی کردووە و هەمان ساڵ بووەتە پێشمەرگەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، چەند مانگێک پێش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ هاتۆتەوە و چووەتەوە سەر کارەکەی خۆی لە بەڕێوەبەرایەتیی کشتوکاڵی سلێمانی و بەردەوام بووە لە دام و دەزگاکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە تا ساڵی ٢٠١٩ خانەنشینکراوە.

شاعیر و نووسەر سەلام سەعید هەر لە منداڵییەوە خولیای شیعر و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی بووە، ئەو بەخوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی دەستی پێکردووە، لە ساڵی ١٩٧٣ گڕوگاڵی



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و چیرۆکنووس فوئاد محەمەد ئەمین سەڕاج، دکتۆر هۆگر، شاعیر سەلام سەعید**



**لە لای ڕاستەوە: خاتوو شەیدا مەعروف، نووسەر خاتوو گوڵزار فەرەج، شاعیر سەلام سەعید، نووسەر ئازاد بەرزنجی، نووسەر خاتوو نەسرین تەنیا، نووسەر خاتوو ڕێزان قەساب**

شیعر نووسینی کردووە و ساڵی ١٩٧٥ نۆبەرەی بەرهەمەکانی کە پارچە شیعرێک بووە بەناو نیشانی(نامەیەک)لە گۆڤاری تریفە بڵاوکردۆتەوە و ئەو ماوەیەی کە لە شاخیش بووە چەندین بەرهەمی لە گۆڤارەکانی(گزنگ و نووسەر چیا)بڵاوکردۆتەوە، ئیدی بەردەوام بووە لە نووسینی شیعر و وتاری هەمەجۆر لە ڕۆژنامە گۆڤارە کوردییەکانی وەکو(هاوکاری، پاشکۆی عیراق، بەیان) بڵاویکردوونەتەوە.

ئەو وەکو شاعیر یەکەم بەرهەمی خۆی کە کۆمەڵە شیعرێک بووە بەناوی(دیدەنی مەرگ)لە چاپخانەی شەهید(برایم عەزۆ)لە شاخ چاپ

و بڵاوکردۆتـەوە، پـاش نەوەدەکانـی سـەدەی ڕابـردوو بـەردەوام بـووە لـە نووسـینی شـیعر و شـیعر بـۆ منداڵـە چاوگەشـەکانی کوردسـتان، هەمـوو بەرهەمەکانـی بەزمانێکـی کـوردی سـادە و سـاکار و ڕەوان نووسـیوە و لـە چـاپ بڵاویشـی کردوونەتـەوە کـە ئەمانـەن:

- دیدەنی مەرگ، کۆمەڵە شیعر، بەشی دوەم.
- دیوار، کۆمەڵە شیعر.
- بەیانیت باش موغەکانی ئاڤێستا، کۆمەڵە شیعر.
- ئەم نغرۆبونی تەمەنە بەکوێ ئەگا، شیعر.



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر عەباس ساڵح، نووسەر و شاعیر دکتۆر فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، شاعیر سەلام سەعید



لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، شاعیر سەلام سەعید، هونەرمەند حەمە ڕەئووف کەرکووکی، بەڕێز جەبار شاڵی

- بەگێلاسی دڵی تۆدا، شیعر.
- کەپرە بەفرینەی عەشق، شیعر.
- ژنێ لەڕەنگی ئاو، کۆمەڵە شیعر.
- ژنێ بەتامی پرتەقاڵ، کۆمەڵە شیعر.
- هایدپارک، شیعر.
- چاو سەوزەکەی ئاراپخا، شیعر.
- ئەگەر گەنجی گەڕایەوە  شکاتی پیری لائەکەم، کۆمەڵە شیعر.


قوتابی هەرسین یاسین حسێن نامەیەکی ماستەری بەناو نیشانی(ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە شیعرەکانی سەلام سەعید مەولود)دا نووسیوە.


شاعیر سەلام سەعید چەندین چالاکی دیکەی هەبووە و هەیە لەوانە:
- ئەندامی نووسەرانی شاخ بووە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی سلێمانییە.

چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە لەوانە لە لایەن(وەزارەتی



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر سەلام سەعید، ڕەوانشاد شاعیری ناودار شێرکۆ بێکەس، دکتۆر عەباس ساڵح**

بەرهەمی شاعیر سەلام سەعید

ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان، نووسەرانی شاخ و چەندانی دیەکەش).

– ئەو هێشتا لە سەر شنگ و تاقەتی خۆیەتی لە ماڵپەڕی فەیسبووکی خۆی ناوە بە ناوە هەواودارانی خۆی بە پارچە شیعرێکی ناسک و جوان بەسەردەکاتەوە.

بۆ شاعیر و نووسەر سەلام سەعید هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

## سەرچاوەکان:


١ – کورتەیەک ژیاننامەی شاعیر و نووسەر سەلام سەعید، هاوڕێم شاعیر و نووسەری بواری ئەدەبی منداڵان مامۆستا ئەمین محەمەد لە سلێمانی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ – چەند زانیارییەک لە شاعیر مامۆستا سەلام سەعید خۆی وەرگیراوە.

٣ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سەلوا حوسێن

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ خاتوو سەلوا حوسێن....

ناوی تەواوی(سەلوا حوسێن عەلی یامولکی)یە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە سەلوا عەلی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٩ لە بەرەی(ڕەسافە) ی شاری بەغدا لە خێزانێکی کوردی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە بەغدا بە زمانی عەرەبی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٠ کە تەمەنی(١١)ساڵان بووە بەخاووخێزانەوە هاتوونەتەوە کوردستان و لە شاری هەڵەبجە نیشتەجێبوونە، لە بەرئەوەی خوێندن و نووسینی کوردی نەزانیوە هەر بەزمانی عەرەبی خوێندنی پۆلی پێنجەم و شەشەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی(الیقظة للبنات)و ناوەندیشی لە دواناوەندیی(هەڵەبجە)ی کچان کە پۆلێکی تایبەتییان بەزمانی عەرەبی بۆ کردوونەتەوە، تەواوی کردووە. دواتریش ئامادەیی پیشەسازیی سیروانی هەر لە هەڵەبجە بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە.

لەسەروبەندی کارەساتی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە ساڵی ١٩٨٨ هاتوونەتە شاری سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٥ وەکو فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاوەدانکردنەوەی سەر بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوونی هەرێمی کوردستان دەستبەکار بووە و تا ئێستاش بەردەوامە لە خزمەتکردن.



له لای ڕاستەوە: شاعیر سەلوا حوسێن، شاعیر و ڕەخنەگر پەری خەیلانی، شاعیر سروە عوسمان



له لای ڕاستەوە: چیرۆکنووس و وەرگێڕ عەلی عەزیز، شاعیر سەلوا حوسێن،
چیرۆکنووس و وەرگێڕ شەهلا فەیزوڵڵا

ئەو هەر لە منداڵییەوە خولیای خوێندنەوەی شیعر و ئەدەبیات بووە بە تایبەتی شیعری شاعیرانی عەرەبی کلاسیکی و هاوچەرخ و نوێخواز، چونکە نووسین و خوێندنی کوردی نەزانیوە، هەر لەو کاتەی لە شاری سلێمانی ژیاوە هەر زوو ئاشنایەتی لەگەڵ شاعیر و نووسەران و هاتوچۆی کتێبخانەکانی کردووە و دەستی کردووە بە خوێندنەوەی شیعر و ئەدەبیات و کتێبی کوردی، تا خۆی فێری خوێندنەوە و نووسینی کوردی کردووە

و دەستی بە نووسینی شیعر و وتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و وەرگێڕان کردووە، بە هەر هۆیەک بێت ئەو ماوەیەک لە نووسین دوورکەوتۆتەوە، بەڵام هەر بەردەوام بووە لە خوێندنەوە و پاشخانێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی زۆر باشی پەیدا کردووە، لە ساڵی ٢٠١٦ەوە بە کۆمەڵێک بەرهەمی پوخت و جوان هاتۆتەوە مەیدانی نووسینی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی.

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ سەلوا حوسێن بەهەردوو زمانی کوردی



لە لای ڕاستەوە: شاعیر عەبدولسەلام محەمەدی، شاعیر سەلوا حوسێن،
نووسەر عەلی سەرای، شاعیر جەمال هیتی.



لە لای ڕاستەوە: شاعیر خەلەف حەدیثی، شاعیر سەلوا حوسێن، شاعیر و نووسەر حەسەن سلێڤانی



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر سەلوا حوسێن، شاعیر و نووسەر خاتوو ئایە سەردار هاوسەری میدیاکار هاشم جەباری، نووسەر و میدیاکار هاشم جەباری**




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر سەلوا حوسێن، شاعیری عێراقی محەممەد خزر**

و عەرەبی دەنووسێت، لە ساڵی ٢٠١٩ ئەم دوو دیوانە شیعرییەی چاپ و بڵاوکردۆتەوە:

- دیوانی (ما تساقط من القلب)، دیوانی شیعر، ساڵی ٢٠١٩.
- دیوانی (الساعة تعلن منتصف)، دیوانی شیعر، ساڵی ٢٠١٩.

چەندین بەرهەمی هاوبەشیشی لە گەڵ شاعیر و نووسەرانی دیکەش هەیە کە ئەمانەن:

- شعراء الوطن العربي، لە میسر چاپکراوە.



شاعير سەلوا حوسێن


- أنطلوجيا المرأة، لە بەغدا چاپکراوە.
- أنطلوجيا السرد التعبيري، بەغدا .
- كتاب السرد التعبيري، ئەلیکترۆنییە.
-(موسوعة شعراء العراقي الفصيح)، لەگەڵ نووسەر و لێکۆڵەری مەغریبی خاتوو(فاطمة بوهراكەی).

ئەم کتێبەشی لە ژێر چاپە:

- موسوعة عن نساء كوردستان، بەزمانی عەرەبی بەهاوبەشی لەگەڵ شاعیر و نووسەر عەدنان جومعە.
- چەندین شاعیر و نووسەری عەرەبی و کوردی تیشکیان خستۆتە سەر شیعر و بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر سەلوا حوسێن.
- لە ساڵی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو چەندین پارچە شیعر و وتار و بابەتی وەرگێرانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاوکردۆتەوە لەوانە(نواڵە، خەباتی نوێ).

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ سەلوا حوسێن چەندین چالاکیی دیکەی لە بواری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری و میدیایی هەبووە لەوانە:

- ماوەیەک پەیامنێری گۆڤاری(مژدە)و ڕۆژنامەی(بابان)بووە.
- ماوەیەک پێشکەشکاری بەرنامەی(من الحياة)بووە لە(رابطة عزف الاقلام- رابیتەی عەزفی ئەلئەقلام).
- بەشداریی دەیان کۆڕو کۆبوونەوەی و سیمینار و فیستیڤاڵی شیعری و ئەدەبی لە زۆربەی پارێزگاکانی عێراق و کوردستان کردووە.









بەرهەمەکانی شاعیر سەلوا حوسێن

- چەندین جار بەشداریی کیبڕکێی شیعری عەرەبی کردووە و سێ جار خەڵاتی یەکەمی پێبەخشراوە.
- بەهۆی بەرهەمە پوخت و نایابەکانی، سێ جاریش لە نێو(١٠٠)کەسایەتیی شار خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە.

بۆ شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ خاتوو سەلوا حوسێن هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب.

**سەرچاوەکان:**


١ - کورتەیەک ژیاننامەی شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ سەلوا حوسێن، هاوڕێم شاعیر و نووسەری ئەدەبی منداڵان مامۆستا ئەمین محەمەد لە سلێمانی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - هەندێ زانیاری لە شاعیر و نووسەر خاتوو سەلوا حوسێن خۆی، وەرگیراوە.

٣ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم



# عەبدوڵڵا حەسەن

نووسەر و لێکۆڵەر و وەرگێڕ و شارەزای کەلتوور و کەلەپووری و فۆلکلۆری کوردی، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن...

ناوی تەواوی(عەبدوڵڵا حەسەن قادر نادر)ە، لە ناوەندی ئەدەبی ورۆشنبیری بە عەبدوڵڵا حەسەن ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٤ لە شارۆچکەی(کەلار)ی کۆن لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە کەلار و شارۆچکەی جەلەولا تەواوکردووە، ساڵی خوێندنی ١٩٧٧ - ١٩٧٨ پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایانی لە هەولێر بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە و ساڵی پاشتر وەکو مامۆستا لە گوندی(بن مێردە)لە ناوچەی ڕواندز دەستبەکار بووە و پاش دوو مانگ گواستراوەتەوە گوندی(کەڵوش)ی ناوچەی قەرەداغ، ئەو بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە و فێرکردن لە گوند و شار و شارۆجکەکانی قەرەداغ و کەلار و ناوچەی شارباژێڕ و ناو شاری سلێمانی، لە ساڵی ١٩٩٥ - تا ساڵی ٢٠١٧ سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بووە لە سنووری بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی کەرکووک، هەر هەمان ساڵیش خانەنشینکراوە.

نووسەر و لێکۆڵەر عەبدوڵڵا حەسەن هەر لە تەمەنی لاوێتیدا زۆر




له لای ڕاستەوە: بەڕێز ئیبراهیم کێخوا، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ممتاز حەیدەری، بەڕێز ئالا عەبدوڵلا، نووسەر عەبدوڵلا حەسەن



له لای ڕاستەوە: نووسەر مەجید ساڵح، نووسەر عەبدوڵلا حەسەن، نووسەر دکتۆر ئەحمەد باوەڕ

حەزی لە زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی بووە، لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بەنووسین و کۆکردنەوەی فۆلکلۆر و کەلتوور و کەلەپووری کوردەواری و بەتایبەتیش ناوچەی گەرمیان و گەرمەسێر کردووە و لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی وەکو(بەیان، هاوکاری، ڕەنگین، کوردستانی نوێ، گڕی نەورۆز، شێروانە، کۆچ و ئینسکلۆپیدیای کوردستان و چەندانی دیکەش)بڵاوی کردوونەتەوە..

ئەو تا ئێستا چەند بەرهەمێکی لەبواری فەرهەنگ و وەرگێڕاندا چاپ و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- فەرهەنگی تەقی، بەهاوبەشی لە گەڵ کۆمەڵێک نووسەر.
- هات و نەهات، کە بریتییە لە کۆمەڵێک چیرۆک و هەقایەتی و سەربردەی کوردەواری.
- فەرهەنگی کەلەپوور، بەهاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەر.
- کتێبی (چێشتی بەرد)، وەرگێران لەزمانی فارسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی.
- کۆمەڵێک چیرۆکی منداڵان لە زمانی عەرەبییەوە وەریگێراونەتە سەر زمانی کوردی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر عەبدوڵڵا حەسەن، نووسەر ئەحمەد شاکەلی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر ئەحمەد باوەڕ، نووسەر عەبدوڵڵا حەسەن




لە لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر محەممەد عەلی سوڵتانی، نووسەر عەبدوڵڵا حەسەن



نووسەر عەبدوڵڵا حەسەن لە بەردەم ئارامگای شاعیری گەورەی کورد ڕەوانشاد شێرکۆ بێکەس




بەرهەمەکانی نووسەر عەبدوڵڵا حەسەن

ئەم بەرهەمانەشی ئامادەیە بۆ چاپ:

- فەرهەنگی ئەرخەوان، بەهاوبەشی لەگەڵ دکتۆر ئیبراهیم عەلی مراد.
- فەرهەنگی فۆلکلۆر، بەهاوبەشی لەگەڵ دکتۆر ئیبراهیم عەلی مراد.
- فەرهەنگی ئاران، بەهاوبەشی لە گەڵ چەند نووسەرێکی دیکە.

ئەو چەندین چالاکی دیکەی لە بواری ڕێکخراوە پیشەیی و ئەدەبییەکان هەبووە لەوانە:

- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووکە.
- ئەندامی کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردی لقی سلێمانییە.
- ئەندامی بنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژە.
- ئەندامی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوکە.

شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر عەبدوڵڵا حەسەن ئێستا لە شاری کەلار دەژیت و سەرقاڵی نووسینە پوخت و سوودبەخشەکانییەتی و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.

سەرچاوەکان:


١ - کورتەیەک ژیاننامەی نووسەر و مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن، هاوڕێم دکتۆر ئەحمەد باوەڕ لە کەلار بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# کنێر عەبدوڵڵا

نووسـەر و لێکۆڵـەر و توێـژەر و چالاکوانـی بـواری ژنـان و مافـی مـرۆڤ خاتـوو کنێـر عەبدوڵـڵا ....

نـاوی تەواوی(کنێـر عەبدوڵـڵا حەمـە عەزیـز بەرزنجی)یـە، لـە ناوەنـدی ئەدەبی و ڕاگەیاندن و ڕێکخراوی ژنـان بەکنێر عەبدوڵڵا ناسراوە، لە ساڵی ١٩٧٠ لـە شـاری کەرکـووک لـە دایـک بـووە، خوێنـدنی سـەرەتایی لـە شـاری کەرکـووک تەواوکـردووە و، خوێندنـی ناوەنـدی و ئامادەییشـی لـە شـاری سـلێمانی تەواوکـردووە، سـاڵی ١٩٩٠- ١٩٩١ بڕوانامـەی بەکالۆریۆسـی لـە بەشـی زمانـی عەرەبیـی کۆلێـژی ئادابـی زانکـۆی سـەڵاحەدین لـە هەولێـر بەسـەرکەوتوویی تەواوکـردووە و، بووەتـە مامۆسـتای زمانـی عەرەبـی لـە قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکانی شـار و شـارۆچکەکانی کوردستان لەوانە (چەمچەمـاڵ، شـۆڕش، تاسـڵوجە)، دواتریـش قوتابخانەکانی(فریشـتە، نـەوار، بنـار و چەندانـی دیکـەش) لەنـاو شـاری سـلێمانی، ئـەو بـەردەوام بـووە لـە خزمەتکـردن لـە بـواری پـەروەردە و فێرکـردن تـا سـاڵی ٢٠٠٥، لـە ٢٠٠٥ەوە تـا ئێسـتا زۆر چالاکانـە درێـژەی بـە خزمـەتی خـۆی داوە.

نووسـەر و لێکۆڵـەر کنێـر عبدوڵـلا لـە سـەرەتای نۆهەتەکانـی سـەدەی ڕابـردوو دەسـتی بەنووسـینی وتـاری ئەدەبـی و فیکـری و، دواتریـش



له لای ڕاستەوە: خاتوو شاناز ئیبراهیم ئەحمەد، نووسەر و لێکۆڵەر کنێر عەبدوڵڵا



لەلای ڕاستەوە: بەڕێز ڕاوێژ کامەران، شاعیری ناسراو خاتوو کەژاڵ ئەحمەد، بەڕێز دکتۆر بەرهەم خالید، نووسەر کنێر عەبدوڵڵا

لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە بواری ژنانین و مافی مرۆڤ و کێشە وگرفتییان لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، ئەو یەکەم نۆبەرەی نووسینەکانی خۆی کە وتارێک بووە بەناوی(ژنان و کۆنگرەی دووەم) لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکردۆتەوە و، بەردەوام بووە لە نووسینەکانی تا ئێستا چەند بەرهەمێکی لەم بوارانەدا بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمییانە نووسیوە و،

چـاپ و بـڵاوی کردوونەتـەوە، کـە ئەمانـەن:
- ژن لە بازنەیەکی داخراودا، ساڵی ٢٠٠٥، چاپخانەی تەوار.
- پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ساڵی ٢٠٠٦، چاپخانەی تەوار.
- توندوتیژیـی وەزیفـی دژی ژنـان لـە دامـودەزگای حکومییـدا، سـاڵی ٢٠٠٦، چاپخانـەی سـەردەم.
- کاتێک تەنیایی سەپێنراو ڕوو لە ژن دەکات، ساڵی ٢٠٠٧ چاپکراوە.



لە لای ڕاستەوە: نووسەر کنێر عەبدوڵڵا، دکتۆر عەبدولحسێن شەعبان، خاتوو کافیە سلێمان، دکتۆر سەڵاح عەزیز



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر دلاوەر عەبدوڵڵا، خاتوو مریەم خانەساز، نووسەر کنێر عەبدوڵڵا، بەڕێز گۆڤەند عەبدوڵڵا

- کوشتنی ژنان لە ئاماری میدیاکانەوە، ساڵی ٢٠٠٨، چاپخانەی تەوار.
- بەشداریکردنی سیاسیی ژنان، ساڵی ٢٠٠٨، چاپخانەی تەوار.
- ژن و توندوتیژی، ساڵی ٢٠٠٨، چاپخانەی سەردەم.
- پێم دەڵێن، ساڵی ٢٠٠٩، چاپخانەی تەوار.
- توندوتیژی دژ بە ژنان، ساڵی ٢٠١٠، چاپخانەی سەردەم.
- دەستدرێژیی سێکسی دژ بە ژنان، ٢٠١٠، چاپخانەی سەردەم.
- تۆم خۆش دەوێت، ئەی تۆ؟!، چاپی یەکەم - ساڵی ٢٠١٣، چاپخانەی بینایی و چاپی دووەم -ساڵی ٢٠١٤، چاپخانەی کارۆ.
- ڕەوشی ژنانی هەرێمی کوردستان لە ناوەندی بڕیارسازیدا، ساڵی ٢٠١٥چاپکراوە.
- وێنای ژن لە ماڵپەری کوردیدا، توێژینەوە سەبارەت بە چۆنێتی ڕووماڵکردنی کەیسی ژنان، ٢٠١٦ چاپکراوە.
- پێگە و ڕۆڵی ژن لە کەناڵی بینراودا، ساڵی ٢٠١٧ چاپکراوە.
- بەشداریی سیاسیی ژنان لە باشووری کوردستان، چاپی یەکەم ساڵی



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و لێکۆڵەر کنێر عەبدوڵڵا، خاتوو کافیە سلێمان**



له لای ڕاستەوە: شاعیر خاتوو بەیان ئیبراهیم، نووسەر و لێکۆڵەر خاتوو کنێر عەبدوڵڵا

٢٠١٦ ،چاپخانەی حەمدی، و چاپی دووەم ساڵی ٢٠١٧، چاپخانەی سەردەم.

- گۆشەنیگاکانم، (٢٩) وتاری هەمەڕەنگ، ساڵی ٢٠٢٠، چاپخانەی کارۆ.
- سەرگوزەشتەی ڕۆژانی کۆرۆنا، ساڵی ٢٠٢٠، چاپخانەی حەمدی.
- لەهەناوی عەشقەوە ،(٥٠) هۆنراوە، ساڵی٢٠٢١ ، چاپخانەی تاران.
- لە دیدی کنێرەوە، (٤٠) وتاری هەمەڕەنگ ، ساڵی ٢٠٢٤، چاپخانەی ئێران.
- بەشداریی سیاسیی ژنان لە باشووری کوردستان، ساڵی ٢٠٢٤، چاپخانەی ئێران.

نووسەر و لێکۆڵەر کنێر عەبدوڵڵا لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی و کاری ڕێکخراوە پیشەیی و مرۆڤایەتییەکان چەندین چالاکی نواندووە کە ئەمانە هەندێکیانن:

- لە ساڵی ١٩٩٢ەوە، لە ڕێکخراوی یەکێتیی ژنان کاری کردووە و یەکەم بەرنامەی تایبەت بەژنان بەناوی (تەوار) لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان ئامادە و پێشکەش کردووە.
- لە ساڵی ٢٠٠١- ٢٠٠٣ ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی(ژیانەوە)



بەرهەمەکانی نووسەر و لێکۆڵەر کنێر عەبدوڵڵا

بووە و لێپرسراوی لاپەڕەی تەندروستیش بووە.

- ساڵی ٢٠٠٥ - ٢٠١٣ ئەندامی خولی یەکەمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بووە و لێپرسراوی لێژنەی ژنان و جێگری لێپرسراوی لێژنەی گەنجان بووە.
- ساڵی ٢٠٠٧ - ٢٠٠٨ ڕاوێژکاری لێژنەی ژنان بووە لە بەشی کچان و ژنان لە ڕێکخراوە دیموکراتییەکان.
- ساڵی ٢٠٠٩- ٢٠١١ ئەندامی نیتۆرکی نێو دەوڵەتی لەسەر ئاستی وڵاتانی ئەوروپا سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوە دژ بەژنان.
- لە ساڵی ٢٠١١ وەک ڕاهێنەر بڕوانامەی نێودەوڵەتی لە خولی تایبەت بەڕاهێنانی(TOT) بەدەستهێناوە و دەیان سیمینار و ۆرکشۆپی لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان بەڕێوەبردووە.
- لە ساڵی ٢٠١١ - ٢٠١٥ بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن بووە لە زانکۆی کۆمار بۆ زانست و تەکنەلۆژی و وەکو مامۆستاش دەرسی وتووەتەوە.
- لە ساڵی ٢٠١٤ لە ئەمەریکا بۆ ماوەی مانگێک بەشدار بووە لە میوانی نێو دەوڵەتی بۆ سەرکردە(IVLP).
- لە ساڵی ٢٠١٠ - ٢٠٢٠ سەرنووسەری گۆڤاری(تەوار)بووە.
- دامەزرێنەری ناوەندی ئەرشیف و کتێبخانەی ژنی کورد بووە.
- دوو جار لە لایەن پارێزگاری شاری(ڤیستروز)ی سویدی خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە.
- بەهۆی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانی چەندین جار بانگهێشتی سیمینار و کۆنفراسە نێودەوڵەتییەکان لە وڵاتانی ئەوروپا لەوانە (سوید، نەرویج،

ئەڵمانیا، هۆڵەندا، بەلجیکا) کراوە..


- دەیان دیدار و چاوپێکەوتنی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی و ڕۆژنامەگەری لە گەڵدا ئەنجامدراوە.
- دەیان وتار و گۆشەی تایبەتی لە ڕۆژنامە و سایتە ئەلیکترۆنییەکان سەبارەت بە ژنان و دیموکرسییەت بڵاوکردۆتەوە.

بۆ نووسەر و لێکۆڵەر و چالاکوانی بواری ئافرەتان و مافی مرۆڤ کنێر عەبدوڵلا هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بێت لە نووسینە پوخت و سوود بەخشەکانت و چالاکییە بوێرانەکەت.

**سەرچاوەکان:**

١ - کورتەیەک ژیاننامەی نووسەر و لێکۆڵەر و میدیاکار خاتوو کنێر عەبدوڵلا، هاوڕێم شاعیر و نووسەری بواری ئەدەبی منداڵان ئەمین محەمەد لە سلێمانی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# هوشیار عەبدوڵڵا

مامۆستا و نووسەر، نووسەری بواری زمان و مێژوو و فۆلکلۆر و کەلەپوور و کەلتووری کوردی هوشیار عەبدوڵڵا....

ناوی تەواوی(هوشیار عەبدوڵلا مەولود عەلی خاسان)ە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە هوشیار عەبدوڵلا ناسراوە، لە ٢ - ٢ - ١٩٥٤ لە یەکێ لە گوندەکانی دەشتی(مرکییە)ی سەر بەناحیەی قوشتەپەی پارێزگای هەولێر لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو ماڵیان چووەتە شاری هەولێر، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی کۆڕەک و ناوەندی لە قوتابخانەی(جمهوري - کۆماری)و ئامادەییشی لە ئامادەیی(کوردستان)هەر لە شاری هەولێر تەواوکردووە، ساڵی خوێندنی ١٩٧٥ - ١٩٧٦ پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایانی لە هەولێر تەواوکردووە و ساڵی ١٩٧٩ وەکو مامۆستا لە ناحیەی(سەنگاو)ی سەر بە قەزای چەمچەماڵ دەستبەکار بووە، لە ساڵی ١٩٨٠ گواستراوەتەوە گوندی(جۆنەڵە)ی سەر بەناحیەی خەلیفان، دواتریش گواستراوەتەوە بۆ ناحیەی



نووسەر
هوشیار عەبدوڵلا بە منداڵی



له لای ڕاستەوە: نووسەر هوشیار عەبدوڵلا، مامۆستا و نووسەر حەمەساڵح فەرهادی، نووسەر بەهرام محەمەد تاهیر(کاکل)، مامۆستا ئیبراهیم کێخوا مەحمود



له لای ڕاستەوە: نووسەر هوشیار عەبدوڵلا، بەڕێز حاجی حسێن، بەڕێز مام ئەنوەر

حەریر و بەحرکە و ناوی شاری هەولێر و لە قوتابخانەکانی(هەڵکەوت و چوارچرا)بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە و فێرکردن تا ساڵی ٢٠١٧ خانەنشینکراوە.

نووسەر و مامۆستا هوشیار عەبدوڵلا زۆر حەزی لە خوێندنەوەی شیعر و زمان و ئەدەبیاتی کوردی بووە، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەو کاتەی قوتابیی ئامادەیی بووە دەستی بە نووسین کردووە و لەگەڵ هەر یەک لە(شاعیر جەلال بەرزنجی و نووسەر عەبدوڵلا زەنگەنە) بەشدار بووە لە دەرچوواندنی بڵاوکراوەی قوتابخانەکەیان، لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەردەوام بووە لە نووسین لە بوارەکانی فۆلکلۆر و کەلتوور و کەلەپووری کوردی و زمان وئەدەب و بابەتی هەمەجۆری دیکەش لە

گۆڤـار و ڕۆژنامـە کوردییەکانـی وەک(هەرێمـی کوردسـتان، هەولێـر، ئاسـۆی فۆلکلـۆر، مێـرگ، نووسـەری کـورد، هەنـگ، نوالـە، بەدرخـان، هونەرسـتان، رامـان، دەنگـی پێشـمەرگە، دیـوان، خـازر، کەکۆن، کوردنـاس و ئینسـکلۆپیدیای هەولێر)بـڵاوی کردوونەتـەوە.

ئـەو تـا ئێسـتا چەنـد بەرهەمـی سـوود بەخشـی چـاپ و بڵاوکردۆتـەوە کـە ئەمانـەن:

- دەنگ جێگۆڕکێ و دەنگگۆڕکێی پیت لە زمانی کوردیدا.




لە لای ڕاستەوە: مامۆستا و هونەرمەند ڕەوانشاد باکووری، نووسەر هوشیار عەبدوڵلا





لە لای ڕاستەوە: نووسەر هوشیار عەبدوڵلا، نووسەر و وەرگێڕ ئەندازیار محەممەد حسێن بڵباس



لە لای ڕاستەوە ڕاوەستاوەکان: مامۆستا و نووسەر هوشیار عەبدوڵلا، مامۆستا خدر دیبەگەیی،
ئەوانی دیکە قوتابیانی پۆلەکە






- شەوچەرەی کوردەواری، ساڵی ٢٠٢٣.
- هاونشین.
- کتێبێکیشی بەناوی(شێخ ڕەزای تاڵەبانی و بۆنەی وتنی هەندێک لە شیعرەکان)ئامادەی چاپە.

ئەو لە بەشی زۆری کۆڕوکۆبوونەوە و چالاکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر ئامادە بووە و دەبێت.

بۆ مامۆستا و نووسەر هوشیار عەبدوڵلا هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە نووسینەکانت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبیاتی کوردی.

**سەرچاوەکان:**


١ - کورتەیەک ژیاننامەی نووسەر هوشیار عەبدوڵلا، هاوڕێم نووسەر بەهرام محەمەد تاهیر(کاکل)لە هەولێر بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# هیام عەبدولڕەحمان

شاعیر و نووسەر و میدیاکار و چالاکوانی مەدەنی خاتوو هیام عەبدولڕەحمان لە ڕۆژئاڤای کوردستان ....

ناوی تەواوی(هیام عەبدولڕەحمان محەمەد)ە، لە ١٨ - ٣ - ١٩٧٦ لە گوندی(گرێ پرێ)ی سەر بەدەڤەری(ئالییان)ی شاری قامشلۆی ڕۆژئاڤای کوردستان لە خێزانێکی ڕۆشنبیر و ئەدەبدۆست و کوردپەروەر لە دایک بووە، باوکی پیاوێکی سیاسی و ڕۆشنبیر بووە و منداڵەکانی خۆی بەخۆشەویستیی نیشتمان و زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی پەروەردە و گۆشکردووە، لە ساڵی ١٩٨٤ ماڵیان چووەتە شاری قامشلۆ، ئەو خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و پەیمانگای هونەری هەر لە قامشلۆ بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە، ماوەیەک وەکو مامۆستا و بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی قامشلۆ و دەوروبەری خزمەتی کردووە، دیارە بەهۆی چالاکییە سیاسی و ئەدەبییەکانی لە کاری مامۆستایەتی دوورخراوەتەوە، دواتر خۆبەخشانە ماوەی (٩) ساڵ لەگەڵ ڕێکخراوی(NRC)کاری کردووە.

بەهۆی تێکچوونی باری سیاسی و ئابووری و ئەمنیی سووریا لە ١٧ - ١١ - ٢٠٢١ ڕووی لە باشووری کوردستان کردووە و، لە شاری دهۆک نیشتەجێبووە.



لە لای ڕاستەوە: نووسەر مستەفا ڕەمزی، نووسەر بەیار باقی، نووسەر هیام عەبدولڕەحمان، دکتۆر شەوکەت سندی، نەناسراوە



لە لای ڕاستەوە: نووسەر هیام عەبدولڕەحمان، دکتۆر شوکریە ڕەسووڵ، نووسەر مستەفا ڕەمزی

شاعیر و نووسەر هیام عەبدولڕەحمان هەر لە منداڵییەوە حەزی لە زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی بووە، هەر زووش لە ڕێگای باوکی و براکانی فێری خوێندن و خوێندنەوەی کوردی بە پیتی لاتینی بووە، ئەو هێشتا تەمەنی(١٥) ساڵان بووە ئەو کاتەی قوتابی ئامادەیی بووە گرۆگاڵی پەخشان و پەخشانە شیعر و شیعر بۆ زارۆکان و وتاری ئەدەبی ڕۆشنبیری کردووە، کەوتۆتە ژێر کاریگەریی شیعرەکانی هەر یەک لە(جگەرخوین، سەیدای تیرۆژ، سەیدای کەلەش و چەندانی دیکەش) ئیدی دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان لەوانە(مەتین، گەلاوێژ، دەنگی کوردستانی پارتی دیموکراتی

کوردستانی سووریا)، تا ئێستا ئەم کتێبیانەی چاپ و بڵاوکردۆتەوە:

- هێڤین پرچیان، کۆمەڵە پەخشان و بیرەوەرییە.
- هەناسەیێن ئازادیی، کۆمەڵە شیعر.
- پەروانیین ئازاد، کۆمەڵە شیعر و و ئەدەبیاتی زارۆکان.
- ڤەدەنگییا هزران.

چەند کۆمەڵە شیعر و کورتە چیرۆکی دیکەشی ئامادەیە بۆ چاپ.

شاعیر و نووسەر هیام عەبدولڕەحمان وەکو نووسەر و میدیاکار و چالاکوانی بواری ڕێکخراوەکانی مرۆڤ چەندین چالاکیی دیکەی نواندووە لەوانە:

- بەشداری چەندین کۆڕوکۆبوونەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و شیعر



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر خاتوو تیرۆژ ئامێدی، نووسەر هیام عەبدولڕەحمان، نەناسراوە، نووسەر مستەفا ڕەمزی**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر ڤانێش میرانی، نووسەر خاتوو ڕویاری ترپەسپی، نووسەر و میدیاکار خاتوو هیام عەبدولڕەحمان، شاعیر و وەرگێڕ حەسەن سلێڤانی، ئەوانی دیکە نەناسراون**


 

له لای ڕاستەوە: دکتۆرە زیێدا سەید ساڵح، نووسەر
هیام عەبدولڕەحمان

نووسەر
هیام عەبدولڕەحمان

خوێندنـەوەی لـە شارەکانی(قامشـلۆ، دهـۆک، دێریک، حەسـەکە و چەندین شـارو شـارۆچکەی دیکـەی ڕۆژئاڤـای کوردسـتان کـردووە).

- زیاتر لە(٩)سـاڵ خۆبەخشـانە لـە گـەڵ ڕێکخـراوە مرۆڤایەتییەکانی ڕۆژئـاوا و باشـووووری کوردسـتان کاری کـردووە.
- چەندیـن خولـی هۆشـیارکردنەوەی هونـەری و زانسـتی بـۆ قوتابیانـی قوتابخانە سـەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییەکان لە قامشلۆ و دەوروبەری کردۆتـەوە و، چەندیـن بەرنامـەی پەروەردەییشـی بۆ زارۆکانـی کوڕ و کچ ئامـادە کـردووە.
- نزیکەی(١١)سـاڵ وەکو پێشکەشکاری ئاهەنگەکانی نەورۆز و بەشـی زۆری بۆنـە نیشـتمانی و نەتەوەیـی و سیاسـییەکان خزمەتـی کـردووە.




یەکێـک بـووە لـە دامەزرێنەرانـی کۆمەڵەی(کۆچـکا قامشـلۆ یـا چانـدی).

- ئەندامی یەکێیتی نووسـەرانی کوردی سووریایە.
- ئەندامی سـەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

شـاعیر و نووسـەر خاتـوو هیام عەبدولڕەحمان ئێسـتاش زۆر چالاکە لـە نووسـین و بڵاوکردنـەوەی بەرهەمەکانـی لـە ماڵپـەڕی فەیسـبووکی خـۆی و



بەرهەمەکانی نووسەر و میدیاکار هیام عەبدولڕەحمان

سایتە ئەلیکترۆنییەکان، هەر سەرکەوتوو بەردەوام بێت.

دوو پارچە شیعری شاعیر هیام عەبدولڕەحمان بە کوردی پیتی لاتینی:

**QAMIŞLOKÊ**

Enî findê    ser bilindê
Gelek rindê    Qamişlokê
Şarê rengîn    Gula bibên
Xewna şêrîn    Qamişlokê
Kevne şare    xemla ware
Lept û kare    Qamişlokê
Cihê Baza    naz û taza
Dengê aza    Qamişlokê
Xweş civîna    tu lê deyne
Çi xemlêne    Qamişlokê
Ware yaran    dên û Haran
Têr û jaran    Qamişlokê

**Welat û jiyan**

Li tevna tekoşînê    welat çavdêrî jînê
Jiyana wî bû penhan    di nêv ax û nalînê

Dergihê kilît Hesin — man dibin golên xwînê
Berberiya li Cîhan — her yek ji xwer dibînê
Wêran talan û kuştin — Ar gurbû li zemînê
Konevanên Gerdûnê — şêwra we ser Hêlînê
Tev dixwazin bi carek — suhtina cane Zînê
Parçe û wêran bikin — bi pîvan û mêzînê
Ji reşik û Tirk û Firs — koçê xwe têde deynê
De ku hevdû razîkin
bo kurdan ti nemînê
Binavê Ol dibakin — ji mafê xwe dibînê
Ne rastin ne Comerdin — zik tilêrin ji kênê
Dijî Kurdan dibin yek
di civet û civînê
Ne camêr û Mirovin — yên me wek xwe nebînê
Danpêdan bi mafê me — mejî berçav bibînê
Kurdistan Bûka waran — şayistî serwebûnê
Kurd jî bibin serfiraz — ji Sêtem û ji Xwînê
Mizgînê bidin Şehîd — Nama Aştî biwînê

**سەرچاوەکان:**


١ - کورتەیەک ژیاننامەی شاعیر و نووسەر خاتوو هیام عەبدولڕەحمان، لەسەر داخوازیی من لە دهۆک بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ئیبراهیم عەباس

شاعیر و نووسەر و یاساناس مامۆستا ئیبراهیم عەباس لە ڕۆژئاڤای کوردستان...

ناوی تەواوی(ئیبراهیم حسێن عەباس)ە، لە ساڵی ١٩٧٥ لە گوندی(ئەلبوراز)ی سەر بەناوچەی(کۆبانی)لە ڕۆژئاڤای کوردستان لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە گوندی(ئەلقوملق)تەواوکردووە و خوێندنی دواناوندیشی لە قوتابخانەکانی شاری(حەلەب)تەواوکردووە، دواتر کۆلێژی(حقوق - ماف)ی لە زانکۆی حەلەب بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە، ساڵی ٢٠٠٣ - ٢٠٠٤ دەستی بەکاری پارێزەری کردووە، لە ساڵی ٢٠١٢ لە گەڵ تێکچوونی باری سیاسی و ئابووری و ئەمنیی سووریا ڕووی لە باشووری کوردستان کردووە و، لە شاری هەولێر گیرساوەتەوە، ئێستاش لە کۆمپانیایەکی دەرمانسازی لە هەولێر کار دەکات.

شاعیر و نووسەر ئیبراهیم عەباس زۆر حەزی لە خوێندنەوە بووە، ئەو هێشتا قوتابی پۆلی چوارەمی سەرەتایی بووە دەستی بەکتێب خوێندنەوە کردووە و، یەکەم کتێبی لە کتێبخانەی قوتابخانەکەی خۆی(إعارة- خواستیتەوە) کە زنجیرە کتێبی(الناجحون)بووە و دەربارەی ژیانی(ناپلیۆن پۆناپارت)، ئیدی بەردەوام بووە لە خوێندنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی



له لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر ئیبراهیم عەباس، نووسەر خاتوو سینەم بەدرخان



له لای ڕاستەوە: نووسەر و لێکۆڵەر ڕەوانشاد جەلال زەنگابادی، شاعیر و نووسەر ئیبراهیم عەباس

و عەرەبییەکان و سەرەڕای ئاشنابوونی بە گەنج و لاوانی گوندەکەیان و گوندەکانی دەوروبەریان بەتایبەتی تێکەڵبوونیشیان لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی، ئەو بەردەوام بووە لە خوێندنەوەی شیعر و چیرۆک و ڕۆمانی شاعیرانی کوردی و عەرەبی و شاکارە بیانی و جیهانییە وەرگێڕدراوەکان، زۆریش کەوتۆتە ژێر کاریگەریی بەرهەمەکانی هەر یەک لە(مەلای جزیری، ئەحمەدێ خانی، فەقێی تەیران، ئەحمەدێ نالبەند، جگەرخوین، شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵلا پەشێو، نزار قەبانی، نازم حیکمەت، عەزیز نەسین، میلان کۆندیرا، لۆرکا، نیکۆس کازانتزاکیس، گابرێل گاریبا مارکیز، و چەندانی دیکەش).

شاعیر و نووسەر ئیبراهیم عەباس یەکەم چالاکیی ئەدەبی و ڕۆشنبیری ساڵی ١٩٩٩ لە گوندەکەی خۆیان بووە کە موحازەرەیەکی بە زمانی کوردی لەسەر ژیان و بەرهەم و چالاکییەکانی شاعیر جگەرخوین وتووەتەوە، یەکەم بەرهەمی خۆشی کە وتارێکی ئەدەبی بووە، لە ڕۆژنامەی(سبأ) بڵاوکردووەتەوە کە ئەو کات قوتابیانی کورد لە زانکۆی حەلەب دەریاندەکرد.

ئەو وەکو شاعیر بەشی زۆری شیعرەکانی نیشتمانی و نەتەوەیین، جوانیی سروشتی کوردستان و ئەڤینی و ژن و ژیانی ئاوارەیی و غوربەت



لە لای ڕاستەوە: نووسەر ئیبراهیم عەباس، شاعیر و نووسەر عەبدولڕەحمان فەرهادی



